# هەرێمی کوردستانی عێراق

## وەزارەتی پەروەردە

# کۆنگرەی پەروەردەیی سێهەم

# ٢٠٠١

لە ژێر دروشمی

((گەشەپێدانی پەروەردە))



بە زمانەکانی

کوردی

عەرەبی

ئینگلیزی

# هەرێمی کوردستانی عێراق
# وەزارەتی پەروەردە

# کۆنگرەی پەروەردەیی سێهەم
# ٢٠٠١

لە ژێر دروشمی

((گەشەپێدانی پەروەردە))

بە زمانەکانی

کوردی

عەرەبی

ئینگلیزی

(بەشی کوردی)



# ناوەڕۆك

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **بەشی یەكەم** **ڕووداوەكانی كۆنگرە** | ٣ |


یەكەم :- چەند گوتارێك لەكۆنگرەدا ٤

١- گوتاری كردنەوەی كۆنگرە لەلایەن بەڕێز نەرمین عوسمان ٥
٢- گوتاری بەڕێز نەوشیروان مصطفی ١٠
٣- گوتاری بەڕێز عدنان مفتی ١٤
٤- گوتاری بەڕێز جمال عبدول ١٦
٥- گوتاری بەڕێز فؤاد قرەداغی ٢١
٦- گوتاری پێشوازی بەڕێز سەردار سەیدا فتاح ٢٤

دووەم :- نامەو بروسكە :- ٢٥

١- بروسكەیەك بۆیەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان . ٢٦
٢- ئەو نامەو بروسكانەی كەگەیشتوون بە كۆنگرە . ٢٧

سێهەم :- ئامادەكاری بۆكۆنگرە :- ٢٨

١- ئەم كۆنگرەیە بۆ ٢٩
٢- ئامانجەكان ٣٠
٣- بەشدارانی كۆنگرە ٣١
٤- لێكۆڵینەوەكان وئەوانەی پێشكەشیان كرد ٣٢
٥- پێكهێنانی لیژنەكان ٣٣

**چوارەم :-کارو ڕووداوەکانی کۆنگرە :-** ٣٩

١-دانیشتنی یەکەم ٤٠

٢-دانیشتنی دووەم ٤١

٣-دانیشتنی سێهەم و چوارەم ٤١

٤-دانیشتنی پێنجەم ٤١

٥-دانیشتنی شەشەم ٤٢

**پێنجەم :-ئەنجامەکانی کۆنگرە :-** ٤٣

١-بڕیارەکان ٤٥

٢-ڕاسپاردەکان ٤٦

٣-لێکۆڵینەوە لە چەند پێشنیارێکی تر ٤٧

**بەشی دووەم**
**لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرە** ٤٨

- ئەوەی پێویستە بگوترێت : بەڕێز نەرمین عوسمان / وەزیری پەروەردە ٤٩
- بەرەوکۆنگرەی پەروەردەیی ٥٠

**دەقی لێکۆڵینەوەکان** ٥٢

١-پرۆژەی فەلسەفەی پەروەردەیی . ٥٣

٢-ڕەوتی ( مسیرە ) پەروەردە . ٦٢

٣-پرۆگرامەکان و هۆکانی فێرکردن . ٩٢

٤-تاقیکردنەوەکان . ١١٢

٥-سەرپەرشتیارێتی پسپۆری و پەروەردەیی . ١١٨

٦-پەیمانگەکان و ڕاهێنان . ١٤١

٧-خوێندنی پیشەیی . ١٥١

٨-باخچەی منداڵان . ١٦٢

٩-میلاکی دواناوەندی و سەرەتایی . ١٦٩

١٠-تەنیسق لەگەڵ ڕێکخراوەکان و بڕیاری ((٩٨٦ )) و خانووبەرەو گەنجینەکان . ١٨٤

١١-چالاکی وەرزشی و هونەری . ١٩٧

١٢-چەند بابەتێکی پەروەردەیی دی . ٢٠٦

# بەشی یەکەم

# ڕووداوەکانی

# کۆنگرە

# یەکەم

# چەند گوتارێک لە کۆنگرەدا

# ووتاری .. بەڕێز نەرمین عوسمان/ وەزیری پەروەردە وسەرۆکی کۆنگرەی پەروەردەیی سێیەم

بەڕێز نوێنەری بەڕێز مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت

بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بەڕێزان نوێنەرانی حیزب و لایەنە تێکۆشەرەکانی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی ڕێکخراوەکان ومیوانە بەڕێزەکان

بەڕێزان ئامادەبوانی خۆشەویست

زۆر بەخێربێن..

ئامانجی سەرەکی ئەم کۆنفرانسە سازاندنی هەل ومەرجی تێرامان و دان وسانە کە دەبێتە هۆی دامەزراندنی ئاسۆیەکی نوێ ی پەروەردە لە ئایندەدا . نیازمان وایە کە هەر هەمووومان بەیەکەوە لە بایەخ ومەرامە چاوەروانکراوەکانی بەشداری یەکتری بکەین ، لەگەڵ دەست نیشان کردنی ئەرك و پەیامەکانی وەزارەتی پەروەردە ،کەواتە لێرەوە بابەهەموومان کردەوە ستراتیژیەك پەسەند بکەین کە ببنە پاڵپشت بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانمان بەواتایەکی تر ،هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لێرە ئامادەن وئەوانەش کە لە دەرەوەن توانای ئەوەیان هەیە کە دوا ڕۆژی ئێمە لە ڕێی پەروەردەبنەخشێنن.

باهەموومان سەرگەرم وخولیای ئەو ئەرك و پەیامانە بین ، هەر لە هەمان روانگەوە دەتوانین دوو جەمسەر بۆ گەشەسەندنێکی هەمیشەیی لە بواری پەروەردەدا فەراهەم بکەین :-

١-خۆسازاندن بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ هەموو ئەو گرفت وکێشانەی کە کت و پر دێنە بەردەممان .

٢–پشتگیری کردنی هەر پێشکەوتنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری وکارگێری بە شێوەیەك کە هەموو هەولٚ و توانای خەڵکانی کوردستان یەك بخات کە لەگەلٚ بەهاو سیاسەت وپەیامەکانی نەتەوەیی ونێونەتەوەیی دا یەك بێتەوە . هەروەها ئەرکی ئێمەیە کە پەیوەندییەکی توندو تۆلٚ لە نێوان کۆمەڵگاو هەر هەموو خوێندنگاکاندا دابمەزرێنین کە دەکرێت لەوێ وە هاوکاری کردنی هەر هەموو لایەنە پەیوەندی دارەکان لە جیهانی پەروەردەدا مەیسەر بکرێت.

بەتەنها لەم رێگەیەوە دەتوانین ئەو ئامانجانەی خوارەوە بەدی بهێنین کە خەونی سەرەکی کۆنفرانسەکەمانە:–

–دوا رۆژی ئێمە بەندە بە پەروەردەکردنی هەرمناڵێك .

–هەر مناڵێك وەك هاووڵاتی یەك رەفتار بکات .

–دەبێت هەر هاوڵاتی یەکیش بۆ گەشەسەندنی لایەنی ئابووری ورۆشنبیری وکۆمەڵایەتی پشکی بەشداری خۆی هەبێ .

ئەرك وپەیامەکانی پەروەردە لەسەر ئاستی ئەم ناوچەیەدا ئەوەیە کە دلٚنیابین لەوەی کە هەر هاوڵاتی یەکی کورد هەل وبواری یەکسانیان بۆ برەخسێ تاوەکو زانیاری و بەهرە و تواناکان و رەفتارو هەڵوێستەکان پەرە پێ بدات ، کە ئەوەشیان پێویستە بۆ بەشداری یەکی تێرو چالاکانە ،بەئامانجی هەرچی زیاتری گەشەسەندنی ناوچەکە بشکێتەوە ،سەرباری پێشکەوتن لەسەر ئاستی تاکە کەسدا.

ستراتیژی ئێمە لەم قۆناغەدا جەخت کردنە لەسەر وەدی هێنانی هەندێ داوا کە لێرەو لەوێ بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە کە دەکرێ هەندێ جار سادە بکەوێتەوە ،بەلاٚم تابلێ ی گرنگە ،ئەویش:–

*تۆمار کردنی هەر هەموو ئەو منالاٚنەی کە سەروەختی خوێندنیان هاتووە تاوەکو هەر هەموان لەم بوارەدا هەلیان بۆ برەخسێ وبەهرەمەندبن .

*دلٚنیا بوون لە چۆنیەتی دامەزراندنی ژینگەیەکی تەندروستی فێر کردن و فێر بوون تاوەکو پرۆسەی پەروەردە بەجێ ی خۆی بگات ،جگە لە چاودێری کردنی بەردەوامی ئەو هەل و بوارانەی کە بۆ هەرهەموان بەیەکسانی وهاوتا دەرەخسێ .

*بایەخ دان بە گەشەسەندنێکی دەزگایی هەر هەموو قوتابخانەکان و بەڕێوەبەرێتی یەکانی پەروەردە و وەزارەت ،ئەوەش لە ڕێ ی بەشداری یەکی توندو تۆڵ لەگەڵ هەر هەموو دەزگا ودامەزراوە کۆمەڵایەتی یەکان (مزگەوتەکان ،کلێساکان ،ڕێکخراوە نادەوڵەتی یەکان ، دایکان وباوکان ،کارگوزاران ،مەڵبەندەکانی کارو پرۆژەکان وهەر هەموو بەشداران وخەمخۆران ).

دیارە بۆ دەستەبەر کردنی ئەم ستراتیژەش پشت بە خۆمان وبەو هاوڕێ یانە دەبەستین کەلەسەر خستنی ئەم پرۆژەیەدا هاوکارن ، دەکرێ ئێمە پشت بە هەریەك لە ئێوە ببەستین کە لێرەن ،دیارە بەرادەی یەکەم پشت بە مامۆستا خۆی سەرتۆپی مەرامەکانمانە ،چونکە دوا جار ئایندەی مناڵەکانمان کە ئایندەی ئێمەیە وا لە چنگی مامۆستاکاندایە .

دەبێ لە هەوڵی ئەوەدابین کە هەر هەمووان بەیەکسانی دەستیان بگات بە زانیاری ،ئەوەیان یەکەماف و هەقی هەر بچوك وگەورەیەکە .

لەوەدا نابێ هیچ کەسێك لەسەر ئاستی ڕەگەزو ئایین وبیروبروا لەیەکدی جیا بکرێتەوە، دەبێ هەر یەکێك لە ئێمە زەمینەی باشی بۆ برەخسێ کە بە ئازادی دەستی بگاتە سەرچاوەکانی زانیاری .

لەوەشدا دەبێ بیر لە چۆنیەتی خوێندن بکەینەوە ،لەم سەردەمەدا کە سەردەمێکی تازە وجەنجاڵە ناکرێ بە هەمان چەك وکەرەستە کۆنەکانی خوێندن و پەروەردە پێ بخەینە ناو سەدەی بیست ویەکەوە .

بۆ هەر کردەیەکی ستراتیژی ئەمانەی خوارەوە لەبەر چاو دەگرین :–

–پوخت کردنی لایەنی کارگێری قوتابخانەکان .

–چاککردنی هەر هەموو ئامرازو کەرەستە و پێویستی یەکانی خوێندن وکەڵك وەرگرتن لە کاتی ئەو خوێندنە.

–بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری و بەهرەو تواناکانی مامۆستاکان .

–بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری قوتابیان .

–تێکەڵ کردنی یەکەکانی ناو پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ ئەو کردەو کارانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیکەین ،جگە لە بایەخدانێکی زیاتر بە خوێندنی پیشەیی وتەکنیکی .

–بۆ دامەزراندنی ژینگەیەکی وا تەندروست وا چاکە دایکان وباوکان وهەر هەموو کۆمەڵگا خەمخۆرمان بن.

ئێمە ناچارین رو لە مامۆستاکان بکەینەوە تاوەکو ئەم پرۆسەیە سەربکەوێ کە دیارە ئەوانیش دوو ئەرکی قورسیان لەسەر شانە:-

-چاندنی زانیاری دروست لە مێشکی خوێندکاران دا ، لەرێی بابەت و وانەکانەوە، لێرەشدا فەلسەفەی تازەی پەروەردە وا کار دەکات کە قوتابی جوغزو سێنتەری هەموو کارەکانمان بێ ،چونکە دواجار دەمانەوێ هاوولاتی یەکی مەدەنی وهۆشمەند لە نێو کۆمەلگەیەکی کوردی دروست بکەین کە خەونی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی یە .

بۆ ئەوەش مەرجە کە رێز لە :

-شکۆ مەندی هەر تاکێکی کوردی بگرین و وابکەین بروای بەخۆی هەبێ ،بتوانێ لە هەنووکەو لە ئایندەدا پشت بەخۆی ببەستێ .

-دەبێ بۆ هەمیشە بایەخ بە بەها ئەخلاقی و کۆمەلایەتی ورۆحی یەکانی خۆمان بدەین ، بەرامبەر بە جیاوازی یە ئاینی و رەگەزی وکەلتووری یەکان بەخشندە ومیهرەبان بین ، بەواتا ئێمە بە جیاوازی یەکەنمانەوە جوانین ، ناکرێ جیاوازی ئێتنیکی ببێتە مایەی ململانێ ودوژمنداری .

بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجانەش بەرژەوەندی و قازانجی هەر هەموو کۆمەلگا لەبەر چاو دەگرین . کەواتە لەکوێ وکێ یەوە دەست پێ بکەین ؟

کێ پێویستی بە فێر بوون هەیە ؟

وەلامەکەمان ئاسانە

-هەر هەموومان بەوانەشەوە کە لە وەزارەتدا کارمەندن ،لەپێش هەمووتانەوە من .

-من بروام وایە کە ئەو توانایەمان هەبێت .

-ددەکرێ پشت بەتواناکانی خۆمان ببەستین .

لەکۆتایی دا حەز دەکەم ئاماژە بە پرینسیپەکانی فێر بوون بدەم کە لەم ڕێنمایی یانەدا بەرجەستە دەبن :-

١-فێر بوون بە شێوەیەکی زۆر بنەرەتی کردەیەکی کۆمەڵایەتی یە .

٢-فێر بوون یەکدی گیرە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا .

٣- فێر بوون کردەیەکی هاوبەشی یە .

٤-فێر بوون وزانین لەسەر کار کردنێکی پراکتیکی وەستاوە .

٥-سەرگەرمی کار کردن لە بەخشینی هێزو دەسەڵات جیا نابێتەوە .

٦-نوشوستی ودواکەوتن لە فێر بوون دەرئەنجامی وەلانان و دوور کەوتنەوەیە لە بەشداری .

٧-هەموو خەڵکی هەر بەسەلیقەو وسروشت هەتا هەتایە فێر خوازن .

دوا ووتەشم دووبارە کردنەوەی ئەو رازەیە کە دەبێ هەر هەموومان سەرگەرم وخولیای ئەو ئەرك وپەیامانەبین .

سوپاس وپێزانینم بۆ هەموو لایەك ، ناکرێ رۆڵی چالاکانەی ریکخراوی یونسکۆ ویونسیف فەرامۆش بکەین .

دیسانەوە بەخێر بێن بۆ کۆنفرانسی پەروەردەیی لە سلێمانی .

## وتەی هەڤال (( نەوشیروان مستەفا )) نووسەری ناسراوی گەلەکەمان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نشتمانی کوردستان

ئەوەی ڕاستی بێت نامەوێت درێژە بەقسەکانم بدەم ، بەڵکو دەمەوێت هەندێك شت دیاری بکەم ، لەپێش هەموویانەوە ئەوەیە بێگومان پەروەردە لەهەموو ولاتانی دنیادا زۆر گرنگە ، ئێمە خومان هەموومان لە قوتابخانەدا پێگەیشتووین لەسەر دەستی مامۆستا پەروەردە بوین ، لەبەر ئەوەی ولاتەکەی ئێمە لەحاڵی گەشەکردندایە ، دنیا لە پێشکەتندایە ، هەمیشە سیستەمی پەروەردە ، پرۆگرامەکانی خوێندن پێویستیان بەوە هەیە کەساڵ بە ساڵ چاویان پێدابخشێنرێتەوە ، ئەو کەمو کورپیانەی کەتێیان دەکەوێت چاکبکرێتەوە و پڕبکرێتەوە ، ولاتێکی پێشکەوتووی وەکو بەریتانیا ، کەخۆتان دەزانن لەبواری پێشکەوتن و پەروەردەدا لەچ ئاستێکدایە ، یەکێك لە هۆکانی ئەوەی کە تونیبلێر هەڵبژاردنی بردەوە جاری یەکەم ئەوە بوو کە دروشمی سەرەکیهەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆی کردبوو بە ((پەروەردە ، پەروەردە ، پەروەردە )) ، ئەگەر لە ولاتێکی وەك بەریتانیاچاککردنی سیستەمی پەروەردەو پرۆگرامەکانی خوێندنی هێندە پێویست بێت ، دیارە لەولاتی ئێمە زۆر زۆر پێویستترە ، من باشانازیەوە دەیلێم : لەماوەی دەساڵی رابردوودا مامۆستا بەرێزەکانی ئێمە کەمتەرخەمیان نەکردووە ، وەزارەتی پەروەردە کاری زۆر باشیان کردووە، ئێمە ولاتێکی وێرانمان کەوتە بەردەست ، ئەو ولاتە وێرانە ئاوەدانکراوەتەوەو سەر لەنوێ پەروەردە زیندوو کراوەتەوە لەسەر دەستی ئەواندا هەزاران خوێندکارو قوتابی پێگەیشتون رۆژ بە رۆژ لەدێهاتەکاندا خوێندنگاو قوتابخانەی نوێ دەکرێتەوەو مامۆستا پێدەگەنرێت بۆ ئەوەی کەنەوەی نوێ پەروەردە بکات ، بەلام ئەوە مانای ئەوەنییە کەئیشەکانی هەموو ڕێکوپێکن ، کەمو کوڕی لەکاروبارەکاندانی یە ، یەکێك لەو شتانەی کەمن بەراستی دەمەوێت لێرە زۆر بەڕاشکاوانە باسی بکەم ئەوەیە کە دەبێت وەزارەتی پەروەردەلەقۆناغی داهاتوویدا لە ئیشوکارەکانیدا سەرکەوتووبێت بەهێچ جۆرێك مەحسوبیەت ، واستە ، ئیعتباراتی سیاسی و حزبی و شتی لەم جۆرە لێکنەداتەوە ، لێرە بەدواوە بەهیچ جۆرێك سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و موفەتیش و بەڕێوەبەری خوێندنگاو قوتابخانەکان لەسەر ئەساسی پشتیوانی هەبوون و واستەو حزبی بوون دانەنرێن . ئەگەر ئێوە دڵتان بەولاتەکەتان دەسووتێ و نیشتمانەکە خۆتان خۆش دەوێت ، ئەگەر دەتانەوێت نەوەی باش پەروەردە بکەن نابێت گوێبدەنە ئەو کارانە ، بەڵکو دەبێت بە پێی لێوەشاوەیی و زانایی ئەو کەسانەی بەسەر پەرشتیاری پەروەردەیی و بەموشریف و بەبەڕێوەبەری خوێندنگاکان و بەکار بەدەست لە وەزارەتی پەروەردە دابنرێن ،چونکە پەروەردە زۆر زۆر لەوەزارتەکانی تر گرنگترە ، چونکە پەروەردە

وەکو شارەوانی نی یە ، پەروەردە وەکو ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە نی یە ، وەکو تەندروستی نی یە ، هەروەکو خۆتان لەو راپۆرتەدا کەئاڵەتان کردووە پەروەردە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی سیاسی دەخاتە ناو دڵەوە ، کە خۆشەویستی گەل و نیشتمان لەلای منداڵ دروستدەکات . من دەمەوێت لێرەدا دوو سێ پرسیارتان لێبکەم بۆ ئەوەی هەندێك شتتان بەبیر بهێنمەوە ، منداڵێکی کورد بەلایەنی کەمەوە هەشت ساڵ زمانی ئینگلیزی دەخوێنێت کە وەختێك خوێندنی دواناوەندی تەواودەکات ئینگلیزی نازانێت ، منداڵێکی کورد زیاتر لە دەساڵ زمانی عەرەبی دەخوێنێت ، بەڵام وەختێك خوێندنی دواناوەندی تەواو دەکات زمانی عەرەبی نازانێت ،بۆ من کە ئەم دووانە لەبەرچاومە ئەمە دەکەمە پێوەرێك بۆ ئەوەی کە لەبواری فیزیا و کیمیا و بوارەکانی تریش دیارە هەر وایە ، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە پرۆگرام و سیستەمەکانی خوێندندا دەبێت ناتەواوییەك هەبێت ، دەنا مەعقول نی یە منداڵێك هەشت ساڵ لەسەر یەك زمانی ئینگلیزی بخوێنێت و وەختێك خوێندن تەواو دەکات فێری ئەوە نەبووبێت دوو رستەی رێکوپێك بەزمانی ئینگلیزی بڵێت و دوو وشە بەو زمانە قسەبکات ، یان بەهەمان شێوەش ناتوانێ قسە بەزمانی عەرەبی بکات . ئەوە یەکێکە لەو شتانەی کەبەراستیپێم وایە دەبێت ئێوە باش بیری لێبکەنەوەو هۆ کارەکانی بدۆزنەوەکە بۆچ وەکو مامۆستا جەمال عەبدول فەرمووی دوای ئەو هەموو ساڵ خوێندنە جاری واهەیە کە خوێندن تەواو دەکات نیمچە خوێندەوارەیان نەخوێندەوارە ، هۆ کارەکانی ئەمە چی یە ؟ ئەم هەموو توانایە کە لەبەر دەستی ئێمەدا هەیە بۆ ئەوەی نەوەیەکی خوێندەوارو شارەزاپێبگەیەنین لەبەرچی نەمانتوانیوە وەك پێویست نەوەی لەو جۆرە پێبگەیەنین؟، ئەوە یەکێکە لەو پرسیارانەی کە پێویستە هەر یەکێك لەئێوە لە خۆی بکات ، بۆ ئەوەی بزانین گرفتەکە بدۆزینەوەو چارەسەری بکەین . پرسیارێکی ترم ئەوەیە کە ئایا بۆچی چەند ساڵ بەسەر جێبەجێکردنی بریاری ٩٨٦ و بەسەر حکومڕانی ولاتەکەی خوماندا تێپەربوەو تاکو ئێستا لەشارێکی وەکو سلیمانیدا هەندێك بینای خوێندنگا هەیە لەرۆژێکدا سێ دەوامی تێدادەکرێت ،من لێتان دەپرسم ئەگەر بینایەك لە رۆژێکدا سێ مەکتەب دەوامی تێدابکات سێ وەجبە خوێندکارو مامۆستا چۆن دەتوانن سوود لەوانەکانیان بکەن ، بۆیە پێویستە بەجدی بیرێك لەوە بکەنەوە کە چارەسەرێك بۆ ئەم کارە بدۆزنەوەو هەموو قوتابخانەیەك بینای تایبەتی خۆی هەبێت ، بیرێك لەوە بکەنەوە کەئێمە ساڵی داهاتوو پێویستمان بەچەند قوتابخانەو چەند مامۆستای تر دەبێت ، دووساڵی تر پێویستمان بەچەند دەبێت لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا ژمارەی خوێندکارەکانی دەگاتە چەند ، بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەو ژمارەیە هەوڵبدەین خوێندنگاو

ماموستا لەقوناغە جیاوازەکاندا پێبگەیەنین بۆ ئەوەی تووشی کەمو کوڕی نەبین . یەکێکی تر لەو شتانەی کەپێویستە باسی بکرێت ئەوەیە کە دەبێت ئێمە لەمەودوا هەوڵبدەین بەتایبەتی ناوەندیی و دواناوەندییەکانمان هەوڵبدەین کۆمپیوتەر ببەینە ناو خوێندانگاکانەوە ، چونکە ئەم سەردەمە بەرەو ئەوە دڕوات کە هەموو شتێك ببێتە کۆمپیوتەرو کۆمپیوتەر بەشێك لە ژیانی هەموو خوێندکاران بەڵکو لە دامەزراوو کۆمپانیاکاند کۆمپیوتەر دەبێت بە بەشێك لە ژیانی مرۆڤ ، بۆیە ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین لە ئێستاوە چەند کەم و دواکەوتووش بێت هەوڵبدەین لە ناوەندیی و دواناوەندییەکانماندا کۆمپیوتەریان بۆ دابینبکەین ، بۆ ئەوەی کە عەقڵیان بکرێتەوە بتوانن ئیشی پێبکەن وەختێك دەگەنە قوناغی زانکۆ شارزەییان پەیداکردبێت لەو مەسەلانەدا . بەبیرو بۆ چوونی من بێگومان لەراپۆرتی کۆنگرەکەتاندا ئەوەی کە لەسەر فەلەسەفەی پەروەردە نووسیوتانە بەشێکی زۆر باشە ، بەلأم حەز دەکەم ئەو تێبینیە دەربڕم ، ئەویش ئەوەیە کە ماموستا ناتوانێت ببێت بەواعیز ، ئەو جۆرە فەلسەفەی پەروەردەیە بەوەعز ناگوترێتەوە ، بەڵکو دەبێت ئەوە لە پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەکردنی شەش ساڵی خوێندنی سەرەتایی و شەش ساڵی ناوەندیی دواناوەندییدارەنگبداتەوە ، ئەگینا تۆ نیشتمانی خۆت خۆشبوێت و ئەمانە ، ئەوە دەچێتە قاڵبی وەعزو ئامۆژگارییەوەو خوێندکار وەریناگرێت ، بەڵکو پێویستە ئەوە لەپرۆگرامی پەروەردەی نیشتمانیدا لە مێژوو لە جوگرافیاو ئەو وانانەی تردا ڕەنگبدا تەوەئەوانەکە پەیوەندیان بەزانستە مرۆڤاتییەکانەوە هەیە ، ئەگینا وانەکانی وەك کیمیا و فیزیا وانەکانی تری لەبابەتی ئەوانە کەوەختی خۆی لەعیراق دانراون و شارەزاکانی عیراق دایانناون هیچ پێویستیەکیان بەوە نی یە کە ئێمە گۆڕانکاری تێدابکەین ، بەڵکو ئەگەر گۆڕانکاریشی تێدابکرێت لەوەوە بێت ئەو زانیارییانەیان بۆ زیادبکرێت کەتازە هاتوونەتە ئاراوە، وەڵاتەکەمان تووشی ئیرتباکێکی گەورە دەبێت ، ئەگەر ئێمە دەستکاری هەموو پرۆگرامەکانی خوێندن بکەین ، بەلأم لەبواری پەروەردەی نیشتمانی و مێژوو و جوگرافیا پێموایە ئەوە هەقی خۆمانە دەستکاری بکەین ، بەلأم دەبێت هەمیشە ئەوە لێکبدەینەوە لەدەوڵەتی عیراق وە لەئاسۆی نزیکدا ئومێدی جیابوونەومان نی یە ، بۆیە دەبێت هەمیشە پەروەردە و پرۆگرامەکانی خوێندنی ئێمەو سیستەمی خوێندنی ئێمە نزیك بێت لەگەڵ هی عیراقداو لە هی ئەوان بچێت ، بەلأم لەرووی ناوەرۆکەوە کە ئەوان بەرەگەزپەرستی خوێندکارەکانی خویان فێردەکەن، ئێمە دەبێت بەمرۆڤدۆستی خوێندکارەکانمان پەروەردەبکەین و نابێت کارێکی وابکەین وەك وەڵاتێکی جیاواز لە عیراق خوێندکار پەروەردە بکەن . لە کۆتایدا پیرۆزبایتان لێدەکەم بە بۆنەی بەستنی سێهەمین کۆنگرەی

پـەروەردە، ئومیـدەوارم ئـەم کرنگرەیـە سـەرەتایەکی بـاش بێـت بـۆ بەرەوپێشـەوەبردنی سیستەمی پەروەردەو پرۆگرامەکانی خوێندن لە کوردستاندا ، لە کوتایدا سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازم .

## وتەی بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت

خوشك و برایانی میوان و کۆنفرانسی پەروەردە ....

ئەم کاتەتان شاد ........

پیرۆزبایی بەستنی ئەم کۆنفرانسە زانستییە گرنگەتان لێدەکەم و دەستخۆشی لە وەزارەتی پەروەردە دەکەم کە ڕێوشوێن و بەرنامەی سازکردنەکەی دانا .

ئەم کۆنفرانسە هەلێکی باشی زانستیو پەروەردەییە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم لە ڕێی وەزارەتی پەروەردەو بە هاوکاری و پسپۆڕانی پەروەردە ، مامۆستایانی شارەزاو خاوەن ئەزموون لە بواری پرۆسەی خوێندن و پەروەردەدا ، بەرنامەیەکی نوێونەخشەیزانستیانەی گونجاوو هاوچەرخ دابنێ بۆ ئەوەی لە پرۆسەی پێداچوونەوەو ئەنجامدانیگۆڕانکاری پێویستدا ڕەچاوی بکات و کەڵکی لێوەربگرێ . بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە گۆڕانکارییو نوێکردنەوەی بەرنامەی پەروەردەو خوێندن و دەستکاریکردنی سیستمی پەروەردەپێداویستییەکی قۆناغەکەیەو بەشێکە لە خواستی حکومەتی هەرێم بۆ ڕێکخستنەوەی ژیانی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵی کوردەواری ، چونکە بواری پەروەردە بەردی بناغەی هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەلایەتیو فەرهەنگییە لە کۆمەڵەکەماندا و سەرەتای ڕێگای دوورو درێژی بنیاتنانی کۆمەڵێکی مەدەنیو دیموکرات ، کۆمەڵێکی ئازادو پێشکەوتووە هەروەك پەروەردەو خوێندن ناوەندی زیندووی بەرزکردنەوەی هوشیاری سیاسیو پەروەردەکردنی نەوەی نوێی کوردستانە بە گیانی نیشتمانپەروەرێتیو ئازادیخوازی بە گیانی زانستخوازیو پێشکەوتن .

**خوشك و برایانی ئەندامی کۆنفرانسی پەروەردە..........**

بایەخی ئەم کۆنفرانسە لەوەدایە کە دەزگایەکی حکومی لەدانانی بەرنامەو نەخشەکانیدا راوێژو هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆڕانی بوارەکەو خەمخۆرانی پەروەردە دەکات . ئەمەش دەرفەتێکی چاك و لەبارە بۆ ئەوەی توانای حکومەت لەگەڵ خواست و ئەزموونی مامۆستایانی خاوەن ئەزموون تێکەلاوببێو پێکەوە ئیجماعی لەسەر بکەن و هاوکاری جێبەجێکردنی بکەن . بۆیە داوا لە سەرجەم پسپۆران و شارەزایانی پەروەردە دەکەین کە بەو پەڕی سەربەستییەوە بیروڕاکانی خۆیان بڵێن و کۆنفرانسەکە بە پێشنیازو راوبۆچوونەکانیان دەوڵەمەندتر بکەن ، بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە ڕێوشوێنی گەشەکردنی پەروەردەو خوێندن دابنێن و راسپاردەی زانستی شیاو کە ئامانجە پەروەردەییو زانستییەکانمان خواستە دیموکراتیو نیشتمانییەکانمان نزیکتر دەکاتەوە ، بڕیارێ دەربکەن

بۆ ئەوەی کاروانی خوێندن و فێرکردن لە وڵاتەکەماندا فریای کاروانی زانست و پەروەردە لە دنیادا بکەوێ‌و کەڵك لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو ، لە بەرنامەو تیۆرەکانی وەربگرێ ، لەگەڵ ئاستی گۆڕانکارییەکانی دنیادا بگونجێت و سوود لە گشت ئەزموونەکانی دنیا لە بواری پەروەردە وەربگرێت کە ئێستا لە سایەی ( العولمة ) و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن و ئینتەرنێتەوە کەوتۆتە بەردەست و خزمەتی لێپرسراوو پسپۆڕانی پەروەردە .

هەروەك جێی خۆیەتی ئەندامانی کۆنفرانس سوود لە ڕاو سەرنجی میوانانی بەرێز ، بەتایبەتی ئەو برا پسپۆڕانەی لە هەولێرو دهۆکەوە هاتوون ، وەربگرن و کۆنفرانسەکەی پێ بەرهەمدارتر بکەن ، هیواداریشم ئەم جۆرە سەردان و هاوکارییە ببێتە هەوێنێ بەستنی کۆنفرانسی پەروەردەیی هاوبەش و چەندین کۆنفرانسی هاوبەشی تری بەدوادابێ بە تایبەتی لەو بوارانەی خزمەتگوزاری گشتین و پەیوەندیان بە پێشخستنی فەرهەنگ و زانستەوە هەیە ، چونکە ئەم جۆرە هەماهەنگییە هەم وادەکات کەڵك لە ئەزمونی یەکتری وەربگرین و هەمیش ڕێگای ئاشتیو یەکخستنەوەی هەرێمی کوردستان کورتتر دەکاتەوە .

لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزبایی کۆنفرانسی گەشەکردنی پەروەردەتان لێدەکەم و هیوادارم ئامانجی گەشەکردن بەدی بهێنێت .

لە کۆتاییدا سوپاسی ڕێکخراوەکانی یونسکۆو یونسیف و وەزیری پێشووی پەروەردە م. خەسرەو مستەفاو وەزیری ئێستای پەروەردە خاتوو نەرمین عوسمان دەکەم کە ڕۆڵی باشیان بینیوە لە خزمەتکردنی ڕەوتی خوێندن ، هەروەك سوپاسی وەزارەتی پەروەردە دەکەم بۆ هەمان ڕۆڵ .

## وتەی یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری پەروەردەو خوێندنی بالا ، مامۆستا جمال عبدول

**خوشك و برا بەرێزەکان ..........**

پێشەکی لە ناخەوە پیرۆزبایی بەستنی سێیەم کۆنگرەی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەرەوەردەو سەرجەم مامۆستایان و خوێندکارانی کوردستان و دەستخۆشی لە هەموو ئەوانە دەکەم (( بەتایبەتی بەرپرس و کارمەندانی هەردوو ڕێکخراوی یونسێف و یونسکۆ )) کە بوونە هۆی سازکردن و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی لە هەموو ڕوویەکەوەو پێوەی ماندووبوون ، بەهیوام کۆنگرەیەکی هزری وابێت کە شێوەیەکی گەش ورۆشنی فەلسەفەی پەروەردەیی لێبکەوێتەوە بە جۆرێك ئامانجە گشتیو تایبەتییەکانی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی گشتیو زانکۆییدا دیاری بکات کە لەگەڵ خواستەکانی ئێستاو داهاتووی گەلەکەماندا بگونجێت ، بە پێویستیشی دەزانم کە بڵێم هەرچی دەیڵێم ، ڕەخنەو تیرو توانجێکی نابەرپرس و هەڵبەستراو نییە ، بەڵکو دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەو ڕەخنە ئامێزو کۆمەڵە چارەو پێشنیازێکی کردەیی پڕ خواست و هیوای دڵسۆزانەیە بۆ داهاتوویەکی گەشی پەروەردەو فێرکردنمان ، لە کوردستانێکی دیموکرات و نوێیداو ئازاداو بەڕای من ڕەوتی پەروەردەیی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی گشتیو زانکۆییو هەردوو دەزگا پەروەردەییەکانی کوردستان ، لە چاو ئەو بارودۆخە لە هەموو ڕوویەکەوە نالەبارەی کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت ، دڵسۆزانە هەوڵی بەرەوپێشچوون و وریاکردنەوەو پەروەردەکردنی نەوەی نوێمان داوەو دەدەن .

ئاشکرایە ، ڕژێمی تاوان ، شانبەشانی ئەو وێرانکارییەی لە ڕووی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەوە لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا لە کوردستان کردوویەتی ، پاچ و پێمەڕەیشی خستۆتە بینای ڕووناکبیری گەلەکەمانەوەو هەمیشە سیاسەتی ڕەگەزبازانەی خۆی بە خەست و خوڵترین شێوە لەم بوارەدا پێڕەو کردووەو بە نیازی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی کورد ، کە ڕووناکبیری ، لایەنێکی هەرە گرنگ وبنەمای ئەو ناسنامەیە پێکدێنێت .

یەکێك لەو ئامرازانەی بەعس بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو سیاسەتە گلاوەی بەکاری هێنا ، دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن بوو ، کەلەرێی ئەو دەزگایەوە هەوڵی داوە ڕووی گەشی ڕووناکبیریو کۆمەلایەتیو خوورەوشت و داب ونەریتی رەسەنی گەلەکەمان بشێوێنێو بەمەرەیەکە بەرێ ، مۆرك و بوونی نەتەوەیی خۆی لەدەست بدات ، بۆ ئەمەش سیاسەتی بە عەرەباندن و بەعساندن و باوکردنی نەتەوەی زاڵی بە فراوانترین شێوە هێنایە ئەم بوارەوەو

تا بۆی کرا وێرانکاری خۆی کردو ئەو وێرانکارییە ، هەموو بوارەکانی پەروەردەی گرتەوە ، هەر لە عەرەباندنی خوێندنەوە تا بەعساندنی مامۆستاو خوێندکارو تێکدان و شێواندنی بەرنامەکانی خوێندن و تێرشتن و لێپڕکردنی بە ژەهری ڕەگەز پەرستی شۆڤێنی عەرەب ، بۆیە یەکێك لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ئەم قۆناغە ، بایەخدانە بەم لایەنە گرنگەو هەنگاونانە بۆ سڕینەوەی شوێنەواری سیاسەتی بەعس و بنیاتنانەوەی پەروەردەو فێرکردنە لە کوردستاندا لەسەر بنچینەیەکی نوێو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیە لە هەموو بوارەکانی فێرکردندا ، وەك : پێگەیاندن و پەروەردەو ڕاهێنانی مامۆستا ، بەرنامەکانی خوێندن ، دەزگا کارگێڕیەکانی پەروەردەوسەرپەرشتیاری پەروەردەییو خوێندنگاکان و شێوازەکانی وانە ووتنەوەو هۆیەکانی فێرکردن و ڕوونکردنەوەو چاکیو جموجۆڵی دەری پۆل و پەیوەندی خوێندنگەو کۆمەڵ و دەوروبەرو کاری کۆڕی باوکان و دایکان و پەیوەندی مامۆستاوخوێندکارو تەنانەت خوێنکارو خێزانیش ، خەبات کردن لە پێناوی ئەو گۆڕانکارییە مەزنەی بواری پەروەردەو فێرکردندا لایەنێکی گرنگ و کاریگەری خەباتی ئەم قۆناغە پێکدێنێت ، شان بەشانی سەرجەم بوارەکانی تری خەبات و هەموومان لێی بەرپرسین ، بۆ دیموکراتیکردنی پەروەردەو فێرکردن ، وەك داموو دەزگاو سروشت و ناوەڕۆك و بەرنامەش .

ئاشکرایە لە مەیدانی پەروەردەو فێرکردندا تا ئێستاش تەواوی بەرنامەکانی خوێندن ، هەر بەرنامەکانی ڕژێمن و کتێبەکانی خوێندن ، زۆر بەداخەوە هەر لەوێوە دێن و سەراپا خزمەتی سیستمی پەروەردەو فێرکردنی ڕژێم دەکەن . کەبەشێکی گرنگ و نەخشە بۆ کێشراوی ئەو خزمەتە ، چەسپاندنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بەسەر گەلەکەماندا بەرجەستە دەکات و ئەو کتێبانەش کە تا ئێستا ڕژێم ( بەمەبەست !) چاپیان دەکات و لە ڕێی یونسێفەوە دەساڵە بۆمان دەنێرێت وەك نیشانەیەکی زەق و قەبەی لێنەهاتوویيو بێدەسەڵاتیمان ، بە ئاشکرا ڕوکاری ڕەگەزبازیوشۆڤینییانەی بەرنامەکانیان لێدەتکێو لیپن لەو بیروڕا کۆنەپەرستانەی ، خوێنی کوردیان لێدەچۆڕێت .

**بەکورتی گرنگترین ناتەواویەکانی فێرکردن و ئەو لایەنانەی پێویستە بایەخیان پێبدرێت ئەمانەن :-**

١-ڕێگەکانی وانە وتنەوە ، لە قوتابخانەکانماندا ، لایەنی واژە چەند بارەبوونەوەی وەرسکەریان تێدایاوەو ئامانجی ، ڕاهێنانی قوتابییە لەسەر بیرکەوتنەوە ، بێئەوەی زۆر بایەخ بە ڕاهێنانیان لەسەر بیرکردنەوەو وردیی دەربڕین و بەداخەوە تا ئێستاش دەبینین تەنانەت لە قوتابخانە بالاکانیشدا ، مامۆستایان بایەخ دەدەن بەوشە گواستنەوە لە کتێب و

گەیاندنی ئەو زانـــیاریانـــەی بە قوتابیو گێڕانەوەی ئەو زانـــیارییە بـــیردۆزیـــانـــە ( کـە مامۆسـتاکانیان پێیـان دەنووسـنەوە ) بـۆ مامۆسـتاکانیان لـە کـاتی تاقیکردنـەوەدا ، بێگومـان هـەندێك قوتابی لارییـان نیە لـەوەی ئەگـەر شـتێکیان بیرنەکەوتـەوە ، پـەنا بەرنـە بەرگزیو لەبەر کتێب نووسینەوە لە تاقیکردنەوەکانیانداو گزی کردن ، بۆتە یەکێك لە کێشە ڕەوشتیەکانی قوتابی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنیاندا .

٢-ئاڵۆزی لایەنی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی فێرکردن ، ئەگەر چی لە بنەما بیردۆزە پەتیەکاندا ، دیموکراتیش بێت ، بەڵام بەداخەوە زۆر ڕەوشـی نادیموکراتی تێدایەو ئێمە پێویستمان بە فێرکردنێکە تـۆوی چاکـە خۆشویسـتن و ڕیـزی خـودی مـرۆڤ گرتـن و دانـان بـە بنـەمای شایستەییدا ، بێگوێدانە جیاوازی ئاینیو سیاسیو ڕەگەزی نێوان خەڵکی لەناخی نەوەی نوێدا بچێنین و نەوەیەك پەروەردەبکەین ، ناخی پڕبێت لە باوەڕو متمانە بەیـەکترو یـەکتر خۆشویسـتن وهاوکـاری لـە پێنـاوی چاکـەی گشـتیداو نەوەیـەکیش لەسـەر ئـەو بناغەیـە پەروەردە کرابێت ، شانازی بە نەتەوەکەیـەوە دەکـات و خـۆی لـە پێنـاوی نیشـتمانەکەیدا بەختدەکات .

٣-دیاردەیەکی تری فێرکردن لای ئێمە نەبوونی هاوکاریەکی هۆشیارانەیە لە نێوان ماڵ و قوتابخانـەدا ، کـە بـەزۆری دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە مـاڵ ببێتـە کۆسـپێك لـە ڕێـی تـەواو بەدیهێنانی ئەرکەکانی قوتابخانەداو ئەو هاوکاری نەکردنەیش ، لەو ماڵانەدا زۆرتر هەستی پێدەکرێت ، کەلە ڕووی دارایـیو ڕووناکبیرییـەوە لاوازن و کاریگـەرییان لـە ڕەوش و ڕەفتارو جـۆری بیرکردنـــەوەی منداڵــەکانیاندا ڕەنـگ دەداتـــەوە ، بۆیـــە قوتابخانـــە کـات و ئـەرك و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت ، بۆ چاکسازیو ڕاستکردنەوەی شێواندنی سروشتی نەوەی نوێو هـەڵس و کـەوتیان لەلایـەن ماڵەکانیانـەوە ، سـەرەڕای ئـەوەی پـەروەردەی کچـان کـە قوتابخانـــەکانمان لەســـەری دەڕۆن ، پەروەردەیـــەکی کەمســـوودەو لـــەبارەی زانســـتی کۆمەڵایەتییـــەوە ، زۆر کـچ خوێنـدن تـەواو دەکـەن ، بـەڵام نیمچـە خوێنـدەوارن لـە ڕووی زانستیو نەخوێندەوارن لە ڕووی ماڵداریو پەروەردەی منداڵەوە .

٤-دیاردەیەکی تریان لاوازی پەیوەندییە گیانییەکانی نێوان مامۆستاو قوتابی لەلایـەك و نێوان قوتابیانی خۆیاندا لە لایەکی ترەوەو پـەیوەندی نێوان قوتابیو مامۆستا ، ڕووکەش و دەسـتکردو میکانیکییـەو لـە بنچینـەدا لەسـەر بناغـەی سـوودی تایبـەتی دامـەزراوە ، وەك نمرەی بەرز بەزۆری .

هەروەها هەندێك قوتابی ، قوتابخانە ، بە بەندیخانەیەکی بە ئارەزوو دادەنێت ، تێدامانەوەی هـەر بـۆ دەرچوونـی کۆتـایی ساڵە ، کـە پـاش تـەواو بوونـی قوتـابی دەکاتـە فەرمانبـەر ،

پشووەکان بە جۆرە ڕاکردنێکی کاتی دادەنێت لەو بەندیخانەیە و بەڵگەش بۆ ئەوە هەندێك قوتابی هەوڵ دەدات بەهەر ڕێگەیەك بێت هەندێك مامۆستا بێزار بکات و وانەکە نەڵێنەوەو زۆربەی قوتابییەکانمان دڵخۆشینەوە ئەگەر مامۆستایەك ( بەهەر هۆیەکەوە بێ ) نەیەت بۆ قوتابخانە ، چونکە ئەو نەهاتنە بەشێك لەباری سەرشانیان سووك دەکات .

٥-هەروەها فێرکردنی ئێمە لە هیچ قۆناغێکدا بە قوڵی توخنی خوورەوشت و نموونەی باڵاو فەلسەفەیان ناکەوێت ، بەهۆی سەرقاڵیەوە بە پێنووسینەوەو لەبەر کردن بەوەیش بێمەبەست قوتابی ئامادەدەکرێت ، کە بکەوێتە داوی پڕوپاگەندەو بانگەشەو چاوو راوەوەو بەسۆزەوەو بێ بیرکردنەوە ، زۆر بیروڕاوەربگرن ، کە مەترسی ئەم ڕەوشتەی فێرکردنی ئێمە ، لەو کاتانەدا دەردەکەوێت کە پڕوپاگەندە زۆر بڵاوو فرە شێوازە .

٦-قوتابخانەکانمان ، زۆر بەداخەوە ئەوانەی لێیان دەردەچن ناکەنە ڕۆشنبیر ئەگەر مەبەست لە ڕۆشنبیری شتێکی زۆرتربێت لە تەنها زانیاری لەبەرکردنی زۆری پێکەوە نەبەستراو کەیەکسەر دوای تاقیکردنەوە لەبیر دەچنەوە .

٧-لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری بەرنامەکانی خوێندن و دانانی کتێبی نوێ ، کارێکی گرنگ و چارەنووسسازی خوێندن و سیستمی پەروەردەو فێرکردن و بەرنامەی گەشەی زانستی و کۆمەڵایەتیو ئابووری هەر کۆمەڵێك پێویستە بۆ نرخاندنی ئەو کارانە خەڵکی پسپۆڕو خاوەن بڕوانامەی بەرزو شارەزایانی پەروەردەی ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکانی وەك یونسکۆو شارەزایانی خۆماڵیش بەشداری تێدابکەن ، چونکە لەو بوارەدا زۆر لە دواوەین و لەوزەی خۆماندا نییەو جارێ پسپۆڕی وامان نیە بتوانن بە تەنیا ئەو کارە بکەن .

٨-پێویستە هەموو دەستکاریو چاکسازیەکی بەرنامەکانی خوێندن ، بەپێی گۆڕانکاریە نوێباوەکانی ئێستاو پێشکەوتنی زانستیو داهێنراوە زانستیو تەکنەلۆجیەکانی سەردەم بێت .

٩-دانان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی زانستیو لەبار بۆ فێربوونی کۆمپیوتەرو کارپێکردن و بەکارهێنانی ئامێرو دەزگاو داهێنراوە نوێیەکانی زانست و تەکنەلۆجیای سەردەم ، لە ڕێی بەرنامەکانی خوێندن ، یان دەورەی تایبەتیەوە کە وەزارەتی پەروەردە لە پشووی هاویندا بە هاوکاریو کۆمەکی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان و سوودوەرگرتن لە بڕیاری ((٩٨٦)) ئامادەو جێبەجێبکات ، بۆ ئامادەو پەروەردەکردنی کادیری کارامەو لێزان بۆ فێرکردنی مامۆستایان و ئامادەکردنیان بۆ هەوڵەکانی نوێکاریو بەکارهێنانی ئامێرودەزگاو داهێنراوە نوێیەکانی زانست و تەکنەلۆجیا ، لەبواری پەروەردەو فێرکردنێکی نوێباوو گۆڕین و چاکسازی بەرنامەکانی خوێندندا ..

١٠-لەهەر دەستكاریو گۆڕینێكی بەرنامەكانی خوێندندا ، پێویستە بە ئەقڵی سەردەم بیربكرێتەوەو گۆڕانكاریو گەشەو پێشكەوتنی جیهانی دۆزراوەو داهێنراوە نوێیەكانی رەچاوبكرێن و بەشێكی گرنگ و بنچینەیی ئەو بەرنامانە بن بە هەموو قۆناغەكانی خوێندنداو هەوڵی دڵسۆزانەی بۆ بدرێو بە هیچ بیانوویەك دوا نەخرێ و فەرامۆش نەكرێت لە كۆتاییدا هیوادارم كارەكانی ئەم كۆنگرەیەمان وەك ئەوانەی جاران لاسایگەریو سەرپێییو لە كۆڵخۆكردنەوەو قسەو نووسینی رووت نەبێ ، بەڵكو كۆنگرەی كارو كردەی بوێرانەو خەمخۆرانەو دان بە ڕاستیدانان و دەستنیشانكردنی ناتەواویو كەلێنەكان و چارەسەركردنی زانستیو شۆڕشگێڕانەیان و ئامادەكاری بەرنامەڕێژی بێت بۆ فەراهەم كردنی پەروەردەیەكی شارستانیو نوێباوی سەردەم لەسەرتاسەری كوردستاندا بۆ هێنانەدی هەموو ئامانجە نیشتمانیو نەتەوەییو پەروەردەییەكانمان .

## وتاری بەڕێز فؤاد قەرەداغی / سەرۆکی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان

**بەڕێز نوێنەری هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستان ......**
**بەڕێزان مامۆستایانی بەشدار بووی کۆنگرە.........**
**میوانە بەڕێزەکان......**

ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (١٩٩١) سەردەمێکی نوێی لە کوردستاندا لێکەوتەوە، دەسەڵاتێکی سیاسی شۆڤێنی ڕامالی و، دەسەڵاتێکی خۆماڵی هێنایە کایەوە، مێژوویەکی پێچایەوەو پەڕەی مێژوویەکی دیکەی هەڵدایەوە، ئەرکی سەرشانی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی لە سایەی دەسەڵاتی نوێدا کاراتر کرد، مامۆستایانی کوردستان و ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەیان لەم بەر پرسیارێتییە مێژووییە بەدەر نەبوون و، کوردستانی دوای ڕاپەڕین لە بەر دەم شێوازێکی نوێی خەباتدا ڕایگرتن و سەنگێکی نوێی لە مەحەکدانی بۆ دانان.

ڕاپەڕین ئامانجە دێرینەکانی هێنایە بواری پراکتیکەوەو، دەسگا پەروەردەییەکانی بەر ئەزموونێکی گەورە خست کە لە ئەزموونی هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبوو.

مامۆستایانی کوردستان لە درێژە پێدانی خەباتی خۆیاندا زوو لە ڕۆڵی خۆیان تێگەیشتن بۆیە مایەی شانازییە بۆیان کە هاوساڵی ئەزموونە مێژووییەکەی خەڵکی کوردستان؛ ڕیزەکانی ڕێکخراوەکەیان یەکخست وئەو زەنگەی بە درێژایی ژیانیان ڕۆژانە لە گوێیاندا دەزرنگایەوە، بووە بەرنامەی خەباتیان و ئەوا بۆ دە ساڵ دەچێت لە هەموو وەرچەرخانەکاندا بەکاری دەهێنن و مزگێنی دوا ڕۆژێکی پەروەردەیی گەشە کردووی هاوچەرخی پێ بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەدەن.

ئەوان هەر زوو خواستی خۆیان بۆ گۆڕانکاریی لە بەرنامەی کۆنگرەی یەکگرتووی خۆیاندا بەیانکرد ئەوان هەر لە سەرەتاوە پێیان وابوو کە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی باوی سەردەمی ڕژێم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی گەرەکەو، دەرباز بوون لە ئاسەواری ئەو سیستەمەی وەك مۆتەکە بەسەر کۆڵەی سنگی خوێندکاران و مامۆستایانی کوردستانەوەیە؛ پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەو بەرپاکردنی شۆڕشێکی پەروەردەیی هەیە.

یەکێتی مامۆستایان لە دوای دەیەمین کۆنگرەشیانەوە بە هەمان ڕێبازو شێوازی خەباتی ڕێکخراوەیی خۆیان توانییان واقیعی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا دیاری بکەن، ئەو ڕاستییە نەشارنەوە کە پرۆسەی خوێندنی تێدا جێبەجێ دەکرێت، واقیعی کێشە هەمە جۆرەکان، واقیعی زاڵبوونی سیاسەت و کلتووری پەروەردەیی سەردەمی ڕژێم، ئەو سیاسەت و کلتورەی دوای دە ساڵ لە ڕاپەڕین هێشتا حوکمی زۆرێك لە هەنگاو بڕیارو کارەکانی ڕۆژانەی نێو دەزگاکانی پەروەردەی

دەكرد ، بۆیە ئا لەم واقیعەوە ئەو ڕاستییەی لە لا گەلاڵە بوو كە دەبێت یەكێتی مامۆستایانی كوردستان و وەزارەتی پەروەردەی هەرێم هاوكارو هاو ئاهەنگی یەكتری لە ئاستی ئەركی مێژوویی سەرشانیاندا بن و بە تێكۆشانێكی ناوكۆیی لە كوردستانی ڕزگار كراودا پەروەردەو فێركردنێكی شارستانی و هاوچەرخ بنیات بنێن ، بۆ ئەم مەبەستەش یەكێتی مامۆستایان لە یاداشتێكدا داوای كرد بە هاوكاری وەزارەت كۆنگرەیەكی پەروەردەیی ئامادە بكەن بۆ دانانی فەلسەفەی پەروەردەیی لە هەرێمی كوردستاندا و دواتر لە بەر تیشكی ئەوەشدا ئامانجە پەروەردەییەكانی خوێندن دەستنیشان بكەن ، هەروەها داوای كرد پلانێكی پێنج ساڵەی پشتبەستوو بە ئامارو تۆژینەوەی پەروەردەیی بۆ گەشە پێكردنی پەروەردەو فێركردن دابنرێت و پلانەكە هەموو لایەنەكانی پرۆسەكە بگرێتەوە بە مەبەستی بنبڕكردنی كاریگەرێتی كلتووری سیستمی بەر لە ڕاپەڕین و ، سەر لە نوێ بنیاتنانەوەی كەسایەتی مامۆستای كورد و كەسایەتی منداڵی كورد و ، چەسپاندنی بەها شۆڕشگێڕییەكانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی كوردستان لە هزرو هۆش و ڕەوشت و ڕەفتاریاندا ، نەك هەر ئەوە بەڵكو مەكتەبی تەنفیزیی یەكێتیمان لە ماوەی ساڵێك و دوو مانگ لە دەست بەكاربوونی بەردەوام جەختی لە سەر گرنگیی كۆنگرەیەكی پەروەردەیی كردۆتەوەو بایەخی بەستنی ئەم كۆنگرەیەی لە دیاریكردنی چارەنووسی پرۆسەی خوێندندا دیاریكردووەو ، لە ووتارێكی ڕادیۆییدا ، ئامادەیی دەربڕی كە بە هەموو وزەو توانایەكیەوە لەگەڵ وەزارەتدا هاوكاری بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەركە بكات. لە سەرەتای ئەمساڵی خوێندنیشداو ، لە یەكەم كۆبوونەوەی دووەم ساڵی كاركردنیدا دیسان مەكتەبی تەنفیزی یەكێتیمان وەك نوێنەری سەرجەم مامۆستایانی كوردستان مەسەلەی بەستنی كۆنگرەیەكی پەروەردەیی خستە ئەولەوییاتەكانی بەرنامەی خۆیەوەو ، ئا بەم شێوەیە لە بەرنامەی ساڵی (٢٠٠١ – ٢٠٠٢ ) ی خۆیدا باری سەرنجی خۆی دەربڕیوە : ﴿ لە بەر ئەوەی خەباتكردن بۆ گۆڕانكاریی پەروەردەیی تەوەرەیەكی سەرەكی بەرنامەی ساڵی داهاتومان دەبێت ، پێویستە ساڵی نوێ ، ساڵی پێداچوونەوەی سیستمی پەروەردەو فێركردن لە هەموو بوارەكاندا بێت. ئەم پێداچوونەوەیە پاش بڕیاردانی سیستمی نوێ لە ڕێگەی زنجیرەیەك كۆنگرەی پەروەردەییەوە دەكرێت ، كۆنگرەكانیش دەبێت ( كۆنگرەی بونیادی ) و ( كۆنگرەی چۆنایەتی ) بن . دیارە ئەركی هەرە گرنگیشمان بۆ دەستپێكی كۆنگرەكان بە دانانی فەلسەفەی پەروەردەیی و چەسپاندنی پرەنسیپی یاسا سالاریی داناوە بەم پێیە دەبێت سەرتاپای ﴿ سیستمی پەروەردەو فێركردن ، قوتابخانەو خوێندنگاكان ، قۆناغە جیاجیاكانی خوێندن بەر گۆڕانكاریی بكەون و بۆ هەر كارێك ، بە هەر هەنگاوێك ، بۆ هەر كێشەیەك ، بۆ هەر بەر پرسیارێتییەك ، ئیداری بێت یان هونەری ، ڕێسای تایبەت و نیزامی تایبەت و یاسای تایبەت هەبێت بۆ ئەوەی پەروەردەو فێركردن لە عەفەوییەت و ئیجتیهاد و سەپاندنی میزاجی شەخصی ئەم لێپرساوو ئەو لێپرساو ڕزگار بكەین ﴾.

ئێمەی مامۆستایانی كوردستان بەرابەری ئەو یەكێتییە تێكۆشەرەی كە چل ساڵە پەیام و ئاڵای گۆڕانكاریی و پەروەردەیەكی پێشكەوتنخوازانەی هاوچەرخی هەڵگرتووەو ، وەك بەشێكی زیندووی بزووتنەوەی كوردایەتی لە مەیدانی خەباتدایە ، كۆمەڵێك خواست و ئامانجمان هەیە كە لەم كۆنگرەیەدا

جەختی لەسەر دەکەینەوەو بەو گیانەوە ئەندامەکانمان هاندەدەین کە بەشدارییەکی کاریگەر لە کارەکانی ئەم کۆنگرەیەدا بکەن و بۆ سەرکەوتنی تێبکۆشن.

ئێمە خواستمانە کۆنگرە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دیموکراتی گونجاو لەگەڵ ئەو قۆناغە مێژووییەی گەشە کردنی کۆمەڵگای کوردستانی تێدایە پەسەند بکات .

- خواستمانە سەرتاپای پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ، هەموو توخمە ماددی و بەشەرییەکانی دیموکراتیزە بکرێن و پرەنسیپی دیموکراسی تێیاندا ڕەنگبداتەوە.
- خواستمانە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا بێت و پەروەردەو فێرکردن ئامرازێکی گرنگی ئەو گۆڕانکارییە بێت.
- خواستمانە یاسا سەروەر بێت ، حکومەتی یاسا بالا دەست بێت ، پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی هاوچەرخ ، پرەنسیپی باوی نێو کۆمەڵگەکەمان بێت.
- خواستمانە پەروەردەو فێرکردن لە نەخشاندن و چەسپاندنی ستراتیژی ئامانجە نەتەوەییەکانماندا ڕۆڵێکی بەرچاو بگێرێت.
- خواستمانە پرۆگرامەکانی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا مرۆڤی سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیا پێبگەیەنێت. مرۆڤێك کە بیرکردنەوەی زانستیانە بێت و زانست سەرچاوەی زانیاری و هەڵوێستەکانی بێت.
- خواستمانە یاسا شکێنی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی منداڵ لە ڕێگای بەرنامەکانی خوێندنەوە بە منداڵانی کورد بناسرێن و خەبات لە دژیان بکەن و نەوەکانی ئێمڕۆو دوا ڕۆژ نەفرەتیان لێبکەن و هەرگیز ملی پێنەدەن.
- خواستمانە پاشماوەی پەروەردەی دەرەبەگایەتی لە ڕەگ و ریشەوە هەڵتەکێنین و هەموو جیاوازیکارییەك لە سەر بنەمای فیکرو بیرو باوەڕی سیاسی ، خێڵ ، خزمایەتی ، ناسیاوی ، مەحسوبییەت ... هتد بنبڕ بکرێت و تەنها ڕابردووی پاك و کەفائەت ، پێکەوە پێوەری سەرەکیی هەڵسەنگاندن و پێشخستن و پێدانی مەسئولییەت بێت چ لە بوارەکانی خوێندناو چ لە سەرتاپای دام و دەزگاکانی حکومەتدا بۆ ئەم خواستانە.. بۆ ئەم ئامانجانە ... بەو نیازو مەبەستانە بانگهێشتی بەشدار بووانی کۆنگرە دەکەین .. بانگهێشتی ویژدانی هەموو ئەو مامۆستا تێکۆشەرانە دەکەین کە لەم کۆنگرەیەدا بەشدارن ، هاوبەشییەکی کاریگەر لە کارەکانیاندا بکەن و ، بە بریارو ڕاسپاردە واقیعی و زانستییەکانیان مەدالیای سەرکەوتن لە یەخەی کۆنگرە بدەن و دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا زامن بکەن.





**گوتاری پێشوازی لە ﴿ میوانەکانی کۆنگرەبەڕێز سەردار سەیدا فتاح / سەرپەرشتیاری پسپۆڕی﴾ بە ئینگلیزی پێشکەشی کرد:-**

پێخوشحاڵین کە پێشوازی گەرم لە میوانە بەرێزەکانمان بکەین لە نوێنەرانی رێکخراوە نێودەولەتیەکان ، ئەوانەی لە کردنەوەی کۆنگرە کەماندا بەشداریمان دەکەن •• ئێمە بەرێزەوە تەماشای رۆڵی رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان دەکەین لەم کۆنگرەیەدا ، بەتایبەتی هەردوو رێکخراوی (یونسکۆ ) و ( یونسیف ).

**دیسان سوپاسی بە شداربوونتان دەکەین**

# دووەم

# نامەو بروسکەکان

**بۆ بەڕێز جەنابی مام جەلال . سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

بەبۆنـەی کۆتـایی هـاتنی سـێهەم کۆنگـرەی پـەروەردەیی . کـە لـە ڕۆژانـی (٢٣-٢٥ ١٠ ٢٠٠١) بەسترا بە پێویستی دەزانین ڕێز و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان بکەین بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆنگرەکەمان لەلایەن بەڕێزتانەوە .

وەپەیمانتان دەدەینێ . کە هەموو تواناکانمان بخەینە گەڕ بۆ خزمەتکردنی نـەوەکانمان لـە کوردسـتانی خۆشەویسـتدا و هـەوڵ دەدەیـن بـۆ جێبـەجێکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان بۆ گەشەپێدانی پەروەردە شانبەشانی سەرجەم لایەنەکانی تری ژیانی گەلەکەمان .

ئەرمین عوسمان

وەزیـــری پـــەروەردە

سەرۆکی کۆنگرەی پەروەردەی سێهەم

## (( ئەو نامە و بروسکانەی گەیشتون بە کۆنگرە ))

لەسێ ڕۆژی بەستنی کۆنگرەدا چەندین نامەو بروسکەی پشتگیری و دەستخۆشی گەیشتوون بە کۆنگرە ، ئەمەی خوارەوە ناوی ئەو لایەنە بەڕێزانەیە :-

- مەڵبەندی (١) ڕێکخستنی سلێمانی
- مەڵبەندی (٣) هەولێر
- زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر
- زانکۆی سلێمانی
- سەنتەری ڕاگەیاندن و روناکبیری ژنان
- بنکەی ئەدەب و روناکبیری گلاوێژ
- کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز
- لانەی منالانی کوردستان (K.C.N)
- یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
- پارێزگای کەرکوک

# سێیەم

# ئامادەكاری بۆ كۆنگرە

## ١ ئەم کۆنگرەیە بۆ؟

وا (٤) ساڵ تێدەپەڕێت و لە هەرێمی کوردستاندا ﴿ پارێزگەکانی سلێمانی – کەرکوکی نوێ – هەولێر / کۆیە ﴾ کۆنگرەی پەروەردەیی نەبەستراوە.

لە بەر ئەوەی لە (١٠) ساڵی ئیدارەی کوردیدا گۆڕانکارییەکی زۆرو نوێ لە بواری پەروەردەو فێرکردندا هاتوونە پێش و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکانیش پشتگیریەکی باشمان دەکەن ، بۆیە بەستنی کۆنگرەیەکی پەروەردەیی زۆر پێویستە ؛ کە زۆرترین پەروەردکاران و شارەزایان و پەیوەنداران بەشداری تیا بکەن ، وە ئەم کۆنگرەیە لە کۆنگرەکانی پێشووتر بە هەنگاوە ڕۆشنەکانی باشترو جیاوازتر بێت ، ئەمەش لە پێناو ی خۆ گونجاندن و ڕێکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهانی سەردەمدا.

پشت بەستن بە مادەی (١٩) لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ، وەپشت بەستن بە ڕاسپاردەی بەڕێز ﴿ دکتۆر بەرهەم أحمد صالح – سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ﴾ ئەم کۆنگرەیە بەسترا.

## ﴿ ٢ ﴾ ئامانجەکانی کۆنگرە

کۆنگرە هەوڵ ئەدات ئەم ئامانجانە بێنێتەدی :-

١- چاو گێڕانەوە بە بارودۆخی ئێستای پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستـــــانی عـێراقدا ﴿ پارێزگەکانی سلێمانی -کـەرکوکی تـازە - هـەولێر / کۆیـە ﴾ ئەمـەیش بـە ئامـادەکردنی چەند لێکۆڵینەوەیەک لەم بارەیەوە.

٢- دیاریکردنی گرنگترین کۆسپ و کێشەی بەردەم کاری پەروەردەو فێرکردن.

٣- دیاریکردنی گرنگترین پێداویستیەکانی پەروەردە.

٤- پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو بۆ کۆسپ و کێشەکان و دابینکردنی پێداویستیەکان.

٥- بانگهێشت و بەشـداریکردنی پـەروەردەکاران و شـارەزایان و پـەیوەندیداران لـە کۆنگرەدا ، ئەمەیش بە نیازی شارەزابوون لە ڕاو بۆ چوونیان بەرامبەر لێکۆڵینـــەوەکان و گەیشـتن بـە ﴿ رایەکی بە کۆمەڵی پوخت ﴾.

٦- ڕامێنانی کارمەندانی پەروەردەو فێرکردن بـۆ ئـەنجامدانی ئـەمجۆرە لێکۆڵینەوانـەو شـێوەی ڕێکخستنی ئەمجۆرە کۆنگرانە بە تازەترین شێواز.

٧- گەشە پێکردنی کاری پەروەردە لە بەر ڕۆشنایی تیئۆرە هاوچەرخەکان و هـەنگاونان لەگـەڵ کاروانی پەروەردەو فێرکردن لە وولآتانی پێشکەوتوودا.

٨- گەیشتن بە چەند بریارو ڕاسپاردەیەکی بابەتیانە کە خزمەتی پەروەردەو فێرکردن بکەن ، وە پێشکەشـکردنی بریـارو ڕاسـپاردەکان بـە لایەنـە بـەر پرسـەکان و ڕێکخراوەکـان ، بـۆ بەشداریکردن لە گەشەپێکردنی پەروەردەو فێرکردندا بە پێی گرنگیی و توانا بەردەستەکان.

## ﴿ ٣ ﴾ بەشدارانی کۆنگرە

چەندین لایەن و کەسایەتی بەشداریان لـە کۆنگـرەدا کـردو بـەڕێز ( ئـەرمین عثمـان ) ی وەزیـری پەروەردە سەرۆکی کۆنگرە بوو.

ئەم بەڕێزانەیش بەشداریان لە کۆنگرەدا کرد:

- بەڕێز نەوشیروان مصطفی / ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- بەڕێز جمال عبدول / یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری پەروەردەو خوێندنی بالأ.
- بەڕێز عدنان مفتی / سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت.
- بەڕێز فۆاد قەرەداغی / سەرۆکی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان.
- هەروەها بەڕێزان نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیـران و حیزبـەکان و ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکانیش ئامـادەبوون ، هـەروەها بـەڕێزان نوێنـەرانی ڕێکخراوەکانی یونسیف و خـاتو ( مـادلین ) نوێنـەری ڕێکخراوی یونسکۆ وە نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی دی ئامادەبوون.
- هەروەها نوێنەرانی وەزارەتی پـەروەردەی هـەولێرو پـەیمانگاکان و پارێزگـەکان و دەزگاکـانی ڕاگەیاندنیش ئامادەبوون.
- هەروەها نوێنەرانی یەکێتی ژنانی کوردستان و یەکیەتی قوتابیان و مامۆسـتایان و بەڕێوەبـەرە گشتیەکانی پەروەردەو سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی و پەروەردەیی و سەرۆکی دەزگا ڕەسمیـەکان و کەسایەتیە پـەروەردەیی و کۆمەلأیـەتی و بەڕێوەبـەران و مامۆسـتایانی پـەیمانگاکان و خوێندنگـە سەرەتایی و باخچەکان و دواناوەندییەکانیش ئامادە بوون.




## ﴿ ٤ ﴾ (( لێکۆڵینەوەکان و ئەوانەی پێشکەشیان بە کۆنگرە کرد ))

لە کۆنگرەدا کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە پێشکەشکران ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان داڕێـژران وە پسپۆرانی بەڕێزیش بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەشیان بە کۆنگرە کرد :-

| تەوەری لێکۆڵینەوە | هەستان بە پێشکەش |
|---|---|
| ١- پرۆژەی فەلسفەی پەروەردەیی | بەڕێز اکرم محمد عبدالله |
| ٢- رەوتی ( مسیرە ) پەروەردە | بەڕێز ستار سعدالله فتح |
| ٣- پرۆگرامەکان و هۆکانی فێرکردن قوتابخانە تایبەتیەکان | بەڕێز عبدالله محمد امین |
| ٤-تاقیکردنەوەکان | بەڕێز بەرزان احمد محمد |
| ٥- سەرپەرشتیارێتی پسپۆری پەروەردەیی | بەڕێز امیرە محمد امین |
| ٦- پە یمانگاکان و ڕاهێنان | بەڕێز سمکو احمد شوقی |
| ٧- خوێندنی پیشەیی | بەڕێز کمال نوری غریب |
| ٨- باخچەی منداڵان | بەڕێز خەسرەو حمید |
| ٩- میلاکی دواناوەندی و سەرەتایی | بەڕێز شوکت حمدی رشید |
| ١٠- تەنسیق لە گەڵ ڕێکخراوەکان و بریاری ( ٩٨٦ ) وخانووبەرەو گە نجینەکان | بەڕێز محمد رسول قادر |
| ١١- چالاکی وەرزشی و هونەری | بەڕێز عاصی فاتح وەیس |
| ١٢- چەند بابەتێکی پەروەردەیی دی | بەڕێز احمد درویش محمد |

## ﴿ ٥ ﴾ لیژنەکانی کۆنگرە

### أ- لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگـــرە :-

لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەی پەروەردەیی پێکهات بە فەرمانی وەزاری ژمارە / ٣٥ لە (٢٠٠١/٨/٢٦ ) دا بــــە سەرۆکایەتی بەڕێز علی بگ بایز إسماعیل / بریکاری وەزارەت و ئەندامێتـــی بـــــەڕێز ﴿ مـ ملا حسێن – نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان / مەکتەبی سکرتاریەت ﴾ و بـەڕێزان ﴿ بەڕێوەبــەرە گشــتییەکانی دیوانـــی وەزارەت و نوێنــەری ڕێکخراوەکــانی یۆنســکۆو یونســیف و لێپرسراوی بەشی پرۆگرامەکان و کتێب و بەڕێوەبەرەکانی ژمێریاری و نەخشە کێشان·

### ب- چەند لیژنەیەکی تر بۆ کۆنگرە :-

چەند لیژنەیەکی تریش پێکـهات وەك : ﴿ لیژنـەی ڕاگـەیاندن ، لیژنـەی ڕێکخسـتنی هـۆڵ ، لیژنـەکانی وەرگێڕان و چاپ ، بەلگە کردن ( توثیق ) و دارایی ﴾ ... هتد·

### جـ- لیژنەکانی لێکۆڵینەوەکـــان :-

بۆ لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرە (١٢) لیژنە پێکهات بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە / ٥٥ و ٧٢٠٦ لە ٩/٩ وە ١٠/٢ دا ، ئەمەیش بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکان لە بارەی چەندین بابەتی پەروەردەیی وەك :

## ١- فەلسەفەی پەروەردەیی

| | | |
|---|---|---|
| أكرم محمد عبدالله | سەرپەرشتیاری پسپۆری | سەرۆك |
| سیروان نوری عزیز | نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان | ئەندام |
| برهان عبدالله عبدالرحمن | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| محمد مصطفی قرەداغی | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| حسێن عثمان نێرگسە جاری | پرۆگرامەکان | ئەندام |

## ٢- مەسیرەی پەروەردەیی

| | | |
|---|---|---|
| ستار سعدالله فتح الله | بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و نەخشەکێشان | سەرۆك |
| أحمد علی جواز | نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان | ئەندام |
| عزیز أحمد عبدالله | پرۆگرامەکان | ئەندام |
| صالح محمد عبدالفتاح | مامۆستای مونەسەب | ئەندام |
| نوخشە قادر أحمد | مامۆستای مونەسەب | ئەندام |
| ئاڤێستا بورهان | ی ٠ تێبینەر | ئەندام |
| روناك عمر ڕشید | ی ٠ تێبینەر | ئەندام |

## ٣- پرۆگرام و کتێب و هۆکانی فێرکردن

| | | |
|---|---|---|
| صدیق صادق أحمد | ڕاوێژکاری وەزارەت | سەرۆك |
| مێرش محمد حسن | نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان | ئەندام |
| هۆشیار مصطفی خاڵ | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| جمال أمین | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| رؤوف جلال محمد علی | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| بندر علی أکبر | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| سەردار سەیدا فتاح | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| شێرکۆ تۆفیق حسێن | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| عبدالله محمد أمین | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| عبدالواحد سعید نجم | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| رحیم سلێمان إسماعیل | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| عزیز أحمد عبدالله | بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان | ئەندام |
| علی عزیز فقی | بەڕێوەبەری هۆی فێرکردن | ئەندام |

## ٤- تاقیکردنەوەکان

| | | |
|---|---|---|
| کمال محمد طاهر | سەرپەرشتیاری پسپۆری | سەرۆك |
| سلام شێخ کریم | نوێنەری یەکێتی مامۆستایان | ئەندام |
| کمال حمە حسێن | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| جلال علی | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| أنور عبدالرحمن فتاح | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| عمر صالح عبدالله | بەڕێوەبەری بەڵگەنامە | ئەندام |
| جلال محمد مصطفی | بەڕێوەبەری کاروباری خوێندکاران | ئەندام |
| حوێز علی جوکل | بەڕێوەبەری تاقیکردنەوەکان | ئەندام |
| محمد عطا ڕشید | بەڕێوەبەری تەکنیکی | ئەندام |
| سروە محمد عزیز | توێژینەوەو لێکۆڵینەوە | ئەندام |
| فاطمە حاجی قادر | تاقیکردنەوەکان | ئەندام |

## ٥- سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی

| | | |
|---|---|---|
| بەرزان احمد محمد | بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی گشتی | سەرۆك |
| قاسم فتاح حسن | نوێنەری یەکێتی مامۆستایان | ئەندام |
| سمکۆ أحمد شوقی | سەرپەرشتیاری پسپۆری یەکەم | ئەندام |
| غفور شکور خواجە | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەکەم | ئەندام |
| أنور إبراهیم رشید | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| جبار حمە أحمد | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| عمر مصطفی محمد | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| صدرالدین عارف عمر | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| جلال جمیل خلیل | فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرێتی گشتی فێرکردنی گشتی | ئەندام |

## ٦- پەیمانگاکان و ڕاهێنان

| | | |
|---|---|---|
| سمکۆ أحمد شوقی | سەرپەرشتیاری پسپۆری یەکەم | سەرۆك |
| خلیل إبراهیم نوروز | نوێنەری یەکێتی مامۆستایان | ئەندام |
| کامل نوری علی | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| عبدالواحد صابر محمد | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| عثمان عزیز علی | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| عبدالعظیم محمد أمین | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |

| | | |
|---|---|---|
| فائق محمد عبدالله | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| جعفر فقی أحمد | بەڕێوەبەری ڕاهێنان | ئەندام |
| محمد محمد علی قرداغی | بەڕێوەبەری پەیمانگای مامۆستایان | ئەندام |
| عبدالله علی محمود | بەڕێوەبەری هونەرە جوانەکان | ئەندام |

## ٧- خوێندنی پیشەیی

| | | |
|---|---|---|
| کمال نوری غریب | سەرپەرشتیاری پسپۆڕی | سەرۆك |
| سیروان مصطفی رسول | نوێنەری یەکێتی مامۆستایان | ئەندام |
| إبراهیم حسن حاجی | سەرپەرشتیاری پسپۆڕی | ئەندام |
| خەسرەو محمد رشید | بەڕێوەبەری پیشەیی | ئەندام |
| علی حسن محمد أمین | بەڕێوەبەری پیشەسازی زانستی | ئەندام |
| عثمان عمر محمد | بەڕێوەبەری پیشەسازی سلێمانی کوڕان | ئەندام |
| شاخەوان منصور فتاح | بەڕێوەبەری کشت و کاڵی بەکرەجۆ | ئەندام |
| مصطفی علی أحمد | بەڕێوەبەری بازرگانی کوڕان | ئەندام |
| نازەنین فارس نوری | بەڕێوەبەری پیشەسازی سلێمانی کچان | ئەندام |

## ٨- باخچەکان

| | | |
|---|---|---|
| خەسرەو حمید بابان | یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی | سەرۆك |
| وردە شمعون داود | نوێنەری یەکێتی مامۆستایان | ئەندام |
| عبدالله محمد أمین | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| نەرمین حسێن رمضان | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| کوردستان أحمد محمد | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| ئاشتی کاکە برا | بەڕێوەبەری باخچەی خۆماڵی | ئەندام |
| ئامۆ تۆفیق حسن | بەڕێوەبەری باخچەی ئەستێرە | ئەندام |
| شادیە احمد معروف | بەڕێوەبەری باخچەی شادی | ئەندام |

## ٩- میلاکی دواناوەندی و سەرەتایی و مامۆستایان

| | | |
|---|---|---|
| شوکت حمدی رشید | سەرپەرشتیاری پسپۆڕی | سەرۆك |
| عبدالرحمن حمەچاوەش | سەرپەرشتیاری پسپۆڕی | ئەندام |
| هەتاو محمد سعید | سەرپەرشتیاری پسپۆڕی | ئەندام |
| فهمی علی محمود | یەکێتی مامۆستایان | ئەندام |

| | | |
|---|---|---|
| أحمد معروف فتاح | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| طیب عبداللە رسولٚ | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| بهاء الدین صالٚح کریم | خۆیی وەزارەت | ئەندام |
| محمد مبارك | خۆیی دواناوەندی | ئەندام |
| محمد محمود معروف | خۆیی سەرەتایی | ئەندام |
| عبدالرحمن رشید أحمد | خۆیی فەرمانبەران– دواناوەندی | ئەندام |
| علی کریم شریف | خۆیی فەرمانبەران – سەرەتایی | ئەندام |

**١٠- تەنسیق لەگەلٚ رێکخراوەکان و بریاری (٩٨٦) / خانوبەرەو گە نجینەکان**

| | | |
|---|---|---|
| محمد رسولٚ قادر | لێپرسراوی پەیوەندییەکان | سەرۆك |
| رووناك مصطفی رشید | نوێنەری یەکێتی مامۆستایان | ئەندام |
| پەروین صالٚح مولود | بەرێوەبەری گەنجینەکان | ئەندام |
| محمد أحمد محی‌الدین | بەشی پەیوەندیەکان | ئەندام |
| ئالآ عبدالقادر | بەشی پەیوەندیەکان | ئەندام |
| ئەلوەند تۆفیق قادر | بەشی پەیوەندیەکان | ئەندام |
| سەرچلٚ جلال علی | خانووبەرە | ئەندام |
| ئازاد قادر مصطفی | خانووبەرە | ئەندام |
| محمد سعید مصطفی | خانووبەرە | ئەندام |

**١١- وەرزش و هونەری**

| | | |
|---|---|---|
| عاصی فاتح ویس | بەرێوەبەری چالاکی و وەرزشی | سەرۆك |
| أنور حمەلاو علی | نوێنەری یەکێتی مامۆستایان | ئەندام |
| حکمت محمد سبحان | سەرپەرشتیاری پسپۆری | ئەندام |
| صلاح محمد کریم | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| بکر مصطفی محی الدین | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| کاوە أحمد میرزا | بەرێوەبەری چالاکی هونەری | ئەندام |
| عمر أحمد عبداللە | بەرێوەبەری چالاکی وەرزشی سلێمانی | ئەندام |
| باوەڕ محمود قادر | یاریدەدەری بەرێوەبەری پەیمانگای هونەرە جوانەکان | ئەندام |

## ١٢- چەند بابەتێکی پەروەردەیی

| | | |
|---|---|---|
| أحمد محمد درويش | بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی | سەرۆك |
| كمال معروف خدر | نوێنەری یەکێتی مامۆستایان | ئەندام |
| عبدالرحمن رشيد خدر | سەرپەرشتیاری پسپۆڕی | ئەندام |
| كمال أحمد بكر | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| انور عبدالرحمن فتاح | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| نظيرة عبدول محمد | سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ئەندام |
| فاروق عباس علی | لێپرسراوی تاقیگەکان | ئەندام |
| علی سعيد | لێپرسراوی باخچەی قوتابخانە | ئەندام |
| حسێن عثمان نێرگس جاری | نەخشەو سۆراخ | ئەندام |
| محمد صدقی غريب | ڕامێنان | ئەندام |
| جزا محمد درويش | کارگەی دارتاش | ئەندام |
| صلاح محمد أحمد | ژمێریاری دواناوەندی | ئەندام |
| نەبەز أحمد | چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە | ئەندام |
| ئاواز رشيد رضا | فرۆشگای خوێندنگاکان | ئەندام |
| صاڵح محمد عبدالفتاح | ڕاگەیاندن | ئەندام |

# چوارەم

# کارو ڕووداوەکانی کۆنگرە

## ( کارەکانی کۆنگرەی سێیەمی پەروەردەیی )

پێش ڕۆژی بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی - لیژنەکان چەندین لێکۆڵینەوەیان ئامادە کردو هۆڵی کۆنگرەیان بە دروشمی پەروەردەیی رازاندەوە ، بانگهێشتکراون ئاگادارکران و گشت پێداویستیەکانی کۆنگرە ئامادەکران ، هەڵمەتێکی راگەیاندنی چڕو پڕ ئەنجامدرا داوا لە کەناڵە جۆراو جۆرەکانی راگەیاندن کرابۆ ئەوەی رۆڵێکی کاریگەریان ببێت لە باسکردن و گەیاندنی هەواڵەکانی کۆنگرە بە خەڵك •

لە سەرەتای کۆنگرەدا نامیلکەیەك دابەشکرا لەو نامیلکەیەدا لێکۆڵینەوەکان کورتکرابوون و کرابوون بە زمانی ئینگلیزی ، هەروەها (بەرنامەکانی کۆنگرە ) و بابەتی :- (بەرەو کۆنگرە / بە زمانی و عەرەبی و ئینگلیزی ) بەسەر بەشداربواندا دابەشکران ، هەروەها نامیلکەی وەرگێڕاو بۆ کوردی :- (( گەشەکردن و خوێندنگا لە بەرەبەیانی مێژوە وە تا ئیمرۆ )) دابەشکرا ، پاشان گشت رووداوەکانی کۆنگرە لە سەر کاسێت تۆمار کران •

(دانیشتنی یەکەم ) :- ( دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرە )

لە کاتژمێری دەی بەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٠/٢٣ و لە هۆڵی (( سەنتەری چالاکی گەنجان / سلێمانی )) کۆنگرەی پەروەردەیی سێیەمی وەزارەتی پەروەردە بەسترا لە ژێر دروشمی :- (( گەشە پێدانی پەروەردە / تطوير التربية )) •

پاشان بەرێز ( نەرمین عوسمان / وەزیری پەروەردە ) بوو بە سەرۆکی کۆنگرە و گوتارێکی پێشکەشکرد (١)، بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو ئاماژەی بە گرنگی کۆنگرە و ئامانج و تەوەرەکانی کرد و سوپاسی پاشداری ئامادەبوانی کرد ، لە هەمان کاتدا ئەم گوتارە دەکرا بە ئینگلیزی و لەسەر شاشەیەکی تایبەت پیشکەش دە کرا •

پاشان بەرێز (جەمال عبدول / یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری پەروەردە و خوێندنی باڵا / گوتارێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد • (٢)

پاشان نوسەری بەناوبانگ بەرێز ( نەوشیروان مصطفی ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان گوتارێکی پێشکەش بە کۆنگرە کرد (٣) •

..................................

(١)دەقی گوتاری بەرێز نەرمین عوسمان لە لاپەرە ( ﴿ ٥ ﴾ ) دا بلاوکراوەتەوە •

(٢) دەقی گوتاری بەرێز جمال عبدول لە لاپەرە( ﴿ ١٦ ﴾ ) دا بلاوکراوەتەوە •

(٣) دەقی گوتاری بەرێز نەوشیروان مصطفی لە لاپەرە ( ﴿ ١٠ ﴾ ) دا بلاو کراوەتەوە •

پاشان بەڕێز ( عدنان مفتی ) بریکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم گوتارێکی پێشکەش بە کۆنگرە کرد (١) •

پاشان بەڕێز (فواد قەرەداغی ) سەرۆکی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان گوتارێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد (٢) •

شیاوی باسە لەبەینی گوتارەکاندا چەندین شیعرو دروشم و پەندی پەروەردەیی و برۆسکەو نامەی پشتگیری لە کۆنگرەدا دەخوێنرایەوە، لە کاتژمێری (١٢,٥) ی نیوەڕۆ دانیشتنی یەکەم کۆتایی پێهات ، بەشدارانی کۆنگرە بۆ نانی نیوەڕۆ بەرەو (چێشتخانەی سەرچنار ) بە ڕێکەوتن •

( دانیشتنی دووەم ):-

لە کات ژمێری (٤) ئێوارەی ٢٠٠١/١٠/٢٣ داو لە هەمان هۆڵدا بەشداربوانی کۆنگرە کارەکانیان دەسپێکردەوە ، بەڕێز ( علی‌بگ بایز اسماعیل / بریکاری وەزارەت و سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە ) دانیشتنی کردەوەو بە خێر هاتنی ئامادەبوانی کرد ، پاشان بەڕێز ( نەرمین عوسمان ) وەزیری پەروەردە سەرۆکایەتی ئەم دانیشتنەی کرد ، لەم دانیشتنەدا چەندین لیژنە بۆ داڕشتنی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکان پێکهات •

دانیشتنی سێیەم وچوارەم :-

لە بەیانی چوارشەممە ٢٠٠١/١٠/٢٤ دا لیژنەکانی ( داڕشتن ) پەیوەندییان کرد بە بنکەکانی خۆیان و دەستیان کرد بە داڕشتن و شیکردنەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ، لیژنەی ( تنسیق ) ی نێوان لیژنەکان ، هەڵسا بە دواداچوون و ڕێکخستنی ئەنجامەکان ، لیژنەکانی ( داڕشتن ) لە ئێوارەی چوارشەممە و لە دانیشتنی چوارەمدا بەردەوام بوون لە سەر کارکردن و تەواوکردنی ئەرکەکانیان •

( دانیشتنی پێنجەم ) :-

لە بەیانی پێنج شەممەی ٢٠٠١/١٠/٢٥ دا ئەندامانی کۆنگرە گەڕانەوە بۆ هەمان هۆڵ ، سەرۆکی لیژنەکانی ( داڕشتن ) پێشنیارەکانی خۆیان پێشکەشکرد ، ئەندامانی کۆنگرە تاووتوویان کردو بە نیازی گەیشتن بە دوا ئەنجام ، پێشنیارەکان خرانە دەنگدان •

..........................................

(١) دەقی گوتاری بەڕێز عدنان مفتی لە لاپەڕە ( ١٤ ) دا بڵاوکراوەتەوە .

(٢) دەقی گوتاری بەڕێز فؤاد قەرەداغی لە لاپەڕە ( ٢١ ) دا بڵاو کراوەتەوە •

( دانیشتنی شەشەم ) :-

لەماوەی بەیانی ڕۆژی پێنج شەممەدا موناقەشەو تاووتوکردنی ئەنجامەکان تەواونەکرا ، بۆیە کۆنگرەدرێژ کرایەوە بۆ کاتژمێری (٤) ئێوارەو درێژەی کێشا بۆ کاتژمێری (٧) ئێوارە . لە کۆتاییدا بەشدارانی کۆنگرە نامەیەکیان ئاراستەی بەڕێز ( مام جلال / سەرۆکی هەرێم) کرد ، لەو نامەیەدا سوپاسی بەڕێزیان کرد بۆ پشتگیری کردنی ، وە پەیمانیان پێدا کە بۆ گەشە پێکردنی پەروەردە بەو پەڕی توانا تێبکۆشن (١)

...

(١) لە لاپەڕە ( ٢٦ ) دا دەقی نامەی بەشداربوانی کۆنگرە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم بڵاوکراوەتەوە .

# پێنجەم

# لە نزامەکانی

# کۆنکرە

# ئەنجامەکانی
# کۆنگرەی وەزارەتی پەروەردە لە ماوەی
# ﴿٢٣-٢٥/١٠/٢٠٠١﴾ دا

وەزارەتی پەروەردە لە ماوەی ﴿٢٣-٢٥ /١٠/٢٠٠١﴾ دا کۆنگرەی پەروەردەیی بەست ، لەو کۆنگرەیەدا بەڕێزانی بەشدار بوو چەندین گوتاریان پێشکەش کرد ، لیژنەکان توانیان (١٢) لێکۆڵینەوە پێشکەش بە کۆنگرە بکەن.

لەو کۆنگرەیەدا لێکۆڵینەوەکان خرانە بەردەم شی کردن و گفتوگۆی چڕو پڕ ، پاشان چەندین پێشنیار پێشکەشکران ، ئێستایش ئەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیە دەخەینە پێش چاو.





## یەکەم : بڕیارەکان

١- لە پاش ڕێکخستنی چەندین کۆڕو سیمینار لەگەڵ پەروەردیاران و ئەزموونددارانی بواری پەروەردە ؛ نەخشەیەکی پێنج ساڵە بۆ وەزارەتی پەروەردە دابڕێژرێت.

٢-بەنیازی بەدواداچوون و سۆراخی کارەکانی دیوانی وەزارەت و دەزگا پەیوەندارەکانی ، وە بۆ گەشە کردنی ئەرکەکانی خۆی ؛ پێکهێنانی :-

﴿ لیژنەی سۆراخ و بەدواداچوونی ئیداری ﴾

٣- دامەزراندنی ﴿ یەکەی ئەندازیاری ﴾ لە وەزارەتی پەروەردەدا .

٤- گەشە پێکردنی ئاستەکانی ئیدارە و سەرپەرشتیاری پسپۆڕی و پەروەردەیی ، ئەمەیش بە دانانی کادیری دڵسۆزو شارەزاو لێهاتوو ؛ وە خاوەنی بەڵگە نامەی پێویست.

٥- ژمارەی سەردانی سەرپەرشتیاران بۆ خوێندنگە و قوتابخانەکان بکرێت بە (١٠) سەردان.

٦- بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی خولەکانی ڕاهێنان ؛ ئەرکی وانە بێژی ئەدرێت بە مامۆستای کارامەو خاوەن ئەزموونێکی زۆر ، وەزارەت لەم بوارەدا پشت بە (( ڕاپرسی لەبەشداربوان )) و ڕاوێژ لەگەڵ شارەزایان دەبەستێت.

٧- بەهێز کردنی ﴿ لیژنە زانستی وپسپۆڕیەکان ﴾ ی گشت قۆناغەکانی خوێندن ، وە پشتگیری لە پۆلەکانی ﴿ پەروەردەی تایبەت ﴾ و قوتابخانەکانی نەوجەوانان.

٨- سەرپەرشتیاران بە دوو ساڵ جارێك ؛ مامۆستایان و ئیدارەکان هەڵدەسەنگێنن ( تقییم ) ، وە بۆ ئەمەیش فۆرمی تایبەتی ئەم بوارە ڕێک دەخرێتەوە.

٩- ( پشووی بێ مووچە ) بۆ ماوەی دوو ساڵ نادرێت بەو مامۆستایانەی کە تازە دادەمەزرێن.

١٠- بۆ جێگیر بوونی ستافی ( ملاکی ) قوتابخانەکان؛ هەموو ساڵێك گوازتنەوەی مامۆستایان لە مانگی (ت ١ ) دا تەواو دەکرێت.

١١- بە نیازی پێداچوونەوەو گەشە کردنی پەیمانگاکان ؛ ساڵانە کۆڕو سیمیناری تایبەت دەبەسترێت.

١٢- کردنەوەی ﴿ بەشی باخچەکان ﴾ لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایاندا ، وە بۆ وەرگرتن لەو بەشەدا چەند مەرجێکی گونجاو دابنرێت ، وە باخچەیەکی نمونەیی بکرێتەوە بۆ ﴿ ڕاهێنانی دەرچوانی ئەو بەشە ﴾ لە پێش دامەزراندنیان .

١٣- ئەنجامی تاقیکردنەوەی قوتابیانی پۆلی ( دوو ) و (یە{٤}) ی سەرەتایی بە نمرە نەبێت ، بەڵکو بە شێوەی ( لفظی ) دەبێت ، وە بۆ باشتر کردنی ئەم بوارە کاری زۆرتر بکرێت.

١٤- بۆ هەموو هۆڵێکی تاقیکردنەوە گشتیەکان مۆرێکی تایبەت دروست بکرێت.

١٥- لە ئامادەیی پیشەسازی بەکرەجۆدا ﴿ وەرشە﴾یەك بکرێتەوە بۆ﴿ صیانەو چاککردنەوە ﴾ ، وە ﴿ وەرشەیەکی تەکنیکی ﴾ بۆ ﴿ صیانەو چاککردنەوە ﴾ ی کۆمبیوتەرو فۆتۆکۆپی و چاپ و ڕۆنیۆ بکرێتەوە.

دووەم : **ڕاسپاردەکان**

کۆنگرە داوای کرد لە وەزارەتـی پـەروەردە کـە پـەیوەندی بـە لایەنـە بەرپرسـەکانەوە بکـات بـۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئەم ڕاسپاردانەی﴿ توصیات﴾خوارەوە؛ وە بە پێی تواناکانی بەردەست ، ئومێدیش دەکرێت ئەو پەیوەندییانە کاردانەوەیەکی باشی ببێت بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.

١) بـە نیـازی دانـانی : فەلسـەفەیەکی پـەروەردەیی و ئامانجـە پەروەردەییـەکان لـە کوردسـتاندا ؛ کۆنگرەیەکی پەروەردەیی هاوبەش ڕێکبخرێت بۆ وەزارەتی پەروەردەی ﴿ سلێمانی و هەولێر ﴾ ، پاشان لە پەیمانگاکان و خولەکاندا بخوێنرێت.

٢) چاو گێڕانەوە بە یاساو سیستم و ڕێنماییە پەروەردەییەکانی گشت قۆناغەکان و گشت چالاکیەکاندا ، ئەمەیش بە نیازی گەشە پێکردن و یەکخستنی و گونجاندنیان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم لە بواری پەروەردەدا.

٣) پاش ڕێکەوتن لەگەڵ هەولێردا؛ پرۆگرامەکان و کتێبەکانی خوێندن یەکبخرێن و گەشەیان پێبدرێت ، ئەمەیش بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ کاروانی پرۆگرامە هاوچەرخەکاندا ، وە دابین کردنی پێداویستی بۆ ئەم پرۆسەیە.

٤) بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە پەیمانگەکاندا ؛ هەلگرانی ماستەرو دکتۆرا دابمەزرێن ، وە ئەو مووچەو ئیمتیازانەیان پێبدرێت کە لە زانکۆکاندا وەریدەگرن.

٥) لە زانکۆی سلێمانیدا ( کۆلێجی مامۆستا ) بکرێتـەوە ، وە پێداویستی خوێندنگـەکان بـۆ گشت مامۆستای وانەکان دابین بکرێت.

٦) وەرگرتنی ﴿ دەیەکەمەکەی – العشرة الأوائل ﴾ ئامادەییە پیشەییەکان لەو کۆلێجانەدا کە لەگـەڵ پسـپۆڕیەکەیاندا دەگونجێـت ، وە دەرچـووە سـەرکەوتووەکانی پیشـەییەکان لـە کۆلێجـی پەروەردەی وەرزشداو وەربگیرێن.

٧) کردنـەوەی خـولی ڕاهێنـان ( بـە ) بـەردەوامی بـۆ سەرپەرشـتیارانی پـەروەردەیی و پسـپۆڕی و مامۆسـتایانی وەرزش و هونـەری و مـاڵداری، هـەروەها ڕێکخسـتنی خـولی ڕاهێنـان بـۆ گشـت سەرپەرشتیاران و مامۆستایان و ئیدارەکان لەگشت پسپۆڕیەکدا.

٨) بە مەبەستی وانەگوتن و ڕاهێنان ؛ دابین کردنی سەرچاوەی سـەردەم و نـوێ بـۆ گشـت بابـەت و پسپۆڕیەکان ، وە بۆ کتێبخانەی نێو قوتابخانەو خوێندنگەکان.

٩) زۆر کردنی وەرشەکانی { ئیشی دەست } لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا.

١٠) دابین کردنی کادری تەندروستی بۆ باخچەکانی منداڵان و سەردانیان ( بە ) بەردەوامی.

## سێیەم : له پێشنیارەکانی تریش دەکۆڵرێتەوە

پێکهێنانی چەند لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە ﴿ پێشنیارەکانی تر ﴾ کە دەبێت لە هەموو لایەنێکیان بکۆڵرێتەوە ؛ بەو نیازەی بگەینە چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەکی وا کە بەدیهێنانیان گونجاوو ﴿ ممکن ﴾ بێت ، وە کاردانەوەیەکی باشیان ببێت بۆ گەشە کردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن٠

# بەشی دووەم

# لێکۆڵینەوەکانی کۆنگرە

## وته‌یه‌كی پێویست

ئه‌مه‌ی به‌رده‌ست چه‌ند لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كن پێشكه‌ش به كۆنگره‌ی پـه‌روه‌رده‌یی ده‌كرێـن سه‌باره‌ت به سه‌رجه‌م بواره‌كانی په‌روه‌رده‌و فێركردن.

خوازیارین له ڕێی ئه‌و لێكۆڵینه‌وانه‌وه به هـه‌موو لایه‌ك بتوانـین بگه‌ینـه چـه‌ند بڕیـارو ڕاسپارده‌یه‌كی واقیعی وا كه لـه خزمـه‌تی گه‌شـه پێدانـی پرۆسـه‌ی پـه‌روه‌رده بـه گشـتی و سه‌رجه‌م خوێندكارانی كوردستاندا بێت و بتوانرێت جێبه‌جێ بكرێن.

دوا جار به پێویستی ئه‌زانم سوپاسی فراوانم پێشكه‌ش به گشت ئه‌و به‌ڕێزانه بكه‌م كه :

- پشتگیری مادی و مه‌عنه‌وییان پێشكه‌ش به كۆنگره كردووه.
- به‌شدارییان له ئاماده كردن و نووسینی لێكۆڵینه‌وه‌كاندا كردووه.
- وه‌ك میوان به‌شداری كۆنگره‌یان كردووه بـۆ پته‌و كردن و ده‌وڵه‌مه‌ند كردنی لێكۆڵینه‌وه‌كان... له‌گه‌ڵ ڕێزدا

**نه‌رمین عثمان**

**وه‌زیری په‌روه‌رده**

**سه‌رۆكی كۆنگره‌ی په‌روه‌رده‌یی**

# بەرەو کۆنگرەی پەروەردەیی

هەموو ئەرك و ڕەنجێکی مرۆڤ خوازیاری کەماڵ و ( بێخەوشی ) یە ، بەلاَم بێخەوشی لە چارەنووسی مرۆڤدا نیە ٠ مرۆڤ لە کەماڵ نزیك دەکەویتەوە لێ پێی ناگات ، چونکە ﴿ کەماڵ و بێخەوشی ﴾ مانای زۆرەو چەندین لایەن دەگرێتەوە کە هێشتا هەموو لایەك لە سەری ڕێك نەکەوتوون٠

ئامانجێکی نەگۆڕ نیە تاکو بیکەین بە ئامانجێکی گشتگیرو کامڵ ، ئەگەر تیئوریکی نەگۆڕ بکەین بە ئامانج وەك﴿ جون دێوی ﴾ دەڵێت:- بێگومان دەکەوینە گێژاوی ململان و ناتەبا دەبین و ناتوانین لە سەر ڕایەك سەد لە سەد کۆك بین٠

کەواتە با لە بارەی پەروەردەو کۆنگرەی پەروەردەیی و لێکۆڵینەوەکانی ؛ دەستبەرداری کەماڵ و بێخەوشی ببین ، ئەم لێکۆڵینەوانەیش وەك هەموو ڕەنجێکی تری مرۆڤ بۆ ئەوەیە کە بگەنە چەندین دەر ئەنجامی پەروەردەیی و فێرکردن٠

ئەم لێکۆڵینەوانە ڕەنجێکی دڵسۆزانەن و شایەنی ڕێز لێنانن ، لە هەمان کاتیشدا بێ عەیب نین و ئاوات دەخوازن کە لە کەماڵ نزیك بن٠

کەواتە ئەم لێکۆڵینەوانە زۆر پێویستیان بە لێدوان و توێژینەوەو گفتوگۆ هەیە لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە ، ئەم لێکۆڵینەوانەی بەردەستان لە هەموو بەشدارێك دەخوازن کە ڕاشکاوانە بۆ چوونی خۆیان بەرامبەر لایەنە باش و خراپەکانی باس بکەن ، دیارە تەنها بەمجۆرە دەوڵەمەند دەبن و ئاستیان بەرزتر دەبێت ، بەمجۆرەیش دەگەینە چەند بڕیارو بابەتی شیاو کە بگونجێن لەگەڵ بارودۆخی ئێمەداو ئەمەیش لە پێناوی بنیاتنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو بە ختەوەردا٠

پەروەردەو فێرکردن دوو ڕوویان هەیە : دیوی ئاشکراو دیوی شاراوەو نادیار ، دیوی ئاشکرا بریتین لە ریحلەو کتێب و پرۆگرامەکان و هۆکانی فێرکردن و تاقیگەکان و کارگەکان و ڕاهێنان و تاقیکردنەوەکان و هتد٠

دیوی شاراوەو نادیاریش بریتین لەو دەرئەنجام و کاریگەرییانەی کە لە دەروون و عەقڵ و ڕەفتاری خوێندکاراندا شەتڵ دەکرێن ، ئەمەیش بە هۆی کارلێك و تێکەڵاوبوونی دیاردە ئاشکراکان لەگەڵ ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی و توانا زاتی و بۆماوەییەکاندا ( الوراثية )٠

دیارە ئەمە ئامانجی نزیکی پەروەردەیە کە ڕەفتاری وەرگیراوو فێربوو لە قوتابخانە ببێت بە ڕەفتارێکی ئاسایی و سروشتی لە لای قوتابی ، وەك زانای بەناوبانگ ( جوستاف لوبون ) دەڵێت :

﴿ شەتڵ کردنی هەستیاریە – شعوری – لە – لاشعور– دا ﴾ ٠

شەتلّ کردنی هەستیاری لە ( لاشعور ) دا کرداری پەروەردەیەو دەخوازێت کە لە سروشتی مرۆڤ هەتا ڕادەیەکی باش تێبگەین ، ئایا ئەتوانین لە سروشتی مرۆڤ تێبگەین ؟ زانای بواری سایکۆلۆجی ( سکینر ) دەڵێت :- ﴿ مرۆڤی ناوەوە ڕاڤەو تەفسیری دەرەوە دەکات ﴾ بەلاّم ﴿ مرۆڤ خۆی لە خۆی کەمتر تێگەیشتووە ؛ وەك لە هەموو شتێکی دی ﴾.

ئامانجە دورەکانی پەروەردەیش لەگەلّ ئامانجە کۆمەلاّیەتی و ئابوورییەکاندا یەکدەگرنەوە لە پێناوی بونیادنانی کۆمەڵێکی خۆشگوزەران و پێشکەوتوودا . بەناوبانگترین فەیلەسوفی ئەم سەدەیەو زانای ماتماتیکی بەریتانی (( برتراند راسل )) دەڵێت :- ﴿ پەروەردە کلیلی جیهانی نوێیە ﴾ فەیلەسوفی ئەڵمانی ( لیبنتز ) دەڵێت :-﴿ پەروەردەم پێبدەن لە ماوەی نیوسەدەدا ئەتوانم ڕووی جیهان بگۆڕم ﴾

دیارە گوتەکەی ( لیبنتز ) لە ڕووی کاتەوە ناگونجێت لەگەلّ واقعدا ، لێرەدا بە ووتەیەکی براگماتیکیانەی زانای ئەمریکایی ( ولیم جیمس ) گوتەکەی ( لیبنتز ) ڕەت دەکرێتەوە کە دەڵێت :

﴿ ڕاستگۆیی گوتەو قسەکان تەنها بە دەرئەنجامەکان دەپێورێن ﴾.

ئەم بۆچوونەیش زۆر جوانەو لە هەمان کاتیشدا..... وەلاّمیش بۆ ئەمە هەیە ، بەلاّم لەم پێشەکیەدا ناچینە ئەو کێشمەکێشە.

گۆڕینی جیهانی بەرەو باشتر ، وا دەخوازێت کە ئامانجە لە بارو شیاوەکان دەستنیشان بکرێن ، دیارە بۆ ئەمە پێویستە ﴿ پەروەردەیەکی مقصود ﴾ ساز بکرێت ، کە لاوان و خوێندکاران بتوانن بە سەر ژینگەو سروشت دا زاڵبن ، پاشان هەست بکەن و باشتر بیر بکەنەوە.

بەلاّم خودی سروشت و ژینگەیش بەردەوام لە گۆڕاندایەو زالّ بوونیش بە سەریاندا شتێکی خەیاڵیە ، کەواتە ئامانجە پەروەردەییەکان دەبێت بەردەوام لە کات و دۆخی تازەدا لە گۆڕان و گەشە کردندا بن.

بۆ دیاردەو ئامانجە پەروەردەییەکان چەندین کتێب دانراون و چەندین کۆنگرەی جیهانی ڕێکخراون ، هیواداریین ئەم کۆنگرەی ئێمەیش بە ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی شاد ببێت ، لە هەمان کاتیشدا ئەم کۆنگرەیە ببێتە ڕابەر بۆ کۆنگرە پەروەردەییەکانی لەمەو دوای کوردستانی عێراق.

لێکۆڵینەوەکانیش لە پێشچاودان ، دەستپێشخەری یەکەمیش بۆ ئەم کۆنگرەیە بەڕێز ﴿ دکتۆر بەرهەم صالح ﴾ ی سەرەك وەزیران بوو کە وەزارەتی پەروەردەی بۆ بەستنی ئەم کۆنگرەیە ئاگادار کردەوە پاشان ناوەڕۆکی کۆنگرەیش دیاریکرا.

بەستنی ئەم کۆنگرەیەش بە هاوکاری ڕێکخراوی ( یۆنسکۆ ) و ( یونسیف ) دەبێت ، هیواداریین ئامانجەکانیش ببێتە خێرو خۆشیی بۆ خوێندکاران و کۆمەلّ ، ئەمەیش بە یارمەتی یەزدان و گشت دڵسۆزان.



# دەقی لێکۆڵینەوەکان



# پرۆژەیەك بۆ فەلسەفەی پەروەردەیی

# پرۆژەی فەلسەفەی پەروەردەیی

## وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پاش تێپەڕبوونی دە ساڵی تەواو بەسەر ڕاپەڕین و هەڵمژینی هەوای ئازادی و دامەزراندنی حکومەتی پیرۆزی کوردستان، وا پێویست دەکات کە سەرلەنوێ بە هەموو سیستم و یاساکانماندا بچینەوە، نەخوازەلا کە بەشی زۆری ئەو سستم و یاسایانە هیچ دەستێکی ئێمە لە دانانیاندا نەبوە و ڕەچاوی هیچ بەرژەوەندییەکی نەتەوەییان بۆ کورد نەکردووە، بە تایبەتی، کە شۆڕشی هیچ نەتەوەیەك بە دەستکەوتنی حوکم و فەرمانڕەوایی کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو شۆڕشی ڕاستەقینە ئەوکاتە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕۆڵەکانی گەل لە کۆت و بەندی سیستمە کۆنەکە ڕزگار بکات.

پەروەردەش یەکێکە لەو لایەنە هەرە گرنگانەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەموو بابەتێکی کۆمەلایەتی و ڕامیاری ئێستا و پاشەڕۆژمانەوە هەیە و ڕەگی دەچێتە قوڵایی هەموو گۆشەیەکی سەرتاسەری ژیانمانەوە، بۆیە ئاوڕدانەوە (زوو زوو) و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی لایەنە ئیجابی و سلبیەکانی هەمیشە ڕۆڵێکی هەرە گرنگ لە پێشخستن و پەرەپێدانی پرۆسەکەدا دەبینن، ئەو پرۆسەی کە ڕۆژانە هەریەکەمان ڕووبەڕووی دەبینەوە و هەر هەمووشمان بەرامبەر بە مێژو و داهاتووی ئەم نەتەوەیە بەرپرسیارین.

چاککردن و گۆڕین و دەستکاری پرۆگرام و لایەنەکانی دیکەی ئەم پرۆسەیەش بێ بنەمای تێڕوانین و سەرنج و ئایدۆلۆژی ڕوون و ڕەوانی دەوڵەت بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان نایەتەدی و پێویستی بە بنچینەیەکی فکری و کۆمەلایەتی و سیاسی هەیە کە تیایدا بیروبۆچوونی دەوڵەت ببێتە ئاوێنەی و لەژێر کاریگەریەکەیدا هەموو ئەو گۆڕانانەی کە پرۆسەکە پەرەپێدەدەن و پێشی دەخەن، دێنە دی.

کوردی کوردستانی باشوور، ئەگەرچی تا ئێستا خاوەنی دەوڵەتی ئازادی خۆی نیە، بەڵام ئەزموونی نزیکەی دە ساڵی تەواوی هەیە لە بەڕێوەبردنی حوکم و پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە جیهانی دەرەوە، وە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی گەلانی دراوسێ و دەرەکی و بڵاوبوونەوەی ئامڕازو فاکتەرە هەرە گرنگەکانی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیی لە کوردستاندا، وە نەگونجاندنی بەشی هەرە زۆری لایەنە هەمەجۆرەکانی سیستمی پەروەردە لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەداو بۆ نزیک بوونەوە لە دنیای سەردەم و لە ئەقڵی نوێ و لەو گۆڕانکارییە بەردەوام و هەمیشەیانەی کە لە دنیای ئەمڕۆدا دێنە گۆڕێ و دەستەوسانی و پەککەوتەیی پرۆسەی پەروەدەمان بەرامبەریان، وە جوینەوەو لێدانەوەی ئەو قەوانانەی کە زۆربەیان سواون و کەڵکی ئەمڕۆیان پێوە نەماوە، هەر هەموو ئەمانە دەمانخەنە بەر دادگاییەکی مێژوویی سەرتاسەرو ڕوومان تێدەکەن:– کە تاکەی ئێمە گۆڕانکاری لەو سیستمەدا نەکەین

که ژەنگی بە ئەقڵی چەندەها نەوەمان هێناوە؟. تا کەی سوود لە دنیای کراوەی ئەو هەموو گۆڕانکاری و نوێ بوونەوانەی پەروەردە لە جیهاندا نەبینین؟

ئەگەر ئێمە ئەو بڕیارەماندا کە دەتوانین گۆڕانکاریی لە هەندێك لایەنی پرۆسەکە یا سیستمەکەدا بکەین: ئەوکاتە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارانە دەبینەوە کە ئایا ئێمە هەر لە خۆمانەوەو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بکەوینە شەن و کەوکردن، یان پێویستمان بە ڕێنمایی و چاوساغی و بناغەیەکی ئایدۆلۆژی هەیە کە ئامانجەکانی ڕوون و دیارو بێ پێچ و پەنابن، ئایدۆلۆژییەك کە لە قوڵایی خودی خۆمانەوە هەڵقوڵابێت و ئازارو مەینەتی و ناهەمواریەکانی سەراپای مێژووی کۆن و نوێمانی بۆ بووبێتە هەوێن و لە ناخیەوە هاتبنە دەرەوە.

گومان لەوەدا نیە، ئێمڕۆ ئێمە پێویستمان بەو چراوگە فیکریە هەیە کە سیاسەتی حکومەتی پیرۆزی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات و لەژێر تیشکی ئەو چراوگەدا دەبێت هەنگاوەکانمان بۆ هەموو دەستکاری و گۆڕانکارییەکی ئەو سیستمە بنێین، بۆ ئەمەش ئێمە پێویستمان بە فکرێك هەیە کە لە قوڵایی و ناخی فەلسەفەی سەردەمەوە سەری هەڵدابێت. تا بە ڕوون و ئاشکرایی بیکەینە ڕابەرو لە سایەیدا کار بۆ پرۆسەکەمان بکەین.

گومانیش لەوەدا نیە کە هەموو ڕێبازو هەنگاوێك لەم لایەنەوە بیگرینە بەر، کۆمەڵێك ئامانج و مەبەستی دیارمان دەخاتە بەردەم و ئەو ئامانجانەش ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەمان دەکات، چونکە لەوەتەی مرۆڤ لەسەر زەوی دروست بووە، هەرگیز هەر هەموو وەك یەك نەیان ڕوانیوەتە ڕووداوەکان وەك یەك ڕاڤەیان نەکردووەو بە یەك ئاراستەدا نەڕۆشتوون، بۆیە دەستنیشانی هەنگاو و مەبەست و ئامانجە نوێکانمان لە دانانی فەلسەفەی پەروەردەیماندا دەمانخاتە بەر ئەو کێشە زۆرەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لە ئەنجامی جیاوازی تێڕوانینمان بۆ مەسەلە گشتی و تایبەتیەکانی بوارێکی پڕ بایەخ و مەترسیداری وەك پەروەردە، نەخوازەڵا کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا کەشێکی دیموکراسی و تا ڕادەیەك ئازادی ڕەها هەیە و هەلی ڕا دەربڕین و باری سەرنج ئاوەڵایە، بە تایبەتی لە بوونی دەستەیەکی زۆر لە حزب و کۆمەڵ و لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێگەپێدراوی ڕەسمیدا، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ئەو ڕاوبۆچوون و سەرنجانە کە دەربارەی ئەم پرۆسەیە دەردەبڕێن هەر هەموویان شوێنی شیاو و ڕێزی خۆیان هەیە و بە هەند وەردەگیرێن، بە تایبەتی لە بارودۆخێکی وەك بوونی دوو ئیدارەی جیاوازیشدا و بۆ مەسەلەیەکی گرنگی وەك پرۆژەیەك کە سەرتاسەری خاکی کوردستان بە گشتی دەگرێتەوە..

ڕووبەڕوو بوونەوە بۆ دانانی پرۆژەیەکی نوێ بۆ پرۆسەی پەروەردەو داڕشتنەوەی باری سەرنج و تێڕوانینمان بۆ هەنگاوەکانی داهاتومان، ئەمانەش گشت ئاشنامان دەکەن بەکۆمەڵێکی زۆر لە تیۆرو

ڕێبازی هەمەلایەن و ئامانجی سەراپاگیریی، کە پێویستمان بە ئەقڵێکی ڕەخنەئامێز و توانایەکی باش هەیە لە ئاستەکانی زانین و بنەما فیکرییەکانەوە بۆ شیکردنەوەو داڕشتنەوەو نرخاندن و هەڵسەنگاندن تا دەگاتە هەڵوەشاندنەوەو سەرلەنوێ دامەزراندنەوەیش.

لێرەدا ئەو پرسیارەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوەیە ئایا فەلسەفەی پەروەردەمان لەسەر کام بناغەی فەلسەفی دابڕێژین و چ بنەمایەکی ئیبستمۆلۆژیا بکەینە بنەمای؟ –ئایا فەلسەفەی ئایدیالی– پراگماتی – وجودی، مارکسی، دانراوی لۆژیکی (الوضعية المنطقية) یا سوشیالیستی ... هتد کامیان بکەینە ڕابەرمان؟

ئێمە هەروەك لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ئیمڕۆ پێویستمان بە فەلسەفەیەکە (کە) لە ناخی قووڵی کۆمەڵی کوردەواری و خەڵکی کوردستان خۆیەوە هەڵقوڵابێت. فەلسەفەیەك کە باوەشی بۆ سەرجەم کەلەپورو سامانی بە پیتی نەتەوەییمان بکاتەوەو لەسەر ئەو بناغەیە کۆشکی پڕ نهۆمی نوێ بنیات بنێت و بە چاوێکی گەشەوە تەماشای دنیای تازەو سەردەمی نوێمان بکات و ڕووی نەوەی داهاتوو بکاتە ئەو جیهانە نوێیەی تیایدا دەژی و سوود لە هەموو تیۆرو ڕێبازە فەلسەفیەکانەوە وەربگرێت و دەقاودەق خۆی نەبەستێتەوە بە هیچ یەکێك لەوانەوە، فەلسەفەیەك کە ڕەخنەو شیکردنەوەو تێڕوانینی نوێ بنەمای پەرەپێدان و پێشخستنی بێت، دەبێت فەلسەفەی پەروەردەیمان لە پێناوی پەیداکردنی نەوەیەکی هوشیاردا بێت کە هەستی لێپرسینەوەی بەرامبەر بە ویژدان و نەتەوەو خاکدا تیا دروست ببێت و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەو کۆسپ و گرفتەکانی ژیانی داهاتووی هەبێت و بە ڕۆحێکی کراوەی سەردەم و بە بیرۆکەی زانستی و بابەتیەوە تەماشای ڕووداوەکان بکات و لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ژیان و جیهاندا دەستەوسان نەبێت و بە ئەقڵێکی کراوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و وەریان بگرێت ، بڕوای بە خودی خۆی و نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستان ببێت، ڕاستی و پاکی ڕابەری بێت و گیانی دڵسۆزیی و هاریکاری و یارمەتی لە ناخیدا چەسپابێت.

فەلسەفەی پەروەردەیمان لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت کە هیچ شتێك لەم جیهانەدا بە جێگیریی نامێنێتەوەو هەمیشە لە گۆڕاندایە، بۆیە پشت کردنە دوگماو چەقین و خۆخواردنەوە و خولاندنەوە لە بازنەیەکی داخراودا بە ئەرکێکی سەرشان دادەنێت و لە بەرامبەریشدا ڕووکردنە زانست و تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاریە نوێکانی جیهان و ئیبستمۆلۆژیا بە فەرمانێکی هەرە پێویستی ژیاری و سەردەم دادەنێت.

فەلسەفەمان بەو شێوەیە دەڕوانێتە خوێندکار کە بوونەوەرێکی هەست ناسکەو هێشتا سیستمە داخراوەکانی سۆسیۆلوژیا نەیشێواندووە، کەسێکە کە دەتوانێت بیربکاتەوە، لەدیاردە و ڕووداوەکان وردبێتەوە، سەرنجیان بداتێ و ڕای لە سەریان هەبێت، بۆیە ڕێزگرتن و سەیرکردنی ئەم نەوەیە بەو چاوە دەبێت کە ئەمانە کۆڵەکەی بوونی نەتەوەمانن و پیاوانی دواڕۆژمانن، پەروەردەکردنیان بە تۆقین

و ترس و دڵەڕاوکێ و (بڕوابەخۆ نەبوون) تاوانێکی گەورەیە، بە پێچەوانـەوە فەلسـەفەمان بـڕوای بـەوە هەیە کە دەبێت ئەمانە بۆ ڕۆژی تەنگانەو تەنگژەی ژیانمان پەروەردە بکرێن و ڕۆڵەی نەبەزو بە توانا و پڕ چەکی زانست و مەعریفەبن.

دەبێت سیستمی داهاتومان لەسەر ئەو بناغەیە بێت کە پڕکردنەوەی مێشکی خوێندکار بە بابەتی بێ سودو هەڕەمەکی و بێ بناغە گەورەترین زیان بـە پرۆسـەی پـەروەردەیمان دەگەیـەنێت، وە بەهۆیەکی سەرەکیش دادەنرێت لە ڕووکردنە قۆپێکردن و خۆدزینەوەو واز لە خوێندنگا هێنان.

بۆیە بابەتـەکانی خوێنـدن دەبێت ئەوانەبن کە پەیوەندیـەکی ڕاستەوخۆیان بـە ژیـان و گیـانی خوێندکارەوە هەیە و خۆی تیا ئەبینێتەوە و بە پەرۆشەوە ڕوویـان تێدەکات و تامەزرۆی فێربونیانـە، هەر لەم بوارەشدا تاقیگە و بابەتی تاقیکردنەوەو دوورکەوتنەوە لە بابەتی تیۆریی وشـك و بێ ئـەنجام بـەکارێکی پـەروەردەیی سـەرکەوتوو دادەنرێت و گەشـە بـە توانـای داهێنـان و جوڵانـەوەی هەسـتە شاراوەکانی خوێندکار دەدات و پەرە بە بیرکردنەوەو تـێڕوانین و سەرنجەکانی دەدات، زیاتر ئاشنای دەکات (بە) بابەتە زانستیەکان و کێشەکانی مەعریفە.

هەر لەم بوارەشدا گیرخواردن بە دەسـت بەرگەکانی کتێبی قوتابخانـە و (خۆبەسـتنەوەی لەسـەدا سەد) پێوەی بە کارێکی ناپەروەردەیی دادەنرێت و مێشکی خوێندکار دادەخات. ئێمە ئەگەر بمانەوێت بە ئەقڵێکی نوێ و گیانێکی نوێوە هەنگاوبنێین. دەبێت ئەقڵە داخراوەکان بکەینـەوەو نەبینە کۆیلـەی کتێبی قوتابخانەو تا ڕادەیـەك ئـازادی بـە خۆمـان و خوێندکارمـان بدەیـن، و خوێندکـار خـۆی بکەینـە تەوەرە لە پۆلدا، وە هەموو شتێك لە پێناوی سەرکەوتن و سەرخستنی ئەودا بێت ، لە (باوك سالاری)و زەبرو زەنگی پۆلی کلاسیکی و تۆقین و لێپرسینەوەی (کتومتی لەبەرکردنی کوێرانە) دووری بخەینەوە، بەڵکو هەوڵی جوڵاندنی مێشکی بدەین بە ئاراستەی بیرکردنـەوەو داهێنـان و خوێندنگاکـان لـە شـوێنی فێربوونی وشکەوە بگوێزرێنەوە بۆ شوێنی هوروژاندنی مێشك و دۆزینـەوەو بـە خۆداچونـەوە، هـەروەك ڤیکتۆر هۆگو دەڵێت: "قوتابخانەیەك بکەنەوە سجنێك دادەخەن".

ئێمە بڕوای تەواومان بەوە هەیە کە گۆڕینی کۆمەڵگە دەبێت لە گۆڕینی سیسـتمەکانی پـەروەردەوە بێتە دی، چونکە گۆڕینی مێشکی گەورەکان کارێکی گرانەو لە توانا بەدەرە، بەڵام گۆڕین و بنیات نانی مێشکی منداڵ و لاوان و دروستکردنیان کارێکی ئاسانتر و فراوانترە و زۆر سەربەستانەتریشە، وە هـەر ئەوانیشن کە داهاتووی نەتەوەو خاکیان لەسەر بنیات دەکرێت.

فەلسەفەی پەروەردەیمان بڕوای بەوەیـە کـە سیسـتمەکانی پـەروەردە دەتوانن کۆمـەڵ لـە هـەموو پەیوەندیە (تایەفەگەری) و خێڵەکی و توندڕەوی دوور بخەنـەوە، وە گیـانی دۆسـتایەتی و هوشـیاری و خۆشەویستیان بە بەردا بکەن و بە ڕۆحی دیموکراسیانەو فرە لایەنی و فرە بیرکردنەوەو ڕێزگرتنـی ڕای

بەرامبەر رایان بهێنن و لە (یەك ڕاپەرستی) و دیکتاتۆریەتی ئەقڵ و فەلسەفەو تێڕوانینی تەسك و دواکەوتن و چەقین دووریان بخەنەوە، وە لەبری ئەوەی نەوەیەکی سەرشۆڕو بێ هیواو گیرخواردوو دروست بکەن، نەوەیەکی چابوك و هوشیارو بەرپرس و ڕووگەش و کراوە دێننە کایەوە.

بەم پێیەی کە بناغەو بنچینەی هەموو گۆڕانکاریەکان دەبێت لە پرۆسەی پەروەردەوە سەردەربهێنێت، دیارە بە گژاچوونەوەی هێزە کۆنەپەرست و ڕاوەستاو و چەقیوەکان بۆ پرۆسەی پێشکەوتوی پەروەردە کارێکی حەتمیە و سەرسوڕماو نیە، هەر بەو پێیەش ڕۆڵانی هوشیاری نەتەوە دەرك بەم کارە دەکەن و زیاتر بەرەو پێشەوە دەچن، وە لەئەنجامدا هەر نەوەی نوێ و پرۆسەی نوێ و بیری نوێ دەبیاتەوە.

(لۆبرۆ) ناهەقی نەبووە کە دەڵێت: "پێویستە لە قوتابخانەوە دەستپێبکەین، ئەوسا کۆمەڵی داهاتومان بەو قوتابخانانە بنیات دەنێین".

هەر بەوپێیەش ئێمە بڕوامان وایە کە سیستمی حوکم و دەسەڵات لە ئەنجامی کۆدەتایەك یان شۆڕشێك دەتوانرێت بێتەدی، بەلام مەحاڵە کۆدەتا یان شۆڕش، بتوانێت گۆڕانکاریی لە ناخی کۆمەڵدا بکات ئەگەر شۆڕش لە سیستم و فەلسەفەو ئامانجە دوورو نزیکەکانی پەروەردەدا نەکات.

بڵاوکردنەوەی گیانی دیموکراسی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، بێ پەروەردەیەکی دیموکراسی سەرتاسەری نایەتە دی. گۆشکردنی منداڵ و لاوانی نەتەوە لە قوتابخانەی دیموکراسیدا، لەو قوتابخانانەی کە تیایدا هەست بە بوونی خۆیان و بە کەسایەتیان و یەکسانی و دادپەروەریی (بێ جیاوازیی خێڵەکی و خێزان و بیروڕا) دەکەن. قوتابخانەیەك کە بایەخی بۆ کوڕە هەژارێك وەك کوڕە دەستەلاتدارو بەرپرسێك و دەوڵەمەندێك وەك یەکە، ئامانجی سەرەکی فەلسەفەی پەروەردەیی حوکومەتی کوردستانە.

هەر لەم پێناوەشدا هەوڵدان بەوپەڕی تواناوە بۆ ئامادەکردنی مامۆستاو پەروەردەکارانی لێهاتوو لە پەیمانگاکانی مامۆستایان و کۆلێژی پەروەردە، وە پڕچەك کردنیان بە زانست و مەعریفەی سەردەم و گۆشکردنیان بەو گیانە پەروەردەیی و دیموکراسیەی کە مەبەستمانە، بە یەکێك لە هەرە بنەما گەورەکانی ئەم پرۆسەیە دەزانین، دیسانەوە ئاوڕدانەوە لە باری ژیان و دەرامەتیشیان پاش دامەزراندن، بە ئەرکێکی مەزنی سەرخستنی پرۆسەکە دەزانین، چونکە دەرامەتی باش، واتە خواردنی باش، بیرکردنەوەی باش، توانای بەکارهێنانی باش، وە پەرەوازە نەبوون بەم لاولادا بۆ پەیداکردنی نان و ژیان.

هەروەها فەلسەفەی پەروەردەمان بڕوای بەوەیە کە دەبێت لە وانەکانی زمان و ئەدەبدا، خۆشەویستی بۆ ئیستاتیکاو هونەرو داهێنان بێت، دووربێت لە (لەبەرکردنی کوێرانە) و وەستانی ئەقڵەوە.

وانەکانی کۆمەڵایەتیش، دەبێت ڕووی گەشی مێژوو جوگرافیامانی تێدا ڕوون و ئاشکرا بێت و بێ پێوەنان و (خۆ بە زل) زانین و دوور لە ڕۆحی شۆڤێنیزمی و دەمارگیرییەوە، گیانی خۆشەویستی نەتەوەو کوردستان لە هەست و نەستی خوێندکاردا دروست بکات، سەرەڕای شارەزابوون لە مێژوو جوگرافیا و باری ژیانی و ئابووری دەرودراوسێ و جیهانەوە.

بنچینەی وانەکانی زانستیش بۆ پەرەپێدان و خۆشەویستی زانین و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەو داهێنان و ڕێزگرتنی زاناو داهێنەران و دروستبوونی گیانی پشکنین و بەدواداچوون بێت.

هەر لەسەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە دەتوانین دەستنیشانی بنەما سەرەکیەکانی فەلسەفەی پەروەردەیمان لەم خاڵانەدا دەربخەین:

**یەکەم:** نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی سەربەخۆیە بەو پێیەی هەموو بنەما سەرەکیەکانی بوونی نەتەوەیی تێدایە و مافێکی ڕەوای خۆیەتی کە لە خاك و ئاوی خۆیدا حوکمی خۆی بکات و هەوڵبدات پەرە بە زمان و کەلتور و هەبوونی نەتەوەیی خۆی بدات و خۆی بەڕێوەبەرێت.

**دووەم:** کورد لە عێراقدا بەشێکە لە نەتەوەیەکی گەورە کە لە خاکێکدا دەژی پێی دەگوترێت (کوردستان، ئەم وڵاتەش ئێستا بەسەر چوار بەشدا دابەشکراوە، هەر پارچەیەکیان بە وڵاتێکەوە بەستراوە کە بریتین لە تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا.

**سێیەم:** شارزابوون و خوێندنی مێژوو جوگرافیای کوردستان بە هەموو پارچەکانیەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی پەروەردەمان.

**چوارەم:** حکومەتی پیرۆزی کوردستان بەری ڕەنج و خەباتێکی بێ وچانی گەلی کوردستانەو بە خوێنی هەزارەها شەهیدی نەمری نەتەوە هاتۆتەدی، بۆیە پاراستن و بەرگری کردن لێی ئەرکێکی نەتەوەیی و پیرۆزی سەرشانە.

**پێنجەم:** تێگەیشتن و قووڵ بوونەوە لە بارودۆخی ئێستای نەتەوەیی کورد و لە هەموو ئەو پیلان و کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە کاری پەروەردەییمانە.

**شەشەم:** تێگەیشتن لە مافی دراوسێیەتی ئەو گەلانەی لە دەورماندا دەژین. لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و سەربەخۆیی بیروڕاو هاوکاریی و دروستکردنی پردی بازرگانی و ڕۆشنبیریی و سیاسی لەگەڵیاندا.

**حەوتەم:** لە کوردستاندا چەند کەمە نەتەوە و ئاین و گەل دەژین کە پێویستە بەرێز و خۆشەویستییەوە سەیر بکرێن و هەموو مافێکی کەلتووری و ئاین و کۆمەڵایەتییان بۆ دابین بکرێت.

**هەشتەم:** کوردی کوردستانی باشوور لەم بارودۆخەدا فیدراڵی بە چارەسەرێکی سەردەم دادەنێت بۆ کێشەی خۆی لە عێراقدا، بە شێوەیەك کە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق بە یەکگرتوویی بگرێتەوە.

**نۆیەم:** هەوڵی سەرەکی ئەم فەلسەفەیە گۆشکردنی ڕۆڵانی نەتەوەیە بە بیروباوەڕی مرۆڤایەتی دوور لە ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریی نەتەوەیی و مەزهەبیی.

**دەیەم:** ئەم فەلسەفەیە بڕوایەکی بەتینی بە نەوەی داهاتوو هەیە، بۆیە هەوڵ دەدات کە لەسەر ئەو بنامایانە پێیان بگەیەنێت کە هەوڵ بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و فرەلایەنی بدەن و گیانی دیموکراسی و دادپەروەری و لێبوردن دەکاتە مەسەلەیەکی سەرەکی لەبەرنامەکانی خوێندندا.

**یانزەهەم:** بڕواکردن بە تواناو لێهاتووی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ پەرەدان بە کەسێتی و پێگەیاندنی لە هەموو بوارەکانی جەستەیی و ڕۆحی و دەروونیدا، وە گونجاندن لەگەڵ کۆمەڵ و سەردەمدا.

**دوانزەهەم:** گۆشکردنی نەوەی نوێ بە بیروڕای بابەتی و لەسەر بنەماکانی بیرکردنەوەی زانستی، وە تێڕوانینی لە سروشت و ژیار بەو چاویلکەیە کە ڕاستییەکان و لێکدانەوەی سەر بە پرۆگرام، دەبێت بەتێڕوانینی گشتگیریی وابێت کە سەرجەم مەسەلەکان پێکەوە گرێ دراون و لە یەکتری جیانابنەوە.

**سییانزەهەم:** چەسپاندنی بڕوا کردن بە خواو بە نامە و ئاینە پیرۆزەکانی و بایەخدان بە خوێندن و بەو لێکۆڵینەوانە کە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا دەکرێن.

**چواردەهەم:** پەروەردەکردنی هۆش و دەروون بە ئاراستەی بەرگریکردن لە ڕاستی و هەوڵدان بۆی، وە دروستکردنی گیانی برایەتی و لێبوردن ودوورکەوتنەوە لە درۆو لادان.

**پانزەهەم:** بڕواکردن بە توانای خوێندکارو سەیرکردنی وەك مرۆڤێکی تەواو، دابینکردنی هەموو مافێکی بیرکردنەوەو ڕەخنەگرتن و بە دواداچوون و پەرچدانەوە و سەیرکردنی پرۆسەی پەروەردە بە ڕوانگەی ئازادی بیرکردنەوەو ڕادەربڕین و پەنگ نەخواردنەوەو کپ نەکردن و نەسەپاندنی هیچ بیروڕایەکی تاکڕەوی.

**شانزەهەم:** پەرەدان بە کارامەیی و بەهرە و ئارەزووەکانی خوێندکار لە خوێندندا و لە بوارەکانی زانست و پیشەسازیی بۆ دابینکردن و دەستەبەرکردنی ژیان و بژێوی دواڕۆژی.

**حەڤدەهەم:** بڕوابوون بەوەی کە خوێندن و (بەردەوام بوون لەسەری) مافێکی سادەی مرۆڤە، دەستەبەرکردنی ئەم مافە ئەرکێکی نیشتمانی حکومەتی هەرێمە بێ هیچ کۆسپ و تەگەرە دانانێك لەم پێناوەدا.

**هەژدەهەم:** بەو پێیەی کە زمان دڵی نەتەوەیە، بۆیە خۆشەویستکردنی زمانی کوردی و شانازی پێوەکردن و هەوڵدان بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی و بەکارهێنانی لە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت و کاروبارەکاندا فەرمان و ئەرکێکی پیرۆزمانە.

**نۆزدەهەم:** دەستەبەرکردنی ڕۆشنبیریەکی گشتی ئامانجێکی گەورەی فەلسەفەی پەروەردەمانە بەو ئاراستەی کە خوێندکار توانای بیرکردنەوەو ڕوانینە ژینگەو دەوروبەری هەبێت و هەست بە بوونی بەرپرسیاریەتی خۆی بکات و ئەقڵی شیکردنەوەو لێکدانەوەی تیادا دروست بێت.

**بیستەم:** بڕوا کردن بە داهاتوو، وە بەوپێشکەوتنە گەورانەی لەسەرجەم بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆژیاو گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵ و جیهاندا دێنەگۆڕێ، لەبەرئەوە بەپێویستیەکی گەورەی دەزانێت کەهەمیشە پرۆگرامەکانی خوێندن لەسوان و بابەتی تەقلیدی دووربخاتەوە، وە هەمیشە بڕوانێتە (دینامیکیەتی سەراپاگیری پێشکەوتن) لەجیهاندا نەك بەدیدێکی یەك لایەنە و هەڵبژاردنی هەوسکاری.

**بیست و یەك:** دوورکەوتنەوە لە داخرانی ئەقڵ و کۆنەبازی و بیروڕای دواکەوتویی و نەجوینەوەی بابەتە تەقلیدیە داڕوخاوەکان کە لەگەڵ گیانی سەردەم و داهاتووی مرۆڤدا یەك ناگرنەوە.

**بیست و دوو:** دروستکردنی ڕۆحی (خوێندکاری بەردەوام) لە هەموو ئاستەکاندا، واتە خۆبە دورگرتن لە (خۆبەزل زانین) و کەشوفشی زانیاریی، بەڵکو چەسپاندنی گیانی بێفیزی و هەوڵدانی بەردەوام بۆ فێربوون و خزمەت کردنی نەتەوەو خاك، لەسەر بنەمای (بڕوابەخۆ بوون) و بە نەتەوەو کوردستان.

**بیست و سێ:** قووڵکردنەوەی هەستی لێپرسراوەتی لە ڕۆح و گیانی ڕۆڵانی نەتەوەدا، کە هەمیشە ئارەزووی بەشداریکردنی کەسانی دی و دەستپێشخەری لە داهێنان و کاری خزمەتگوزاری و ڕاژەکردنی وڵاتدا بنەمای تێڕوانین و ڕەفتاریان بێت.

# مەسیرەی پەروەردەیی

## تەوەردی یەکەم:

### پرۆگرامەکانی خوێندن

#### أ- فەلسەفەی پەروەردەیی:

پێش ئەوەی باسی پرۆگرامەکان بکەین بە پێویستی ئەزانین کە بە کورتی لەسەر فەلسەفەی پەروەردەیی کەلە فەلسەفەی دەسەلاتی رامیاری یەوە سەرچاوە ، وەردەگرێت بدوێین : ئاشکرایە کە ئەرکی پەروەردە تەنها هەر بلاوکردنەوەی خوێندەواری لەناو کۆمەلدا نیە بەلکو دروستکردنی مرۆڤە لە رووی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و رامیاری یەوەیە و پێویستە رای گشتی کۆمەلگا بەرەو ئاقاری دەست نیشانکراو لە لایەن بەرزترین دەسەلاتی سەرکردایەتی رامیاری ببات ، لە هەموو وولاتانی جیهان دا پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر فەلسەفەی رامیاری و دیموکراتی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و سەربەستییە بنەرەتی یەکانی بونیات نراون جا لەم شوێنانەدا رای گشتی و ئازاد دروست دەبێت و داهێنان و پێشکەوتن دێنە کایەوە و هەموو دیاردە دزێوەکان وەک:دەمارگیری نەتەوەیی -ئایینی -مەزهەبی بنە بڕدەکرێن و هاوکاری تەبایی نەک هەر لە نێو هاوولاتیان بەلکو لە نێوان گەلان و دەولەتە دیموکراتی یەکان فراوانتر دەبێت .....

لەو دەولەتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە فەلسەفەی پەروەردەیی لەسەر بنەمایەکی خراپ بونیات نراوە و جیاوازی تەواو لە نێوان ریزەکانی گەل دا رەچاو کراوەو بە ردش گەلەکەمان لە هەموو مافەکانی بێ بەش بووە و رای گشتی ئەو دەولەتانەش نەک بێ دەنگن بەرامبەر بە و سیاسەتە بەلکو بە کارێکی رەواشی دەزانن چونکە لە منالیەوە لەسەر ئەو سیاسەتە پەروەردە کراون .بەلای ئێمەوە پێویستە رێکخراوە نێو دەولەتیەکان هەولێ گۆرینی ئەو جۆرە فەلسەفانەبدەن چونکە ئەوە دەبێتە هۆی نەمانی ئاشتی وئارامی و هاوکاری لەنێو گەلانی جیهاندا لەم بوارەشدا هەردوو رێکخراوی یونسێف و یونسکۆ دەتوانن رۆل بەرچاو ببینن هەروەها پێویستە پشتگیری خۆیان سەبارەت بە پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستانی عیراق دەربرن کەلە سەر بنەمای فەلسەفەی رامیاری دیموکراتی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و هاوکاری و تەبایی لە نێوان سەرجەم دانیشتوانی کوردستان و جیهان بونیات نراوە .

#### ب- کتێبەکانی خوێندن:

لە پاش راپەرینی گەلی کوردستانی عیراق لە بەهاری ١٩٩١ دا و پێکهێنانی بەرلەمان و حکومەتی هەرێم لە سالی ١٩٩٢ ، سەرجەم کۆمەلانی خەلکی کوردستان بە مامۆستا

سەربەرزەکانی کوردستان و قوتابیان و خوێندکاران و کەس و کاریان وحیزبە نیشتمان پەروەرەکانی سەر گۆرەپانی رامیاری هەرێمی کوردستان درکیان بەوە کرد کە کتێبەکانی خوێندن گونجاونین لەگەڵ بارو دۆخی رامیاری کوردستان کە نیاز وایە لەسەر بنەمای دیموکراتیەت و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بونیات بنرێت ، بۆیە هەوڵێ تاکە کەس و بە کۆمەڵ دەستی پێکرد بەتایبەتی لە ریزی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و بەرێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگاکان و بەر پرسانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان وڕای گشتی گەلی کوردستان بۆ پشتگیری کردن لەم پرۆسە پیرۆزە و رۆژنامە نوسان و رۆشنبیرانی کورد ڕۆلی بەرچاویان هەبووە لەبەرەو پێشبردنی ئەم پرۆسەیە .بۆیە دامودەزگاکانی وەزارەتی پەروەردە کەوتنە خۆ بەمەبەستی ئەنجامدانی بژارکردن و گۆرانکاری لە کتێبەکانی خوێندندا بە پێ ی فەلسەفەی رامیاری و دیموکراتی و ریزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی و هاوکاری نێوان گەلانی ناوچەکەو گەلانی جیهان کە حکومەتی نوێ ی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کردبوو وەك رامیارییەکی پیا دەکراو بەلام هەلایسانی شەری ناوخۆ ، ئەنجامدانی پرۆسەکەی دواخست سەرەرای کێشەی ئابووری و شەرو گەمارۆ جۆراو جۆرەکان و کەم دەرامەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە لە مانگی مارتی (١٩٩٦) دەستی کرد بە بژارکردنی(٨٩) کتێبی خوێندنی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و خۆشبەختانە لە ١٩٩٦/٨/٢٣ دا پرۆسەکە لە لایەن مامۆستایانی کوردستانەوە ئەنجامدرا و تەسلیم بە چاپخانەی پەروەردە کرا لە هەولێر . بەلام کارەساتی داگیر کردنی هەولێر لە لایەن هێزەکانی حکومەتی مەرکەزی عێراقەوە لە (٣١-ئابی-١٩٩٦) ئەو هەولە گەورەیەی لەبار برد .لە دوای رزگار کردنەوەی شاری سلێمانی لە شەوی ١٣/١٢ / ١٩٩٦/١٠ و پێکهێنانی وەزارەتی پەروەردە لە ١٩٩٦/١١/٦ و کردنەوەی بارەگای هەردوو رێکخراوی (یۆنسکۆو یونسیف) لە شاری سلێمانی ،وەزارەتی پەروەردە سەر لەنوێ دەستی کرد ەوە بە بژارکردنی سەرجەم کتێبەکانی خوێندنی سەرتایی و بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە (١٣)لیژنەی پسپۆری نارد بۆ شاری هەولێر بەمەبەستی رێککەوتنی هەردوو ئیدارەی پەروەردە لە هەرێم لەسەر چاپکردنی ئەو کتێبانە بە یارمەتی و چاودێری رێکخراوی یونسیف بەلام پرۆسەکە ئەنجام نەدرا بە هۆی فشار خستنە سەر رێکخراوی یۆنسیف لە لایەن حکومەتی مەرکەزی عیراقەوە...

لە مانگی مارتی (١٩٩٩) ، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان چەند لیژنەیەکی پێکهینا بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی فراوان بۆبژارو پوختە کردنی کتێبەکانی خوێندن و (٢٩) لیژنەی سەرەکی و فەرعی کە پتر لە (١٥٠) مامۆستاو سەرپەرشتیارو پسپۆر بە

داركاری مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی تیا بوو دەستیان كرد به ئەنجام دانی پرۆسەكە و سەرجەم كتێبەكانی خوێندنی سەرتایی بژار و پوختە كراو لەگەڵ كتێبەكانی مێژوو جوگرافیا و پەروەردەی نیشتمانی و زمانی كوردی و زمانی عەرەبی بۆ قۆناغی ناوەندی .رلە سالی (٢٠٠٠) دا پێداویستیەكانی چاپخانەی پەروەردە گەیشتە سلێمانی كەلەلایەن رێكخراوی یۆنسیفەوە كڕرا بوو لەسەر بودجەی بڕیاری ٩٨٦ بەڵام مەكینەی چاپخانەكە ئۆفسێتی نیو بەتاڵەو دوو ڕەنگە و توانای چاپكردنی یەك كتێبە لە مانگێكدا ، بۆیە تا ئیستا توانراوە ١٤ كتێبی سەرتایی چاپ بكرێن كە بریتی یە لە (٧٤٤٥٠٠) دانە و چاپخانەكە بەردەوامەلەسەر چاپكردنی كتێبەكانی تری قۆناغی سەرتایی.

سەبارەت بە كتێبەكانی قۆناغی ناوەندیش ، وەزارەت لەگەڵ چاپخانە ئەهلیەكانی ناو شاری سلێمانی ڕێك كەوتووە كە بە (مقایضة) واتە (دانی كاغەز بەرامبەر كریٚ چاپ)ئەو كتێبانە چاپ بكات و توانراوە تاكو ئیستا كتێبەكانی پەروەردەی نیشتمانی هەرسیٚ پۆلی ناوەندی بە نەوەد هەزار دانە (٩٠٠٠٠) چاپ بكرێت هەروەها مێژووی هەرسیٚ پۆلەكە بە هەمان ژمارە و جوگرافیای پۆلی یەكەم و سێهەمی ناوەندی بە (٦٠٠٠٠) شەیت هەزار دانە و زمانی كوردی پۆلی دووەم و سێهەم بە (٥٥٠٠٠) دانە و كۆمپیوتەر كردنی هەردوو كتێبی زمانی كوردی پۆلی یەكەم و جوگرافیای پۆلی دووەم تەواو بووە و ئامادەن بۆ چاپكردن و ژمارەی ئەم دوو كتێبەش (٦٥٠٠٠) دانەیە ...بەم جۆرە كتێبەكانی قۆناغی ناوەندی كە چاپ كردنیان تەواو بووە و ئامادەن بۆ دابەشكردن بەسەر خوێندكاراندا(٢٩٥) هەزار دانەیە و ئەگەر ژمارەی هەردوو كتێبەكە كە (٦٥) هەزارە بخرێتە سەری كە لە كۆتایی مانگی تشرینی یەكەمی ئەم ساڵدا تەواو دەبن سەرجەم ژمارەكە ئەكاتە (٣٦٠) هەزار كتێب ئەمەش بە دەستكەوتێكی گەورە دائەنرێت بۆ خوێندكارانی كوردستان.......

ژماردی سەرجەم ئەو كتێبانەی كە تاكو ئیستا چاپكراون لە هەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی كە بەشێكی زۆری بەسەر خوێندكاراندا دابەشكراوە ئەگاتە (١,٠٣٩,٥٠٠) یەك ملیۆن و سی و نۆ هەزار و پێنج سەد.

پرۆسەی بژارو پوختە كردنی كتێبەكانی خوێندن بۆ قۆناغی ئامادەیی و پەیمانگای مامۆستایان هەربەردەوامە .

ئەنجامدانی پرۆسەكە بە شێوەیەكی گشتی دەتوانین بە سەركەوتوویی لە قەڵەم بدەین ، سەرەڕای دواكەوتنی ئەنجامدانی چاپكردنی كتیبەكانی قۆناغی سەرتایی بە هۆی كەمی توانای بەرهەمهێنانی چاپخانەی وەزارەت و بۆ چارەسەركردنی ئەم لایەنە وەزارەتی پەروەردە ، ساڵێك لەمەو بەر داوای ئۆفسێتێكی تەواو بە تاڵ بە چوار ڕەنگ لە ڕێكخراوی

پرتسیف کردووە هیواداریین لە سەرەتای ساڵی داهاتوو بگاتە هەرێمی کوردستان ئەو کاتە پرۆسەی چاپکردنی کتێبەکانی خوێندن بەرەو پێش ئەڕوات .

ج-هۆیەکانی فێرکردن و پێداویستیەکانی پەروەردە:

-لە کۆی ژمارەی (١٣٧٥) قوتابخانەی سەرەتایی تەنها (١٧) قوتابخانە تاقیگەیان هەیە و لە کۆی (١٥٥) خوێندنگای ناوەندی (٤٣) خوێندنگا تاقیگەیان هەیە و لە کۆی (٧٧) دواناوەندی (٣٨) یان تاقیگەی هەیە و لە کۆی (٣٠)ئامادەیی (٢١) یان تاقیگەی هەیە واتە کۆی گشتی تاقیگەکان (١١٩)یە وژمارەی گشتی خوێندنگاکان : (١٧٣١) ە واتە بە ڕێژەی ٦,٨٧ ٪ و لەو (١١٩) تاقیگەیە تەنها (٤٢) یان مەوادی تاقیکردنەوەی هەیە و لە کۆی سەرجەم خوێندنگاکان تەنها (١٥١) خوێندنگا کتێبخانەیان هەیەو (١٥٨٠) خوێندنگا کتێبخانەیان نییە.

-ژمارەی تەختەرەش (٣٥٤٨) دانەیە وژمارەی پۆلەکان لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن (١٣٣٧٧) پۆلە واتە (٩٨٢٩) پۆل تەختە ڕەشیان نییە ئەمەش بەسستمی دوو دەوامی و سێ دەوامیش چارەسەر ناکرێت.

-ژمارە ی ریحلەی خوێندن (١٩٤٧٢)-ریحلەی یەك کەسیە و (٩٢٨٤٤) ریحلە دووکەسی واتە جێگای دانیشتنی (٣٠٥٥٣٢) قوتابی و خوێندکار هەیە لە کاتێکدا ژمارەی گشتی یان (٣٨١١٢٩) خوێندکارو قوتابی یە . واتە (١٧٥٥٩٧) بێ ریحلەن ئەگەر یەك دەوام بن بەڵام بە هۆی دوو دەوامی و سێ دەوامی یەوە چارەسەر کراوە.

-تەنها (٤٣) هۆڵی هۆیەکانی فێرکردن هەیە و (١١٦) هۆڵی وێنەکیشان و (٧٠) هۆڵی نواندن هەیە و بەشێکی زۆری خوێندنگاکان کێشەی ئاوو کارەبایان هەیە . سەرباردت بە دۆڵاب و سۆپا و هۆیەکانی گەرم کردنەوە و سارد کردنەوە ، زۆربەی خوێندنگاکان ئەم هۆیانەیان نییە و ئەگەر هەش بێت زۆر کەمە .

پێداویستی وەرزش لە خوێندنگاکاندا زۆر کەمە تەنانەت ئەوەندە کەمە کە لەم ڕاپۆرتە دا ناخرێتە بەرچاو سەرەڕای ئەوەی کە بەشێکی زۆری خوێندنگاکان گۆرەپانی وەرزشی گونجاو یان نییە .

هەروەها لایەنی هونەری -مۆسیقاو -سروود زۆر لاوازە گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە چ لە ڕووی کادیرەوە چ لە ڕووی پێداویستی هونەرییەوە .

# تەوەردی دووەم

## قوتابیان و خوێندکاران

### أ-گەشەکردن و ژمارەیان لە نێوان سالانی١٩٩٦-١٩٩٧/٢٠٠٠-٢٠٠١

| ساڵەکان | باخچەی ساوایان | سەرەتایی | ناوەندی | دواناوەندی | ئامادەیی | پاشکۆکان | پیشەییەکان | نەوجەوانان | پەیمانگاکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٦/١٩٩٧ | ٢٥٤٥ | ٢٢٠٥٤٧ | ٢٨١٦٠ | ٢٢٠٦٧ | ٦٩٤٢ | ١٦٣ | ٢٣٣٥ | ٦٢٥ | ١٧٩٤ | ٢٨٦٠٩١ |
| ٢٠٠٠/٢٠٠١ | ٦٢٩٠ | ٢٧١٤٢٣ | ٥٠٧٥٠ | ٢٨٩٥٣ | ١٥٥٦٥ | ٦٩٠ | ٢٣٥٤ | ٢١٤٨ | ٢٠٤٧ | ٢٨١١٢٩ |
| رێژەی گەشەکردن | ٪ ٣٦,٨ | ٪ ٥,٧٦ | ٪ ٢٠ | ٪ ٧,٨ | ٪ ٣١ | ٪ ١٠٥ | ٪ ٠,٨ | ٪ ٦١ | ٪ ٢,٥ | ٪ ٣٣,٢١ |

## ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتی یەکان بۆ ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨

| پارێزگاکان | قۆناغی سەرتایی | | | قۆناغی ناوەندی | | | قۆناغی ئامادەیی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەشداربووان | دەرچووان | رێژە | بەشداربووان | دەرچووان | رێژە | بەشداربووان | | دەرچووان | | رێژە | |
| | | | | | | | زانستی | وێژەیی | زانستی | وێژەیی | زانستی | وێژەیی |
| سلێمانی | ١٦٥٦٦ | ١٤٢٢٦ | ٪٨٥,٢٨ | ٧١١٥ | ٥٤٥٣ | ٪٧٦,٦٤ | ٢٤٦٠ | ١٣٥٨ | ١١٦٦ | ٧٤٩ | ٪٤٧,٩١ | ٪٥٥,١٩ |
| کەرکوک | ٣٨٩٤ | ٣٥٢٥ | ٪٩٠,٥١ | ١٦٤٦ | ١١٠٦ | ٪٦٧,١٩ | ٥٠٥ | ٣٦٧ | ١٩١ | ٢٢٢ | ٪٣٧,٣٦ | ٪٥٢,٣١ |
| هەولێر/کۆیە | ١٠٤٤ | ٧٧٧ | ٪٧٤,٤٤ | ٥٦٧ | ٣٢٩ | ٪٧٠,٣٧ | ١٥٥ | ١٧٨ | ٥٣ | ٧٥ | ٪٣٤,١٩ | ٪٤٢,١٣ |
| هەرێم بە گشتی | ٢١٥٠٤ | ١٨٥٢٨ | ٪٨٦,١٦ | ٩٣٢٨ | ٦٨٩٨ | ٪٧٣,٩٤ | ٣١٢٠ | ١٩٠٣ | ١٤١٠ | ١٠٤٦ | ٪٤٥,١٩ | ٪٥٤,٩٦ |

## ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتی یەکان بۆ ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١

| پارێزگاکان | قۆناغی سەرتایی | | | قۆناغی ناوەندی | | | قۆناغی ئامادەیی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەشداربووان | دەرچووان | رێژە | بەشداربووان | دەرچووان | رێژە | بەشداربووان | | دەرچووان | | رێژە | |
| | | | | | | | زانستی | وێژەیی | زانستی | وێژەیی | زانستی | وێژەیی |
| سلێمانی | ١٨٥٤٦ | ١٦٢٥٠ | ٪٨٧,٦١ | ٩٩٣٧ | ٨٤٧١ | ٪٨٥,٢٣ | ٣٥٣٣ | ٢٠٢٤ | ٢٠٣٩ | ١٥٧٤ | ٪٥٧,٧١ | ٪٧٧,٧٦ |
| کەرکوک | ٥٦٤٠ | ٥٤١٩ | ٪٩٢,٥٣ | ٢٤٣٥ | ١٨٧٨ | ٪٧٧,١٢ | ٥٦٤ | ٥٩٤ | ٢٩٥ | ٢٩٦ | ٪٥٢,٣٠ | ٪٦٦,٦٦ |
| هەولێر/کۆیە | ١٥٦٥ | ١٣٨٢ | ٪٨٨,٣٠ | ٥٨٩ | ٥٠٢ | ٪٨٥,٢٢ | ٢٠٧ | ٢٤٥ | ١١٠ | ١٨٨ | ٪٥٣,١٤ | ٪٧٦,٧٣ |
| رانیە | ٤٨٩٩ | ٤٣١٢ | ٪٨٨,٠١ | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| هەرێم بە گشتی | ٣٠٦٥٠ | ٢٧٣٦٣ | ٪٨٩,٢٧ | ١٢٩٥١ | ١٠٨٥١ | ٪٨٣,٧٨ | ٤٣٠٤ | ٢٨٦٣ | ٢٤٤٤ | ٢١٥٨ | ٪٥٦,٧٩ | ٪٧٥,٢٧ |

ریژەی دەرچووان بۆ هەردوو لقی زانستی و ویژەیی لە هەریم بە گشتی : ٦٤,٢٪ئەم ریژەیە لە سالی خویندنی ١٩٩٧-١٩٩٨ بەرزترە کە ٤٩,٦٣٪ بووە.

ئەوەی تیبینی دەکریت سەبارەت بە ئەزمونە گشتییەکان هەرلە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی :٨٩,٢٧ ٪ ،٨٣,٧٨٪ ٦٤,٢ ٪ - هەرچەندە خویندن لە قۆناغی ئامادەیی لە قۆناغی ناوەندی و سەرتایی قورس ترە بەلام ریژەی دەرچوونی خویندکاران لە قۆناغی ئامادەیی تا رادەیەك کەمە لەبەر ئەوەی لەم قۆناغە دا بەرهەمی کۆتایی پەروەردەی مامۆستایان و بەریوەبەرانی خویندنگاکان و سەرپەرشتارانی پسپۆری و کارگیری و ئیدارەی پەروەردەیی بە دەر ئەکەویت و خویندکارانی ئامادەدەکرین بۆ قۆناغیکی نوی ئەویش چوونە نیو ناخی پسپۆری خویندنی زانکۆ یە کەلە ئەنجامی تەواو کردنی خویندن لەم تۆناغەدا ، کادیرانی زانستی و تەکنیکی لە سەرجەم بوارەکان دروست دەبیت و ئەبنە مایەی بەردو پیش چوونی کۆمەلگە .

وەلە ئاماری خویندنگاکانی سالی ٢٠٠٠-٢٠٠١ بۆ مان دەرئەکەویت کە سەبارەت بە ژمارەی دەرنەچوان لە قۆناغی سەرەتاییدا بە پیّ ی وانەکانی : بیرکاری ، زمانی کوردی ، زانست ، ئایین ، عەرەبی ،ئینگلیزی زیاتر ژمارەی کەوتووی تییایە و بەم شیوەی خوارەوە :

بیرکاری:٣٤١٤٢ کەوتوو

زمانی کوردی :٢٤٦٨٦ کەوتوو

زانست :١٨٥١٨ کەوتوو

ئایین: ١٧٣١٠ کەوتوو

عەرەبی :١٥٩٠٢ کەوتوو

ئینگلیزی: ١٤٦٦٢ کەوتوو

وەلە هەردوو قۆناغی ناوەندی وئامادەیی ژمارەی زۆری خویندکارە کەوتووەکان لەم وانانە خوارەوە دا بووە:

١-بیرکاری :١٦٩٧٩ کەوتوو

٢- ئینگلیزی : ١٤٧٧٣ کەوتوو

٣-جوگرافیا :١٠١٢٣ کەوتووە

٤-مێژوو ٩٥٨٦ کەوتووە

٥- کیمیا:٩٤٥٧ کەوتووە

٦-فیزیا :٩٠٢١ کەوتووە

٧-عەرەبی : ٨٤٦٤ کەوتووە

٨-زیندەوەرزانی٧٦٥١ کەوتووە

پێویستە لە ژمارەی کەوتووان بکۆڵرێتەوە لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بە تایبەتی لەووانانەی کەژمارەی زۆر خوێندکاریان تییا کەوتووە لە ڕووی ڕێگەکانی وانە ووتنەوە و پرسیارەکانی ئەزمونەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی هۆیەکان و خالە لاوازەکان لە پرۆسەی خوێندن بە گشتی ودانانی ڕێگەوشوێنی گونجاوبۆچارەسەر کردنیان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکردن و بەرز بوونەوەی ژمارەی دەرچووان .

ج- دابڕانی خوێندکاران لە نێوان سالانی ١٩٩٧-١٩٩٨ ، ٢٠٠٠-٢٠٠١ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

| قۆناغەکانی خوێندن / سالانی خوێندن | سەرەتایی | | ناوەندی | | دواناوەندی | | ئامادەیی | | پیشەیی | | کۆی گشتی دابڕان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دابران | ڕێژەیان | ژمارەی دابران | ڕێژەیان | ژمارەی دابران | ڕێژەیان | ژمارەی دابران | ڕێژەیان | ژمارەی دابران | ڕێژەیان | |
| ١٩٩٧-١٩٩٨ | ٧٧٢٢ | ٪ ٣,٢٥ | ١٢٨١ | ٪٤,٥ | ١٠٦٠ | ٪٤ | ٣٨٦ | ٪٤,٤ | ١٧١ | ٪٧,٩ | ١٨٣٤٢ |
| ١٩٩٨-١٩٩٩ | ٦٥٥٢ | ٪٢,٥ | ١٦٣٥ | ٪٤,٧ | ١٢٩٢ | ٪٤,٦ | ٣٨٦ | ٪٢,١ | ٨٤ | ٪٣,٧ | ٩٨٤٩ |
| ١٩٩٩-٢٠٠٠ | ٧٣٢٤ | ٪ ٣,٦٢ | ٢٦٥١ | ٪٦,٣٢ | ١٨٣٨ | ٪٦,١٤ | ٦٤٩ | ٪٤,٦ | ١٩١ | ٪٨,٣٦ | ١٢٥٥١ |
| ٢٠٠٠-٢٠٠١ | ٢١٤٩٨ | ٪ ٣,١٢ | ٥٥٧٦ | ٪٥,١٧ | ٤١٨٨ | ٪٤,١٩ | ١٣٢١ | ٪٣,٧ | ٤٤٦ | ٪٦,٦٥ | ٣٣٠٢٠ |

دابران لە خوێندن لە کۆنەوە هەر هەبووە هۆکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ باری ئابووری کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵ ، بەلام ڕێژەی دابران ، بەبەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەلك و بلاوبوونەوەی ڕۆشنبیری لە نێو کۆمەلانی خەلك دەتوانرێت کەم بکرێتەوە لەو خشتەی سەردوە لەو سالانەی ئامارەکە تیشکی خستۆتە سەر ژمارەی دابراوان و ڕیژەیان لە سەرجەم

قۆناغەکاندا تێکرایی ڕێژەی دابران لە قۆناغی سەرتایی ٣,١٢ ٪ لە کۆی گشتی ژمارەی قوتابیان بەڵام لە قۆناغی ناوەندی ڕێژەکەی بەرزبۆتەوە کە دەبوو کەمتر بێت لەڕێژەی دابرانی سەرتایی ، ئەو ڕێژەیە لە خوێندنگا دواناوەندییەکان کەمترە ٤,١٩ ٪ وەلە ئامادەیی یەکان زیاتر کەم بۆتەوە کە ئەمەش خالێکی ئیجابی یە وە لە ئامادە پیشەیی یەکان ڕێژەکە لە ئامادەیی یە ئەکادیمیەکان زۆر بەرزترە . ئاشکرایە لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی ، خەڵکان ئازادن لە تەواو کردن یان واز هێنان لە خوێندن بەڵام لە قۆناغی سەرتایی پێویستە سەرجەم منالانی کوردستان ئەم قۆناغە ببڕن بۆ ئەوەی نەخوێندەواری لە نێو کۆمەڵ نەهێلرێت ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی باوکان و دایکان لە سوودی خوێندەواری وجیبەجێ کردنی پرۆسەی فێرکردنی تەوزیمی.

د- کێشە کۆمەلایەتی و ئابووری و تەندروستیەکانی قوتابییان و خوێندکاران

لەو خشتەیەی کە تایبەتە بە کێشەکانی خوێندکاران بۆ مان دەرئەکەوێت کە (٣٠٤٧٣) خوێندکارمان هەیە کەیان باوکیان یان دایکیان یان هەردووکیان نییە و ڕێژەیان بۆ سەرجەم خوێندکارانی هەرێم ٨٪ . ئەم کێشەیە هەم کێشەی ئابوری و کۆمەلایەتی و هەم کێشەی دەرونیش بۆ خوێندکاران دروست دەکات .سەرجەم مامۆستایان وبەڕێوەبەرو سەرپەرشتیارو بەر پرسە گەورەکان لە کاردانەوەی سەلبی ئەم کێشەیە لەسەر بەرەو پێش چوونی خوێندکاران لە خوێندن دا ، بە ئاگان کە پێویستە چی یان بۆ بکرێت تاکو بتوانرێت بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵ بن،

ژمارەی قوتابی و خوێندکارە ئاوارەکان (٢٠٢٥٩) و ڕێژەیان ٥,٣٪ یە لە کۆی گشتی ژمارەی خوێندکارانی هەرێم . . بەراستی ئاوارەبوون خۆی لە خۆی دا چەندان کیشەی تری ئابووری و کۆمەلایەتی و دەروونی لەگەڵدەبێت و دەبێتە هۆی دواکەوتنی خوێندکاران لە بواری خوێندندا ، بۆیە زۆر پێویستە حکومەتی هەریمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە ئەم ژمارەیە بخەنە بەرچاوی هەردوو ڕێکخراوی : یونسکۆ – یۆنسیف بۆ یارمەتی دانیان و چارەسەری کێشەکانیان لە رووی ئابووری یەوە و دابین کردنی پێداویستیە پەروەردەیی یەکان بۆیان چونکە ئەوانە لە زێدی خۆیان و سەرچاوەی ژیانیان دوور خراونەتەوە.

ژمارەی خوێندکارە کەم ئەندامەکان :٢٩٨٩ و ڕێژەیان ٠,٧٨ ٪ و ئەو خوێنکارانەی کە بەدەست نەخۆشی درێژ خایەنەوە ئەنالێنن (٦٢٦٥) خوێندکارن و ڕێژەیان ١,٦٤ . ئەوانەی

ئەم دوو کێشەیان هەیە پێویستیەکی زۆریان بە یارمەتی تەندروستی و دەروونی و پەروەردەیی هەیە بە تایبەتی پەروەردەیی و پێویستە هەردوو وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە بە هاوکاری هەردوو ڕێکخراوی یونسکۆ و یونسیف بە شێوەیەکی خێرا و بەپەلە بچن بە پیر کێشەکانیانەوە و وەك پێویست چارەسەریان بکەن.

ژمارەی ئەوقوتابی و خوێندکارانەی کە دەرەنگ فێر ئەبن (١٦٧٣٦) ن و ڕێژەیان (٤,٣٩ ٪) ئەم خوێندکارانەپێویستیان بە یارمەتی و چاودیری تایبەت هەیە لە لایەن بەڕێوەبەرو مامۆستایانی خویندنگەکان بۆ ئەوەی بتوانن قۆناغەکانی خوێندن بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بڕن .

ژمارەی قوتابی و خوێندکارە زۆر هەژارەکان کەکەس و کاریان سەرچاوەیەکی ژیانی مسۆگەریان نییە (٧٢٠٦٥) ن و ڕێژەیان ١٩ ٪ لە کۆی گشتی خوێندکارانی هەرێم .کێشەی هەژاری سەرچاوەی کێشەکانی ترە بەلکو دەتوانرێت بوترێت کە بنچینەی کێشەکانە ئەم ژمارە زۆرە لە خوێندکاران کە خۆیان و کەس و کاریان بەدەست هەژارییەوە دەنالێنن بە تایبەتی لەم بارو دۆخە ئابوورییەی ئێستای هەرێمی کوردستان (گەمارۆی ئابووری یەکان، کەمی دەرامەتی سەرچاوەکانی ئابووری حکومەت ، بێکاری...هتد) ئایا ئەم کێشەیە نابێتە ڕێگر لەبەر دەم بەردەوامبوونی خوێندکاران لە خوێندن و خوێندکارانی کوردستان؟ ئایا چۆن خۆیان لەگەڵ ئەم دوژمنە سەرسەختە بێرەحمە –هەژاری –گونجاندووە؟

بەگشتی ژمارەی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە کێشەی جۆراو جۆر یان هەیە کەلەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا (١٤٨٧٨٧) خوێندکارە و ڕێژەیان ٣٩ ٪ یە لە کۆی گشتی ژمارەی خوێندکارانی هەریمی کوردستانە.ئێمە ئەم ژمارەو ڕێژەیە ئەخەینە بەرچاوی بەڕێزان :ئەندامانی کۆنگرەو بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو ڕێکخراوی بەرپرس لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەهەرێمی کوردستان (یونسکۆ–یونسیف) بۆ دیراسە کردنی کێشەکان بەمەبەستی یارمەتیدانی خوێندکاران چونکە ڕێژەی هەرەزۆری خوێندکارە دەرنەچووەکان لە ئەزموونی خوێندنگەییەکان و ئەزمونە گشتیەکان لە ریزی ئەم خوێندکارە خاوەن کێشانەن..

## ژمارەی خوێندكارانی سەرجەم قۆناغەكانی خوێندن بەپێی كێشە ئابووری و كۆمەلایەتی و تەندروستی یەكانی سالی ٢٠٠٠-٢٠٠١

| كێشەكان | قۆناغی سەرەتایی | | | | قۆناغی ناوەندی | | | | ئامادەییە پیشەییەكان | | | | كزیگشتی بەپێی رەگەز | | كۆی گشتی | ڕێژە گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | كۆ | ڕێژە | نێر | مێ | كۆ | ڕێژە | نێر | مێ | كۆ | ڕێژە | نێر | مێ | | |
| ەتیو بوون | ١١١٥٦ | ٨٥٩٢ | ١٩٧٤٨ | ٪٧,٢٧ | ٥٤٩٦ | ٥٠٦٠ | ١٠٥٥٦ | ٪١١ | ١١٦ | ٥٣ | ١٦٩ | ٪٧,١٧ | ١٦٧٦٨ | ١٣٧٠٥ | ٣٠٤٧٣ | ٪٨ |
| ئاوارەیی | ٨٧٤٠ | ٧٢٠٨ | ١٥٩٤٨ | ٪٥,٨٧ | ٢٤٣٥ | ١٨٢٦ | ٤٢٦١ | ٪٤.٤.٤٣ | ٣١ | ١٩ | ٥٠ | ٪٢,١٢ | ١١٢٠٦ | ٩٠٥٣ | ٢٠٢٥٩ | ٪٥,٣ |
| كەم ئەندامی | ١١٢٨٨ | ٧٥١ | ٢٠٣٩ | ٪٠,٧٥ | ٥٣٧ | ٤٠٠ | ٩٣٧ | ٪١ | ١١ | ٢ | ١٣ | ٪٠,٥٥٠ | ١٨٣٦ | ١١٥٣ | ٢٩٨٩ | ٪٠,٧٨ |
| نەخۆشی درێژ خایەن | ١٨٢٢ | ١٤٤٨ | ٣٢٧٠ | ٪١,٠٢ | ٩٣٨ | ٢٠٣٤ | ٢٩٧٢ | ٪٣,٢٩ | ٧ | ١٦ | ٢٣ | ٪١ | ٢٧٦٧ | ٣٤٩٨ | ٦٢٦٥ | ٪١,٦٤ |
| درەنگ فێربوون | ٦٦٥٥ | ٤٥٢٦ | ١١١٨٢ | ٪٤,١١ | ٢٤٧٨ | ٣٠٤٢ | ٥٥٢٠ | ٪٥,٧٤ | ٢٥ | ٩ | ٣٤ | ٪١,٤٤ | ٩١٥٩ | ٧٥٧٧ | ١٦٧٣٦ | ٪٤.٣٩ |
| زۆر هەژاری | ٢٨٥٧٦ | ٢٤٢٣٠ | ٥٢٨٠٦ | ٪١٩,٤٥ | ٩٩٧٢ | ٩٠٧٥ | ١٩٠٤٧ | ٪١٩,٨ | ١٦٩ | ٤٣ | ٢١٢ | ٪٩ | ٢٨٧١٧ | ٢٣٣٤٨ | ٧٢٠٦٥ | ٪١٩ |
| كۆی گشتی | ٥٨٢٢٨ | ٤٦٧[illegible] | ١٠٤٩٩٣ | ٪ ٣٨,٦٨ | ٢١٨٥٦ | ٢١٤٣٧ | ٤٣٢٩٣ | ٪٤٥,٠٤ | ٣٥٩ | ١٤٢ | ٥٠١ | ٪٢١,٢٨ | ٨٠٤٥٣ | ٦٨٣٣٤ | ١٤٨٧٨٧ | ٪٣٩ |

## تەوەردی سێهەم :

## مامۆستایان

### أ-گەشەکردنی ژمارەی مامۆستایان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦-١٩٩٧/٢٠٠٠-٢٠٠١

#### ١-بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی :

| قۆناغەکانی خوێندن / ڕەگەز / ساڵەکانی بەراورد کردن | باخچەی ساوایان وسەرتایی یەکان | | دواناوەندی یەکگان بەگشتی | | ئامادەیی پەپیشەیی یەکان | | پەیمانگاکان | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ساڵی خوێندن ١٩٩٦-١٩٩٧ | ٣٠٩٢ | ٥٢٠٢ | ١١٦٥ | ١١٥٣ | ٢٤٨ | ١٧١ | ٩٨ | ٧٦ | ٤٦٠٣ | ٦٦٠٣ |
| | ٨٢٩٥ | | ٢٣١٨ | | ٤١٩ | | ١٧٤ | | ١١٢٠٦ | |
| ساڵی خوێندن ٢٠٠٠-٢٠٠١ | ٤٣٢٤ | ٧٦٢٨ | ١٤٥٠ | ١٥٨٩ | ٢٢٤ | ١٩٦ | ٨٣ | ٤٨ | ٦٠٨١ | ٩٤٦١ |
| | ١١٩٥٢ | | ٣٠٣٩ | | ٤٢٠ | | ١٣١ | | ١٥٥٤٢ | |

ژماردی گەشەکردن (٤٣٣٦) مامۆستایە بەڕێژەی گەشەکردنی گشتی ٣٨,٦٩ ٪ و گەشە کردنی ساڵانە (٩,٧٢ ٪)

#### ب-بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی پارێزگای کەرکوك:

| قۆناغەکانی خوێندن / ڕەگەز / ساڵەکانی بەراورد کردن | باخچەی ساوایان وسەرتایی یەکان | | دواناوەندی یەکگان بەگشتی | | ئامادەیی پەپیشەیی یەکان | | پەیمانگاکان | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ساڵی خوێندن ١٩٩٦-١٩٩٧ | ٨٣٦ | ٦٨٤ | ٢٦٧ | ١١٦ | ٤٩ | ١٢ | ٥ | ١ | ١١٥٧ | ٨١٣ |
| | ١٥٢٠ | | ٣٨٣ | | ٦١ | | ٦ | | ١٩٧٠ | |
| ساڵی خوێندن ٢٠٠٠-٢٠٠١ | ١١٣٥ | ١٠٩٩ | ٣٦٩ | ٢٢٩ | ٢٧ | ٧ | ٢١ | ٤ | ١٥٥٢ | ١٣٣٩ |
| | ٢٢٢٤ | | | ٥٩٩ | ٢٤ | | ٢٥ | | ٢٨٩١ | |

ژمارەی گەشـەکردن (٩٢١) مامۆستایە بەڕێژەی گەشـەکردنی گشتی (٤٦,٧٥ ٪) و گەشەکردنی ساڵانە (١١,٦٨ ٪)

٣-بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر /کۆیە

| بنەڕەتەکانی خوێندن / رەگەز / ساڵەکانی بەراورد کردن | باخچەی ساوایان وسەرتایی یەکان | | دوانـاوەندی یەکگان بەگشتی | | ئامادەیی پەیپیشەیی یەکان | | پەیمانگاکان | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ساڵی خوێندن | ٤٣٢ | ٤٦٠ | ١١٤ | ١١٤ | ١١ | ٧ | - | - | ٥٥٧ | ٥٨١ |
| ١٩٩٦-١٩٩٧ | ٨٩٢ | | ٢٢٨ | | ١٨ | | - | | ١١٣٨ | |
| ساڵی خوێندن | ٥٧٠ | ٥٩٥ | ١٤٤ | ١٤٨ | ٨ | ١٣ | - | - | ٧٢٢ | ٧٥٦ |
| ٢٠٠٠-٢٠٠١ | ١١٦٥ | | ٢٩٢ | | ٢١ | | - | | ١٤٧٨ | |

ژمارەی گەشە کردن (٣٤٠) مامۆستایە و بەڕێژەی گەشـەکردنی گشتی (٢٩,٨٧ ٪) و بەڕێژەی گەشەکردنی ساڵانە (٧,٤٧ ٪)

لەسەر ئاستی هەرێم ژمارەی مامۆستایان بە گشتی ساڵی (١٩٩٦-١٩٩٧) (١٤٣١٤) مامۆستا بوو ە ساڵی (٢٠٠-٢٠٠١) ژمارەیان گەیشتە (١٩٩٣٢) مامۆستا بە زیاد بوونی (٥٦١٨) مامۆستا وبەڕێژەی گەشەکردنی ساڵانە (٩,٨ ٪) کە ڕێژەیەکی زۆر باشە بۆ گەشە کردن .

## خشتەی پێداویستی بە مامۆستا لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن وگشت پارێزگاکان

| قۆناغ وانەکان | پارێزگای سلێمانی | | | پارێزگای کەرکوک | | | پارێزگای هەولێر | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مامۆستایان | زیاد | کەم | مامۆستایان | زیاد | کەم | مامۆستایان | زیاد | کەم |
| ا- سەرەتایی | ١١٩٥٢ | ٤٣٠٧ | - | ٢١٦٣ | - | ٥٨٢ | ١١١٥ | ٢٥٧ | - |
| ب-ناوەندی دواناوەندی ئامادەیی | | | | | | | | | |
| زمانی کوردی | ٤٦٩ | ١٠١ | - | ٨٩ | ٧ | - | ٤٣ | ٢٠ | - |
| زمانی عەرەبی | ٦٣٧ | - | - | ١١١ | - | ١١ | ٣٦ | - | - |
| زمانی E | ٣١٤ | - | ٢٥١ | ٤٥ | - | ٦٧ | ١٩ | - | ٩ |
| بیرکاری | ٣٥٦ | - | ٧٧ | ٥٦ | - | ٤٤ | ٣٠ | ٥ | - |
| فیزیا | ٣٣٧ | ٥١ | - | ٤٧ | ١٢ | - | ١٧ | ٩ | - |
| کیمیا | ٢٣٩ | ٩٣ | - | ٣٣ | - | - | ١٧ | ٩ | - |
| زیندەوەرزانی | ٢٣٥ | ٥١ | - | ٣٥ | - | ٨ | ٢٦ | ١٠ | - |
| کۆمەلایەتی | ٢٨٤ | | ١٢٢ | ٩١ | - | ٤ | ٤٦ | ٢٢ | - |
| کۆمەڵناسی | ٧٠ | | | ١٣ | ١٢ | | ١٠ | ٩ | - |
| ئابوری وماڵداری | ١٢٦ | | | ٢٨ | ٢٣ | - | ١٠ | ٧ | |
| هونەر | ٤٨ | - | ٦٩ | ٧ | - | ١٣ | ٦ | - | ٢ |
| وەرزش | ١٦ | - | ١٢٧ | ٥ | - | ٢٣ | ١٢ | ٣ | - |
| پسپۆرییەکانی تر | ١٠٨ | | | ٣٣ | | | ٢٠ | | - |
| ئامادەیی پیشەسازی | ٤٢٠ | ٣٤٦ | - | ٣٤ | ١٣ | - | ٢١ | ١٥ | - |
| کۆی گشتی | ٣٤٥٩ | ٤٩٤٩ | ٦٤٧ | ٢٧٩٠ | ٦٧ | ٧٥٢ | ١٤٢٨ | ١٠٩ | ١١ |

## ڕێژەی مامۆستایان بۆ خوێندکاران

## ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١

| قۆناغەکان | پارێزگای سلێمانی | | | پارێزگای کەرکوک | | | پارێزگای هەولێر | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مامۆستا | خوێندکار | ڕێژە | مامۆستا | خوێندکار | ڕێژە | مامۆستا | خوێندکار | ڕێژە |
| سەرەتایی | ١١٩٥٢ | ٣١١٢٣٠ | ١٧,٦٧:١ | ٢٢٣٤ | ٥٤٢٢٣ | ٢٤:١ | ١١٦٥ | ١٤٠٦٢ | ١٥:١ |
| ناوەندی ئامادەیی | ٣٠٦٠ | ٧٣٧٥٤ | ٢٤:١ | ٥٩٩ | ١٨٢١٠ | ٣٠:١ | ٢٩٢ | ٤٢٧٦ | ١٥:١ |
| پیشەیی | ٤٢٠ | ٢٠٩٤ | ٥:١ | ٣٤ | ١٩٤ | ٥,٧:١ | ٢١ | ٦٦ | ٣:١ |
| پەیمانگاکان | ١٣١ | ١٩٦٥ | ١٥:١ | ٢٥ | ٥٢٥ | ٢١:١ | - | - | - |

## ه- باری گوزەرانی مامۆستایان :

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی مامۆستایان لەو ماوەیەدا دەرماڵەی مامۆستایان بەم شێوەیەی خوارەوە زیاد کراوە :

١- دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان :

لە ٢٠٠١/٥/١٤ بریاردرا لە (١٥٠) دینارەوە بکرێت بە ( ٢٥٠) دینار

٢- دەرماڵەی گواستنەوەو ناوچەیی : ( المخصصات المحلیه والنقل )

لە ٢٠٪ دەست پێدەکات تا دەگاتە ١٥٠٪ لە شوێنە هەرە دوورەکان .

مامۆستای سەرەتایی بۆ یەکە مجار دامەزراو لە شوێنێ زۆر دوور :

ئەسڵی - ١٣٩,٨٠٠ ، پیشەیی - ٢٥٠ ، بەرلەمان - ٣٠ ، گواستنەوە ٢٠٩ واتە مانگانە : ٦٢٨,٨٠٠ دینار وەردەگرێت .

مامۆستای دواناوەندی لەو شوێنانەدا :

ئەسڵی -١٤٨+٢٥٠+٣٠+٢٢٢-٦٥٠ دینار

## خولەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان لەلایەن ڕێکخراوە جیاجیا کانساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١-

| پارێزگا | خولەکان | بەشداربووەکان | لایەنی سەرپەرشتیار | |
|---|---|---|---|---|
| سلیمانی | ٤٢ | ٣٧٦٩ | NGO | سەرتایی و دواناوەندی |
| کەرکوک | ٢٧ | ٢٦٠٧ | NGO | |
| هەولێر/کۆیە | ٢٨ | ٧٥٠ | NGO | |

| پارێزگا | خولەکان | بەشداربووەکان | لایەنی سەرپەرشتیار | |
|---|---|---|---|---|
| سلیمانی | ٧ | ١٢٣٦ | یۆنسکۆ | ئامادەییەکان |
| کەرکوک | ١١ | ٧١٣ | یۆنسکۆ | |
| هەولێر/کۆیە | ١٠ | ٢٤٦ | یۆنسکۆ | |

| پارێزگا | خولەکان | بەشداربووەکان | لایەنی سەرپەرشتیار | |
|---|---|---|---|---|
| سلیمانی | ٣٥ | ٤٨٦٦ | یۆنسیف | سەرتایی |
| کەرکوک | ١٠ | ٩٢٩ | یۆنسیف | |
| هەولێر/کۆیە | ٤ | ١٢١ | یۆنسیف | |

# تەوەری چوارەم : خوێندنگاکان

(( ژمارەو گەشە کردنیان ، دروستکردن ، نوێکردنەوە ))

لە نێوان ساڵانی : ١٩٩٧ - ١٩٩٨ / ٢٠٠٠-٢٠٠١

١- گەشە کردنی ژمارەی خوێندنگاکان لەو ماوەیەدا :

ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی :

سەرەتا بە پێویستی ئەزانین ئاوڕێکی مێژوویی لە بارووددۆخی خوێندنگاکان وبیناکانیان بدەینەوە لە پێش ساڵی ١٩٩١ بۆ ئەوەی بە راستی ڕادەی گەشەکردنی پەروەردە لە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بزانین :

ژمارەی خوێندنگاکان لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٨٨ لەو ناوچانەی کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن : (١١٧٨) خوێندنگابووە وهەر خوێندنگایەك بینای تایبەتی خۆی نەبووە ، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان و کیمیا بارانی کوردستان ورووخاندنی گوندو شارۆچکەکانی کوردستان (٤٦٠) بینای خوێندنگا لە سنووری پارێزگای سلێمانی ئێستادا ڕووخێنرا و خوێندکارو کەس وکاریان دەربەدەرکران و ( ١٧٨) خوێندنگا لە سنووری ئێستای پارێزگای کەرکوك داخران و بیناکانیان ڕووخێنراو خوێندکارو کەس وکاریان یان ئەنفال وکیمیا باران کران ، یان دەربەدەر بوون هەروەها ( ٢٩) خوێندنگا لە سنووری قەزای کۆیە داخراو وبیناکانیان ڕووخێنراو خوێندکارو کەس وکاریان بە هەمان دەرد چوون .

کۆی گشتی ئەو خوێندنگایانەی کە داخران و ڕووخێنران گەیشتە : ( ٦٦٧) خوێندنگا وتەنها ( ٥٠٤) خوێندنگا مایەوە لە ناو شاری سلێمانیو هەندێك لەو قەزایانەی کە مابوونەوە ...

لە ساڵی خوێندنی ( ١٩٩٦-١٩٩٧)دا ولە ژێر سێبەری حکومەتی هابەشی کوردستان ژمارەی خوێندنگاکان گەیشتە ( ١١٨١) بە کردنەوەی ( ٦٧٧) خوێندنگای نۆی لە نێوان ساڵانی ( ١٩٩٢-١٩٩٦) وبەم شێوەی خوارەوە :

## ژمارەی خوێندنگاکان تا ساڵی ١٩٩٦

| قۆناغەکانی خوێندن / پارێزگاکان | باخچەکان | سەرەتاییەکان | ناوەندییەکان | دواناوەندییەکان | ئامادەییەکان | پیشەییەکان | پەیمانگاکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١٤ | ٦٣٠ | ٨٥ | ٥٤ | ١٢ | ١٣ | ٥ | ٨١٨ |
| کەرکوك | ٣ | ٢١٤ | ١٣ | ١٤ | ٣ | ٥ | ١ | ٢٥٣ |
| هەولێر/کۆیە | ٢ | ٩٣ | ١٥ | – | ٢ | ٢ | – | ١١٤ |
| کۆی گشتی | ١٩ | ٩٣٧ | ١١٣ | ٦٨ | ١٨ | ٢٠ | ٦ | ١١٨١ |

له ئاماری ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١) ژمارەی خوێندنگاکان گەیشتە (١٧٣١) خوێندنگە بە کردنەوەی (٥٥٠) خوێندنگای نوێ لە نێوان ساڵانی :
(٩٧-٩٨-٢٠٠٠-٢٠٠١) بەو شێوەیەی لەم خشتەیەی خوارە دیاریکراوە وڕێژەی گەشە کردنی گشتی ٤٦,٥٧٪ وساڵانە ١١,٦٤ کە ڕێژەیەکی زۆر باشە .

| قۆناغەکانی خوێندن / پارێزگاکان | باخچەکان | سەرەتاییەکان | ناوەندییەکان | دواناوەندییەکان | ئامادەییەکان | پیشەییەکان | پەیمانگاکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٢١ | ٨٩٠ | ١٢٩ | ٦٥ | ٢١ | ٩ | ٥ | ١١٤٠ |
| کەرکوک | ٦ | ٣٥٢ | ٣٥ | ١٢ | ٦ | ٤ | ٢ | ٤١٧ |
| هەولێر/کۆیە | ٣ | ١٤٦ | ١٩ | ٢ | ٣ | ١ | - | ١٧٤ |
| کۆی گشتی | ٣٠ | ١٣٨٨ | ١٨٣ | ٧٩ | ٣٠ | ١٤ | ٧ | ١٧٣١ |

## ب-دابەشکردنی خوێندنگاکان بەسەر شارو لادێ دا :

| قۆناغەکان | شار | لادێ |
|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | ٣٠ | - |
| سەرەتایی | ٣٤٠ | ١٠٣٦ |
| نەجەوانان | ١٢ | - |
| ناوەندی | ١٥٥ | ٢٨ |
| دواناوەندی | ٧٩ | - |
| ئامادەیی | ٣٠ | - |
| پیشەیی | ١٤ | - |
| هونەرە جوانەکان | ٢ | - |
| پەیمانگای مەڵبەندی | ٥ | - |
| کۆی گشتی | ٦٦٧ | ١٠٦٤ |
| سەرجەم خوێندنگاکان | ١٧٣١ | |

## ج-بارو دۆخی بینای خوێندنگاکان :

هەروەك لە ڕێبەری خوێندنگاکانی هەرێم بۆ سالی (١٩٩٩-٢٠٠٠) هاتووە دەرئەکەوێت کە لە سالی ١٩٩١ دا تەنها (٥٠٤) خوێندنگا مابوو و ئەم ژمارەیەش هــەموو بینای تایبەتیان نەبرو بەلکو هەندێکیان لە خانووی کرێ دا بوون ، سەرەڕای ئەو هەموو داهاتەی کە عیراق لەو سەردەمەدا هەی بوو.

لە ئاماری سالێ خوێندنی١٩٩٨-١٩٩٨ ژمارەی بینای خوێندنگاکان گەیشتە (١٢٦٥) بینا لەوانە (٣٠٢) بینایە بە کرێ گیرابوون واتە (٩٦٣ ) بینایەی حکومی بووە و لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە نزیکەی (٥٠٠) بینای خوێندنگا دروستکراوە لــــە نێوان ســالآنی (١٩٩١-١٩٩٢/١٩٩٨-١٩٩٩) لە ئاماری سالی خوێندنــی (٢٠٠٠-٢٠٠١) ژمارەی بینــای خوێندنگاکان بوو بە (١٤٩٩) بینا لەوانە (٤٥٦) بینا ئەهلین بە کرێ لە هاولآتیان گیراون و (١٠٤٣) بینای حکومین ، بەم جۆرە بۆمان ئاشکرا ئەبێت کە لەنێوان سالی (١٩٩٩-٢٠٠١) (٨٠) بینای نوێ دروستکراوە .

**ئەم خشتەی خواردوە تیشك ئەخاتە سەر دروستکردن و نوێکردنەوەی بینای خوێندنگا لە نێوان سالآنی (١٩٩١-١٩٩٢/٢٠٠٠-٢٠٠١)**

| لایەنی جێبەجێ کەر / پارێزگاکان | NGO کان | | هابیتات | | یونسکۆ | | یونسیف | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دروستکردن | نوێکردنەوە | دروستکردن | نوێکردنەوە | دروستکردن | نوێکردنەوە | دروستکردن | نوێکردنەوە | دروستکردن | نوێکردنەوە |
| سلێمانی | ١٥٠ | ٤٥ | ١٢٠ | ٣٨ | ٦ | ٢٣ | - | ١٢٧ | ٢٧٦ | ٢٤٣ |
| کەرکوک | ٧٠ | ٢٤ | ٤١ | ٨ | ٢ | ١٥ | - | ٣١ | ٣١ | ٧٨ |
| هەولێر-کۆیە | ٤٠ | ١٥ | ١٢ | - | - | ١٠ | ١ | ١٤ | ١٤ | ٣٩ |
| کۆی گشتی | ٢٦٠ | ٨٤ | ١٧٣ | ٤٦ | ٨ | ٥٨ | ١ | ١٧٥ | ١٧٢ | ٣٦٠ |

لەو خشتەیە وە دەرئەکەوێت کە سالآنە پتر لە (٤٤) بینای نوێ دروستکراوە و (٣٦)خوێندنگا تەعمیرو نوێکراوەتەوە لەوانە (٢٦٠) خوێندنگا لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازەکان ( NGO) کانەوە دروستکراوە هەروەها ئەم ڕێکخراوانە (٨٤) بینایان نوێ کردۆتەوە بەلآم هەندێك لەو بینایانە کە ئەم ڕێکخراوانە دروستیان کردوون لە قوڕو بەرد دروستکراون و ئێستا وەزارەت سەرقالی نوێکردنەوە یان سەر لەنوێ دروستکردنیانە چونکە دوای سالی ١٩٩١ بەپەلە بەو شێوەی کاتی دروست کراون بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێنـدن لـە گوندەکان دوانەکەوێت بە

پێچەوانەوە ئەو بینایانە کە لەلایەن ڕێکخراوە کانی (هابیتات و یۆنسکۆ و یونیسیف) دروستکراون یان نوێکراونەتەوە لە چوار چێوەی بریاری ٩٨٦ کە ژمارە دروستکراوەکان ١٨٦) بینایە وەژمارەی نوێکراوەکان (٢٧٦) بینایە بە شێوەیەکی زۆر ڕێك پێك دروست کراون هەندێکیان بینای نموونەیین .

هەروەها لە سالآنی رابووردوو بەتایبەتی پێش جێبەجێکردنی بریاری ٩٨٦ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری دانیشتوانی گوندەکان پتر لە ١٠٠ بینای خوێندنگای دروست کردووە .

**د- پێداویستی بە بینای نوێ و نوێکردنەوەو فراوان کردن بیناکان بۆ ماوەی داهاتوو :**

١-تاکو ئیستاو بە پیێ ی ئاماری خوێندنگاکان بۆ سالی خوێندنی ٢٠٠٠-٢٠٠١ ،( ٢٣٢ ) خوێندنگا بە شێوەی میوان،لە سەر بینای خوێندنگاکانی تر دەوام ئەکەن واتە بینایان نی یە (٤٥٦) بینا هی هاوولآتیانە وەبەکریێ گیراون وبونەتە بارێکی قورس بەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وە (٢٨٢) بینا لە قورو بەرد دروستکراون و شایستەی خوێندنگا نیین .واتە پێویستیمان بە دروستکردنی ٩٧٠ بینا هەیە بۆ رزگار بوون لەو کێشانەی سەروە و هەروەها لە سیستەمی دوو دەوامی و سیێ دەوامی :

٢-زۆربەی هەرەزۆری بینای خوێندنگاکان هۆلی تاقیگەو کتێبخانەو وێنەو هونەرو گۆرەپانی وەرزشیان نییە وپێویستە لە فەیسەکانی داهاتوو رەچاوی ئەم خالآنە بکرێت بۆ ئەوەی خوێندنگاکانمان بەراستی ببنە بنکەی بلآوبوونەوەی زانست و دروستکردنی مرۆڤ لە رووی عەقلی رەوشت بەرزی و جەستەیی یەوە .

٣-پێداویستیە پەروەردەیی و زانستی و ئیداری یەکان کەلە ڕێگای جێبەجیێ کردنی بریاری ٩٨٦ دوە دابین کراون بە هیچ جۆرێک لە گەلّ ژمارەی خوێندنگاو خوێندکاراندا گونجاو نییە کە ژمارەیان لە سالی (٢٠٠٠-٢٠٠١) (٣٨١١٢٩) خوێندکاربووە ئیمسالیش ژمارەیان ئەبیتە نزیکەی (٤٠٠٠٠٠) .

٤-کارکردن بەپێی ئەوبڕە پارانەی کەتا ئیستا بۆ سێکتەری پەروەردە تەرخانکراوە لە ئاستی ژمارەی خوێندکاراندا نی یە کە سالّ بە سالّ ژمارەیان لە زیاد بوون دایە بەتایبەتی ئەگەر سیستەمی فێرکردنی تەوزیمی ( التعليم الالزامی ) جێبەجیێ بکرێت :بۆ نمونە : ژماردی خوێندکاران لە سالی خوێندنی (١٩٩٦-١٩٩٧) (٢٩١٦٢٢) خوێندکار بووە وەلە سالی

(٢٠٠٠-٢٠٠١) گەیشتۆتە (٣٨١١٢٩)خوێندکار بەزیاد بوونی (٨٩٥٠٧) خوێندکار لەماوەی چوار سالدا بەرێژەی گەشەکردنی سالانەی ( ٧,٦٧ ٪ ) واتە لە ساڵێکدا (٢٢٣٧٦) خوێندکار زیادی کردوون ئەگەر هەر(٢٠٠) خوێندکار پێویستیان بە یەك بینای خوێندگا هەبێت ، کەواتە ساڵانە پێویستیمان بە (٢٢×٥= ١١٠)بینای نویێ ئەبێتلەو زانیاریانەی سەرەوە بۆمان دەرئەکەوێت کەپێویستە بودجەی سێکتەری پەرودردە زیاد بکرێت تابتوانرێت بەسەر کێشەکانی نەبوونی بیناو پێداویستیەکانی تری پەروەردەدا زال ببین و پرۆسەی پەرەوەدە بەرەو پێش بچێت .

# تەوەردی پێنجەم

ئیدارەی پەروەردەیی و چۆنیەتی گەشەکردنی بەشێوەیەك کە ببێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ پێشخستنی پرۆژەی پەروەردە بۆمەبەستی هەلسەنگاندنی ئیدارەی پەروەردەیی بە شێوەیەکی زانستی ، هەستاین بە ئامادەکردنی فۆرمێك کە پێك هاتبوو لە چوار پرسیار بەو ئامانجەی کە ئەم ئیدارەیە کاریگەر بێت و لە خزمەتی بەرەوە پێش بردنی پرۆسەی پەروەردە دا بێت فۆرمەکەمان بەسەر (١٠٠) پسپۆری بواری پەروەردەدا دابەشکرد :-

پرسیاری یەکەم:چۆن ئیدارەی پەروەردەیی پێناسەدەکەیت ؟وکێن ئەرانەی بەم کارە هەلدەستن ؟ لەئەنجامی کۆکردنەوەی وەلامەکان و پوختە کردنیان گەیشتینە ئەم پێناسانەی خوارەوە :

١) ئیدارەی پەروەردەیی : ئەو ئیدارەیەیە کەلەبەر رۆشنایی فەلسەفەیەکی پەروەدەیی نوێ و هاوچەرخ دا بە پێ ی بەرنامەی پێشکەوتوو و واقیعی دیراسەکراو پەروەردە ئەبات بەرێوە لە لایەن کەسانی دلسۆزو بە ئەزمون و نیشتمان پەروەر .

٢ ) ئیدارەی پەروەردەیی: بریتی یە لە شێوازێکی دیموکراتیانە کە بتوانێت کارەکانی پەروەردە ئەنجام بدات لەسەر بنەمای یاسایی و دیموکراتی و تێبینی و بۆ چونەکانی دەوروبەر رەچاو بکات بۆ چارەسەر کردنی هەموو گیرو گرفتێك لەبەردەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا .

٣ )ئیدارەی پەروەردەیی : واتە کۆکردنەوەو ریکخستن و ئاراستەکردنی سەرجەم ووزەو تواناکان بە مرۆ یی و مادیی یەوە بۆ بەدی هێنانی ئامانجە خواستراوەکان بە چاکترین ڕێگاو بەکەمترین تێچوون ئەم ئەرکەش بە ئاراستە کردن و چاودێری و رابەری کۆمەلە کەسانێ دەبێت کەبەهاوکاری ئیش دەکەن .

٤ )دەزگایەکی زانستی هونەری پەروەردەیی‌یە: بۆ پەروەردە کردنی نەوەیەکی نوی و بە و[illegible] کەسانێك لەم دەزگایەدا کاردەکەن کە خۆنەویست و نیشتمان پەروەرو دەست و دەم [illegible]اویس[illegible]اکن بە پێی‌فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دیموکراتی هاوچەرخ دوورلە نەریتی خزمایەتی و تیرەگەری و ناوچەگەری بە شێوەیەکی دروست رێنمایی یەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی کوردستان جێبەجێ ئەکەن:

بە کورتی دەبێت ئیدارەی پەروەردەیی : لەسەر نەخشەو پلان و بە پێی یاسایەکی پەروەردەیی سەردەم لە ژێر سێبەری فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دیموکرات کە هەموو داخوازی یەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان دابین بکات دوور لە دەست تیوەردانی دەرەکی .

پرسیاری دووەم : پێوانەی بەرێزتان بۆ :

ا-ئیدارەی لاواز

ب-بەهێزو پێشکەوتوو

بۆ لقی یەکەم وەلامەکان ئیدارەی لاواز بەم جۆرە پێوانە دەکەن.:

ئیدارەیەکی بێ فەلسەفەی بەرنامەو شێوازی ئۆتۆکراتی سەپێنراوو تاکرەوو دیکتاتۆرە کەسانی کەم تەجربەو کەسانی ناحەق لەم شوێنە دانراون بەرامبەر کارە نارەواکان چاوپۆشی دەکەن.

بۆ لقی دووەم ، ئیدارەی بەهێز : خاوەن بەرنامەو شارەزاو بە شێوەیەکی نوێ و هاوچەرخ لەبەر رۆشنایی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دیموکرات و پێشککەوتوو کارەکان ئەنجام دەدات شێوازی چاودێری و بە دوا دا چوون پەیرەو دەکات ...

پرسیاری سێیەم : کێشەکانی ئیدارەی پەروەردەیی چۆن دەست نیشان دەکەیت؟

زۆربەی وەلامەکان ئەمانەی خوارەوەیان نوسیوە :

١-خراپی باری گوزەرانی مامۆستایان کە دەبێتە هۆی هەولدانی مامۆستایان کەلە شوێنە نزیکەکانی شارەکان دابنرێن و گوندە دوورە کان بێ مامۆستا دەبن هەروەها هەولی کاری تر بدەن تا باری ژیانیان چاك بکەن .

٢-دەست تێوەردانی لایەنە دەرەکی یەکان لە ئیدارەی پەروەردەییدا. لە دامەزراندن و گواستنەوەو دانانی بەرێوەبەرەکان بە شێوەیەکی نادروست .

٣-کەمی بینای خوێندنگاو دوو دەوامی و سێ دەوامی سەرەرای ئەوەی کە بەشێکی زۆری خوێندنگاکان نەگونجاون .

٤- کەمی کەل و پەل و پێداویستیەکان وەك :تاقیگە - کتێبخانە - هۆی روونکردنەوە ...هتد)

٥-نەبوونی نەخشەو پلانی توکمەو پوخت بۆ رێکخستنی میلاك و ژمارەی مامۆستایان بە پێی وانەکان .

٦- ناعەدالەتی لە هەلبژاردنی مامۆستایان بۆ خولەکانی راهێنان و کۆنترۆلی ئەزمونە گشتییەکان دوور لە رێنمایی و بنەما پەروەردەیی یەکان .

٧- نەبوونی بەرنامە ی پەروەردەیی یەك بوو ( التخطيط التربوي الموحد).

٨-کەمی ، یان نەبوونی بوودجەی گونجاو بۆ ئیدارە پەروەردەیی یەکان .

٩-نارێکی لە ئەنجامدانی پرۆژەکانی بریاری ٩٨٦ لە بواری پەروردەدا بۆ نمونە نوێکردنەوەی بینای خوێندنگاکان لە کاتی دەوامدا ئەنجام دەدرێن

١٠- نەبوونی تەکنەلۆجیای سەردەم لە خوێندنگاکان وەك کۆمپیوتەرو تاقیگەو ...

١١-نەبوونی دەزگایەکی چاودێری ئیداری بۆ چاودێری کردنی ئیش وکاری فەرمانگە پەروەردەیی یەکان

١٢-وانەی تایبەتی ( الدروس الخصوصية) کە کاریگەری خراپی لەسەر رادەی زانستی خوێندکاران هەیە بە تایبەتی چینە هەژارەکان و چەندان دیاردەی دزێوی لێ ئەکەوێتەوە.پ٤ :چارەسەر کردنی کێشەکان چۆن دەکرێت بە شێوەیەك کە ئیدارەی پەروەردەیی ببێتە فاکتەرێك بۆ پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا؟

بۆ وەلام دانەوەی ئەم پرسیارە زۆربەی هەرە زۆری وەلامەکان ئامارە بەم رێگا چارانەی خوارەوە دەکەن:

١-چاککردنی باری گوزەرانی مامۆستایان.

٢- نەهێشتنی دیاردەی دەستێوەردانی لایەنە دەرەکییە کان لە کارو باری ئیدارەی پەروەردەیی دا.

٣- دابینکردنی پێداویستیەکان پێش دەستپێکردنی سالی خوێندن وەك : کەل وپەل - میلاك - کتێب - قرطاسية ....هتد.

٤- كردنەوەی خولی ئیداری .

٥- ئیدارەیەكی دیموكرات دابمەزرێت ودەسەڵاتە ئیدارییەكان بە عەدالەت دابەشبكرین .

٦- نوێكردنەرەو چاككردنی پرۆگرامەكانی خوێندن.

٧- دارشتنی پلانیكی واقعییانە بۆ ئیدارە پەروەردەیی‌یەكان .

٨- چارە سەر كردنی كێشەیی : بینای خوێندنگا - ئاو - كارەبا - هۆی گواستنەوە .

٩- دانانی بودجەی پێویست بۆ ئیدارە پەروەردەیی‌یەكان .

١٠- گرتنی كۆرو سمنیارو كۆنكرەی پەروەردەیی .

١١- ناردنی هەندی پسپۆری ئیداری بۆ دەرەوەی وڵات بۆ سوود وەرگرتن لە تەجروبەی وڵاتە پێشكەوتووەكان لە بواری ئیدارەی پەروەردەیی دا .

١٢- چارەسەری كێشەی ئەو مامۆستایانە بكرێت كە تەمەن وخزمەتیان زۆرە .

١٣- بایەخدان بەزمانە بیانییەكان وبەكارهێنانی تەكنەلۆژیای نۆی .

١٤- هەوڵبدرێت لە گوندە دوورەكاندا خانوو بۆ مامۆستایان دروستبكرێت .

١٥- كێشەی وانەی تایبەتی چارەسەر بكرێت بەوەی :

لە چەند رۆژیكی هەفتەدا چەند مامۆستایەكی لێهاتوو وانەی ( إضافی ) بڵینەوە بۆ پۆلی سێی ناوەندی - شەشەمی ئامادەیی ولەلایەن رێكخراوی (یونسكۆ) وە بودجەیەكی باشیان بۆ تەرخان بكرێت هەروەها تەلەفزیونی پەروەردەیی دابمەزرێت كە بە درێژایی ساڵی خوێندن وانە پێشكەش بكات .

بە كورتی دەتوانین بگەینە ئەو دەرنجامە كە ئەگەر دڵسۆزان وخەمخۆران ، سەپەرشتی نەهێشتنی كێشەكان بكەن وهاوكاری وهەماهەنگی رێكخروەكانی (un) مسۆگەر بكرێت دەتوانرێت لە ماوەیەكی كورت دا سەر جەم كێشە پەروەردەیی‌یەكان چارەسەر بكرێن رئیدارەیەكی پەروەردەیی نۆی وهاوچەرخ بێتە كایەوە ...

**هەڵسەنگاندنی ئیدارەی پەروەردەیی لە هەرێمی كوردستاندا**

بەپێی پێناسەی زۆربەی پسپۆرانی پەروەردەی هەرێمی كوردستان ئیدارەی پەرورەردەیی سەركەوتوو : ئەو ئیدارەیە كە سەرجەم وزەو توانا مادیو مرۆیی‌یەكان رێكبخات و ئاراستەی بە دیهێنانی ئامانجە خوازراوەكانی بكات بە چاكترین شێوەو كەمترین تێچوون وپێویستە لە راپەراندنی كارەكانیان ئەم خاڵانە رەچاو بكات :

١- لە بەر رۆشنایی فەلسەفەیەكی پەروەردەیی نوی وهاوچەرخ .

٢- بەپێی نەخشەو پلانێكی پەروەدەیی وپێشكەوتو واقیعی .

٣- شێوازی دیموکراتی ئیداری پەیڕەو بکات . واتە لامەرکەزییەت بچەسپێنێت چونکە مەرکەزیەت ئیدارە بەرەو دیکتاتۆریەت ئەبات .

٤- ئیدارەی پەروەدەیی لە لایەن کەسانی پسپۆڕو شارەزاوەببرێت بەڕێوە کە خاوەنی ئەزموون ودڵسۆزی ونیشتمانپەروەری بن .

ئیدارەی پەروەدەردەیی کە بەر پرسە لە دروستکردنی مرۆڤی کورد لە ڕووی عەقڵی ورامیاری وزانستی وجەستەییەوە کە ساڵە های ساڵە لە ژێر دەستی وچەوساوەیی دا دەژی پێویستە زۆر شارەزاو پسپۆر بێت تا دەزگا پەروەردەییەکان بەرەو ئەو ئامانجە بەرێت کە گەلەکەمان بە ڕووبار خوێن بۆڕشتووە . .

ئێرە تەنها هەر پسپۆڕیش بەس نییە بەڵکو دەبێت ئەو کەسە لە بواری خەباتی نیشتمانیدا ناوبانگی هەبێت چونکە ئەگەر وانەبێت ناتوانێت لە ئاستی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەی دا بێت وپێویستە ئەم جۆرە کەسانە لە ئیدارەی پەروەردەیی دوور بخرێنەوە .

لە بەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی سەرەوەدا وا لە خوارەوە هەڵسەنگاندنی ئیدارەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە :

١- ڕاستە هەوڵە تاکە کەسییەکان وئارەزووی مامۆستایان و خوێندکاران وکەس وکاریان وکۆمەلانی خەڵکی کوردستان وای لە ئیدارەی پەروەردەیی کردووە کە دەست بداتە پوختە کردن و بژارکردنی کتێبەکانی خوێندن بەلام ئەم هەولانە ماوەیەکی درێژی خایاند وئیدارە چاوەڕێی فەرمانی سەرکردایەتی هەرێم بوو بۆیە ئەتوانین بڵێین ئیدارە کە تارادەیەك دەستپێشخەرنەبووە بۆ ئەنجامدانی گورانکاری لە کتێبەکانی خوێندن و بۆ پێشنیار کردنی فەلسەفەی پەروەدەیی لە هەرێمی کوردستاندا .

لەبەر ڕۆشنایی ڕامیاری گشتی سەرکردایەتی سیاسی هەرێم و گۆڕینی پرۆگرامەکان بە تایبەتی کتێبەکان بە پێی ئەو فەلسفەیە کە پێویستە فەلسەفەیەکی دیموکراتی و ئازادیخوازانە بێت لە چوارچێوە یدا مافی چارەی خۆ نووسین بۆ گەلی کوردستان دابین بکات راتە گواستنەوی ئامانجەکان لە ڕووی فەلسەفەی سیاسییەوەو بەخشینی شەرعیەتی ڕامیاری ، لە ئامانجی حیزبی بۆ ئامانجی گشتی سەرجەم گەلی کوردستان تاببێتە هۆی پتەوکردنی مانای کوردایەتی لە دڵ و دەروونی سەرجەم قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان و کۆمەلانی خەلك دا .

٢. پێویستە بەکار هێنانی سەرجەم توانا مرۆیی و مادییەکان بەپێی نەخشە و پلانی گونجاو لەگەڵ واقیعدا بێت . تائێستا ئامانجە پەروەردەییەکان بە ڕوونی دەستنیشان نەکراون ، ئاشکراشەکە ئامانجەکان ڕوون نەبن ئەوا ئەو نەخشە پەروەردەیی یە نایەتەکایەوە

ئیداردی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان هەمیشە سەرقالی دابینکردنی مامۆستا بۆ خوێندنگاکان بووە لەگەڵ پێداویستیە ئیداری و پەروەردەیی یەکانی تر بەپێی نەخشەو پلانی توکمەو گونجاو ئەمەش بۆتە هۆی دامەزراندنی مامۆستا و فەرمانبەرانی ئیداری بە ئیشاو ئێستا نزیکەی (٤) چوار هەزار مامۆستا لە پێویست زیاد هەیە و (٥) پێنج هەزار فەرمانبەری ئیداری زیادن ... واتە وەزارەتی پەروەردە بۆتە پرۆسەیەکی خێرخوازی بۆ دابینکردنی کار بۆ هاولاتیان بیگویدان بە بنەما سەرەکییەکانی بەرێوەبەرێتی ئیدارەی حکومی سەردەم و پێشکەوتوو بەمەش باری شەمەندەفەری حکومەتی هەرێم ئەوەندە گران بووە کە خەریکە لە ڕێرەوی خۆی دەرئەچێت .

٣. لە بواری دابەشکردنی ئەرکە ئیداری یەکانیشدا : ئەزانین کە هەر لەسەدەی (١٩) مەوە دابەشکردنی کار (تقسيم العمل) و ئیدارەی زانستی ( الإدارە العلميە ) هاتۆتە کایەوە و لەسەدەی بیستەمەوە سستمی ئیدارەی لامەرکەزی چەسپاوە واتە پێدانی دەسەلات لە ناوەندەوە بۆ فەرمانگە فەرعییەکان بەمەبەستی کەمکردنەوەی تێچوون لە رووی مادیو کاتەوەو پەرەسەندنی گیانی دا هێنان (( الإبداع )) لەنێو بازنە ئیدارییەکاندا ...

سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە : تا ئێستا نیزامی پێشنیارکراو بۆ وەزارەت بڕیاری لەسەر نەدراوە وزۆربەی دەسەلاتی ئیدارەییەکان پێشێل کراون ئەمەش هەردەم بۆتە مایەی ناکۆکی نێوان لێپرسراوانی فەرمانگە و بەشە ئیدارییەکان واتە ئەرکەکان لەلایەن کەنالەکانی خۆیانەوە جێبەجێ ناکرێن دەبوو بەشە جیاجیاکانی بەرێوەبەرێتییە گشتییەکانی پەروەردەیی پارێزگاکان بەشێوەیەکی یەك پەیکەری ڕێك بخرێن کە لەگەڵ پەیکەری وەزارەت دا گونجاو بێت .

٤. دانانی کادیری پسپۆری خاوەن ئەزموون و نیشتیمانپەروەر و دلسۆز و دەست و داوین پاك بۆ بەرێوەبردنی ئیدارە پەروەردەییەکان ئەرکی سەرەکی لێپرسراوانی ئیدارەی پەروەردەییە واتە دانانی کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو نەك وەزیفە بدۆزێتەوە بۆ کەسانی بێئیش لە هەموو ولاتانی جیهاندا لەکاتی دامەزراندنی کادیری ئیداری ڕەچاوی ئەوە دەکرێت : کە بڕوای تەواوی بە سستمی رامیاری پیادەکراوی ئەو ولاتە هەبێت بۆ یەگەلی کوردستان مافی خۆیەتی ئیدارەی دام و دەزگاکانی حکومەتەکەی لە ڕۆڵە دلسۆز و نیشتیمانپەروەرەکانی پێك بهێنرێت .

١. دانانی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تایبەت بە هەرێمی کوردستان کە هەلقولاوی سیاسەتی گشتی سەرکردایەتی سیاسی هەرێم بێت .

٢. دانانی ئامانجە پەروەردەییەکانی گشتی و تایبەت بە هەموو قۆناغەکانی خوێندن .

٣. سووربوون و بەردەوامبوون لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی پوختەکردن و بژارکرن و دانانی کتێبەکان لەسەر جەم قۆناغەکانی خوێندن دا .

٤. ناردنی پسپۆرانی پەروەردەیی لە بواری پرۆگرامەکانی خوێندن و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی و ڕاهێنان بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ هەندی وڵاتانی دراوسێ و عەرەبی و ئەوروپی بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پەروەردەیی لەو وڵاتانەدا .

٥. دیراسەکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنی پەیمانگاکانی مامۆستایانی سەرەتایی بە مەبەستی دانانی پرۆگرامی نوێی هاوچەرخ و دانانی مامۆستای شیاو بۆیان تا بتوانرێت مامۆستای پسپۆڕ و شیاو بۆقوتابخانە سەرەتاییەکان ئامادە بکرێت .

٦. بڕیاردان لەسەر نیزامی وەزارەتی پەروەردە .

٧. نەهێشتنی دیاردەی وانە ووتنەوەی تایبەت (( الدروس الخصوصيه )) کە بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستی خوێندکاران و بازرگانی کردن بە پرۆسەی پەروەردە و دیاردە دزێوەکان بەو شێوەی کە باسمان کرد .

٨. چارەسەرکردنی کێشەی کەمی مامۆستا لە شوێنە دوورەکان (( المناطق النائية )) بە پێدانی دەرماڵەی نیشتەجێبوون ((مخصصات الإقامة )) بەبڕی (١٠٠) سەد دینار بۆ هەر مامۆستایەك کە ژمارەیان ( لە _٦٠٠) شەش سەد مامۆستا تێپەڕنا پەڕێت .

٩. هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی مامۆستایان بە گشتی بە هاوکاری لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی یونسیف و یونسکۆ .

١٠. دانانی میلاکی مامۆستایان لەسەر بنەمای ژمارەی وانەکانی هەفتانە (( جدول توزيع الحصص )) و چارەسەرکردنی ژمارەی مامۆستایانی زیاد لە پێویست (( الفائضين عن الحاجة )) بە : خانەنشین کردنی ئەو مامۆستایانەی کە

تەمەنیان لە (٦٣) ساڵ تێپەڕبووە دوای تەعدیلکردنی یاسای خانەنشینی بەشێوەیەك کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا بگونجێت و مانگانە بەڕێك و پێکی مووچەیان بدرێتێ .

١١. دامەزراندن و دابەشکردنی مامۆستایان بەسەر خوێندنگەکاندا لەسەر بنەمای پێویستی وانە ووتنەوەو پڕکردنەوەی نیسابی یاسایی وانە ووتنەوە دوور لە واسیتەو دەستێوەردانی دەرەکی .

١٢. دانانی بەڕێوەبەری خوێندنگاکان و یاریدە دەرەکانیان و بەڕێوەبەری بەشە ئیدارەییەکانی پەروەردەیی پارێزگاکانی هەرێم وبەڕێوەبەرە گشتییەکان لەسەر بنەمای پسپۆڕیو لێهاتوویی و دڵسۆزیو نیشتیمان پەروەری و دەست وداوین پاکی دوور لە واسیتەو خزمایەتی و دۆستایەتی . وە ئەنجامدانی پێداچوونەوەیەك بە پسپۆڕی و لێهاتوویی و دلسۆزی سەرجەم بەڕێوەبەران و سەرۆك بەشەکان و کارەبەدەستان .

١٣. هەوڵدان بۆ هاوکاری کردن و یارمەتیدانی ئەو خوێندکارانەی کە کێشەی جۆراو جۆریان هەیە : هەژاری ، کۆمەڵایەتی ، تەندروستی ، بێباوك و دایکی ، ئاوارەبوون ، کەم ئەندامی ، نەخۆشی درێژخایەن لە ڕێگای هەردوو ڕێکخراوی یونسیف و یونسکۆ وە ، بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر کێشەکانیان داونەکەوتنیان لە خوێندن ، بە تایبەتی کە ژمارەیان زۆرە و ((٣٩ ٪)) ی ژمارەی سەرجەم خوێندکارانی کوردستانە .

١٤. زیاد کردنی بودجەی سێکتەری پەروەردە لە بڕیاری (٩٨٦) و زیادکردنی ژمارەی بینای خوێندنگای نوێ و نوێکردنەوەی بیناکۆنەکان و دابینکردنی پێداویستیە پەروەردەیی یەکان : وەك ریحلە و تەختەرەش .... بە تایبەتی کەل و پەلی زانستی بۆ تاقیگەکان و کتێبخانەکان و هۆکانی ڕوونکردنەوە و کەل و پەلی وەرزشیو هونەر و دابینکردنی کۆمپیوتەر بۆ دواناوەندییەکان بۆ ڕاهێنانی خوێندکاران .

١٥. گەشە پێدانی خوێندنی پیشەیی بە گشتی لە ڕووی پرۆگرامەکانی خوێندن و دابینکردنی کەل و پەل بۆ وەرشەکان و سوود وەرگرتن لەو وەرشانە بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنەر بۆ دابینکردنی کەل و پەلی پێویست بۆ سەرجەم خوێندنگاکانی هەرێم .

١٦. گەشەپێدانی مەڵبەندی ئیشی دەست و مەڵبەندی هۆیەکانی فێرکردن لە بەڕێوەبەرێتیە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکانی هەرێم و بەکارهێنانی ئەم مەڵبەندانە بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان و خوێندکاران .

١٧. گەشەپێدانی ئیدارەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە بەڕێوەبەرییەتیەگشتییەکانی پارێزگاکان بۆ نوێکردنەوەی زانستی مامۆستایانی کوردستان لە بواری ڕێگەکانی وانە ووتنەوە دەروون ناسی و بابەتەکانی خوێندن بەگشتی و دانانی نەخشەیەکی فراوان و توکمە بۆ راهێنانی مامۆستایان بە بەردەوامی .

١٨. دانانی نەخشەیەکی پەروەردەیی کورت ( سالانە ) و درێژ خایەن (٥) پێنج سالّی بۆ گەشەکردنی پرۆسەی پەروەردە بەگشتی و دانانی بودجەیەکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی گەشەکردنەکە بە هاوکاری هەر دوو ڕێکخراوی : یونسیف و یونسکۆ .

١٩. گرتنی کۆڕ و سمینیار و کۆنگرە بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامەکان خوێندن بە شێوەیەکی بەردەوام .

٢٠. بایەخدان بە زمانە بیانیەکان بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نویٚ لە پرۆسەی فێرکردن یان دا .



# پڕۆگرام و کتێب
# وهۆکانی فێرکردن
# وقوتابخانە تایبەتی یەکان



**بەڕێزان ئامادەبووانی کۆنگرە .......**

بە پەسەندی دەزانین ...پێش ئەوەی بێینە سەر پێشکەش کردنی پێشنیازو داخوازی یەکانمان ... سەرەتا سەرنجی ئامادەبووانی کۆنگرە بۆ کورتە باسێك دەربارەی خودی پرۆگرام رابکێشین بەو مەبەستەی جیاوازی بکرێت لە نێوان کێشەی پرۆگرام و کتێبدا .... تا بتوانین رێگە چارە بۆ هەریەکەیان بدۆزینەوە .

لەو روانگەوە ئەڵێین پرۆگرام جۆراو جۆر پێناسە کراوە ....

پرۆگرام کە مەنهەجە بە زمانی عەرەبی ... ئەم وشەیە لە رووی زمانەوە لە (نهج) ەوە هاتەوە کە بە واتای ( الطریق الواضح) دێت .

بە لێکدانەوەی زانستوەرانەیش ...پرۆگرام بەرنامەی کارە ( خطة العمل) پرۆگرام جۆرێکە لە تەشریع پرۆسەی فێرکردنی پێ رێك دەخرێت جا لە رووی پەروەردەییەوە یا لە رووی پیشەسازییەوە ( صناعی) یا لەرووی کشتوکاڵییەوە بێت .

بێگومان هەریەك لەو لایەنانە پێویستی بە پرۆگرامی تایبەت بە خۆیەتی پرۆگرام سەرچاوە لە ژیان و ژینگە وە وەردەگرێت .

بە شێوەیەکی گشتی پرۆگرام بریتییە لەو جۆرە خوبراتە هەمە چەشنانەی کە ئەگەیەنرێتە منداڵ وەك (پەوەردەیی، رۆشنبیری ، هونەر ،کۆمەلایەتی ، تەندروستی...تاد) بەو مەبەستەی کەسییەتی منداڵ گەشە بکات لە هەموو روویەکەوە لە رووی لەشی و ژیری و ویژدانی و کۆمەڵایەتی ودەروونییەوە .

با یە خی پرۆ گرام :

پرۆگرام دەستنیشانی ئایندەی کۆمەڵگە دەکات .. دیارە پرۆگرامی قۆناغی سەرەتایی کاریگەرییەکی ئێجگار گرنگی هەیە لەسەر دیاری کردنی ئایندەی کۆمەڵگە چونکە ئەم قۆناغە ، قۆناغی درووستکردنی کەسییەتی تاکە ( شخصیه الفرد).

واتە تا پرۆگرامی قۆناغی سەرتایی زیاتر سیمای شارستانییەت و سیمای پرۆگرامی سەردەمی پێوە دیار بێت ، بەو ئەندازەیە ئایندەی کۆمەڵگە رووی لە شارستانیە تو پێشکەوتنە...بۆیە سیاسەتمدارێکی گەورە لەم بارەیەوە دەڵێت :(پرۆگرامی قۆناغی قوتابخانەکان بخەنە بەردەستم .. پێتان دەڵێم چ ئاییندەیەك چاوەروانی کۆمەڵگەکەتان دەکات .

فەلسەفەی دەوڵەت ئامانج –هدف دیاری دەکات.

ئامانج پرۆگرام دیاری دەکات ..الغایة تحدد الواسطة .

باشترین پرۆگرام : ئەو پرۆگرامەیە هەمیشە لە گۆڕاندابێت – –مستقر نەبێت–سوودی لێوەرگیرێت.. یان لە ژیاندا پێویستی پێبێت

دانانی پرۆگرام دەچوێندرێت بە دروستکردنی خەستەخانە:

–بۆ چی لە ناوچەیەکی دیاری کراودا خەستەخانەیەك دروست دەکرێت؟

ئەمە ئامانجە( هدفە)

- ئەندازیار نەخشە کێشی بیناکە دەکات و درووستی دەکات .. ئەمە پرۆگرامە .

که تەواو بوو لە رووی کەموو کوری وپێویستی فراوانکردنییەوەوچۆنیەتی بە جێگەیاندنی ئەو ئامانجەی ئەم پرۆگرامەی بۆ دارێژراوە هەڵدەسەنگێنرێت ئەمە یان کرداری هەڵسەنگاندن(تقويم) دەگرێتەوە.

جۆری پرۆگرام:

١-پرۆگرامی منفصل-جیاجیا واتە مادەکان بە جیا دەخوێنرێن .

٢-پرۆگرامی محوەری .. واتە مادەیەك دەبێتە محور بۆ ئەوانی تر .

پرۆگرامەکانی ئێمە :

-پرۆگرام لای ئێمە بە ئامانج لێکدەدرێتەوە.

-بریتییە لە کتێب و مەلزەمە.

-ئالییە لەسە ر دەرخ وەستاوە.

-بایەخ بە خەزن کردنی مەعریفەی مجرد دەداتو دوورە لە ادراکی مفاهیمەوە.

لە پرۆگرامی منفەصلدا : وانە وتنەوە اتجاهی تملطي ، مامۆستا+کتێبە ، قوتابی مونە فیزە- مامۆستا محوری وانەیە.

لە پرۆگرامی محوەریدا:وانە وتنەوە اتجاهی کشفیە .. مامۆستا : مرشد وە موەجیهو موجیبە..مامۆستا هەمووشتێك نییە لە وانەکەدا.

کەمو کوری پرۆگرامەکانمان:

-ماوەی خوێندن ١٨٠ رۆژە.

-سەعاتی دەوامی خوێندن زۆرە قوتابی سەرتایی هەر سێ سەعات تواناى فێربوونی هەیە.

-هەڵسەنگاندنی قوتابی لەسە ئستی خۆینیە.

-پرۆگرام پێش دابەشکردنی پراکتیك ناکرێت .

-پرۆگرام لێژنەی مووەقەت دایدەنێت

-لێژنەکانی دانانی پرۆگرامی قۆناغی سەرەتایی بە بە زۆری ئەندامەکانی پسپۆرین.

<u>چارەسەرکردنیان:</u>

-پێشنیاز دەکەین ماوەی خوێندن بکرێتە ٢١٠ رۆژ

-دەوامی سیانی کە لە بنچینەدا هەر دەوام نییە چارەسەر بکرێت .

-پرۆگرام پێش دابەشکردنی پراکتیك بکرێت.

-دانانی پرۆگرام پێویستە لە لایەن دەستگایەکی هەمیشەییوە بێت.

-پێویستە ئەندامانی لێژنە دانانی پرۆگرام لە قۆناغی سەرەتاییدا زۆربەیان لە شارەزایانی پەوەردەیی و دەروونناسان بن.

-پیویستە پرۆگرام لە ژیان و ژینگە ی قوتابییەوە سەرچاوەی وەرگرتبێت.

-بۆ چارەسەر کردنی سەعاتی دەوام پێشنیاز دەکەین لیژنەیەك لە شارەزایان دابنرێت بۆ دارشتنەوەی پلانی خوێندن و دابەشکردنی وانەکان ( لأعادة الخطة الدراسية وتوزيع الحصص).

-پێشنیاز دەکەین کە رێنوسی کتێبە پرۆگرامییەکان لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا یەك شێوازە رێنوس بێت.

-پێشنیاز دەکەین کە زاراوە رێزمانییەکان لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەوە یەکبخرێن بۆ نمونە ( راناو) کراوەتەوە ( جێناو)پێویستە لە گشت قۆناغەکان هەر ( جێناو ) بێت.

-پێشنیاز دەکەین لە پۆلی یەکەمەوە تا پۆلی سێیەم بابەتی زانست بە شێوەی کتێب نەبێت .. چاکتر وایە وەك سالانی پێشو بە شێوەی برگە داربژرێت ...

-پێشنیاز دەکەین سەرجەمی پرۆگرامەکانی قۆناغی سەرەتایی و قۆناغەکانی تریش لە شێوەی کتێبێکدا تۆمار بکرێن و وێنەی بچیت بۆ بەرێوەبەرێتی قوتابخانەکان و خوێندنگاکان.

-پێشنیاز دەکەین کتێبی زمانی عەرەبی لە گشت پۆلەکاندا بە شێوەیەك داربژرێت کە بۆ قوتابی غەیرە عەرەب بێت وە بە شێوەی گفتو گۆ ( محادثة) بێت.هەروەك چۆن ئێستا لیژنەی عەرەبی کتێبی پۆلی چوارەمیان دارشتووە ، لەم بارەیەشەوە شایانی دەستخۆشکەرین و سوپاس.

-پێشنیاز دەکەین کە مەلزەمە و کورتکردنەوەی کتێب قەدەغە بکرێت .

پێشنیاز دەکەین پەیمانگای هونەرە جوانەکان سەرووی پسپۆری بابەتە تایبەتمەندەکانی خۆیان ... زیاتر بایەخ بە رێگەی وانە وتنەوە بدەن .. لەبەر ئەوەی کە زۆربەیان دەبنە مامۆستا .

-پێشنیاز دەکەین لێکۆلینەوە و توێژینەوە لەسەر بابەتی ( تخصيص) لە پەیمانگای مەلبەندیدا بکرێت ... بۆ ئەوەی بریار لەسەر یەکلای کردنەوەی ( بە مانەوەی یا لابردنی) بدرێت .

-پێشنیاز دەکەین قوتابخانەیەك بکرێتە قوتابخانەی پیادەکردن( تطبيق) بەمەرجێك ئەم قوتابخانەیە تارادەیەکی زۆر لە قوتابخانەیەکی نمونەیی بچێت لەرووی مامۆستای چاك و گشت پێداویستیەکانی ترەوە . بە هەمان شێوە خوێندگایەکیش بۆ باوەندی و دواناوەندی و ئامادەیی دابنرێت لە کاتێکدا ئەگەر کۆلێجی پەروەردە کرایەوە .

-پێشنیاز دەکەین بە گوێرەی پێویستی هەرێم پەیمانگای پیشەیی بکرێتەوە .

- پێشنیاز دەکەین کۆلیجی پەروەردە بکرێتەوە.
- پێشنیاز دەکەین کۆلیجێك بە ناوی کۆلیجی مامۆستایانەوە ( كلية المعلمين) بکرێتەوە تا بتوانرێت دەرچووانی ئەم کۆلیجە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان دابنرێن.
- پێشنیازدەکەین چیدی پەیمانگای مامۆستایان لە قەزاکاندا نەکرێتەوە لەبەر نەبوونی کادری کارامە بۆ وانە وتنەوە لەو شوێنانە دا و گەلێك هۆکاری تر .
- پێشنیاز دەکەین بە پرۆگرام و بەرنامەکانی پەیمانگای مەلبەندی مامۆستایاندا پێداچونەوەو لێکۆلینەوە بکرێت و سوود لە ولاتانی دراوسێ و سیستمی پەوەردەیی سەردەم وەرگیرێت .

- پێشنیاز دەکەین وەرگرتنی خویندکار لە پەیمانگای مەلبەندی لەسەر بنچینەو بنەمای تایبەتی وەرگیریٚ و هەموو مەرجە بنەرەتیەکانی وەرگرتنی تێدا رەچاو بکرێت.
- پێشنیاز دەکەین پیادە کردن ( تەتبیق) لە پۆلی کۆتایی پەیمانگا بە درێژایی سالی خوێندن بێت ... زیاتر بابەتی پرۆگرامەکان بە عەمەلی پیادە بکرێن .
- پێشنیاز دەکەین یاسای بەزۆر خوێندن کاری پێبکرێت ..
- پێشنیاز دەکەین پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بخرێتە بەر لێکۆلینەوە و رێگە چارەی گونجاوی بۆ دابین بکرێت وبە پێی پلان و نەخشە کێشی وەزارەتی پەوەردە بکرێتە وەو لە ژێرچاودێری خۆیدا بێت .
- پێویستە لەسەر پرۆژەی( یافعین) نەوجەوانان لێکۆلینەوە و توێژینەوە بکرێت و سوود لە ئەزموونی ولاتانی دەرەوە بۆ ئەم مەبەستەوەرگیرێت.
- ئیستا لە پرۆسەی پەوەردەدا بۆ ئاسانکاری و بەرێوەبەردنی ئیشوکار جۆرێک لە لامەرکەزییەت پیادە دەکرێت .. لەبەر فراوانی دامو دەستگاکانی وەزارەتی پەوەردەزۆر بوونی ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگاکان و مامۆستایان...-پێشنیاز دەکەین کە بەرێوەبەرێتی گشتی پەوەردە بکرێتە دوو بەرێوەبەریەتی و پەوەردە یش بۆ قەزای هەلەبجەی شەهید بکرێتەوە .. دەسەلاتی تەواویش بدرێتە ئەو بەرێوەبەرییەتیانە .
- هەروەهاپێشنیاز دەکەین دەزگاو بەرێوەبەرییەتی یەکانی تری ناو وەزارەت و بەرێوەبەرییەتی گشتی پەوەردە دەستەلاتیان سنوردار نەکرێت و شێوە لامەرکەز یەکیان پێبدرێت.
- پێشنیاز دەکەین بەرێوەبەرییەتی پرۆگرام و کتێبەکان زۆر بایەخیان پێبدرێت و بە کەسانی کارامە و شارەزا بەر فراوانتر بکرێن .
- پێشنیاز دەکەین کە لە تەلەفزیۆنی پەوەردەیی دابین بکرێت .
- پێشنیاز دەکەین رێکخراوەکان بە پێی پلان و ئاگاداری خوولی راهێنان بکەنەوە و چالاکی پەوەردەیی ئەنجام بدەن.
- پێشنیاز دەکەین بەشی سایکۆلۆژی لە زانکۆ بکرێتەوە.

-پێشنیاز دەکەین کەسانێك بکرێنە وانە بێژ کە خولی قادەیان دیبێت و بە سەرکەوتوویی ئەو خولەیان بریبێت کەماوەکەی بەلای کەمەوە لە دوومانگ کەمتر نەبووبێت .

-پێشنیاز دەکەین لێژنەیەکی لێکۆلینەوە و توێژینەوە بۆ دارشتنەوەی دەستورو بنەماو چۆنیەتی ڕاهێنان و چالاکیە جۆراو جۆرەکانی تر پێك بهێنرێت.

-پێشنیاز دەکەین پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر بنچینەی نەخشە کێشانێکی پەروەردەییەوە ( التخطيط التربوي ) سەرچاوە وەرگرێت .

- پێشنیاز دەكەین كە خولی تایبەتی درێژ خایەن كە لە دوو مانگ كەمتر نەبێت بۆ مامۆستایان بكرێتەوە بە مەرجێ دەرچووانی ئەو خولە پا بەند بن بە ووتنەوەی ئەو وانانە وە كە خولیان بۆ دیوە ...

- پێشنیاز دەكەین كە لێژنە زانستیە پسپۆرەكان ( اللجان العلميه المتخصصه ) زۆر بایەخیان پێدرێتەوە و سەر لە نوێ دروستبكرێتەوە و بخرێنەوە كار

- بە مەبەستی تەواو كردنی پرۆگرامەكان بە پێی پلانی سال و رۆژانەو بە شێوەیەكی تێرو تەسەل ... پێشنیاز دەكەین كاری گواستنەوەی مامۆستایان هەموو سالێك لە پشووی هاویندا لە مانگی هەشتدا كۆتایی پێبێت ...

- – پێشنیاز دەكەین دیاردەی گواستنوەی بە دەوام نەمێنێبە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا.

- پێشنیاز دەكەین كە بیتاقەی مدرسی كاری پێبكرێت و بكەوێتەوە كار بە شێوەیەكی زانستیانە و پەروەردە ییانە .

- پێشنیاز دەكەین كە بابەتی وانەكانی قۆناغی سەرەتایی بە زۆری بكرێنە عەمەلی....

- پێشنیاز دەكەین كە دوا چاپی كتێب دابەشبكرێت بەسەر قوتابخانەكاندا هەمیشە كتێب بە ئەندازەی ژمارەی قوتابی و خوێندكار دابەش بكرێت.

- – پێشنیاز دەكەین كورسەیەك بۆ فێربوونی خەت لە پۆلی سێیەمەوە تا پۆلە كانی تر چاپبكرێت ( بۆ فێربوونی خەتی كوردی.. عەرەبی –ئینگلیزی).

- پێشنیاز دەكەین كە فەرهەنگی كوردی و عەرەبی ئینگلیزی لە گشت قوتابخانەو خوێندنگایەكدا هەبن .

- پێشنیاز دەكەین لێژنەیەكی شارەزاو پسپۆر لێكۆلینەوەو توێژینەوە ( بحث ودراسات) لەسەر پەیرەو بنەماكانی ( النظام والتعليمات ) قۆناغی سەرەتایی و قۆ ناغەكانی ناوەندی و دواناوەندی ئامادەیی بكات ... بە مەبەستی نوێكردنەوەو گۆرانكاری لە پەیرەو بنەماكادا

- پێشنیاز دەكەین مەلبەندی هۆیەكانی فێركردن زیاتر بایەخی پێبدرێت و بە شی دارتاشی و بە شەكانی تر بكەونەوە كار ... ئەویش بە دابین كردنی كەرەستەی خاوو پێویستیەكانی تری وەك عاریچەی سلایدات و جیهازی ئۆڤەر هێد ( فوق الراس)و مجلد رادیوو حەقائبی وسائلی تعلیمی یەوە .

- پێشنیاز دەکەین کە کامێرەکانی ( سکرین فول ئۆتۆماتیک) بۆ چاپکردنی نەخشەو وێنەکان لەگەڵ ئامێری تۆمارکردنی خێرا ( جهاز التسجیل السريع) بۆ مەلبەندی فێرکردن دابین بکرێت لە ڕێگەی یونسیفەوە .

-پێشنیاز دەکەین خوێندنگای پیشەیی لە ناوچە جاجیا کانی هەرێمی کوردستاندا بکرێتەوە و سوود لە ژینگە وەرگیرێت بۆ ئەم مەبەستە لەگەل دابین کردنی کارو کەرەستەی تەواو .

-پێشنیاز دەکەین ئەو کتێبانە ی کە چاپکراون ئامادەن دابەش بکرێن بەسەر قوتابخانە و خوێندنگاکاندا.

-پێشنیاز دەکەین لەم قوتابخانەی مەرجی تەواوی تێدایە مامۆستای پۆل پیادە بکرێت.

-پێشنیاز دەکەین ئەو کتێبانەی ئامادەی چاپن بە زووترین کات چاپ بکرێن

-پێشنیاز دەکەین لیژنەیەك لە شارەزایان دابنرێت بۆ ئەوەی بچنەوە بەسەر کتێبی ئینگلیزی گشت پۆلەکاندا بۆ گۆڕین و گونجاندنی ئەو کتێبانە لەگەڵ زمانی کوردیدا .

-پێشنیاز دەکەین لە تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی شەشەمدا زیاتر بایەخ بەلایەنی زارەکی بدرێت وەبۆ ئەم مەبەستە پێویستە ڕێگە چارەیەك بدۆزرێتەوە .

پێویستە لە نێوان پرۆگرامەکانی قۆناغێك وقۆناغیدواتردا پەیوەندیو تێکۆڕانێك هەبێت

-پێشنیاز دەکەین کتێبەکانی ( مێژوو ،جغرافیا ، کۆمەلایەتی ) بخرێتە یەك بەرگە کتێبەوە بەهەمان شێوە کتێبەکانی زمانی کوردی و عەرەبیش لە پۆلەکانی پێنجەم و شەشەمی سەرەتاییدا واتە مێژوو و جغرافیاو پەروەردە . بخرێتە یەك بەرگە کتێبەوە وە ڕێزمان وهونراوەو خوێندنەوە ..بخرێتە یەك بەرگە کتێبەوە .

-لەبەر ئەوەی پۆلی سێیەمی ناوەندی پۆلێکی گشتیە ، پێشنیاز دەکەین خوێندنی ئامادەیی لە پۆلی چوارەمەوە دابەش بکرێت بۆ زانستیو وێژەیی واتە چواری گشتی نەمێنێت .

-بۆ ئەوەی ڕێگاکانی وانە ووتنەوە لە قۆناغەکانی ناوەندیو بەرەو ژوورتر لەگەڵ ئەو ڕێگاو شێوازانەدا ڕێکبکەوێت کە یونسکۆ لە کردنەوەی خوولەکانیدا پیادایان دەکات - پێشنیاز دەکەین پرۆگرامەکانمان و شێوازی تاقیکردنەوەکانمان بگۆڕین بۆ سەر ئەو ڕێبازو خوولانەی یونسکۆ .

-پێشنیاز دەکەین تاقیکردنەوە لەپۆلیەکەم ودووەمی سەرەتاییدا بەم شێوازەی ئێستای نەمێنێت هەروەها پلەی یەکەم و دووەم و سێیەم نەمینێت ، لەسەر کارتەکە بنوسرێت(دەرچووە)

# کۆلێجی صلاح الدین ئەیوبی ئەهلی / گوران

١- ئەم قوتابخانەیە سەربە ( کۆمپانیا ی فەزالەر بۆ پەروەردە و فێرکردن ) سەر بەلقی هەولێر مرکز لە ئەنقەرە یە

٢- زمانی خوێندن ئینگلیزیە ، زمانی کوردی ، تورکی ، عربی وەك دەرسێکی زمان دەخوێندرێ

٣- (٦٥) خوێندکار لە پۆلە یەکەمی تمهیدی وەرگیراوە بە نمرەی زۆرو بە تاقیکردنەوە . خشتەی ژمارە (٢)

٤- خوێندن بەخۆرایی یە ؟ واتا کرێی خوێندن وەرناگیرێ بەلام تەنها (٥٠٠) پێنج سەد دینار وەردەگیرێ بۆ جل وبەرگ وکتێب و پێداویستی تر

٥- دەوام لەکات ژمێر ٨بەیانی تاکو ٢/٥پاش نیوەرۆ .

٦- میلاك لە خشتەی ژمارە (٤) دیاریکراوە .هەروەها هەندێك لە مامۆستاکان خەلکی تورکیان هەندێکی تر خەلکی سلێمانین

٧- بینایەکەی خوێندن نوێیە هەموومەرجەکانی خوێندنی تێدایە بەلام ژوری کەمە ٤ چوارژور کراودتە ٨هەشت ژوور . پێویستیان بە دووژور هەیە لەگەل (کتێبخانە ) لەگەل دوو ژوور بۆ تاقیگەی فیزیا وکیمیا .

بەشی ناوەخۆی خوێندکارانی دەرەوە هەیە لەگەل کتێبخانەی (مطعم )

٨- کتێبی (منهجی ) وەك ( کومەلایەتی ، دین ، کوردی، عەرەبی ) کە وەری دەگرن ژمارەکەی زۆر کەمە . (لە گە نجینەی سلێمانی ) وەهەروەها کتێبە زانستیەکان لە تورکیا دێت

٩- ٢دووجۆرە مێژوو دەخوێندرێ .

أ- مێژووی جیهان بە تورکی

ب- مێژوی (کورد، اسلام ، کۆن) بە کوردی دەخوێندرێ .

هەروەها وانەی جوگرافیا دووجۆرە .

أ-جوگرافیای جیهانی بەزمانی تورکی .

ت- کتێبەکانی جوگرافیای ناو هەرێم بەزمانی کوردی .

١٠- پێویستیان هەیە بە :-

أ- دووسەبورە

ب- ٢٠رحلە.

ح- ٢مێژو .٤.کورسی .

## قوتابخانەی ( دواناوەندی کۆلیجی صلاح الدین ئەیوبی )

| ژ<br>NO | ناوی قوتابخانە<br>Name of Schools | سالی دامەزراندن<br>Es tablishi ngyear | شوێن / گەڕەك<br>Location-quarter | ژمارەی مامۆستایان<br>No. of Teachers | ژمارەی خوێندکاران<br>No. of pupils | تێبینی<br>Remarks |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دواناوەندی کۆلیجی صلاح الدین ئەیوبی | ١٩٩٧ | کارێزە وشك | ٢٦ | ٢٣٧ | |

## ژمارەی مامۆستایان بە پێی پسپۆری

| دین - عەرەبی | کوردی | ئینگلیزی | بیرکاری | مێژوو | جوگرافیا | پەروەردە | کۆمەڵناسی | دەروونناسی | کیمیا | فیزیا | زیندەوەرزانی | زانست | ئامار | ئابووری | کارگێڕی | هونەر | وەرزش | پیشەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ٢ | ٤ | ١ | | ٢ | | | | ٢ | ٢ | ٢ | | | | | ١ | ١ | |

## ژمارەی کارمەندان و کارگوزاران ( الموظفين الاداريين والعمال )

| پارێزگا | ژمارەی فەرمانبەران | ژمارەی کارگوزاران | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١ | ١٧ | ١٨ |

## قوتابخانەی دواناوەندی کۆلێجی سلێمانی ئەهلی کچان

١- ئەم خوێندنگایە سەر بە ( کۆمپانیای فەزالە ر بۆ پەروەردەو فێرکردن) سەر بەلقی هەولێر مەرکەزی ئەنقەرە یە.

٢- زمانی خوێندن ئینگلیزیە ، زمانی کوردی ، تورکی ، عەرەبی ، وەك دەرسێکی زمان دەخوێندرێ .

٣- (٦٠) شەست خوێندکار لە پۆلی یەکەم بە ( تمهیدی ) وەرگیراوە بە نمرەی زۆر وبە تاقیکردنەوە وەك لە خشتەی ژمارە (٢) دیاری کراوە

٤- خوێندن بە خۆرایی یە ؟ واتە کرێ خوێندن وەرناگیری بەلام تەنها (٥٠٠) سەدینار وەردەگیری بۆ جل وبەرگ وکتێب وپێداویستی تر .

٥- دەوام لە کات ژمێر ٨ بەیانی تاکو ٢/٥پاش نیوەرۆیە .

٦- میلاك لەخشتەی ژمارە (٤) دیاری کراوە . هەروەها هەندێك لە مامۆستاکان خەلکی تورکیان و هەندێکیتر خەلکی سلێمانین .

٧- بیناکەی خوێندن نوێ یە بەلام بچوکە بۆ سالانی داهاتو و بەکەلك نایەت هەروەها ژوری تاقیگەی نییە ، کتێبخانەی نی یە ، ژوری ناوەخۆی نی یە، قاعە نی یە

٨- کتێبی ( منهجی ) وەك ( کۆمەلایەتی ، دین ، کوردی، عەرەبی ) کە وەری دەگرن ژمارەیان کەمە لە گەنجینەی سلێمانی وەری دەگرن

***بەلام کتێبە زانستیەکان کە لە تورکیاوە دێت بەزیادە وە دێت***

٩- دووجۆر مێژوودەخوێندرێ:-

أ- مێژووی جیهان بە تورکی .

ب- مێژووی اسلام + کورد+کۆن بە زمانی کوردی دەخوێندرێ .

*هەروەها وانەی جوگرافیاش دووجۆرە :-*

أ- جوگرافیای جیهان بەزمانی تورکی .

ب- کتێبەکانی جوگرافیای ناوەرێم بەزمانی کوردی .

١٠- پێویستیان هەیە بە زۆرکەل وپەل-کە لەلیستێ تایبەت دیاری کراوە ، وە بەنووسراوی ژمارە ( ١٥) رۆژی ٢٠٠١/٩/٢٢ نێردراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە

## ناوەندی کۆلیجی سلیمانی ئەهلی کچان

**کۆلیجی سلێمانی ١٩٩٩ تۆی مەلیك 21 ٢٠٨**

**10 مامۆستا**

**10 محاضر**

| پۆلی یەك | | پۆلی یەکەم | | پۆلی دوو | | پۆلی سێ | | پۆلی چوارەم | | پۆلی پێنچەم | | پۆلی شەشەم | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | |
| ٦٠ | | ٤١ | | ٤٥ | | / | | ٣٠ | | ٤٦ | - | ٢٦ | | / | ٢٢٨ |

### ژمارەی مامۆستایانی پسپۆری

| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ٢ | ٤ | ١ | ٢ | | | | ١ | ١ | ١ | | | | | | ١ | ١ |

### ژمارەی کارمەندان وکارگوزان ( الموظفین الاداریین والعمال )

| پارێزگا | ژمارەی فەرمانبەران | ژمارەی کارگوزاران | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١ | ٩ | ١٠ |

**خوێندنگەی دواناوەندی نموونەیی شەهید جەباری حاجی رشید**

١-ئەم خوێندنگایە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی یە ، لەلایەن منداڵ پارێزی کوردستان یارمەتی دەدرێت.

٢-زمانی خوێندن کوردی یە ، بابەتەکانی پۆلی یەکەمی ناوەندی دەخوێنن سەرەرای بابەتی کۆمپیوتەر و زمانی ئینگلیزی بۆ تقویە ، وە بابەتەکانی زانستی بە ئینگلیزی دەخوێنن .

٣-سالی خوێندن ٢٠٠١-٢٠٠٢ (٥٠) خوێندنکار لە پۆلی یەکەم وەردەگرن دابەش دەکرێت بەسەر دوو پۆلی خوێندن ، ئەم پەنجا خوێندکارانە لە خوێندکارانی ( بلیمەت) و زیـرەك ( متمیز) بە نمرەی زۆر بە تاقی کردنەوە هەلدەبژێردرێت

٤-خوێندن بە خۆرایی یە .

٥-دەوام لە کات ژمێری ٨,٥ بە یانی تا ٣,٥ ئێوارە یە.

٦-میلاکی تایبەتی یان نی یە پشت بە محازر دەبەستن

٧-بینای خوێندن نوێ و گەورەو هاوچەرخە ، هەموو مەرجەکانی خویندنی تێدایە .

٨-مندال پارێزان ... باحث اجتماعیان بۆ تعین کردوون.

٩-گیرو گرفتیان نی یە .

ژمارەی کارمەندو کارگوزارەکان

## قوتابخانەی (دواناوەندی شەهید جباری حاجی رشیدی نمونەیی )

| ژ NO | ناوی قوتابخانە Name of Schools | سالی دامەزرانلن EEEEs tablishi Ngyear | شوێن / گەرەك Location-quarter | ژمارەی مامۆستایان No. of Teachers | ژمارەی خوێندکاران No. of pupils | تێبینی Remarks |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شەهید جبار | ٢٠٠١-٢٠٠٢ | رزگاری | | ٥٠ | تازە کراوەتەوە |

| پۆلی یەکەم | | پۆلی دووەم | | پۆلی سێیەم | | پۆلی چوارەم | | پۆلی پێنجەم | | پۆلی شەشەم | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ |
| ٢٥ | ٢٥ | | | | | | | | | | | | |

## ژمارەی مامۆستایان بە پێی پسپۆری

### هەمووی محازرن

| دین - عەرەبی | کوردی | ئینگلیزی | بیرکاری | مێژوو | جوگرافیا | پەروەردە | کۆمەڵناسی | دەروونناسی | کیمیا | فیزیا | زیندەوەرزانی | زانست | ئامار | ئابووری | کارگێڕی | هونەر | وەرزش | پیشەیی | هیتر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ٦ | ١ | | ١ | | | | - | | | ١ | | | | ١ | ١ | | ٨ |

## ژمارەی کارمەندان و کارگوزاران ( الموظفين الاداريين والعمال )

| پارێزگا | ژمارەی فەرمانبەران | ژمارەی کارگوزاران | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| سلیمانی | - | ٧ | ٧ |

*خوێندنی تورکمانی لە هەرێمی کوردستاندا*

لە شارۆچکەی کفری قوتابخانەیەکی سەرتایی و خوێندنگایەکی ناوەندی و باغچەیەکی ساوایان هەیە بە م ناوانە:-

١-قوتابخانەی قەرە ئۆغلانی سەتایی .

٢-خوێندنگای ( دۆغانی ناوەندی .

٣-باخچەی خونچە گول

لەم (٣) قوتابخانەیەدا خوێندن بە زمانی تورکی یە ، زمانی کوردی و زمانی عەرەبی وەك دوو زمانی لاوەکی دەخوێندرێن.هەروەها میلاك و کتێب و گشت پێداویستیەکانی خوێندنیان بۆ دابین کراوە .

پێشنیازەکان :_

١-جیاکردنەوەی دەوامی قوتابخانەی ( دوغان ) لە قوتابخانەی قەرە ئۆغلان .

٢-چاکردنەوەی بینای قوتابخانەکان .

٣-پرسیارەکانی تاقی کردنەوە گشتیەکان بە زمانی تورکی بێت و چاپیش بکرێت .

ژمارەی مامۆستاکان خویندکاران لە خشتەکانی ھاوپێچ دیاریکراوە.

# قوتابخانەی ( قەرە ئۆغلان )

| ژ<br>N<br>O | ناوی قوتابخانە<br>Name of Schools | سالی دامەزراندن<br>EEEEs tablishi ngyear | شوێن / گەرەك<br>Location-quarter | ژمارەی مامۆستایان<br>No. of Teachers | ژمارەی خوێندکاران<br>No. of pupils |
|---|---|---|---|---|---|
| | قەرە ئۆغلان | ١٩٩٣-١٩٩٤ | کفری - نەورۆز | ١١ | ٢١٠ |

| پۆلی یەکەم | | پۆلی دووەم | | پۆلی سێیەم | | پۆلی چوارەم | | پۆلی پێنجەم | | پۆلی شەشەم | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ |
| ٢٠ | ١٢ | ٢٨ | ١٤ | ٢٠ | ١٦ | ١٦ | ١٥ | ٢٠ | ٢٢ | ١٧ | ٩ | ١٢١ | ٨٩ |

## مامۆستایانی سەتایی بە پێی پسپۆری

| دین | عربی | کوردی | ئینگلیزی | بیرکاری | زانست | مێژوو | جوگرافیا | پ.نیشتمانی | کشتوکال | وێنە | سروود | وەرزش | گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | | | | ١ | ١ |

# قوتابخانەی (باخچەی خونچە گوڵ)

| ژ NO | ناوی قوتابخانە Name of Schools | ساڵی دامەزراندن EEEEs tablishingyear | شوێن / گەرەك Location-quarter | ژمارەی مامۆستایان No. of Teachers | ژمارەی خوێندکاران No. of pupils | تێبینی Remarks |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١٩٩٨/١٢/٣ | رزگاری | ٣ | ٨٠ | |

| پۆلی یەکەم | | پۆلی دووەم | | پۆلی سێیەم | | پۆلی چوارەم | | پۆلی پێنجەم | | پۆلی شەشەم | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ |
| ٢٤ | ١٦ | ٢٣ | ١٧ | | | | | | | | | ٤٧ | ٣٣ |

ژمارەی کارمەندان و کارگوزاران ( الموظفين الاداريين والعمال )

| پارێزگا | ژمارەی فەرمانبەران | ژمارەی کارگوزاران | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| کەرکوك | ١ | ٤ | ٥ |

# قوتابخانەی ( دواناوەندی دۆغانی تێکەل )

| ژ NO | ناوی قوتابخانە Name of Schools | سالی دامەزراندن EEEEs tablishingyear | شوێن / گەرەك Location-quarter | ژمارەی مامۆستایان No. of Teachers | ژمارەی خوێندکاران No. of pupils | تێبینی Remarks |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دواناوەندی دۆغان | ١٩٩٥ | کفری / نەورۆز | ١١ | ١٧٨ | |

| پۆلی یەکەم | | پۆلی دووەم | | پۆلی سێیەم | | پۆلی چوارەم | | پۆلی پێنجەم | | پۆلی شەشەم | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ |
| ٢٢ | ١٦ | ١٨ | ٢٥ | ٣٠ | ٢١ | ١٤ | ١٩ | ٤ | ٩ | ٢ | ٨ | ٨٠ | ٩٨ |

## ژمارەی مامۆستایان بە پێی پسپۆری

| لغة - عربي | کوردی | ئینگلیزی | بیرکاری | [illegible] | جوگرافیا | پەروەردە | [illegible] | [illegible] | کیمیا | فیزیا | زیندەوەرزانی | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | ١ | ١ | - | ٢ | - | ١ | - | ١ | ١ | ١ | ١ | | | | | | | |

## ژمارەی کارمەندان و کارگوزاران ( الموظفين الاداريين والعمال )

| پارێزگا | ژمارەی فەرمانبەران | ژمارەی کارگوزاران | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| کەرکوك | ٢ | ٢ | ٤ |

## خوێندنی سریانی لە هەرێمی کوردستاندا

لە قوتابخانەی هەرمووتەی سەرتایی و خوێندنگای هەرمووتەی ناوەندیدا تەنیا یەك وانەی سریانی هەیە سەرجەمی وانەکانی تر بە زمانی کوردی دەخوێندرێن جگە لە وانەی زمانی عەرەبی وئینگلیزی .

لەم خشتانەی خوارەوە ژمارەی مامۆستایان و ژمارەی خوێندکاران مان بۆ دەردەکەوێ لە سالی خویندنی ١٩٩٩-٢٠٠٠ ز.

مەلبەندی ( قەزای کۆیە)

ا/قوتابخانەی سەرتایی هەرمووتە

| ژ NO | ناوی قوتابخانە School name | سالی دامەزراندن Establishing year | شوێن/ گەرەك/ گوند Location-quarter-Village | ژمارەی مامۆستایان Teachers No. | ژمارەی قوتابی Pupils No. | تێبینی Remarks |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەرمۆتە Harmotta Primary school | ١٩٤٧ | گوندی هەرمۆتە Hamottay V. | ١٩ | ١٢٧ | |

ب/ناوەندی هەرمۆتەی تێکەڵاو

| ژ No. | ناوی قوتابخانە School name | سالی دامەزراندن Establishing year | شوێن/ گەرەك/ گوند Location-quarter-Village | ژمارەی مامۆستایان Teachers No. | ژمارەی قوتابی Pupils No. | تێبینی Remarks |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەرمۆتە Harmotta | 1978 | گوندی هەرمۆتە Hamottay V. | 9 | ١١٢ | |

**خوێندنگەی میدیای نمونەیی**

CSM

١- ئەم قوتابخانەم سەر بە ( كەنیسەی ئنجیلی پرۆتستانتی سلێمانی یە ) بە هاوكاری قوتابخانەی ( فرانكلین ی نموونەی ) سەر بە ولایەتی یەكگرتووەكانی ئەمریكا كە لەولایەتی (تنسی) یە دامەزراوە . خوێندكار پاش دەرچونی لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە هەموزانكۆیەكی جیهانی وەر دەگیرێت . چونكە شەهادەكەی ( جیهانیە )و باوەرپێكراوە .

٢- زمانی خوێندن بە ئینگلیزی لەهجەی ئەمریكیە.

زمانی كوردیش وەك دەرسی زمان دەخوێندرێ

لە پۆلی پێنچەمی سەرەتایی دووجۆر ( دەرس ) وانەی مێژوو هەیە خوێند كار بۆی هەیە یەكیان هەلبژێرێ

یان مێژووی ئەمریكایان مێژووی كوردی .

٣- زۆربەی خوێندكارەكان منالی ئەوكەسانەن كە لەدەرەوە گەراینەوە هەرێمی كوردستان زمانی كوردی باش نازانن وەژمارە پۆلیان لە نەخشەی ژمارە (٢) دیاری كرا

٤- لەسالی خوێندنی نوێ ٢٠٠١/٢٠٠٢ خوێندن لەپۆلی یەكەمی سەرەتایی تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی هەیە جگە لە پۆلی تەمهیدی

٥- خوێندن بە پارەیە هەر خوێندكارێك پێویستە ٣٠٠$سێ سەددۆلار سالانەبدات بەم شێوەیە

٢٠٠$كرێ خوێندن

٥٠$كرێی هاتوچۆی خوێندكار

٥٠$بۆكرینی كتێب ولە بەرگرتنەوەوخواردنی وەجبەیەك لە پسكویت ونەستەلە .

٦- دەوام لەكات ژمێر ٨بەیانی تاسێ ٣ئێوارەبە ٣سێ وەجبە .

٧- یەك مامۆستای بیانی هەیە ٣مامۆستای تریش گەیشتۆنەتە سوریا بەلام سوریا رێیان نادات بێنە ناو هەرێمی كوردستان

٩- بینایەكەی خوێندن هەموومەرجەكانی بینای خوێندنگەی تێدایە .

لەسالی داهاتوودا لەسەر پارچە زەویەكی گونجاو بینایەكی تایبەت بە خۆیان بۆ یان دروست دەكرێت

١٠- لە پۆلی یەكەم ودووەمی سەرەتایی خوێندكار تاقی دەكرێتەوە كارتی ئەنجام وەردەگرێت بەلام دەست نیشانی یەكەم ودووەم ناكرێت بەس لەسەر كارت دەنوسرێ دەرچووە.

١١- ژمارەی کارمەندو کارگوزارەکان لە خشتەی ژمارە (٥) دیاری کراوە .

١٢- چەندگیروگرفێکیان هەیە لەوانە.

ا- چەند مامۆستایەک ی (منسب) یان هەیە

ب- کەل وپەلی وەرزشیان زۆرکەمە .

ج- لە پارەی کارەبا وەک کارتی تایبەت حسابیان بۆ کراوە وەدەبێت پارەکە زۆرە تکادەکەین وەک ( خوێندنگایەک ) ی ناو هەرێم حسابیان بۆ بکەن .

## قوتابخانەی ( مید یای نمونویی )

میدیای نمونەیی 2001-1-1کاریێزە وشلک نۆ (٩) ١٢٠

| پۆلی یەکەم | | پۆلی دووەم | | پۆلی سێیەم | | پۆلی چوارەم | | پۆلی پێنجەم | | پۆلی شەشەم | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ | کور | کچ |
| ١٦ | ١٤ | ١٠ | ٢٠ | ١٧ | ١٣ | ١٦ | ١٤ | | | | | ٥٩ | ٦١ |

ژمارەی مامۆستایان بە پێی پسپۆری .

| [illegible] | کوردی | ئینگلیزی | بیرکاری | مێژوو | جوگرافیا | پەروەردە | کۆمەڵناسی | [illegible] | کیمیا | فیزیا | زیندەوەرزانی | زانست | شانۆ | ئابووری | کشتوکاڵ | هونەر | وەرزش | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٦ | ١ | | | | | | ٢ | | | | | | | | | | |

ژمارەی کارمەندان و کارگوزاران ( الموظفین الاداریین والعمال ).

| پارێزگا | ژمارەی فەرمانبەران | ژمارەی کارگوزاران | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٦ | ٧ | ١٣ |



# تاقیکردنەوەکان



# تاقیکردنەوەکان

بەڕێزان هەر چالاکیەکی مرۆڤ کە لە ناویدا چالاکی پەروەردەیی زیاتر مەبەستمانە ، گۆڕانکاری و نویێ خوازی بەخۆوە بینیوە شان بە شانی فراوان بوون و نەشوونما کردنی ئەزموونەکانی مرۆڤ خۆی ۰ خاڵێکی گرنگ هەیە کە هەموو نەتەوەو کەسانێك یەکانگیر ئەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کەکەس نیە حەز بە گەشە کردن و بەرەو پێش چوونی کاری خۆی نەکات بەڵێ هەموان حەز بەم کارە دەکەین وە ئەمانەوێت بە ئامانجەکانی خۆمان بگەین۰

تاقیکردنەوە – ئەو شتەی کە هەموو ڕقمان لێیەتی ، بەشێکە یان باشتر و تەنی چەمکێکە لە پرۆسەی فێرکردن و فێر بوون لە ڕێی وانە وتنەوەوە۰ وە هەرواش ئەمێنێتەوە هەتا خودی پرۆسەی خوێندن خۆی بەردەوام بێت۰

بەڵێ هەموو ڕقمان لە تاقیکردنەوە دەبێتەوە بەڵام هیچ کامیشمان ناتوانین لە گرنگی و کاریگەری تاقیکردنەوەکان بێ ئاگا بێت۰ چونکە تاقیکردنەوە ئەو تاکە پێوەرەیە کە بە هۆیەوە ئەتوانین وە دەست هاتەکانمان دژی مەبەستی تاك ڕەویمان بۆ دەربکەوێ ، هەر بۆیە ناتوانرێ هەرگیز فەرامۆش بکرێت۰

گومانی تیا نیە کاتێك کە کارێك لە ئەستۆ ئەگرین ئەبێت وورد بینانەو بیر تیژانە کاری بۆ بکەین هەموو ئەو هەل و مەرجانەی بۆ بڕەخسێنین کە ئەمانگەیەنێتە ئامانج و مەبەستەکانمان ۰ ئەو هەلوو مەرجانەش خۆیان لەم چوار خاڵەدا ئەبیننەوە :

١- input پێکهاتەی دەست پێکردن ( المدخلات )

٢- process پرۆسەکان ( العمليات )

٣- out put بەرهەمی دەرچوو ( المخرجات )

٤- feed back لا دەست کەوت ( التغذية الراجعة )

بواری تاقیکردنەوەش ئەم چوار خاڵە ئەکاتە ستراتیژی خۆی و کارەکانی لە سەر هەڵ ئەسوورێنی سەبارەت بە پێکهاتەی دەست پێ کردن (input) مەبەست لە هەموو ئەو فاکتەرو بنەمایانەیە کە ئەبێت ئامادەکرابێت بۆ فێرخواز کاتێك کە تاقیکردنەوە ئەنجام ئەدات وەك ﴿ دەق ، بابەت ، سەرچاوە ، جێگە ، پرسیار ، چاودێر ، بەرپرسی هۆڵ ....هتد ﴾۰

لە هەنگاوی پرۆسەدا (process ) ئەبێت پێشتر فێرکەر کە ( مامۆستا ) یە هەموو توانای خۆی خستبێتە گەڕ بۆ گەیاندنی مادەکەی بە فێرخواز ( کە ئێستا تاقیدەکرێتەوە ) و ئەم پرۆسەیە خۆی لە کارێکی هەما هەنگی هاوبەشدا ئەبینێتەوە کە کارلێك کەرو پەیوەندیدارن بە یەکەوە بەو جۆرەی کە ڕووەو لووتکەی سەرکەوتنی بەرێ۰

هەڵبەت بەرهەمی دەرچووش ( out put ) لە ئەنجامی ئەو هەماهەنگی و هاوکاریە دەست ئەکەوێت کە لە پرۆسەکەدا باس کرا واتە لە پاشا ئەو تاقیکردنەوانە ئەنجام ئەدرێن بە سەرکەوتوانە بێ کۆسپ و کەم و کووڕی.

خاڵی لا دەسکەوت ( feed back ) تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئیشەکانی ئەوانەی کە تاقیکردنەوە ئەنجام ئەدەن بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ ئامانجە پەروەردەییەکان پێکراون لە پرۆسەکەدا یان نا ، تا کاری چاکتری بۆ بکرێت.

بەڵێ ئەوەی کە ئێستا تاقیکردنەوە ئەنجام ئەدات ، بە دڵنیایی لەوەی شت فێربووە ، ئەزانی کە کارەکەی بە کۆششی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرپا بووە ، یەک لەگەڵ یەکتری بوونەتە دەر ئەنجامێك ئەوا ئێستا ئەیخاتە سەر پەڕە کاغەز بە نووسین یان بە زارەکی دەری ئەبڕێ ﴿ مەبەست لە لایەنە پەیوەندیدارەکان ، خوێندکار ، مامۆستا ، خوێندنگە ، منهج ﴾ شان بەشانی کەشوو هەوای ڕەخساوی دەورو بەر وەك { خێزان ، کۆمەڵگە ،و بابەتە هەنووکەییەکان } ، بۆیە ئیتر کاتی ئەوەیە کە لە دەرفەتێکا ئەو دەرئەنجامانە بگەیەنێتە کەسانی تر ، پرۆسەکە هەموو جۆرەکانی تاقیکردنەوە ئەگرێتەوە لە هەموو قۆناغەکان چی تاقیکردنەوەکانی لای مامۆستا خۆی بێت لە قوتابخانەو خوێندنگەکاندا یان تاقیکردنەوە گشتیەکان بێت ( بەکەلۆری ) ، و چی خوێندنی ئەکادیمی بێت یان پیشەیی .

کەواتە کاری تاقیکردنەوە وەك پرۆسە لە هەموو خوێندنگەیەکدا ئەنجام ئەدرێت وە ئەرکی سەرشانی هەموو مامۆستایە کە زانیاری تەواو پێویستی گەیاندبێ بە فێرخوازەکانی – کە ئەمە خۆی پرۆسەیەکی لە مێژوو دێرینە کە ئێستاش هەر بەردەوام و لە داهاتوشا هەر بە هەمان دەستور پەیڕەو دەکرێت.

بێگومان پرۆسەکە خۆی لە خۆی دا کارێکی ئاسان نىیە ، بەڵکو یەکێکە لە گرنگترین و مەترسی دار ترین پرۆسەی پەروەردە ، هەر بۆیەش ڕوو بە ڕووی چەندین کۆسپ و تەنگژە بووەتەوەو ئەبێتەوە کە ئەبێت ژیرانە و بە بیری قووڵەوە ڕوو بە ڕوویان ببینەوە و چارەسەری شیاوو گونجاویان بۆ بدۆزینەوە لە نێوان بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی ساڵی خوێندنی ١٩٩٦ – ١٩٩٧ و ئەم کۆنگرەیەی کە ئێستا لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٠ – ٢٠٠١ ) دا ئەبەسترێت .

( پرۆسەی تاقیکردنەوەکان ) گەلێك کارو چالاکی و گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە کە ئەبێت لێرەدا تیشکی بخرێتە سەر لە ڕووی گرنگیان و کاریگەرێتییان بۆ سەر خودی پرۆسەکە خۆی ، پێش کۆنگرەی ( ١٩٩٦ – ١٩٩٧ ) تاقیکردنەوەکان هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی هەموو هەرێم یەك ستافی تاقیکردنەوەی وەزارەتی پەروەردە پێی هەڵئەسا کە لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتیەکان سەرپەرشتی ئەکرد ، واتە کۆنترۆڵی تاقیکردنەوەی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر بوو ، بەڵام دواتر کە

دوو دەسەڵاتی جیاواز پێك هات ئێستا لێرە لە سلێمانی لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتیەکان هەیە کە سەرپەرشتی تەنها تاقیکردنەوە گشتیەکانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی ئەکا واتە قۆناغی ئامادەیی هەر لە ژێر بەرپرسیاری لیژنەی باڵای هەولێردایە کە ئێمەش نوێنەرمان تیایدا هەیە. لیژنەی باڵا بە هاوکاری لەگەڵ لیژنە لقیەکانی پارێزگای سلێمانی و کەرکوك و هەولێر هەموو کار ئاسانیەك بە هەماهەنگی ئەکەن ، هەر لە دانانی پرسیار ئامادەکردنی هۆڵی تاقیکردنەوەو دانانی بەڕێوەبەری هۆڵ و چاودێر تا ئەگاتە دابین کردنی پێداویستیەکانی تر ، بۆ چاکتر ئەنجام دانی پرۆسەکە بۆ هەموو قوتابخانەکان.

ئەم ساڵی خوێندنی ( ٢٠٠٠ – ٢٠٠١ ) وەك شێوەیەکی ئەزموونی وا بە باش زانرا کە چەند بەڕێوەبەرێکی هۆڵی تاقیکردنەوەکانی قۆناغی ئامادەیی ئاڵ و گۆڕ پێ بکرێ لە نێوان پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوك و دهۆك دا تا ئەگەر زانرا ئەزموونێکی سەرکەوتووەو بە ئەنجام باشی ئەگەڕێتەوە سەر پرۆسەی تاقیکردنەوەکان ئەوا بۆ ساڵی خوێندنی ئاینده (٢٠٠١ – ٢٠٠٢ ) بە گشتی و بەر بلاو کاری پێ ئەکرێ ئەگەر نا وەك جاران ئەمێنێتەوە.

تاقیکردنەوەی گشتی قۆناغی سەرەتایی تا کاتی بەستنی کۆنگرەی یەکەم (٥٠٪ ) ی نمرەی لە سەریوو (٥٠٪ ) ی تری لە قوتابخانەکەی خۆی بۆ دا ئەنرا بەڵام لە ساڵی (١٩٩٧ – ١٩٩٨) بە دواوە وەك جارانی پێشووی لێ کرایەوە واتە نمرەی هەر بابەتێك بوو بە (١٠٠٪ ) .پێشان لیژنەی لقی پرسیاری تاقیکردنەوەی گشتی قۆناغی سەرەتایی دا ئەنا بۆ قوتابیانی پارێزگای سلێمانی ، واتە لیژنەی باڵا پرسیاری قۆناغی ناوەندی هەرسێ پارێزگای سلێمانی و کەرکوك و هەولێری دا ئەنا لەگەڵ پرسیاری قۆناغی سەرەتایی پارێزگای کەرکوك و هەولێریش ، بەڵام ئێستا بۆ ئەوەی غبن نەبێت و چەند جۆر پرسیاری جیاواز نەبێت لە سەر فەرمانی بەڕێز وەزیری پەروەردەی پێشوو مامۆستا ( خسرو مصطفی عبدالله ) بریار درا کە لیژنەی باڵا خۆی پرسیاری هەردوو قۆناغی ناوەندی و سەرەتایی هەرسێ پارێزگاکە دابنێت و ئەو فەرمانە لە کاتی دەرچوونیەوە تا ئێستا کاری پێ ئەکرێت.

هەروەك لای بەڕێزتان ئاشکرایە بڕوانامەکان دوور یان نزیك پەیوەندیدارە بە پرۆسەی تاقیکردنەوەکانەوە ، چونکە خوێندکار دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و بڕینی قۆناغێکی تایبەت بڕوانامەی ئەدرێتێ بۆیە دواتر کە دێینە سەر چارەسەرکردنی گیروگرفتو کۆسپەکان باسێکی ئەم خاڵە ئەکەین کە تایبەتە بە دەرچوانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان و دەرچوانی خانەی مامۆستایان.

ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا کە بوون و ئەبنە هەورازو نشێوی سەخت لە بەردەم پرۆسەی تاقیکردنەوەکاندا بریتین لە :

١– نەبوونی توانا بۆ ڕەخساندنی کەش و هەوای پەروەردەیی گونجاو بۆ تاقیکردنەوە ئەنجام دان.

جیهانی بوونەی ئێستا ئەویش بە هۆی سەردانی ئەو وولاّتانە لە لایەن پسپۆرو پەیوەندیدارانەوەو یان بە بەکار هێنانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن{Media} وەك ڕادیۆو تەلەفزیون و کۆمبیوتەرو ئینتەرنێتەوە لە خزمەتی پرۆسەکەدا٠

٧-سەبارەت بە هەندێ خاڵی تر پێمان باشە کە :-

أ ) تاقیکردنەوەی گشتی قۆناغی سەرەتایی وەك خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی خوێندن و خوێندکاران دانەبەزێ٠

ب) خوێندکارانی ( قوتابیان ) ی پۆلی شەشەمی سەرەتایی با لە شەش بابەتدا تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن ئەویش بەوەی وانەی ﴿ ئاین و پەروەردەی نیشتمانی ﴾ لێك جیا بکرێنەوەو ئاین بدرێتە پاڵ زمانی عەرەبی و پەروەردەی نیشتمانیش بدرێتە پاڵ کۆمەلآیەتیو ببێتە ﴿ مێژوو و جوگرافیا و پەروەردە ﴾ هەر وەك لە قۆناغی ناوەندیدا ڕەفتاری پێ ئەکرێ٠

ئەو کات هیچ ( غبن ) یك نابێت کە دێینە سەر پرۆسەی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و ماندوێتی مامۆستایان لە هەر بابەتێکا٠

ج ) تەرخان کردنی بینای تایبەت بۆ هەردوو کۆنترۆڵی سەرەتایی و ناوەندی٠

د ) لیژنەیەکی شارەزای تایبەت هەبێت بە بڕیاردان لە سەر ڕاست و دروستی ئەو بڕوانامانەی کە لە دەرەوەی هەرێمەوە دێن و بۆ زانیاری ئاستی خوێندنیان و بۆ ساغ کردنەوەی ئەو بڕوانامانە ، جا بۆیە پێشنیار ئەکەین کە کەناڵێکی پەیوەندی هەبێت لەگەڵ بەشی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دەرەوەی وولآت کە یارمەتیدەرمان بن لەم کارەدا٠

هـ ) هەلگرانی بڕوانامەی خانەی مامۆستایان و پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان وەك یەك و بە یەك چاو سەیر بکرێن سەبارەت بە وەرگرتنیان لە خوێندنی بالآ لە زانکۆکانی کوردستاندا٠

و ) بۆ دوور بوون لە فەوتانی دۆکیومنتەکان و بۆ کار ئاسانی بەشەکانی تاقیکردنەوەکان و بڕوانامەکان چاك وایە هەموو ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتیەکان و بڕوانامەکان لە سەر دیسك و ( CD ) تۆمار بکرێت ، چونکە کە لە کۆمبیوتەردا هەبوو ئیتر دڵنیا ئەبین لە سەلامەتی و نەفەوتانیان٠

٢- نەبوونی مامۆستای لێهاتوو بە توانا و خاوەن ئەزموونی تەواو ( وەك پێویست ) لە بواری سازکردنی تاقیکردنەوەدا.

٣- نەبوونی فاکتەری کاریگەری پێویست بۆ سەرخستنی پرۆسەی تاقیکردنەوەکان وەك ﴿ دەق ، کتێب ، مفردات منهج ، پێوەری پەروەردەیی ﴾.

٤- نەگونجانی زۆربەی بابەتە مەنهەجیەکان لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کوردستانی رزگار کراو.

٥- نەبوونی فاکتەری هاندان ( محفزات ) بۆ مامۆستا کە ئەمە خۆی لە خۆیا جۆرێك گیانی کەم تەرخەمی لە مامۆستادا پەیا ئەکا.

٦- بە دەست نەکەوتنی سەرچاوەی پەروەردەیی پێویست ، هۆکاری فێرکردنی پێشکەوتوو وە بێ ئاگابوون لە پێشکەوتنی وڵاتانی جیهان ئەویش بە هۆی ئەو ئابلوقەیەی کە بەسەرمانا سەپێنراوە.

ئەمانەو گەلێك کۆسپ و تەگەرەی تر کە پێویستیان بە چارەسەری خێرایی هەیە تا کارو پرۆسەکە خۆی لە تۆێکڵێکی نوێدا ببینێتەوە و هەنگاوی باشتر بنێین بەرەو پێشەوە تا لە رکێفی وڵاتانی پێشکەوتوو دوا نەکەوین.

بۆ ئەم کارانەش و بۆ زاڵ بوون بە سەر تەنگو چەڵەمەکاندا پێشنیار ئەکەین بە :

١- رەخساندنی کەش و هەوای گونجاو بۆ خوێندنی رێکو پێکی پەروەردەیی و پرۆسەی تاقیکردنەوە لە هەموو خوێندنگەو قوتابخانەکانی ناو شار و دەرەوەی شارەکان.

٢- ئامادە کردنی ژمارەی پێویست لە مامۆستای بە تواناو لێهاتوو ، ئەویش بە بایەخ دان بە پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان و کۆلیجە پەیوەندیدارەکان و کردنەوەی خولی راهێنانی بەسوود بۆیان.

٣- دابین کردنی کتێبی پێویست و دەق و مفرداتی گونجاو و بەسوود لەگەڵ ئامێرو کەرەسەی پێویست کە سەرخستنی پەیامی پەروەردەو تاقیکردنەوەکان مسۆگەر ئەکات.

٤- پوختە کردن و هەڵبژاردنی ئەو دەق و بابەتە مەنهەجیانە کە لەگەڵ کەش وو هەوای ئێستای خوێندنگاکانی کوردستانی ئازاددا ئەگونجێ.

٥- دابین کردنی هەموو ئەو فاکتەرە هاندەرانە ( محفزات ) کە مامۆستایان و پەیوەندیداران بە پرۆسەی پەروەردەو تاقیکردنەوە لە دڵە راوکێ ئەخەن و تا هەست بکەن کە خەمخۆریان هەیەو بیر لە پێویستیەکانیان کراوەتەوە وەك ﴿ زیاد کردنی مووچە ، رێز لێنان و مکافئە ، بیرکردنەوە لە دوا رۆژی خۆیان و خاوو خێزانیان ﴾.

٦- دروست کردنی هۆیەکانی پەیوەندی لەگەڵ مامۆستایان و شارەزایانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە جیهاندا بۆ ئاگا بوون لە هەموو گۆرانکاریەکان لە بواری تاقیکردنەوەکانا لەم بیرۆکەیەی بە

# سەرپەرشتیاری پسپۆڕی

# و پەروەردەیی

## سەرپەرشتیارێتی پەروەردەی و پێناسەکانی

**سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی:**

تایبەتە بە سەرپەرشتی کردنی ئیشوکارەکانی قوتابخانە سەرەتایی یەکان. کە ئەرکەکانیان لەسەر بناغەی ( پسپۆری گشتی ) دابەش و جیبەجی ئەکرێن . بیجگە لەوانەی ئینگلیزی و وەرزش و ئەلف و بێ ئیشو کارو ئەرکەکانی رۆژانەی هەریەك لە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە دوو بواردا دابەش ئەبێت :

١-بواری کارگێری :

بریتی یە لە سەرپەرشتی کردنی کارە کارگێریەکانی قوتابخانەکان و چۆنیەتی ئەنجام دانی ئەرکەکانی بەڕێوەبەرو یاریدەدەری قوتابخانەکان ( دەوام -میلاك - خشتەی وانەکان -تاقی کردنەوەکان - کۆبوونەوەی باوکان و مامۆستایان - فەرمانبەرو کارگوزاران ......)

ب-بواری هونەری :

بریتی یە لە سەرپەرشتی ئیشو کاری مامۆستایان لە قوتابخانەدا وەك : ( رێنمایی کردن - شیوەو شێوازی وانە ووتنەوە -پلانی رۆژانە و سالانەی مامۆستا - پرۆگرامەکان- هەلسەنگاندنی مامۆستایان - رێژەی دەرچوون لە وانەکاندا - هۆی فێرکردن).

لە سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی دا ئەرکە هونەری یەکان (٨٠ ٪)یە و بایەخی پێ ئەدرێت .

تا ئیستا گەلێ دەربارەی سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی بیستراوە و ووتراوە و نوسراوە ناکرێت ئێمە لێرە هەمووی بلێن یا بینوسین ، بەلام ئەوەی گرنگترو سود بەخشترە بە پێویستمان زانی هەندێکی بخەینە پێش چاو :

١-لەبارەی (مەفهومی ) سەرپەرشتیارێتی پەروەردە یی یەوە زۆربەی زانا پەروەردەیی یەکان ،بەتایبەتی زانایانی سەردەم کۆ دەنگن لە رادا لەسەر ئەوەی کە سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی چالاکی یەکی ئاراستە کراوە پشت ئەستور بە لێکۆلینەوەیەکی بابەتی (کە ئامانجی ) خزمەتە بە سەرجەم ئەوانەی لە بواری پەروەردەو فێرکردندا کار ئەکەن .بۆ ئەوەی بەتوانا بن ئاستی کەسایەتی و پیشەیی یان بەرز بکریتەوە تا لە ئەنجامدا ببێتە مایەی بەرزبوونەوەو گەشە کردنی ئاستی کرداری فێرکردن و بەدی هێنانی ئامانجەکانی.

٢- هەرچەندە پێش ئیستا هەندێ پەروەردەکارو پەروەردە ناس تێروانینی خۆیان هەبووە لەسەر سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی وەك لە خوارەوە پێناسەیان کردووە .

١. هەوڵ و کۆششێکی بەردەوام و رێکخراوە بۆ هاندان و ئاراستە کردن بۆ پێگەیشتنی خۆی ( نمو الذاتي) مامۆستایان بۆ ئەوەی زیاتر کاریگەر بن لە بەدەست هێنانی ئامانجە پەروەردەیی یەکان (برجز) .

٢. بەرنامەیەکی نەخشە بۆ کێشراوە بو چاك کردن و باشکردنی کرداری فێرکردن(الموسوعه التربويه ) .

٣. کارئەکات بۆ پێشخستنی و راپەراندنی کرداری فێرکردن و فێربوون ، ( محمد حامد افندی ) کەواتە :

سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی : کۆمەڵێ هەوڵ و کۆششی ئاراستە کراوە بۆ چاککردنی ئاستی بەجێ هێنانی مامۆستایان لە ئەرکە بنەرەتیەکاندا کە پالپشتی کرداری فێرکردنە بۆ ئەوەی زۆرترین ئامانج بەدەست بهێنێ .

**ئامانجەکانی سەرپەرشتیارێتی**

١-گەشەدان و پێشخستنی ئاستی مامۆستایان لە بواری پیشەیی و زانستی دا .

٢-دەولەمەند کردنی پرۆگرام و خوێندن لە رێگای پیشکەشکردنی دراسە و توێژینەوە.

٣-چاك بەکارهێنانی هۆکانی فێرکردن و فێربوون کە لەگەڵ رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ دا بگونجێت .

٤-بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان قوتابخانەو کۆمەلگا.

٥-بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون و زانستەکان .

٦-گواستنەوەو گەیاندنی شارەزایی لە قوتابخانەیەکەوە بۆ ئەوی تر .

٧-خستنە رووی ئەو رێبازو تازەگەری یەپەروەردەییانە کە یارمەتی گەشە کردنی پەروەردەیی ئەدات.

٨-رێکخستن و رێنمایی و ئامۆژگاری و بەدوادا چوونی کرداری پەروەردەو فێرکردن لە ناو قوتابخانەکاندا.

٩-دەست خۆشی کردن لە مامۆستایانی نمونەیی .

١٠-چارەسەرکردنی کێشەی قوتابخانە لەگەڵ لایەنە پەیوەندی دارەکان .

## (ئەركەكانی سەرپەرشتیارێتی)

١-رێكخستن و رەخساندنی بواری فێركردن و فێربوون .

٢-یارمەتی دانی مامۆستایان بۆ پێگەیاندنیان لە روی پیشەیی یەوە لەچوار چێوەی بەرپرسی یان لە فێركردن كە ببێتە یارمەتی دەری كرداری فێركردن .

٣-دابین كردنی پێداویستی یەكانی قوتابیان بۆ فێربوون كە گونجاو بێت لەگەل پرۆگرام و رێكخستنی فێربوو نی كاریگەردا .

٤-سەردانی مەیدانی قوتابخانەكان و پۆلەكانی خوێندن بە پێی رێكخستنی كات.

٥-ئاراستە كردن و رێنمایی كردنی بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیی یەكان .

٦-بایەخدان بە چالاكی و هۆی فێركردن و فێربوون و سوپاسی كاری باش بكات .

٧-هەلسەنگاندن .

٨-پیاچوونەوە .

٩-بەر پرس بوون لە سەركردایەتی بە كۆمەڵ .

**لێهاتوویی كارامەیی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی :**

١-فێركردنی كاریگەر كە ئامانجە پەروەردەیی یەكان بگەیەنێ .

٢-شیتەڵ كردنی پرۆگرام وگەشە پێدانی ..

٣-پەیوەندی كردنی خێراو بەردەوام لەگەل دەوروبەردا.

٤-دارشتن و نەخشە دانان بۆ بەرنامەو راهێنانەكان .

٥-هەلسەنگاندنی پرۆگرامی پەروەردەیی .

٦-رێكخستنی كاری بە كۆمەڵ .

٧-پێشكەش كردنی توێژینەوەو لێكۆلینەوەی بەردەوام لەسەر بابەتە زانستی و پەروەردەیی یەكان .

٨-بتوانی كار بكاتە سەر خەلك .

٩-باوەری بەوەبێت كە رەخنە بۆ راستكردنەوەو بینا كردنە.

١٠ – دەست پێشخەری هەبێت لە بواری كارەكەیدا .

١١-گوێ گر بێت بۆ هەموو راو بۆچونێك و كەلكیان لێ وەرگرێت و دبلۆماسی بێت .

١٢-بریار بە ژیری بدات نەك بە سۆز .

## پرنسیپەکانی سەرپەرشتیاریتی پەروەردەیی

١-چاککردنی بارودۆخی فێرکردن و فێربوون بە شێوەی گشتی .

٢-پشت بەستن بە بنەرەتە تیۆری زانستیو دیموکراتیەت .

٣-بەرکارهێنانی ڕێبازی زانستی لە بوارەکانی فێرکردندا.

٤- سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی بریتی یە لە ئاسانکاری لە ئیشوکارەکاندا.

٥- سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی رەوشت بەرزی‌یە .

٦- سەرپەرشتیارێتی هۆکارو ڕێبازی ڕێك و پێك و نەخشە بۆ کێشراوە بە شێوەی هەروەزی .

٧- سەرپەرشتیارێتی پێوانە ئەکرێت بە پێ ی ئەنجامەکانی .

٨- سەرپەرشتیارێتی کارێکی پیشەییە.

## سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

هەموو کارێکی بەڕێوەبردن یا سەرپەرشتی کردن لە هەر قوتابخانەیەکدا پێویستی بەوەیە کە :سروشتی دەسەڵاتەکەی و سەرچاوەو شێوە جیاجیا کانی (جۆراو جۆرەکان) بزانێ‌وە بۆ ئەم مەبەستە ( ماکس فیبر) دەسەڵاتی بەسێ جۆر باس کردووە :

١-کەسێکی دیاری کراو یا هۆزێك بۆی هەیە فەرمانرەوابێت بە سەرئەوانی کەوە بە حوکمی تەقالید .

٢-دەسەڵات لە ڕێگەی کەسایەتیەکی هەلکەوتوەوە کە گوایە دەسەڵاتی دراوەتێ لە لایەن هێزێکی نا ئاسایی یەوە خەلکەکە ئەبنە لایەنگرو گوێ رایەلی ئەبن و پارێزگاری لەراو بۆ چوونەکانی ئەکەن.

٣-دەسەڵاتی یاسایی شەرعی ئەم جۆرە لەسەر بنەمای ( هێما بەرزەکانی -مرۆڤ و یاساکانی کار ئەکات ) . بەڵام جۆرێکی تر لە دەسەلات لەم ساڵانەی دواییدا سەری هەڵداوە و بە دەرکەوتووە ئەویش پشت ئەبەستێت بەخورەوەشت و لێهاتووی و کارامەیی .

فرنش دراڤین دەسەڵات بە پێنج جۆر دیاری ئەکات و ئەڵێ:

١-دەسەڵاتێك بە پاداش بەڕێوە ئەبرێت .

٢-دەسەڵاتێك بە اجبار بەرێوەئەبرێت .

٣-دەسەڵاتێك بە یاسا بەرێوە ئەبرێت .

٤-دەسەڵاتێك بە شارەزایی بەرێوە ئەبرێت .

٥-دەسەلاَتێكبە(كەسیەتی)بەرێوەئەبرێت.

ئەگ ەرل ەسەرپەرش تیارێتیپ ەروەردەییئ ەورێگایان ەب ەپەس ەندبزان ێنئ ەوائ ەبێ

سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرک ەکانیداک ەلکل ەه ەری ەك

لەودەسەلاَتانەوەربگرێت.

گەشەکردنی سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی بەهۆی تێروانینی تازەوهاوچەرخەوە:

دروس تبوون ی سەرپەرش تیارێتیپ ەروەردەییل ەپێویس تبوون ی س ەردانودیدەن ی

قوتابخان ەک انومامۆس تایانوتێبی نیک ردنوب ەئاگ اب وونلەئیش وکاروڕێب ازی

فێرکردنیان جێبەجێکراوەکەبریتیبووە:-

لەسەردانی مامۆستایانودیاریکردنی هەلەکانوناتەوایەکانلەکاتی وانەووتنەوەو

چالاکیەفیرکاریەکانیانوئەنجامەکانیوەلەمبارەیەوەدکتۆر(سعیدالتل)ئەڵێ:-

ک اریسەرپەرش تیاریدی ارکردنیهەل ەوناتەواوی ەن ەکچ اکک ردنب ۆئ ەوەی

سەرزەنش تۆس زای مامۆس تاب دات.وەئ ەمج ۆرەسەرپەرش تیاریەگ ەڵتایبەتم ەندی

خۆیهەیەلەوانە:

١-سەرپەرشتیارو ای ئەزانێ لەهەموومامۆستایانزاناترە.

٢-تەنیاخۆیئەزانێچ رێگایەکباشەبۆوانەووتنەوە

٣-مامۆستای بەئەلقەیەکی لاوازئەزانی لەکرداری فێرکردندا.

٤-سەرپەرشتیارتەنیاخۆیخاوەن دەسەلاَتەوئەزانی پشتی بە زەب روزەن گئەبەس ت

وڕێزی لەراوبۆچوونی مامۆستایانوەرنەئەگرت.

٥-وای ئەزانی سەرپەرشتیاریکارێکی ت اکەس یەئام انجی دۆزین ەوەی ناتەواویەکان ە

بێئەوەی هیچ پێشنیازێکی پەسەندهەبێت بۆچارەسەرکردن.

٦-هەلس ەنگادنیب ۆک اریمامۆس تاتەن هال ەرێگ ایئ ەنجامی تاقیکردن ەوەی

قوتابیانەوەیە.

ئ ەمجۆرەرێب ازەلەسەرپەرش تیاریداب ووەه ۆیدەرئ ەنجامیخ راپس ەبارەتب ە

مامۆس تایانوواس ەیری سەرپەرش تیاریانئ ەکردکەتەن هاب ەش وێنناتەواوی ەکاند

ئەگ ەریۆل ەئ ەنجامداب ووەرێگ رلەگەش ەکردن یوب ەرەوپێ شچوون یف ێرکردنو

فێربوونودابەزینی ئاستی پەروەردەوزانست.بۆیەزۆربەی دەولەتانوازیانلەمج ۆرە

سەرپەرش تاریەهێن اول ەجیگ ایئ ەوپ ەیرەوی سەرپەرش تیارێتیپ ەروەردەیی تازەی ان

گرتەبەر

چونکە سەرپەرشتیاریتی پەروەردەیی بایەخی تەواوی داوەبە یارمەتیدانی مامۆستایان وهاوکاری کردنیان لە کرداری پەروەردەوفێرکردندا. بۆیە ئەمشێوازە نوێیەی سەرپەرشتیاری وا پێناسە دەکرێت:

(کارێکی مرۆڤایەتی وکۆمەلایەتی یە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی مامۆستایە بۆ بەرزترین پلەی پێداویی بەرزکردنەوەی توانا فێرکارییەکانکەواتە سەرپەرشتیاریتی پەروەردەیی بریتییە لە کردارێکی دیمەکراتی هەرەوەزی لە نێوان سەرپەرشتیارو مامۆستادا، هەرچەندە تائیستا سەرپەرشتیاریتی پەروەردەیی تیۆرێکی هەمەلایەنەی نی یەلەسەری بڕوات، چونکەئەم سەرپەرشتیاریتی یەئامانجی گەشەپێدانی کرداری فێرکردن وفێربوونەوەدەوروبەرکاریگەری زۆری لەسەر ئەم کردارەهەیە.

ئەمانەش وایان کردووە بایەخی زۆربدرێت بەگەشەپێدانی سەرپەرشتیاریتی پەروەردەیی وگۆرانکاریەکی بەرچاوبێت بەسەریداچونکە گرنگی تەواوی داتبە خودی مامۆستاو کرداری فێرکردن وفێربوون.

بۆیە مامۆستا حسن حسین) ئەلێ:

کاری بەکۆمەل بیروڕای هاوبەش ونەخشەکێشان وهاوکاری بنەما گرنگەکانی سەرپەرشتیاریتی پەروەردەیین.

**ئەرکە بنەڕەتیەکانی سەرپەرشتیاریتی پەروەردەیی:**

١- دەولەمەندکردن وگەشەپێدانی پرۆگرام چونکە هۆیەکی بنەرەتیە بۆگەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیی یەکان.

٢- سەرپەرشتی کرداری فێرکردن وفێربوون ورێکخستنی پێویستە بایەخ بەم سەرەتاییانە بدرێت لەم خالەدا:

أ- قوتابی هەست بکات بەسوودی فێربوون.

ب- قوتابی ئەبێ خۆی رۆڵی کاریگەری هەبێت لەکرداری فێربووندا.

ج- هەرکەس بە پێی توانای خۆی چونکە قوتابیان جیاوازن لە تواناو پێویستی و فێربوونیاندا.

د- دیاری کردنی (پێش بینی) ئەنجام زۆرگرنگە بۆکرداری فێرکردن.

٣- گەشەکردن وپێگەیاندنی پیشەیی مامۆستایان، چاکترین رێبازو شێوازە بۆئەم مەبەستە راهێنان وئامادەکردنی مامۆستایانە.

**شێوازەکانی سەرپەرشتیارێتی**

پێش هەموو شتێك پێویستە سەرپەرشتیار باوەری بەم سێ خالە هەبێت و بزانێ ئەو سا شێوازەکان پیادە بکات:

أ-چەمکی پەروەردەیی هەر رێبازێك .

ب_سیفەتەکانی هەر رێبازێك .

ج-جێبەجێ کردنی هەر رێبازێك.

**جۆرەکانی (شێواز)ی سەرپەرشتیاری**

١-سەردانی پۆل.

٢-وانە بێژی.

٣-وانەی راهێنان.

٤-کۆرو کۆبوونەوە .

٥-دیدەنی .

٦-پێشکەش کردنی زانیاری بە ( وینە و فلیم).

٧-گروپی قوتابیان .

٨-مشاغل تربویە (مرسم،تاقیگە).

٩-لە نێوان چەند هاورێیەکدا (سەرپەرشتیاری) .

١٠-ئەلقەی راهێنان(متجول) قافلە تدریبیە)

**هەلسەنگاندن :**

هەلسەنگاندن : نرخاندنی کارێك یان شتێك لەروی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە .

هەلسەنگاندن : بریاردان لەسەر چاکی و خراپی باسێك ،کردارێك ، کێشەیەکە .

ئامانجی سەرەکی هەلسەنگاندن:

سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی ئامرازێکی کاریگەرە لە لە کرداری هەلسەنگادندا بۆیە ئەبێ بزانین مەبەست و ئامانج لە هەلسەنگاندنی سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی چیە ، ئەوکات ئەتوانرێت ئەو کردارە وەك خۆی جێبەجێ بکریت.

وەلەو ئامانجانە:

١-گۆرانکاری پێویست و بەردەوام لە شێوازی وانە ووتنەوەی مامۆستایان و گەشەکردنی پیشەییە یان و هەروەها بەریوبەر .

٢-گۆرانکاری لەشێوازو چۆنێتی پەروەردەکردنی قوتابیان دا .
لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ خوازیاری چاکسازی و گەشە کردنە بۆیە کرداری هەلسەنگاندنی کردارێکی بەردەوامە.
لایەنە بەشدارەکانی هەلسەنگاندن ( مامۆستا ،سەرپەرشتیار ، لێپرسراوانی بالاتر )

## گەشە کردنی سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی:

سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی دەزگایەکی گرنگ و کاریگەرە لە گەشە کردن و بەرەو پێش بردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا.... بۆیە چەندە بایەخی پێبدرێت و پیش بخرێ ئەوەندە پرۆسەی فێربوون و پەروەردە گەشە ئەکات و پێش ئەکەوێت .وەبەلای ئێمەوە ئەگەر پەیرەوی ئەم هەنگاوانە بکرێت ئەتوانریت تارادەیەکی بەرچاو ئەم دەزگایە گەشە بکات و پێش ئەکەوێت لە رووی پێشەیی یەوە :

١-پێش هەموو هەنگاوەکان پێویستە لە ئێستا بەدواوە ئەو مامۆستایانە هەلبژێرێن بۆ سەرپەرشیاری کە مەرجی یاسایی و زانستی و کۆمەلایەتی تەواویان تێدا بەدی بکرێت وەك:

ا-باوەری تەواویان بە فەلسەفەی پەروەردەیی و سیستمی پەروەردە و ئامانجە گشتی و تایبەتی یەکانی هەبێت .

ب-ئاستی رۆشنبیری گشتی بەرز بێت ،بەو شێوەیەی کە گەشە بدات بە ئاستی پەروەردەو لە چوار چێوەی قوتابخانە و کۆمەل و دەوروبەردا.

ج-بەلایەنی کەمەوە (١٥) سال مامۆستا بوبێت و لەو ماوەیەدا (٥) سال زیاتر بەرێوەبەر بووبێت .

د-خولی تایبەتی سەرپەرشتیاری بینیبێت.(هاوبەشی کردبێت)

ه-ناوناوبانگی باش بێت و پەیوەندی لەگەل قوتابیان و کەس و کاریاندا رێك و پێك بێت.

٢-گەشە دان بە پرۆگرامی خوێندن:

بەشێکە لە گەشە کردنی سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی بۆیە ئەبێت زۆر بایەخی پێبدرێت بەم پێودانگەی خوارەوە :

١-گەشە کردنی پرۆگرام ئەبێت ریز بەند بێت بە پێی پێداویستی گەشە کردنەکە .

٢-لەبەر ئەوەی گەشەکردنی پرۆگرام پەیوەندی بە پێداویستی قوتابیان و کۆمەلەوەیە ئەبێت گشتگیر و هەمەلایەنە بێت.

٣-ئەبێت هەموو لایەنە پەیوەندی دارەکانی پرۆسەی پەروەردە هاوبەشی و هاریکاری لەو ئەرکەدا بکەن وەك قوتابی ، مامۆستا،بەرێوەبەر ،سەرپەرشتیار،کۆمەڵ .چونکە بەرژەوەندی هەمووانی تێدایە .لەبەر ئەوە ئەبێت پەیوەندی یەکی بەتین و هاریکاریەکی تەواو هەبێت لە نێوان ئەوانەی تایبەتن بە پرۆگرام و سەرپەرشتیارانەوە

٤-گەشە پێدانی پرۆگرام پێویستی بەرێکخستن وئامادەکردن و ساز کردنی بارو دۆخێکی لە بارو گونجاو هەیە بۆ رەخساندنی فێرکردن و فێربوون بۆ ئەوەی گەشە کردنەکە ئامانجەکانی خۆی بپێکێ.

*ئەو کۆسپانەی لەبەردەم سەرپەرشتیاری دایە .

بۆ ئەوەی بە شیوەیەکی ئاشکراو روون ئەو رێگرانە بخەینە روو کە بونەتە سستی و لاواز کردنی سەرپەرشتیارێتی کردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ئەم خالانەی خوارەوە دەست نیشان ئەکەین بە هیوای ئەوەی هەوڵی جدی و هەمەلایەنەی بۆ بخرێتە گەربۆنەهێشتن و بن برکردنیان:

ا-پێداویستی

١- نەبوونی بینای تایبەت بە سەرپەرشتیاریەتی .

٢-نەبوونی ئامێری چاپ و رۆنیو کۆمپیوتەر بۆ جێبەجێ کردنی ئیش و کارەکان .

٣-نەبوونی ئوتۆمبێل کە زرۆ پێویستە بۆ کار ئاسانی سەرپەرشتیاریەتی .

٤-نەبوونی ( قرطاسیة)پێویست بۆ راپەراندنی ئیش و کارەکانی رۆژانە لە کاتی خۆیدا.

١-لایەنی هونەری:

بەلای ئێمەوە ئەم خالانەی خوارەوە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ کاری کردۆتە سەرسستی و لاوازی و رێگری لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەرکەکانماندا وەك پێویست لەوانە:

١-گوێ نەدان بە مەرجە یاسایەکان لە دانانی سەرپەرشتیاراندا .

٢-کەمی خولی ئامادەکردن وراهێنان بۆ سەرپەرشتیاران.

٣-ئەو مامۆستایانەی لە پەیمانگای مامۆستایان دەرئەچێ بە شێوەیەك ئامادەنەکراون کە بگونجێن لەگەڵ پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەی سەرتاییدا بە تایبەت لە بابەتەکانی ئەلف وبێ و باخچەی ساوایان و رێبازو شێوازی ووتنەوەی وانەکاندا.

٤-نەبوونی کتێبی تەواو و پرۆگرامێکی یەکگرتوو بۆ بابەتەکانی خوێندن و تازەگەری سەردەم لە بواری زانست و پەروەردەدا کە گونجا بێت لەگەڵ قۆناغی سەرتایی .هەروەها وانەی وەرزش و هونەر کە سالانە ژمارەیەکی کەم ئەبنە مامۆستاو بەشی زۆری قوتابخانەکان بێ بەشن لە مامۆستای تایبەت بەم دوو وانەیە .

٥-ژمارەیەك لە سەرپەرشتیاران تایبەتن بە پسپۆری زمانی ئینگلیزی و وەرزش و ئەلفبێ باخچەکانی ساوایان بەڵام ژمارەیان کەمن و ناتوانن وەك پێویست ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن لەبەر زۆری ژمارەی مامۆستایانی ئەو بابەتە ی کەلە ئەستۆیانە بۆ سەرپەرشتی کردنی بۆ نمونە ئەلفبێ کوردی یەك سەرپەرشتیاری پسپۆری هەیە و ژمارەی مامۆستایانی ئەلفبێ زیاتر لە (٧٠٠) مامۆستان.

٦-بەردەوامی گواستنەوەی مامۆستایان بە درێژاییساڵ هەروەها مۆلەتی بێ موچە کەلەکاتی خۆیدا ناکرێ ئەمەش کاریکی یەکجا خراپ ئەکاتە سەر دەوامی قوتابخانەکان و ئەنجامی تاقیکردنەوەکان.

٧-هەلسەنگاندن لایەنەنێکی گرنگی پرۆسەی پەروەردەیە و یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆیە زۆر پێویستە کاری جدی بکرێت بۆ ئەوەی لەسەر بنەما و رێنماییە تازەکانی سەردەم ئەم کارە ئەنجام بدرێت ئەوەیش بەوە ئەبێت بزانرێت

بۆچی هەلسەنگاندن ئەکرێت؟

کێ ئەتوانێت هەلسەنگادن ئەنجام بدات؟

کاتی هەلسەنگاندن (بۆ ماوەیچەند ساڵ جارێك ئەم کردارە جێبەجێ ئەکرێت ؟

لای ئێمە هەموو ساڵێك ئەم کردارە دووبارە ئەکرێتەوەکە جێی خۆی ناگرێت لەبەر ئەم هۆیانە :

ا-کاتی تەواو نابێت بۆ سەرپەرشتیار تا سەردانی تەواوی مامۆستا بکات هەموو لایەنە پێویستەکان ببینێت تا بڕیاری تەواو بدات لەسەر ی .بەهۆی دیاری کردنی دەرچوونی سەرپەرشتیاران بۆ قوتابخانەکانی دەرەوەی شار بە (٨) ڕۆژ لە مانگیکدا ئەوەش بەش ناکات بۆتە واوکردنی ئەو کارە گرنگە.

ب-گواستنەوەو مۆلەتی بەردەوام بۆ مامۆستایان ، خشتەی دابەش کردنی وانەکان بەردەوام لە گۆراندا ئەبێت کە ژمارەیەك مامۆستا ئەبوێرێ لە هەلسەنگادن

ج-کەمتر کار بە ئەنجامەکانی هەلسەنگاندن ئەکرێت ، لەبەر ئەو هۆیانەی سەروە.

٨-نەبوونی (نشرية) تایبەت بە یەکەی سەرپەرشتیاری .

*پیشنیارەکانمان بۆ نەهێشتنی کەم و کوری و رێگرەکانی سەرپەرشتیارێتی

١-پیشنیار ئەکەین هەولی تەواو جدی بدرێت بۆ دروست کردنی یا دابین کردنی بنایەکی شیاو بە سەرپەرشتیارێتی پەروەردەیی

٢-دابین کردنی چەند ئامێرێکی چاك و تازە بۆ نووسین و چاپ کردنی و وێنە گرتنەوەی نوسراوەکان.

٣-ئۆتۆمبیلێك بۆ دەزگای سەرپەرشتیارێتی دابین بکرێت تا لەکاتی پێویستدا بتوانرێت زیاترو زوتر ئەرکەکانی جێبەجێ بکات .

٤-مانگانە بڕێك پارە دیاری بکرێت وەك (نثرية) بۆ ئەم دەزگایە

٥-کردنەوەی خولی بەهێز کردن و ڕاهێنانی بەردەوام بۆ سەرپەرشتیاران .

٦-بایەخی زۆر بدرێت بە پەیمانگای مامۆستایان بۆ ئەوەی باشترو گونجاوتر مامۆستایان ئامادەبکەن بە تایبەت بۆ بابەتەکانی باخچەی ساوایان ئەویش بە کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە بە باخچەکان و هەروەها ئەلف و بێ و شێوازی ووتنەوەیان .

٧-ئەو ماوەیەی دانراوە بۆ ( جێبەجێ کردن ) تطبیق جاری وایە (٤٥) ڕۆژە کەمە ئەگەر بکرایە بە(٢) مانگ زیاترئەوا باشترە و سوود بەخشتر ئەبێت.

٨-زمانی ئینگلیزی و وەرزش و ئەلف و بێ سەرپەرشتیاری پسپۆری تایبەتیان هەیە ژمارەیان زۆرکەمە پێشنیار ئەکەین دەورەیەکی تایبەت بکرێتەوە بۆ ئامادەکردنی ژمارەیەکی تەواو بۆ ئەو وانانە تا بتوانرێت هەموو مامۆستایانی تایبەتی ئەو بابەتە سەرپەرشتی تەواو بکرێت .

٩-بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردە هاوشان بکرێت لەگەڵ گەشە کردنی تازە و سەردەم پێشنیار ئەکەین ( گواستنەوەی مامۆستایان بە (٢) دوو ساڵ یان (٣) سێ ساڵ جارێك ئەنجام بدرێت .

١٠ -دوا پێشنیارمان ئەوەیە هەوڵ بدرێت ئاستی مامۆستایان لە روی زانستی یەوە بەرزبکرێتەوە ئەویش بەوەی کە کۆلێجی مامۆستایان بکرێتەوە کە هەنگاوێك بێت بۆ ئەوەی :

ا-بواری پسپۆری لە قۆناغی سەرتاییدا جێبەجی بکرێت سەبارەت بە هەر بابەتێکی خوێندن.

ب-ئەو کاتە ئەتوانرێت(خوێندنی تەوزیمی) تاکوتایی قۆناغی ناوەندی بگرێتە وە هەروەك ئێستا لە هەندێ وولاتانی پێشکەوتودا پەیرەوی ئەکرێت .

لە کۆتاییدا خوازیارین هەول و کوششی دلسۆزان و خەم خۆرانی پەروەردە و زانست بەردەوام زیاتر بێت بۆ هێنانەدی ئامانجە پەروەردەییەکانمان تا بتوانین مرۆڤی کوردی شیاو و ئامادە بکەین بۆ داهاتووی نەتەوەکەمان.

## سەرپەرشتیاری پسپۆری

شاراوە نی یە،کە پرۆسەی پەروەردە،ئەمڕۆ بەو فراوانی و هەمە جۆری دامو دەزگاکانیەوە ، لە دایك بووی بارێکی کۆمەڵایەتی تایبەت و ئەنجامی رووداوێکی دیاری کراو نەبووە. بەڵکو لەگەڵ پەیدا بوونی مرۆڤدا هاتووە و شان بە شانی گەشەی کردووەو گۆڕاوە ، تا ئەو شێوازەی ئەمرۆی لە خۆی گرتووە .

یەکێك لە دەزگا هەمە جۆرەکانی پەروەردە، یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆری یيە .ئەگەر دەزگـای سەرپەرشتیاری لـە سـەرەتای دروسـت بوونـی دا،تەنـها مەبەسـتی پشـکنینی مامۆستایان بوبێت و بە دوای هەلە و کـەم و کوریـاندا گـەڕابێت و تـا چـەند ئـەو کارانـەی ئەنجامی داون بە پێی بنەماو مەرجەکانە ،ئەوا دەزگای سەرپەرشتیاری ئەمڕۆ بە چاوێکی ترەوە سەیری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکات و دەکرێت بلێین :-

سەرپەرشتیاری پسپۆری :ئەو کەسەیە ،کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونی لە ئەستۆ دایە ، وەدەبێت هەمیشە لە هـەوڵی بەرەو پێش بردنیدا بێت ، ئەویش بەوورد بوونەوەو پشکنین و کۆلینەوە لە :-

١-تەلاری خوێندنگە و گونجاوی لەباری بۆبەرێوە بردنی پرۆسەکەو ئەو کەم و کوری و پێدا ویستانەی کە هەن .

٢-هـەمو ئـەو کـارو بارانـەی پـەیوەندی یان بە دەسـتەی کارگێری و دەسـتەی مامۆسـتا یـان وکارمەندانەوە یە لە ناو خوێندنگەدا .

٣-پەیوەندی مامۆستایان بە باوکان و بەخێوکەرانی خوێندکارانەوە .

٤-تاقیکردنەوەکانی ناو خویندنگەو وزاری و هەموو ئەو باڵ و لقانەی ،کە پەیوەندی یان بە جێبـەجێ کردنیـەوە هـەن ،هـەر لـە سەرپەرشـتی کردنـی یـەوە تـا ووردبیـنی کردنیـان و راگەیاندنیان و هەلسەنگاندنیان.

٥-پرۆگـرام و کتێبـە بریاردراوەکـان و هۆیـەکانی فـێرکردن و چۆنیـەتی بەکارهێنانیان بـە جۆرێك ،کە سوود بەخش بن لە پاڵ تەختەی رەشدا.

٦-شـێوازو رێگاکانی وانە ووتنەوە و هـەموو ئـەو ئامۆژگـاری و رێنماییانـەی مامۆسـتایان دەکرێن بۆ چاکترین و لە بارترین شێواز.

٧-کارێگەری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری لەسەر پرۆسەکە.

٨-هەلسەنگاندن و چۆنییەتی بەریوەچوونی پرۆسەکە ،هـەر لە پرسیارکردنی ناو پۆلـەوە ، تا کۆتایی ئەنجامدانی خولی دووەمی تاقیکردنەوەکان .

ئەو چەند خاڵەی سەرەوە ، سەرچاوەی سەرەکی هەموو دەردوو نەخۆشیەکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونن لە جیهاندا.

جا سەرپەرشتیار پێویستە لەو بوارانەدا توانای خۆی بخاتە کار ،بۆ وەدی هێنانی ئامانجە پەروەردەیی و زانستیەکان ، کە بریتین لە :-

١)هەوڵدان بۆ گەشە پێدانی هەمووبوارەکانی پرۆسەی پەروەردە، تا لەکەشێکی دیموکراسیانەی پڕلە ڕێزگرتن دا،پەیوەندی یەکی پتەو لە نێوان پەروەردە کاران و خوێندکاران و کۆمەلدا پێك بهێنێت.

٢)سەرپەرشتیار دەبێت لە خزمەتی پێگەیاندنی مامۆستایاندا بێت ، بە پیشاندانی هەموو ئەو تیورو ڕێگە نوێیە پەروەردەیانەی کە هەن .

هەروەها سەرپەرشتیار دەبێت ،لەگەڵ گەیاندنی هەواڵی خوێندنگەکان و پێداویستیەکانیاندا ڕاستگۆ بێت بۆ بەردەم بەر پرسان .

٣)بەرەو پێش بردن و گەشە پێدانی ئیدارەی خوێندنگەکان ، بە کارمەندە کانیەوە ،بە تایبەتی مامۆستا ، چونکە یەکێك لە ئامانجە سەرکییەکان ، کە سەرپەرشتیار مەبەستی یەتی ، ئەویش بەرەخساندنی هەلی مەشق پێکردن و وروژاندنی چالاکی یەری بۆ ڕاهێنان.

٤)خولقاندنی کەش و هەوایەکی دیموکراسیانەی پەروەردەی پڕلە ڕێز و سۆزو لەیەك گەیشتن لە نێوان دەستەی مامۆستایان و باوکان و بە خێو کەران و هاوڵاتیان دا، بە شێوەیەك ، کە خالە چاکەکانی تێدا جێگیر بکرێت و چارەسەری لایەنە خراپەکانی بکرێت ، تا بەسوودی خوێندکاران و پرۆسەکە بگەڕێتەوە .

دیارە ، کە سەرپەرشتیاری پسپۆری بە چاوی پەروەردە ناو دەبرێت و سەرپەرشتیاران وەك پزیشکێکی سەرکەوتوو دەبێت هەمیشە لە سۆراغ کردن و گەڕان بە دوای سەرچاوەی دەردەکان دابن ، تا بتوانین باشترین دەرمان دەست نیشان بکەن بۆ چارەسەری .

کەواتەئەرکەکانی سەرپەرشتیار بریتین لە :

١-دارشتنی پلان بۆ فێرکردن و فێربوون ، ئەویش بە دیاری کردنی ئامانجەکانی و لەگەلیا دەست نیشانکردنی پێداویستیەکانی ، دیارە ئەوەی لە توانای پەیدا کردنی دا هەن .

وەبە دوادا چوونی هەموو ئەو جمو جۆڵ و چالاکی یانەی کە هەن لە پێناوی چەسپاندنی لایەنی باش و ڕاست کردنەوەی هەر چەوتی یەك دێتە ڕێ .

٢-سەرپەرشتیار دەبێت بەشداری لە چۆنیەتی ئاراستەکردنی پرۆسەی فێرکردن و هەولی پەیداکردنی هۆیەکانی پێش خستنی بدات ، دیارە ئەمانەش بە ڕێنمایی کردن و ئامۆژگاری بۆ دەستەی ئیدارە و مامۆستایان و خوێندکارانیش ،لە ڕێ ی ئەو چالاکی یە پەروەردەیی

یانەوە ، کە لەنێو خوێندنگەو دەرەوەیدا ئەنجام دەدرێن و دەبنە هۆی هۆشیار کردنەوەو بزواندنی هەستی نەتەوەیی وبەرەوپێش بردنی پرۆگرام و کتێب وهەمووشێوازەکانی هەلسەنگاندن بە تاقیکردنەوەکانیشیەوە .

ئەمەش بە رێکخستنی مامۆستایان لە نێو هەموو ئەو لێژنانەی کە لەنێو خوێندنگەکاندا پێك دەهێنرێن.

٣-مەشقکردن:دەزگای سەرپەرشتیاری بەرپرسە لە پەرە پێدان و پێش خستنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون ،بە پێشنیاز کردن بە کردنەوەی خولی مەشق کردن و دانانی بەرنامە و ئەو بابەتانە ی دەوترێنەوە لە پاڵ سەرپەرشتی کردنیدا و هاندانی مامۆستایان بۆ بەشداری کردن لەو خولانەدا ، دوا جار هەلسەنگادنیشی ،ئەمەش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و زانستی مامۆستایان و گەشە پێدانیان .

٤-پێگەیاندنی پێشرەو ( پێشەنگی -قائد) ی ئیداری:

سەرپەرشتیاری پسپۆری مەبەستیەتی ، کە چالاکی جموجۆلەکانی بە شێوەیەك ئاراستە بەرێوەببات ،کە ئەنجامیان هەبێت و بەرهەمدار بن و ببنە هۆی پێگەیاندنی پێشرەوی ئیداری ی و بە جۆرێك بیانخاتە کار ، کە قازانجی پرۆسەکەی تێدا بێتە دی ، ئەویش لە ڕێ ی ناسینی کێشە ئیداری یەکانی ناو خوێندنگەکان و کارێگەریان لەسەر پرۆسەکە بە گشتی و کارمەندان بە تایبەتی و هەل رەخساندن بۆ دۆزینەوەو دەرکەوتنی توانای سەرکردەیی .

٥-پەرەپێدان و گەشە پێدانی پرۆگرامەکان :

سەرپەرشتیاری پسپۆری بەشداری پەرەپێدانی پرۆگرامەکان دەکات ، لە ناوەرۆکیان دەکۆلێتەوە ، پێشنیاز بۆ بەرەو پێش بردنیان دەکات ، ئەمیش لە رێگەی ئەو هۆیانەوە کە پێش کەش دەکرێن.

دیسان بەشداری لە رێکخستن و توانای کارمەندانی دا دەکات ،بە سازدانی کەشێکی پڕ لە پەیوەندی برایەتی و مرۆڤانە و هاندانی هەموو ئەو چالاکیە رۆشنبیری و زانستی و کۆمەلایەتیانە ی کە لە ناو خوێندنگەدا هەن و هانی مامۆستاو کارگێران بۆ داهێنانی بەرهەمی نوێ دەدات ،وە لە لایەکی ترەوە هەوڵی راکێشانی باوکان و بە خێوکەرانی خوێندکاران دەدات بۆ بە شداری کردن لە بەرەو پێش بردنی پرۆگرامەکان.

٦-هەلسەنگاندن و نرخاندنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون :-

یەکێك لە کارە سەرکی یەکانی دەزگای سەرپەرشتیاری ، هەلسەنگاندن و نرخاندنی پرۆسەی پەروەردەییە ، لەم کارەشدا پشت بە گەلێك بنەماو پێوانەی گونجاوی بریار دراو دەبەستێت .

ئەمەش لەڕێی ئەو چالاکی یانەوە کە مەبەستێتی ، لە کاریگەری پرۆگرام و ئاست و توانای کارمەندان و مامۆستایان و لێوەشاوەییان و ئاستی خوێندکاران ،و چۆن دەتوانێت بەرەو پێشیان بەریت ،بە جۆرێك کە خواست و ئارەزوو ویستی خوێندکارانی تێدا بێتە دی و دانەبڕاو بێت لە داب و نەریت و کەلتوری کۆمەلگەکەش.دیارە ئەم هەنگاوانەش و بە جێ هێنانی ئەم ئەرکانە لە رێی هەموو ئەو سەردان و کارو بارانەوە دێنە دی ، کە سەرپەرشتیار ، هەر لەسەرتای ساڵەوە پێی هەڵدەستێت کە برتین لە :-

١-سەردانی خێرانی خوێندنگەکان لەگەل دەست پێکردنی سالی نوێی خوێندندا .

٢-سەردانی ئاراستە کردن ،لە پێش نیوەی ساڵدا و کۆبونەوە لەگەڵ مامۆستادا بە تەنها یان بەکۆمەل و سەردانی ناو پۆل.

٣-سەرپەرشتی کردنی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ ، بە دیاری کردنی شوێنی راکێشانی ( پرسیاریش )ەوە بۆ خوێندنگەکان .

٤-سەردانی بەدوا دا چوون ،کە دوای نیوەی سال پێی هەلدەستن ،بە سەیرکردنی پرسیارەکانی نیوەی ساڵ و چۆنیەتی پشکنینی دەفتەرەکان و سەرلەنوێ سەردانی مامۆستا لە پۆلدا ...

٥-ووردبینی کردنی نمرەی تێکرای ساڵانەی خوێندکاری پۆلە کۆتاییەکان و ماق بەشداری کردنیان لە تاقیکردنەوەی وەزاریدا.

٦-سەرپەرشتی کردنی تاقیکردنەوەی پۆلە ناکۆتاییەکان ، خولی یەکەم.

٧-رێکخستنی هۆلی تاقیکردنەوەی وزاری و دانانی بەرێوەبەر و چاودێر بۆیان .

٨-ووردبینی کردنی ئەنجامی خوێندکارانی پۆلە ناکۆتاییەکان خولی یەکەم و دووەم .

٩-سەر لەنوێ رێکخستنی هۆلی تاقیکردنەوەی وزاری خولی دووەم و دانانی چاودێر و بەرێوەبەر و سەرپەرشتی کردنی پۆلە ناکۆتایی یەکان .

١٠-بەشداری کردن ،لەو لیژنانەی بۆ لێکۆلینەوە پێك دێن، بۆ ئەو کێشانەی لەناو خوێندنگەکاندا سەر هەلدەدەن و بە کالا کردنەوەیان .

سەرپەرشتیار وەك کەسێك ئەو هەموو ئەرکە قورس و گرانە ی لە ئەستۆ دابێت ،دەبێت هەڵگری گەلێك سیفات بێت ، تا بتوانی بە هۆیانەوە روو بەرووی بەرێوەبەرو مامۆستایانی نێو خوێندنگەکاندا ببێتەوە و بە ئاسانی لە براو دلیاندا جێ بۆ خۆی بکاتەوە و بە ئاسانی قبول بکرێت ،لەو خەسلەتانە(سیفاتانە) :

١)سەرپەرشتیار ، لە رووی ئاستی زانستی و کارامەیی و شارەزایی پەروەردەییەوە .

پێویستە کەسێکی وابێت ، زاڵ بێت بەسەر ناوەرۆکی هەموو ئەو کتێبانە ی لە پسپۆری ئەودا بڕیاردراون بۆ خوێندن و بە وردی لێیانی کۆڵیبێتەوە و کەم و کورییانی دیاری کردبن.

٢)جێ ی بایەخە ، سەرپەرشتیار شارەزای هەموو ئەو ڕێگەو شێوازانە بێت ، کە بابەتەکانی خوێندنی پێ دەگوترێنەوە و پێش کات هەستی بەو گرفتانە کردبێت کە دێنە ڕێی مامۆستاو ئامۆژگارییان بکات بۆ نوێترین و لە بارترین ئەو ڕێگایانەی ،کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی خوێندکاراندا گونجاون .

٣) سەرپەرشتیار پێویستە دانەبراو بێت لە هەموو ئەو سەر چاوانەی ، کە پەیوەندی دارن بە پسپۆری یەکەیەوە و هەموو ئەو تیورو بیرو بۆچونانەی کەلە مەر پرۆسەی فێرکردنەوە هەن، هەرسی کردبێت و لە ڕێگای خۆیەوە بە مامۆستایان بگەیەنێت .

٤)مامۆستایان بەجۆرێك ئاراستە بکات ،تاگیانی لێووردبونەوە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو کتێبانەیان تێدا بچێنێت ،کە بە خوێندکارانی دەڵێنەوە و هانیانە بدات بۆ پێشنیاز کردن بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی پرۆگرامەکان .

دیارە کەسانێك ئەم هەموو ئەرکە گرانەیان لەسەر شان بێت ، مەرجە کەسانێك بن لێوەشاوە بن و بە پەنجەی دەست ئیشارەتیان بۆ بکرێت وەبە گەلێك بنەماو ئەزموندا تێپەری بن و توانای چوونە ناو کیشەکان و بەرەو ڕوبونەوەیان هەبێت ... کەدواتر هەندێك لەو بنەمایانەدیاری دەکەین .دەزگای سەرپەرشتیاری ئەمڕۆ ، لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و کۆششەی کە دەیدات ، هێشتا دەستەو سانە بەرامبەر بە گۆڕین و بەرەو پێش بردنی پرۆسەکە ،چونکە:

١-لەبەر زۆری کۆسپ و گرفتەکان کە ئەمانە هەندێکیانن :

ا-زیاد بوونی ڕێژەی ژمارەی خوێندکاران ساڵانە، لە چاو ژمارەی ئەو بینایانەی کە هەن و نەگونجانیان ، وەکەمی دروستکردنی بینای نوێ ، ئەم کیشەیە ساڵ بە ساڵ لە زیادبوون و ئاڵۆزبووندایەن.

ب-دەگمەنی هەندێك پسپۆری بۆبابەتەکانی (ئینگلیزی ،وەرزش،هونەر)بە پلەی یەکەم و هەندێك لە بابەتە زانستیەکان بە پلەی دووەم.

ج-زۆربوونی وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە وپزیشکی.

د-زۆربوونی نوسەران لە خوێندنگەکاندا کە پێویست نین و کەمی فەراش ( بەردەست ) کە پێویستن هەردووکیان گرفتن بۆ خوێندنگەکان.

هـ-لەدوای ڕاپەڕین و باری نالەباری هەرێم،وای کرد زۆربوونی مامۆستا لە خوێندنگەو کەمییان لە خوێندنگە یەکی تر ، واتە دابەوشبوونی ناعادیلانەی مامۆستایان ، ئەگەر سەرپەرشتیار هەوڵی گواستنەوەی دابن، گەلێك گرفتی هاتوەتە ڕێ .

و-لەگەل زۆربوونی خوێندنگەدا لە گوند و شارۆچکەکان ، پێویستی زۆربووە بە مامۆستا ، بۆ پڕکردنەوەی وانە چۆڵەکان ، گەلێك لە دەرچووانی زانکۆ دامەزران و ئێستا مامۆستان، بەڵام کەم و کوری جەستەییان هەیە جیٚ ی بەزەیی خوێندکارانن.

ز-دام و دەزگاکانی پەروەردە کتوپڕ و بەخێرایی ولە ماوەیەکی کورتدا فرانبوونی زۆریان بەخۆوەدی ، لەبەر ئەوە ڕووبەڕوو بوونەوەیان و چارەسەر دانان بۆ کێشەکان سووك و ئاسان نەبوون، لەڕووی دارایی و نائاسایی ناوچەکە .

ژ-سەرف نەکردنی کرێی وانەبێژی لە کاتی خۆیدا .

س-چاپ نەکردنی گەلێك لەو کتێبانەی لە لایەن لێژنەکانی تایبەت بە دانان و پوختە کردنەوە ئامادە کرابوون.

ش-گەلێك لە کەرەسەی تاقیگەکان ماوەیان بەسەرچووە و زۆر خوێندنگەش پێویستی بە تاقیگە و کەل وپەلە .

ح-زۆر بوونی کێشەی خوێندنگەکان ( ئیداری ، مامۆستایان،خوێندکاران)

٢)دەزگای یەکەی سەرپەرشتیاری هەیبەتی کەم بۆتەوە ، چونکە:

ا-لەدەست سەندنەوەی گەلێك لەو دەسەلاتانەی کە پێشتر هەیبوون لە گواستنەوەی مامۆستایان و دانانیان لەو شوێنانە ی پێویستن و زۆر دەست خستنە کاروباریان .

ب_هەندێك لە سەرپەرشتیاران بەو بنەما و مەرجانەدا تێنەپەڕیون کە بوون بە سەرپەرشتیار کە بریتین لە :

١-لە (١٥) ساڵ زیاتر لە بواری پەروەردەدا خزمەتی کردبێت و کەسێکی ڕۆشنبیر و عەقڵ کراوە و توانای چوونە ناو کیشەکانی بووبێت و ڕێز و سوپاسی ئاراستە کرابێت و لە بواری پەروەردەدا جیٚ دەستی دیار بێت.

٢-گەرلە ئیدارەدا بۆ ماوەی (٥)ساڵێك کاری کردبێت و بەرەو رووی سزای پەروەردەی نەبوو بێتەوە و دۆسیەکەی لەو ڕووەوە خاوێن بێت .

٣-بۆ چەند ساڵێك وانەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی و تبێتەوە ڕێژەی باش بە دەست هێنابێت (پلەی پێوانەیی) ووپۆلەکانی تریش لە یەکی ناوەندی یەوە ی وتبێتەوە و لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە کاتی خۆی بەباشی هەلیان سەنگاندبێت .

٤-مامۆستایەکی شارەزاو دلسۆزو نیشتمان پەروەرو خاوەن هەڵویست و کارامە بێت لە بواری پەروەردەدا.

**چارەسەر:**

١)ساڵانە و پێش کات ، پلان بۆ دروستکردنی چەند خوێندنگەیەکی نوێ دابنرێت کە گونجاو بن لەگەل رێژەی زیادبوونی خوێندکاران و ناوچەکاندا،بۆ ئەم مەبەستە دەبێت جۆرەرێکخستنێك لە نێوان بەشی (تەلاری خویندنگەکان) و سەرپەرشتیاری پسپۆریدا ببێت بۆ دیاری کردنی ئەو ناوچەیەی پێویستی بە خوێندنگەی نوێیە ....

٢)پشت بەستن بە دامەزراندی دەرچووانی ( پەیمانگای مامۆستایانی مەلبەندی )بەشەکانی ئینگلیزی ، وەرزش ،هونەر)ئەوانەی لە ریزی پێشەوەن و دامەزراندنیان لەسەر میلاکی ناوەندی ، بۆ چەند ساڵێك بۆ کەمکردنەوەی کێشەکە.

٣)دەست والا کردنی سەرپەرشتیاران لە گواستنەوەی ئەو مامۆستایانەی زیادن لە خوێندنگەکاندا و دانانیان بۆ ئەو شوێنانە کە پێویستن.

٤)زیادکردنی ژمارەی فەراش ( بەردەست) و کەم کردنەوەی نوسەران لە خوێندنگەکاندا.

٥)لابردنی ئەو مامۆستایانەی هەر کە م کورییەکی جەستەیان هەیە و گواستنەوەیان بۆ جێگەی تر دوور لە خوێندنگە.

٦)دامەزراندنی دەرچووانی ( دەروونناسی و کۆمەلناسی)لە خوێندنگەکاندا وەك رابەری پەروەردەی ( مرشد تربوی) کەدەکرێت هاریکاری یەکی چاك بکەن لە پێناو کەم کردنەوەی کێشەی خوێندکاران و چارەسەرکردنیان و ئەویش بە بەشداری کردنیان لە خولی رابەری پەروەردەیی دا.

٧)سەرفکردنی کرێی وانەبێژی لە کاتی خۆیدا و زیاد کردنیشی .

٨)بۆ چارەسەری کەم شارەزای وکارامەی سەرپەرشتیاران ، دیارە گەرانەوە بۆ مەرج و بنەماکان باشترین چارەسەرە.

٩) پەلە کردن بۆ لە چاپدان و تەواو کردنی ئەو کتێبانە ی لە دوای راپەرین دانراون و پوختە کراون.

لەگەل رێزماندا ...

## سەرپەرشتیارانی پسپۆری لە بەڕێوەبەرا یەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

### ١-بۆ سالی خوێندنی ١٩٩٨-١٩٩٩

| ژ | ناوی سەرپەرشتیار | پسپۆری | ژمارەی مامۆستایانی هەلسەنگێنراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ابراهیم حمد قادر | سەرپەرشتیاری یەکەم | - | |
| ٢ | نوری عبدالله فتح الله | سەرپەرشتیاری کارگێری | ٤٢ | بەڕێوەبەرو یاریدەدەر |
| ٣ | جمال محمد علی | سەرپەرشتیاری کۆمەلآیەتی | ٦١ | |
| ٤ | باوەدین کریم مولود | سەرپەرشتیاری عەرەبی | ٣٥ | |
| ٥ | صلاح حمد احمد | سەرپەرشتیاری پیشەیی | ٤٧ | |
| ٦ | احمد حمه رشید هیرانی | سەرپەرشتیاری کوردی | ٤٣ | |
| ٧ | ئینگلیزی -بیرکاری- فیزیا - کیمیا - زیندەوەر -هونەر سەرپەرشتیاریان نەبوون | | | |

### ٢-سالی خوێندنی ١٩٩٩-٢٠٠٠

| ژ | ناوی سەرپەرشتیار | پسپۆری | ژمارەی مامۆستایانی هەلسەنگێنراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ابراهیم حمد قادر | سەرپەرشتیاری یەکەم | - | |
| ٢ | نوری عبدالله فتح الله | سەرپەرشتیاری کارگێری | ٤٧ | بەڕێوەبەرو یاریدەدەر |
| ٣ | جمال محمد علی | سەرپەرشتیاری کۆمەلآیەتی | ٣٢ | |
| ٤ | باوەدین کریم مولود | سەرپەرشتیاری عەرەبی | ٣٦ | |
| ٥ | صلاح حمد احمد | سەرپەرشتیاری پیشەیی | ٤٨ | |
| ٦ | احمد حمه رشید هیرانی | سەرپەرشتیاری کوردی | ٤٤ | |
| ٧ | لگفی صدیق محمد | سەرپەرشتیاری کۆمەلآیەتی | ٣١ | |
| ٨ | کاروان عبدالواحد محمد | سەرپەرشتیاری وەرزش | - | |
| | ئینگلیزی -بیرکاری- فیزیا - کیمیا- زیندەوەر -هونەر سەرپەرشتیاریان نەبوون | | | |

### ٣-سالی خوێندنی ٢٠٠٠-٢٠٠١

| ژ | ناوی سەرپەرشتیار | پسپۆری | ژمارەی مامۆستایانی هەلسەنگێنراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ابراهیم حمد قادر | سەرپەرشتیاری یەکەم | - | |
| ٢ | نوری عبدالله فتح الله | سەرپەرشتیاری کارگێری | ٥٢ | بەڕێوەبەرو یاریدەدەر |
| ٣ | جمال محمد علی | سەرپەرشتیاری کۆمەلآیەتی | ٣٢ | |
| ٤ | کاروان عبدالواحد محمد | سەرپەرشتیاری وەرزش | ١٤ | |
| ٥ | صلاح حمد احمد | سەرپەرشتیاری پیشەیی | ٤٨ | |
| ٦ | احمد حمه رشید هیرانی | سەرپەرشتیاری کوردی | ٤٣ | |
| ٧ | جمال فتح الله عبدالله | سەرپەرشتیاری کۆمەلآیەتی | - | |
| ٨ | حمید میر خان عبدالله | سەرپەرشتیاری بیرکاری | - | |
| | بابەتەکانی ئینگلیزی -بیرکاری- فیزیا - کیمیا -زیندەوەر -هونەر بێ سەرپەرشتیارن | | | |

# سەرپەرشتیارانی پسپۆری لە بەڕێوەبەرا یەتی گشتی پەروەردەی کەرکوك

## ١-بۆ سالی خوێندنی ١٩٩٨-١٩٩٩

| ژ | ناوی سەرپەرشتیار | پسپۆری | ژمارەی مامۆستایانی هەلسەنگێنراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| بۆ ئم سالە هیچ لیستێکمان چنگ نەکەوتووە | | | | |

## ٢-سالی خوێندنی ١٩٩٩-٢٠٠٠

| ژ | ناوی سەرپەرشتیار | پسپۆری | ژمارەی مامۆستایانی هەلسەنگێنراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | عباس كريم امين | سەرپەرشتیاری یەکەم | پەیمانگای کەلار و چەمچەمال | ٢ بەرێوەبەر+ ٣ معاون |
| ٢ | علي نريمان محمد | سەرپەرشتیاری کارگێری | ٨٠ | بەرێوەبەرو یاریدەدەر |
| ٣ | داودعلي عبدي | سەرپەرشتیاری کارگێری | ٧٩ | بەرێوەبەرو یاریدەدەر |
| ٤ | ناظم حسين محي الدين | سەرپەرشتیاری کوردی | ٦٢ | |
| ٥ | ئازاد حسين احمد | سەرپەرشتیاری کوردی | ٦٧ | ٢٩ ی نەکردووە |
| ٦ | كريم عباس محمد | سەرپەرشتیاری عەرەبی | ٩٨ | |
| ٧ | حسين احمد محمد امين | سەرپەرشتیاری ئینگلیزی | ٥٥ | |
| ٨ | كريم احمد محمد | سەرپەرشتیاری کۆمەلأیەتی | ٦٨ | |
| ٩ | مدحت مجيد | سەرپەرشتیاری کۆمەلأیەتی | ٦٢ | |
| ١٠ | علي محمود درويش | سەرپەرشتیاری بیرکاری | ٦٣ | |
| ١١ | نوري رحيم علي | سەرپەرشتیاری فیزیا | ٣٨ | |
| ١٢ | عثمان حسين احمد | سەرپەرشتیاری کیمیا | ٤٢ | |

## ٣-سالی خوێندنی ٢٠٠٠-٢٠٠١

| ژ | ناوی سەرپەرشتیار | پسپۆری | ژمارەی مامۆستایانی هەلسەنگێنراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | عباس كريم امين | سەرپەرشتیاری یەکەم | ٥ | بەرێوەبەرو یاریدەدەر |
| ٢ | علي نريمان محمد | سەرپەرشتیاری کارگێری | ٥٦ | |
| ٣ | داودعلي عبدي | سەرپەرشتیاری کارگێری | ٤٣ | |
| ٤ | ناظم حسين محي الدين | سەرپەرشتیاری کوردی | ٥٨ | |
| ٥ | ئازاد حسين احمد | سەرپەرشتیاری کوردی | ٧٥ | |
| ٦ | كريم عباس محمد | سەرپەرشتیاری عەرەبی | ١٠٧ | |
| ٧ | حسين احمد محمد امين | سەرپەرشتیاری ئینگلیزی | ٤٦ | |
| ٨ | كريم احمد محمد | سەرپەرشتیاری کۆمەلأیەتی | ٨٠ | |
| ٩ | مدحت مجيد | سەرپەرشتیاری کۆمەلأیەتی | ٣٠ | |
| ١٠ | علي محمود درويش | سەرپەرشتیاری بیرکاری | ٤٩ | |
| ١١ | نوري رحيم علي | سەرپەرشتیاری فیزیا | ٣٢ | |
| ١٢ | عثمان حسين احمد | سەرپەرشتیاری کیمیا | ٣٥ | |

## پێشنیارەکانمان بۆ نەهێشتنی کەم و کوڕی و لادانی کۆسپەکانی بەردەم سەرپەرشتیارێتی

١-پابەند بوون بەبنەماو مەرجە یاساییەکان بۆ پیاچوونەوەو دانانی سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرو یاریدەدەرو کارکردن بە بریاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی نووسراوی وەزارەتی پەروەردە ژمارە ٧٠٢٥ لە٢٠٠١/٩/٢٦ .

٢-زۆرکردن و بایەخدان بە خولەکانی راهێنان و بە هێزکردن بۆ سەرپەرشتیاران .

٣-دابین کردنی کتێبی پێویست بۆ سەرجەم قوتابیان و خوێندکاران بەپێی یەك خستن و رێك خستنی پرۆگرامەکان کە گونجاو بێت لەگەڵ گیانی سەردەم دا بە هاوکاری سەرپەرشتیاران .

٤-دیاریکردنی مەرجەکان بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ بابەتەکانی ئینگلیزیو وەرزش و هونەر، ئەویش (بە) پشت بەستن بە دەرچووانی پەیمانگاو ( ١٥) پانزە ساڵ خزمەت لە بواری پەروەردەدا بۆ وەرزش و هونەرو ( ٢٠ ) بیست ساڵ خزمەت بۆ زمانی ئینگلیزی کە وانەکەی بە فعلی وتبێتەوە .

٥-زیادکردنی سەردانی سەرپەرشتیاران لە ( ٨ ) هەشت سەردانەوە بۆ ( ١٠ ) دە سەردان .

٦-دابینکردنی بینایەکی شیاو بۆ هەردوو سەرپەرشتیارێتی لەگەڵ دابینکردنی ئامێری چاپ و لەبەر گرتنەوەو کۆمپیوتەرو ئوتومبیل .

٧-دابینکردنی نەسریە هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنی سەری ساڵی خوێندنەوە .

٨-هەوڵدان بۆ دروستکردن و زیادکردنی ژمارەی بینای نوێ بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکە بگونجێت لەگەڵ ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران داو دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان خوێندنگەو سەرپەرشتیارێتی دا .

٩-زیاتر پشت بەستن بە تنسیب کردنی دەرچوانی پەیمانگای مەڵبندی مامۆستایانی بەشی ئینگلیزی و وەرزش و هونەر لە ناوەندیە کان دا .

١٠- هەوڵەدان بۆ سەرف کردنی کرێی وانە بێژی مانگانەو لەکاتی خۆی داو زیاد کردنی کەی ئەم کارە دەبێتە هۆی لابردنی گەلێ گرفت لە بەردەم پڕکردنەوەی وانە چۆڵەکاندا .

١١-والآکردنی سەقفی وانە بێژی بۆ هەموو بابەتەکان .

١٢-گورانەوەی ئەو دەسەلآتانەی کە پێشتر سەرپەرشتیار کاروباری خۆی پێ ئەنجام ئەداو دەست نەخستنە ناو کاروباریانەوە .

١٣-پەلە کردن لە تەواو کردنی چاپی ئەو کتێبانەی کە ئامادە کراون بۆ چاپ لە دوای راپەڕینەوە .

١٤-دانانی بنەمایەك بۆ مۆڵەتی پزیشکیو مۆڵەتی بێمووچە .

١٥-هەوڵدان بۆ زیادکردنی لقە زانستیەکان بۆ کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی لە پاڵ زمانی کوردیو عەرەبی دا .

١٦-کۆکردنەوەی بریارو ڕێنمایییەکانی وەزارەت لە نامیلکەیەکداو ساڵانە لە خوێندنگەو قوتابخانەکاندا وەك رابەرێك بۆ کارکردن بەکار بهێنرێت .

١٧-کەمکردنەوەی حصەی پەروەردەو وەزارەت لەبەشی فرۆشگای خوێندنگەکان لە ( ٤٠٪)ەوە بۆ ( ٢٠٪ ) .

١٨-دابەش کردنی کتێب و قرطاسیە بەسەر قوتابخانەو خوێندنگاکان دا پێش دەست پێکردنی ساڵی خوێندن بە هاوکاری سەرپەرشتیارێتی .

١٩-کردنەوەی خول بۆ مامۆستایانی سەرەتایی کە خزمەتیان زۆرە لە بواری کۆمەڵناسیو تەنسیب کردنیان لە ناوەندییەکان دا وەك ((یاریدەدەری توێژەری کۆمەڵایەتی- مساعد باحث اجتماعي )) .

٢٠ - گرنگی دان بە وانەی پەروەردەی خێزانی لەبەر پێویستی ئەو بابەتە بۆ خوێندکارانی کچ و دانانی سەرپەرشتیاری پسپۆری بۆی .

٢١-جێبەجێکردنی کارەکان بەپێی یاساو ڕێنمایییەکان و دوور کەوتنەوەلە سیاسەتی تزو دەست تێوەردان و(واسیتە).

٢٢-لەبەر ئەوەی سەرپەرشتیاری پەروەردەییبەسەر دوو بواردا ( کارگێریو هونەر ) دابەش ئەبێت، پێشنیار ئەکەین بە دانانی سەرپەرشتیاری کارگێری .

لە کۆتاییدا خوازیارین هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان و خەم خۆرانی پەروەردەو زانست بەردەوام زیاتر بێت بۆ هێنانەدی ئامانجە پەروەردەییەکانمان تا بتوانین مرۆڤی کوردی شیاو و لێهاتووبۆ داهاتووی نەتەوەکەمان ئامادە بکەین .

# پەیمانگەکان و ڕاهێنان

## ﴿ ڕاهێنان و چۆنیەتی ئێستای و شێوەی پەرەپێدانی بۆ داهاتوو ﴾

ڕاهێنان بۆ گشت مامۆستایان لە قۆناغەکانی خوێندنا پرۆسەیەکی نەوەستاوی زیندووە ، شان بەشانی هەموو زانستەکانی سەردەم ، لە گۆرانکاریدایە و پێویستی بە نوێ بوونەوە و پەرەپێدان هەیە بەپێی هەل و مەرجی گونجاو بە لەبەر چاوگرتنی بارو دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی ، هەر بۆیە لە وولآتانی لێقەوماودا بە یەکێك لە بابەتەکانی فریاکەوتن هەژمارە دەکرێت هەروەك دابین کردنی خۆراك و بژێوی و پاراستنی تەندروستی بەهەموو بەشەکانیەوە . چونکە ئەگەر فریای پرۆسەی خوێندن نەکەون لەو ساتە وەختانەدا کە ئەویش خۆی لە ڕاهێنان بە هەموو جۆر و چەشنەکانیەوە دەبینێتەوە ، ئالۆزی و بێ سەرو بەرەیی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنا روو دەدات کە دەبێتە هۆی سەرەکی پەراگەندەیی و بێ سەرو بەرەیی کۆمەڵ کە ئەمەش بە کارەساتێکی گەورەی کوشندە بۆ گەلان و میللەتان دەژمێرێت •

**جۆرەکانی ڕاهێنانیش ئەم بابەتانە لە خۆی دەگرێت :-**

١ ) خولی ئامادەکردنی مامۆستایان :- بە خوێندنی بابەتەکانی پەروەردە / ڕێگەی ووتنەوەی وانەکان / دەروون ناسی / هۆی فێرکردن کە ماوەکەی لە سێ مانگ تا دوانزە مانگە •

٢ ) خولی ڕاهێنانی پەرەپێدان لە بابەتەکانی خوێندنا کە ماوەکەی سێ هەفتە تا شەش هەفتەیە •

٣ ) خولی ڕاهێنانی کورت ماوەکەی ( ٥ ڕۆژ تا ١٠ ڕۆژە ) •

٤ ) ئەلْقەی دراسی بۆ بابەتێکی دیاری کراو ( ١ ڕۆژ تا ٤ ڕۆژ ) •

٥ ) ئەلْقەی کرداری ( عملی ) دروست کردنی بابەتی دیاری کراو ( ١ ڕۆژ تا ٤ ڕۆژ ) •

٦ ) وانەی ڕاهێنان بۆ هەر وانەیەکی دیاری کراو ( ٤٥ دەقیقە ) یە •

٧ ) محازەرە ( وانە بێژی ) پێشکەش کردنی بابەتێك کە ( ١ سەعات ) زیاتر نەبێ •

٨ ) (ندوە ) کۆڕگرتن :- گێڕانی کوڕ بۆ مامۆستایان بۆ بابەتێك بۆ ماوەیەکی دیاری کراو •

٩ ) سمینار :- بە ئامادەبوونی چەند پسپۆڕێك بۆ بابەتێکی دیاری کراو قسەکردن لەسەری پرسیار و وەلآم لەسەری •

١٠ ) میوانداری پسپۆڕێك یان چەند پسپۆڕێك بۆ گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و روون کردنەوەی •

١١ ) کردنەوەی پێشانگای زانستی و پەروەردەیی ئاراستە کراو بۆ بابەتێك یا چەند بابەتێك •

١٢ ) سەردانی زانستی و پەروەردەیی ( السفرات العلمیة و التربویة ) بۆ زانینی هەموو لایەنەکانی ئەو بابەتەی مەبەستە لە نزیکەوە بە چاو •

١٣ ) نیشان دانی فیلمی زانستی پەروەردەیی لە هۆڵی گەورە بە هۆی : سینەما و ڤیدیۆ / ئۆڤەر هید / بروجکتر سلاید / تەلەفزیون •

١٤ ) پێشبڕکێی زانستی و پەروەردەیی لە بابەتێکی دیاری کراو لە نێوان دوو گروپدا •

١٥ ) كاروانی پەروەردەیی : - بەناردنی چەند پسپۆڕێك هەر یەكە لەبابەتێكدا بۆ ناوچە دوور و سنوریەكان بە ئامێری ڤیدیو و تەلەفزیون و تەسجیل هۆی فێركردن شریتی تۆمار كراو نیشان بدەن دوایی توێژینەوەو گفتوگۆی لەسەر بكەن •

لەحكومەتی هەرێمی كوردستاندا بەڕێوەبەرێتی ئامادەكردن وراهێنان لە سلێمانی / كركوك / رانیە / كۆیە هەیە بۆ جێبەجێكردنی ئەم شێوازانەی راهێنان بە جۆرێكی باش و سوود بەخش بەگشتی ، پێویستمان بەوە هەیە كە راهێنان گرنگی تەواوی پێ بدرێت لە رووی چۆنایەتی و چەندایەتیەوە ، پێشنیاز دەكەین بۆ پەرەپێدانی ئەم پرۆسە پەروەردەییە بەپێی توانا ئەمانەمان بۆ بكرێت : -

١ - دابین كردنی بینا كە ( ١٠ هۆڵ و ٦ ژووری كارمەندان و ٢ گەنجینە و ١ ژووری پاسەوان و ١ ژووری كارگوزاران و ١ ژووری بەشی چاپ و رۆنیۆ و لە بەرگرتنەوە و ٢ هۆڵی تاقیگە ) پێك بێت •

٢ - دابین كردنی كەرەسە و ئامێرەكان لەهەر بابەتە (٦) دانە بۆ كاتی خولە راهێنانەكان وەك ( كۆمپیوتەر ، ئۆڤەرهید ، سلاید پروجكتر ، سینما ) •

٣ - دابین كردنی تازەترین سەرچاوەی زانستی و پەروەردەیی لەبواری راهێنان دا بەچەند دانەیەك و گرنگی دان و بایەخ دان بە كتێبخانەی بەڕێوەبەرێتی ئامادەكردن و راهێنان بەهەموو سەرچاوەیەكی زانستی و پەروەردەیی •

٤ - چاو خشاندنەوە بە پرۆگرامی خولە راهێنانەكاندا لەگەڵ گۆرانكاریە جیهانیەكاندا و بایەخ دان بە ( وەرشەی كاركردن ) قوتابیان فێربكرێن و بیربكەنەوە و كەسایەتیان تیا دروست بكرێت ( بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریان تیا بڕەسكێنن ) •

٥ - دابین كردنی تەزووی كارەبا بەبڕی زۆر تا لەهەموو كاتەكانی ساڵدا راهێنان بەردەوام بێت •

٦ - دابین كردنی ( ئوتومبیل ) تایبەتی بە ئەركەكانی راهێنان ( مولیدە و ڤیدیو و تەلەفزیۆن و رادیۆ و تەسجیل و سینما ) ی تیا بێ •

٧ - بووژاندنەوەی لیژنە زانستیە پسپۆڕیەكان ( اللجان العلمية المختصة ) بۆ قۆناغەكانی باخچەكان / سەرەتایی / ناوەندی و دواناوەندی / كات و پارەی كەمی دەوێت و سوودی زۆری دەبێت •

٨ - دابین كردنی كادری پەروەردەیی گەنج كەدەبێ لە رابووردودا مامۆستا بووبن خاوەن تەجروبەی پەروەردەیی بن •

٩ - خول و چالاكیە راهێنانەكان نەكرێن بە ئامرازی دوور لە پەروەردە و پەرەپێدان ، بەپێی تەعلیمات و یاسای راهێنان مامۆستایان بەشداری خولەكان بكەن •

١٠ - ئەگەر دەرامەت هەبێ وەزارەتی پەروەردە ساڵانە بودجەیەك دیاری بكات بۆ راهێنان بەهەموو شێوازەكانیەوە لەگەڵ دانانی پلانی ساڵانە بۆی •

١١ - هەوڵ بدرێت خولەكان لە سەرەتای دەست پێكردنی پشووی هاوین دەست پێبكرێت یان پشووی نیوەی ساڵ و ئەگەر كاتی دەوام بوو بە پێچەوانەی دەوامی قوتابخانەو مامۆستاوە بێت •

١٢ - هاوكاری و هەم ئاهەنگی تەواو لە نێوان بەڕێوەبەرێتی ئامادەكردن و ڕاهێنان و سەرپەرشتیاری پسپۆری و سەرپەرشتیاری سەرەتایی ، پابەند بوون بە تەعلیماتەوە •

١٣ - دەست نیشان كردنی وانەبێژان لەلایەن لیژنەیەكی پەروەردەیی شارەزا و كارامەوە بەپێی پسپۆڕی ووردی خۆی بێت نەك لەسەر بنەمای تر بێت •

١٤ - بەڕێوەبەری ئامادەكردن و ڕاهێنان دەسەڵاتی یاسایی خۆی بدرێتێ لە سنوری كارەكەیا دەست لە كارەكانی وەرنەدرێت •

١٥ - ئەگەر وەزارەتی پەروەردە بودجەی دانا بۆ ڕاهێنان یان ڕێكخراوەكان بودجەكەیان دا یەكەیەكی ژمێریاری ( الوحدة الحسبایة ) لە بەڕێوەبەرێتی ئامادەكردن و ڕاهێنان دروست بكرێت و بەپێی بنەماكانی ژمێریاری سەرف بكرێت •

١٦ - دابین كردنی ئامێری چاپ بەكوردی /عەرەبی / ئینگلیزی جۆری چاك لەگەڵ ئامێری ( لەبەرگرتنەوە / ڕونیۆ / ئامێری هەڵكەندن ( جهاز حفر الكترونی ) •

١٧ - ناردن یان بەشداری كادرانی ڕاهێنان لە خولی تایبەتمەندی بە ڕاهێنان لەناو هەرێم و دەرەوەی هەرێم •

١٨ - دانانی بەڕێوەبەری ئامادەكردن و ڕاهێنان یان نوێنەری ڕاهێنان لە : لیژنەكانی كە چەمكی ڕاهێنانی تیا بێت / كۆبوونەوەی ڕێكخراوەكاندا و بابەتی ڕاهێنان / لیژنەی ڕێكخستنی میلاك و لیژنە پەروەردەییەكانی تردا •

١٩ - بوژانەوە و بەگەڕ خستنەوەی مەڵبەندی زانیاری ( مركز العلوم ) بە هۆڵەكانی تاقیگە و كەرەسە و ئامێرو پێداویستیەكان و كادری پێویست بۆی •

٢٠ - كردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ بابەتی پەروەردەی هونەر بۆ مامۆستایان لە مەڵبەندی ئیشی دەست بەهەموو بەشەكانیەوە و دابین كردنی ئامێری پێویست بۆیان و كڕینی كەرەسەی خاو بۆ بەكارهێنانی لە كاتی خولەكانی ئیشی دەست دا تا كەلەپووری نەتەوییمان نەفەوتێ جگە لەمانەی سەرەوە كە بۆ هەر چوار بەڕێوەبەرێتی ئامادەكردن و ڕاهێنان مان داوا كرد :

١ ) بەڕێوەبەرێتی ئامادەكردن و ڕاهێنانی ڕانیە تا ئێستا بەتەواوی دروست نەبووە هەموو شتێكی دەوێت بۆی بكرێت تا ئێستا لە ڕێی سلێمانی كارەكانیان بۆ كراوە •

٢ ) بەڕێوەبەرێتی ئامادەكردن و ڕاهێنانی كۆیە :-

لەساڵی ١٩٩٧ تا ئێستا چەندەها خولی ڕاهێنانی بۆ باخچەی ساوایان و بابەتەكانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی ئەنجام داوە بەهەم ئاهەنگی لەگەڵ ڕاهێنانی سلێمانی ، ژمارەی كارمەندانی جگە لەبەڕێوەبەر (٨) كارمەندی هەیە ، (٣٣) خولی ئەنجام داوە سەرجەم لەگەڵ ڕێكخراوی SCF / یونسیف / یونسكۆ / WFP •

٣ ) بەڕێوەبەرێتی ئامادەكردن و ڕاهێنانی كەركوك :-

سالی ١٩٩٤ دامەزراوە هەر لەو ساڵەوە بەهەم ئاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی ئامادەکردن و راهێنانی سلێمانی چەندین خولی راهێنانی بۆ باخچەکان و سەرەتایی ناوەندی دواناوەندی ئەنجام داوە و داوای سەنتەری کۆمپیوتەر دەکەن •

٤ ) بەڕێوەبەرێتی ئامادەکردن و راهێنانی سلێمانی : – ئەمە چالاکیە راهێنانەیان ئەنجام داوە :

سالی ١٩٩٧ ١٣٢٧ مامۆستا بەشدار بووە

سالی ١٩٩٨ ٢٩٠٥ مامۆستا بەشدار بووە

سالی ١٩٩٩ ٥١٦٦ مامۆستا بەشدار بووە

سالی ٢٠٠٠ ١١٠٢٦ مامۆستا بەشداربووە

سالی ٢٠٠١ ٤٤٠٦ مامۆستا بەشدار بووە

تا ٢٠٠١/٩/١٩

وە ( ٢٤٨٢٥ ) مامۆستا سوودیان لە چالاکیە راهێنانەکان وەرگرتووە •

# راپۆرتێك لەسەر پەیمانگەی هونەرەجوانەكانی سلێمانی

١ ) پەیمانگەی هونەرەجوانەكانی‌سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٠ دامەزراوە لە شاری‌سلێمانی گەڕەكی ڕزگاری •

ئەم پەیمانگەیە دەرچووانی پۆلی سێیەمی ناوەندی وەردەگرێت ماوەی خوێندن لەم پەیمانگەیەدا پێنج ساڵە و دەرچووانی بڕوانامەی ( دبلۆمی هونەری ) وەردەگرێت •

٢ ) پێكهاتەیی پەیمانگەی هونەرەجوانەكان لەسێ بەشی سەرەكی پێك هاتووە : –

<u>ا – بەشی شێوەكار لەم لقانە پێك هاتووە : –</u>

١ ) لقی نیگاركێشان ( رسم )
٢ ) لقی سیرامیك
٣ ) لقی پەیكەرسازی ( نحت )
٤ ) لقی گرافیك

<u>ب – بەشی شانۆ لەم بەشانە پێك هاتووە : –</u>

ا – نواندن ( التمثیل )
ب – دەرهێنان ( الاخراج )

ج – بەشی مۆسیقا : – خوێندكار فێری زانستی مۆسیقا دەبێت و پسپۆڕی وەردەگرێت لە ئامێرێكدا •

## ٢ ) پێداویستیەکان : -

ا - نەبونی مامۆستای تەواو بۆ پڕکردنەوەی هەموو بەشەکان و هەموو پسپۆڕەکان بە شیوەیەکی گونجاو •

ب - نەبوونی کارگوزاری تەواو بۆ راگرتنی پاك و خاوینی بەشیوەیەکی گونجاو چونکە پەیمانگە بینایەکی زۆر فراوانە •

ج - لەگەل فراوانی بینای ئەم پەیمانگەیەدا تەنها یەك ( پاسەوان ) ی نەخۆشمان هەیە •

- نەبوونی باخەوان بۆ خزمەت کردنی باخچەی پەیمانگە •

ه - نەبوونی فەرمانبەری تەواو لە رەگەزی ( نیر ) بۆ هەلسوراندنی کاری پرسگە •

و - نەبوونی ( بدالەیەك )لە پەیمانگەدا بۆ ئەوەیکارەکان بە شیوەیەکی گونجاو ئاسان ئەنجام بدریت •

ز - دروست کردنی هۆلیکی تایبەت بە بەشی شیوەکار بۆ ئەوەی خویندکارانی پۆلی پینجەم کاری (اطروحە ی سالانەی ) تیدا بکەن •

ح - دابین کردنی ئامیرو مادەی پیویست بۆ بابەتی وانەی تکنولوجیا لە هەر چوار لقەکان •

ط - دروست کردنی ژووریك بۆ وانەی ( میژووی هونەر ) کە هەموو پیداویستیەکانی تیدا بیت وەك : ( سینەما ڤیژن - عارضة سیلایت - فانوسی سحری - سکرین ) •

- دروست کردنی هۆلیك تایبەت بەبەشی شیوەکار بۆ کۆکردنەوەی خویندکاران ( کۆبونەوەی باوکان- کۆبونەوەی هونەری ) •

## پێش نیازەکان : -

ئایا پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کادری هونەری پێك دەهێنێت یان مامۆستای هونەری ؟ !

ئەگەر کادری هونەری پێك دەهێنێت ئەوا پێویستە هەموو بابەتەکانی شێوەی پێگەیاندنی کادری هونەری بێت ، ئەگەر مامۆستا پێ دەگەیەنێت کە هونەر بلێتەوە پێویستە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا رێگاکانی ووتنەوەی بابەتەکانی ( علم النفس ) دەروونزانی و ( گرق التدریس ) بخوێنێت بۆ ئەوەی لەکاتی دەرچوونیاندا ببنە مامۆستایەکی گونجاو بەدەسەلات •

ئەگەر بۆ هەردوو مەبەستەکەیە ئەبێت پرۆگرامێکی تێرو پری بۆ دابنرێت بۆ پەروەردەکردنی مامۆستای بە توانا ، یەك خستنی پرۆگرامەکانی خوێندن بە تایبەتی زمانی کوردی عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ئەوەی لە هەموو بەشەکانی پەیمانگادا یەك جۆرە وانە بووترێتەوە و دابین کردنی پەرتووك بۆ ئەم مەبەستە •

## پێشنیارەکان : -

١ ) لە ساڵی دامەزراندنی ئەم پەیمانگەیە وە تا ئێستا نزیکەی ( ٢١ ) ساڵە ئەم پەیمانگەیە پەیڕەوی سیتمێکی ناوخۆ ( النظام داخلی ) ئەکات کە بەزمانی عەرەبی یە زۆری برگەکانی روون نەکراوەتەوە وە زۆر برگەی تر هەیە کە پەیمانگە پێویستی یەتی لەم سیستمەدا نییە ، پێشنیار ئەکەین کە بگۆڕێت بە زمانی کوردی و هەموو کەم و کورتیەکانی تەواو بکرێت •

٢ ) دانانی وانەیەکی ( کۆمپیوتەر ) لە هەرسێ بەشەکانی پەیمانگەدا •

٣ ) نەبوونی پەرتوك و گۆڤار و پێداویستی تەواو بۆ ئەوەی خوێندکار بزانێت ئەو گۆران کاریانە یاخود ئەو پێش کەوتنە هونەریانە کە روو ئەدات لە جیهاندا •

٤ ) مانگانە بڕی ( ١٢٠٠٠ ) دوانزە هەزار دینار خەرج ئەکرێت بۆ پەیمانگە ( نپریە ) بۆ کڕینی پێداویستی بەڵام ئەمە برە پارەیە کەمە وەناتوانرێت هەموو پێداویستی یەکی پێبکرێت ، پێشنیار ئەکەین ئەو برە پارەیەمان بۆ زیاد بکەن •

٥ ) دروست کردنی وەرشەیەکی دارتاشی و ئاسنگەری لە پەیمانگەدا لە بەر ئەوەی زۆر پێویستە •

٦ ) پەیمانگەی هونەرەجوانەکان پێك هاتووە لە سێ بەش لەگەڵ ئیدارەدا واتە چوار بەش بەڵام گەنجینەکانی پەروەردە وەك خوێندنگەیەکی ناوەندی یاخود ئامادەیی رەفتارمان لەگەڵ دا ئەکەن ، داواکارین کە پێداویستی یەکانی پەیمانگە زیاد بکرێت •

٧ ) دابین کردنی بڕێ پارەی گونجاو ساڵانە بۆ فیستیڤاڵی پەیمانگە لەسەر بودجەی پەیمانگە نەبێت •

٨ ) بەسەرکردنەوەی مامۆستایان لە لایەن ( اشرافی اختصاصیەوە ) ساڵانە وەبینینی مامۆستا لە کاتی وانەووتنەوە لە هەردوو سەردانەکەدا •

٩ ) لابردنی سنوری وانەبێژی بۆ مامۆستای هونەری چونکە مامۆستامان کەمەو ئەمەش ئەبێتە هۆی گرانی کارەکان •

١٠ ) ساڵانە هەندێ لە مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان سەرپەرشتی ( اطروحەی ) خوێندکاران ئەکەن ، داواکارین دەرماڵەیەك دابنرێت بۆ ئەم مامۆستایانە •

١١ ) پێشنیار ئەکەین کە دەرماڵەیەك تایبەت خەرج بکرێت بۆ بریاردەر ( سکرتێر ) بەشەکان •

١٢ ) لەبەر ئەوەی باری ئابووری مامۆستایان بەگشتی مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان خراپە ئەم کارە دلخۆش کەری یە بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی خویندن بەشیوەیەکی چاکتر بۆیە داواکارین

أ - زیادکردنی کرێی محاضرات لە ( ٧) دینارەوە بۆ ( ١٠ ) دینار •

ب - دابین کردنی دەرمالەیەکی تایبەت بە مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان •

ج - دابین کردنی بەشی ناوخۆیی •

- دابین کردنی ئۆتۆمبیلیك بۆ هاتوچۆ •

هـ - دروست کردنی بینایەکی تایبەت و گونجاو بۆ پەیمانگە •

# ( پەیمانگە مەڵبەندیەکان )

مەبەست لە کردنەوەی ئەم پەیمانگایانە ئامادەکردنی مامۆستا بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەم پەیمانگایانە دەرچووانی پۆلی شەشەمی ( زانستی و وێژەیی ) لە رێی وەرگرتنی مەڵبەندییەوە ( القبول المركزي ) وەرئەگرێت ، دوای تەواو کردنی ئەم پەیمانگایانە دەرچووانی بە مامۆستا قوتابخانە سەرەتاییەکان دائەمەزرێن ئەو پەیمانگایانە کە ئێستا لە هەرێمدا هەن ئەمانەن : -

١ ) پەیمانگەی مەڵبەندی سلێمانی : - ئەم پەیمانگەیە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە وە ئێستا لە ( ٦ ) بەش پێکهاتووە کە ئەمانەن ( زمانی کوردی - زمانی ئینگلیزی - زمانی عەرەبی - بیرکاری - زانست - کۆمەڵایەتی - وەرزش ) •

٢ ) پەیمانگەی مەڵبەندی هەڵەبجە : - ئەم پەیمانگەیە ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە وە ئێستا لە (٣) بەش پێکهاتووە کە ئەمانەن ( زمانی ئینگلیزی - کۆمەڵایەتی بیرکاری و زانست ) •

٣ ) پەیمانگەی مەڵبەندی کەلار : - ئەم پەیمانگەیە لە ساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە وە ئێستا لە (٥) بەش پێکهاتووە کە ئەمانەن ( زمانی کوردی - زمانی ئینگلیزی - بیرکاری و زانست - کۆمەڵایەتی - وەرزش ) •

٤ ) پەیمانگەی مەڵبەندی چەمچەماڵ : - ئەم پەیمانگەیە ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە وە ئێستا لە (٣) بەش پێکهاتووە کە ئەمانەن ( زمانی کوردی - زمانی ئینگلیزی - بیرکاری و زانست ) •

٥ ) پەیمانگەی مەڵبەندی رانیە : - ئەم پەیمانگەیە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە وە ئێستا لە ( ٦ ) پێکهاتووە کە ئەمانەن (زمانی کوردی - زمانی عەرەبی - زمانی ئینگلیزی - بیرکاری و زانست - کۆمەڵایەتی - وەرزش ) •

ئەو گیروگرفتانەی کە دێنە رێی ئەم پەیمانگایانە بۆ جێبەجێکردنی ئیش و کارەکانیان بە شێوەیەکی رێک و پێک ئەمانەن : -

١ - کەمی مامۆستای پسپۆڕ لە دەرچووانی کۆلیجی پەروەردە کە شارەزاییەکی تەواویان هەبێت لە بواری شێوازی وانە ووتنەوە ( طرق التدريس ) •

٢ - نەبوونی پرۆگرامێکی یەکگرتووە بۆ هەموو پەیمانگاکان •

٣ - کەمی کتێب لە بواری دەروون ناسی و وانە ووتنەوەدا •

٤ - نەبوونی تاقیگەی زانستی و زمان و کۆمپیوتەر لە زۆربەی پەیمانگاکاندا •

٥ - نەبوونی بەشی ناوخۆیی بۆ کوران و کچان •

٦ - بایەخ دان بە وانەکانی دەرون ناسی و شێوەی وانە ووتنەوە •

## پێشنیازەکان : -

١ ) یەک خستنی ( توحید ) ئەم پێنج پەیمانگەیە لەیەک پەیمانگەدا کە لە تواناداهەیە هەموو پێداویستی و کەم و کوریەکانیان بە ئاسانی بۆ دابین بکەین •

٢ ) پرۆگرامێکی یەکگرتوو بۆ هەموو پەیمانگاکان دابنرێت •

٣ ) دابین کردنی بەشی ناوخۆیی بۆ کوران و کچان •

٤ ) خوێندنی جوگرافیای کوردستان لە هەموو پۆلەکان و بەشەکان •

٥ ) دابین کردنی تاقیگەی زانستی و زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر •

٦ ) پێک هێنانی دەستەی پەیمانگە مەڵبەندییەکان وەکو دەستە پەیمانگە تەکنیکیەکان •

٧ ) تەرخان كردنی پارەی ( نشریە ) بە پیی ژمارەی خوێندكاران •

٨ ) لابردنی رێژەی ووتنەوەی وانە بێژی ( نسبە المحاضرات ) بۆ هەموو وانەكان •

٩ ) ئەو مامۆستیانەی كە لەم پەیمانگایانەدا دادەمەزرێن پێویستە دەرچووی كۆلیجی پەروەردە بن و ( ٥ ) ساڵ كەمتر خزمەتیان نەبێت •

١٠ ) نەكەوتن ( عدم رسوب ) و عبور ئەم پەیمانگایانەش بگرێتەوە وەكو پەیمانگاكانی تر چونكە لە هەندێ بەشدا (١٦ ) وانەیان هەیە •

# خوێندنی پیشەیی

## ﴿ خوێندنی پیشەیی ﴾

**پێشەکی :**

بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی لە خۆیدا دیاردەیەکە و هەلێکە بۆ هەڵسەنگاندنی واقیعی خوێندنگاکانمان و دامودەزگاکانی تری پەروەردە و هەوڵ دان بۆ دەست نیشان کردنی گیروگرفتەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و کارکردن لەسەر دانانی چارەسەری گونجاو بۆ هەریەکێکیان. لەبەر رۆشنایی ئەو چەند وشەیە دەمەوێ بایەخی خوێندنی پیشەیی‌و واقیعی خوێندنی پیشەیی‌و گیرەگرفتەکانی‌و چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانی بخەمە بەردەستی ئێوەی بەرێز.

**بەرێزان ...**

وڵاتانی جیهان بایەخێکی تەواو ئەدەن بە خوێندنی پێشەیی، چونکە ئەم جۆرە لە خوێندن هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی ژیان لە هەموو وڵاتاندا .

هەر بۆیە هەوڵ ئەدەن هەموو پێداویستیە بنەڕەتیەکانی رامێنان و خوێندنی پشەیی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ دابین بکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەم خوێندنە لە جۆرو چەندێتی، بۆ سەرکەوتنی پلانی پەرەسەندنی و گەشەکردنی باری ژیانی کۆمەڵ بە ئامادەکردنی کادری تەکنیکی ناوەند کە هەر ئەم کادرانە پشتیان پێ‌دەبەستریٰ بۆ سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەك لە وڵاتاندا.

ئەو هەنگاوە گەورانەی کە وڵاتانی جیهان دەینێن لە پێشکەوتندا ئەنجامی بایەخ دانێکی گەورەیانە بە خوێندنی پیشەیی بە شێوەیەکی زانستی‌و بە پلان دارێژراو لەگەڵ دڵسۆزی و هەوڵ و ماندوبوونی ئەو کەسانەیٰ کە لەم بوارەدا کار دەکەن.. یەکێك لە فاکتەرەکانی ئاوەدانکردنەوە و پێگەیاندنی کادری تەکنیکی خوێندنی پیشەیی‌یە بۆیە خوێندنگا پیشەییەکان شان بە شانی پەیمانگا تەکنیکیەکان ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییان پێ‌سپێردراوە لەم بوارەدا... لێرەوە گرنگی خوێندنی پیشەیی دەردەکەوێت چونکە ...

**خوێندنی پیشەیی :**

١ـ کادری تەکنیکی شارەزاو نیمچە شارەزا ئامادە دەکات لە بوارەکانی ئابوری و پیشەسازی‌و کشتوکاڵی و بازرگانی ... هتد کە ئەرکی سەرەکیان بەڕێوەبردن و ئیش کردن و پاراستنی کارگە و کۆمپانیاو کێڵگە کشتوکاڵیەکانە.

٢. رۆشنبیری و کەلتوری پیشەیی لەسەر بناغەیەکی زانستی‌یانە لەناو کۆمەڵدا بڵاودەکاتەوە.

٣. چەند بوارێکی دابین کردنی ژیان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە رۆڵەکانی گەل لە دەرچووانی خوێندنی پیشەیی دروست دەکات کە لە دەزگاکانی حکومەتدا دامەزرێن وە یان لە کەرتی تایبەت کاری سەربەست دەکەن.

٤. ئارەزووی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارەکانمان جێبەجێ دەکات کە دەیانەوێ لە بەشەکانی خوێندنی پیشەیی بخوێنن.

٥. بەشداری لەزیادکردنی بەرهەم دەکات و چاکردنی چەشنەکەی لەهەموو کەرتەچالاکەکانی \ .

٦. دەبێتە هۆی رێکخستن و دابەشکردنی خوێندکاران بۆ قۆناغی ئامادەیی.

ئەبێ ئەوەشمان لەیادنەچێت کە خوێندنی پیشەیی تەنیا ئامادەییە پیشەییەکان ناگرێتەوە بەڵکو بەشەکانی پەروەردەیی پیشەیی (اقسام التربیة المهنیة) وەرشەکان دەگرێتەوە لە ناوەندی دواناوەندیەکانماندا و سەرەتاییەکاندا.

ئەم کۆنگرەیە بە بناغەیەکی گرنگ دەزانین کە خواست و ئامانجەکانمان تیا بەیان کەین کە بتوانین گیروگرفتەکانمان بگەیەنینە بەرپرسان چونکە خوێندنی پیشەیی ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە ئاوڕلێدانەوە هەیە لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەمان...

## ئامارێك بە خوێندنەوەی پیشەیی لە خوێندنگاكانی هەرێمی كوردستاندا

**خوێندنی پیشەسازی ئەم بەشانەی لەخۆ گرتووە :**

( كارەبا – ئەلەكترۆن – میكانیك – معادن – دارتاشی – رسم هندسی – ئۆتۆمۆبیل – سیرامیك )

**خوێندنگاكانمان بەم شێوەیە دابەش بووە لە پارێزگاكانی كوردستاندا :**

**( ئامادەییە پیشەییەكان ) ساڵی خوێندنی ٢٠٠١ – ٢٠٠٢**

| خوێندنگا | ژمارە | هەولێر | پارێزگای سلێمانی | كركوك | هەولێر |
|---|---|---|---|---|---|
| پیشەسازی | ١٠ | ٧ | ٩ | ٤ | ١ |
| بازرگانی | ٢ | ١ | ٢ | ---- | ---- |
| كشتوكاڵی | ١ | ٢ | ١ | ---- | ---- |
| كۆ | ١٤ | ١٠ | ١٢ | ٤ | ١ |

- تێبینی : ئامادەیی پیشەسازی کفری داخراوە لەساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢ بوە بە بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی (وەرشەکان )
- ئەمەندە ژمارە وەرشەمان هەیە:
- لەسلێمانی ٢٢
- لەکرکوك ٠
- لەهەولێر ٥

ئەو ژمارەیە لەخوێندنگا پیشەیی یەکان لەساڵی ١٩٨٠ وە تائێستا نەگۆڕە و زیادی نەکردوە ..
تەنیا لەوەرشەکاندا زیادکردنی بەرچاو هەیە .

والە خوارەوە خشتەی میلاکی خوێندنی پیشەیی دەردەخەین وەك ئامارێك

| خوێندنگا | ساڵی دامەزراندن | بەشەکانی | میلاك لە مامۆستا | خوێندکار | فەرمانبەر |
|---|---|---|---|---|---|
| پیشەسازی سلێمانی کوڕان | ١٩٥٤ | ٣ | ٨٥ | ٣٢٣ | ٢٨ |
| پیشەسازی سلێمانی کچان | ١٩٨٣ | ٣ | ٥٩ | ٤٥٠ | ٢١ |
| پیشەسازی زانستی | ١٩٧٧ | ٢ | ٨٩ | ٤٧٩ | ٣٩ |
| پیشەسازی بکرجو | ١٩٨٤ | ٣ | ٦٧ | ٧٨ | ١٢ |
| پیشەسازی ڕانیە | ١٩٨٤ | ١ | ٢١ | ٧٨ | ٢ |
| پیشەسازی چمچماڵ | ١٩٨٣ | ١ | ٧ | ٣٤ | —— |
| پیشەسازی کلار | ١٩٨٨ | ١ | ١٩ | ٦٥ | —— |
| پیشەسازی دربندیخان | ١٩٨٥ | ١ | ٥ | ٤٠ | —— |
| پیشەسازی کفری | ١٩٨٤ | ١ | ٨ | [illegible]٨ | ٢ |
| پیشەسازی کۆیە | ١٩٨٤ | ١ | ٢١ | ٦٦ | —— |
| بازرگانی سلێمانی کوڕان | ١٩٧٠ | ١ | ٢٤ | ١٣٥ | ٧ |
| بازرگانی سلێمانی کچان | ١٩٨٣ | ١ | ٢١ | ١٣٧ | ٦ |
| بازرگانی سەیوان | ١٩٩٠ | ١ | ١٧ | ٢٤٧ | ٩ |
| کشتوکاڵی بکرەجو | ١٩٥٧ | ٢ | ٣٥ | ١٨٢ | ٥ |
| کۆ | —— | —— | ٤٧٨ | ٢٣٣٢ | ١٣١ |

**تێبینی :**

ژمارەی خوێندنگا و خوێندکارانی ئامادەییە پیشەییەکان و بەشەکانـــــــــی خوێندن و ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەران کەبە خشتەیەك دیاریمان کردوە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی تیادەکرێت :

١. ژمارەی خوێندنگاکان لە ساڵی ١٩٨٠ ەوە تا ئێستا وەك خۆیەتی زیادی نەکردووە ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی خوێندکاران بەهۆی گرانی باری ژیان و کارکردنیان لە بازاڕەکاندا بۆ پەیدا کردنی پارووی نان و روونەکردنە خوێندنی پیشەیی بەتایبەتی لە پاش ڕاپەڕینەوە ئەم دیاردەیە زۆر زەقە .

٢. زۆری ژمارەی مامۆستایان لە چاو ژمارەی خوێندکاراندا بە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵێکی زۆر لە دەرچووانی ئامادەیی پیشەیی و پەیمانگاکان لە خوێندنگا پیشەسازییەکاندا بە تایبەتی .

٣. ئەو بەشانە واتە (تخصص) ی خوێندکاران کە هەیە هەندێکیان لەنەماندان وئەوانی تریش ویایەخێکی تەواوی پێنەدراوە لەبەرگرانی پێداویستییەکانیان .

٤. ژمارەی فەرمانبەران و چاککەرەوە (مصلح) لە خوێندنگا پیشەییەکاندا بە شێوەیەکە کە کارێکی نێگەتیڤی (سلبی) کردۆتە سەر پرۆسەی خوێندن ، بەتایبەتی لە هەر سێ خوێندنگای ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی کوڕان و پیشەسازی کچان و پیشەسازی زانستی و بەکرەجۆ ئەمەش پێویستی بە چاوپیا خشاندنەوەیەك هەیە .

٥. ژمارەی ئەو مامۆستا و پسپۆڕانەی کە خوێندنی پیشەیی پێویستی پێی هەیە لە ئەندازیار و پسپۆڕی بەکالۆریۆس کەمترە لە ژمارەی مامۆستایانی پیشەیی کە خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیی و پەیمانگان ، ئەمەش خاڵێکی سلبی ترە لە خوێندنی پیشەییدا .

خاڵێکی گرنگ هەیە دەربارەی نەبوونی مامۆستا لە هەندێ پسپۆڕیدا وەك : علوم صناعی و رسم صناعی بۆ بەشەکانی ئەلەکترۆن و دارتاشی و ئۆتۆمۆبیل و رسم هندسی .

– سیستمی وەرگرتنی خوێندکاران لە ئامادەییە پیشەییەکاندا لە ساڵی خوێندن ٢٠٠٠ –٢٠٠١ لە سەر حەز و ئارەزووی خوێندکارانی دەرچووی پۆلی سێیەمی ناوەندی خۆیانە پێش ئەوە وەرگرتن بە ئینسیابیە بوو ... وەهەر یەك لەو دوو شێوە یە لایەنی باش و خراپی خۆی هەبو وە و هەیە .

خوێندنی پیشەیی لە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی تەنیا خاوەنی بەشێکی بچووکە کە پێی دەوترێ (خۆیی پیشەیی) کە ستافێکی دوو کەسی گرتۆتە خۆ بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری خوێندنگا پیشەیی‌یەکان و هەموو بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی .. ئەمەش لە خۆیدا و لە دەسەڵاتی کارکردنیدا زۆر بچووک و کەمە .. هەرچەندە کارەکانی خۆی بەباشی ئەنجام دەدات بە راوێژو تەنسیق لەگەڵ هەوو بەشەکانی تری بەڕیوە بەرێتی گشتی پەروەردە وسەرپەرشتیارانی پسپۆری پیشەیی ، و ە لە یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆری( ٣ ) سەرپەرشتیار هەیە ، یەکێکیان کارگێری و دووانی تریان پسپۆری پیشەیی کەکاریان سەرپەرشتی کردنی خوێندنگا پیشەیی‌یەکان دەکەن لە هەموو بوارەکانی خوێندندا بە سەردان و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکانیان و دابینکردنی پێداویستی‌یەکانیانە بەهۆی بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە ..

**بینایی خوێندنگاکانمان :**

هەموو بیناکانی خوێندنگا پیشەیی‌یەکانمان عائیدیەتی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە بەڵام لەڕووی مەرجی خوێندن تیایاندا تەنیا دوو خوێندنگامان هەیە کە شیاو و گونجاو بن بۆ خوێندنی پیشەیی ئەوانیش :

١. ئامادەیی پیشەسازی بەکرەجۆ

٢. ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ

ئەوانی تر هیچیان وەك پێویست نی‌یە بەڵکو زۆربەیان بینای قوتابخانەیەکی سەرەتایی‌یە یان خوێندنگایەکی ناوەندی و ئامادەیی .. هۆڵ و وەرشەی راهێنان و بەرهەم هێنانی تیانی‌یە وەك پێویست چونکە بینای خوێندنی پیشەیی ئەبێ ئەمانەی لەخۆ گرتبێ :

١. بەشێکی دراسی و تاقیگە بە هەموو ئامێرەکانی‌یەوە .

٢. وەرشە و هۆڵی عەمەلی .

٢. هۆڵێکی گەورە بۆ زۆر مەبەست بەکار بهێنرێت .

٤. یاریگا و یانەی خوێندکاران .

زۆربەی خوێندنگاکانمان ئەو مەرجانەی تیا نییە.

**ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی کوڕان :**

کۆنترین خوێندنگای پیشەیی‌یە لە کوردستاندا بۆیە زۆر لە ژوور و هۆڵەکانی پێویستیان بە چاککردن هەیە ، هیوادارین ڕەچاوی ئەم لایەنە بکرێ و چاککردن بە خۆیەوە ببینێت لە ژێر بڕیاری ۹۸٦ دا .

ئامادەیی پیشەسازی رانیەش بینایەکی کۆنە کە لەپێشدا ناوەندییەك دەوامی تیا دەکرد ئێستا ش پێویستی بە زیادکردن هەیە لە هۆڵ و وەرشە چونکە زەوی زۆری تیایە .

**ئامادەیی پیشەسازی بەکرەجۆ :**

بینایەکی زۆر پێشکەوتوو و شیاو و گونجاوە بۆ خوێندنی پیشەیی و تەنیا بینایەکە کە دەبوایە زۆرترین خزمەتی پێشکەش بکردایە بە خوێندنی پیشەیی بەڵام بەداخەوە لەبەر کەمی خوێندکاران لەم خوێندنگایەدا ئەو ڕۆڵەی نەدیوە .

**ئامادەیی‌یە بازرگانی‌یەکان :**

بیناکانیان زۆر بچووکە و پێویستیان بە زیادکردنی ژوور و هۆڵی دراسی و وەرشەی کۆمپیوتەر هەیە.
بینای ئەم خوێندنگایە چەند چاککردنێکی بەسەردا هاتووە و ئێستا لەبارە بۆ خوێندن ..
ئامادەیی‌یەکانی تری پیشەسازی (دەربەندیخان - چەمچەماڵ - کەلار - کفری - کۆیە - ڕانیە ) بیناکانیان نەگونجاو و کەم و کوڕی تیایە و پێویستیان بە چاککردن هەیە وە هەندێکیان میوانن لە سەر خوێندنگا سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی‌یەکان .
سەبارەت بە ئامادەیی پیشەسازی کچان کە زۆرترین خوێندکاری هەیە بینای تایبەتیان نییە لەگەڵ ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی کوڕان دەوام دەکەن .

**باری خوێندنی پیشەیی ئێستا لە هەرێمدا :**

پاش ڕاپەڕین و گەمارۆی ئابووری سەر وڵات و کوردستان و نەمانی چەندەها ئامێر و مواد لە ئامادەیی‌یە پیشەیی‌یەکانماندا وە چەند هۆیەکی تر کە پەیوەندی هەبوو بە گرانی باری ئابووری‌یەوە ، خوێندنگا پیشەیی‌یەکان جۆرە سڕبوونێکی بەخۆیەوە دی بەهۆی کەمی ژمارەی خوێندکاران و نەبوونی

کارەبا و موادی ئەووەلی بۆ ڕامێنانی خوێندکاران .. بەڵام لە ٢-٣ ساڵی ڕابووردوودا بەهۆی بایەخ دانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو لایەکی ژیانی کوردەواری و ڕەچاوکردنی وەزارەتی پەروەردە بە گرنگی ئەم خوێندنگایانە لەگەڵ دڵسۆزی کارمەندانی ئەم بوارەی خوێندن جۆرە گەشەکردن و بوژاندنەوەیەکی بە خۆیەوە دیوە هەر لە چاککردن و تەعمیراتی هەندێ لە بینای خوێندنگاکان و دانانی مامۆستایانی پسپۆڕ بۆ میلاکی وانە ووتنەوە و دابینکردنی هەندێ لە کەم و کوڕییەکانی وەک کارەبا و مواد و اثاث و قرطاسیة و شتیتر وە برینەوەی دەرماڵە بۆ خوێندکاران بە بڕی (١٠٠) دینار وە (١٥٠) دینار ئەمانە هەموو هۆکارێکی باشن بۆبوژاندنەوەی خوێندنگاکانمان هەروەها کردنەوەی خولێکی ڕامێنان بۆ مامۆستایانی پیشەیی کە زۆر گرنگو بە بایەخ بوو کە ئەمە یەکەم جارە لەو جۆرە خولانە بکرێتەوە هیوادارین لەداهاتوودا زیاتر بێت.

**کێشەو گرفتەکان:**

**١. پرۆگرامەکانی خوێندنی و کتێب:**

زۆربەری پرۆگرامەکانی خوێندنی پیشەیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٩٥٠) و پێشتر کە لەگەڵ زانستو بابەتە نوێیەکان و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای ئێستادا ناگونجێ ... وە پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە.. بە تایبەتی لەوانەکانی (علوم صناعی، فیزیا، عملی)واتە (زانستی پیشەیی، فیزیا، پراکتیکی) سەرەڕای نەبوونی کتێب لە زۆری خوێندنگاکانماندا وە هەندێ وانەمان هەیە کتێبی هەر نیە یان زۆر کەم تەنیا کتێبێك هەبێ لای مامۆستای وانەکەیە.

ئەگەر سەیری مفهومی پرۆگرامی خوێندن بکەین بریتییە لەوەی خوێندکار چیوەردەگرێ لە خوێندنگا بە هەموو شێوەکانیەوە بەمەرجێ ئەو پەیوەندیە لە نێوان پرۆگرام و خیبرەدا پەیوەندیەکی وەک یەک بن، واتە ئەرکی خوێندنگا پێگەیاندنی خوێندکارە بۆ ژیان لەبەر ئەوە پرۆگرامی خوێندن پێویستە هەموو ژیان بگرێتەوە، لەهەموو چالاکیەکانو خیبرەکان کە کۆمەڵگا دەیبەخشێ بۆ بەشداری لە ژیانی کۆمەڵ .. بەڵام خوێندنگاکانمان خۆیان ئەوەیان پێ نەبەخشراوە ئیتر چۆن دەتوانن ئەو ڕۆڵە ببینن.

**٢. کێشەی کەمی خوێندکاران لە خوێندنگا پیشەییەکاندا :**

ئەمە کێشەیەکی چارەنوس سازە بۆ خوێندنگاکانمان چونکە ئەگەر هەروا خویندکاران ئارەزووی خویندنی پیشەییان نەبێ ، واتاو گرنگی خوێندنی پیشەیی لای خوێندکارانی دەرچووی پۆلی سێیەمی ناوەندی بایەخێکی وای نەبێ بەتایبەتی لە ئامادەیی پیشەسازی بکرەجۆ کە یەکێکە لە پێشکەوتوترین خوێندنگای پیشەیی لە کوردستاندا خوێندنگا پیشەییەکان لە شوێنی خۆیان دەبن و بەرەو پێش ناچن.

**٣. کێشەی وەرگرتنی دەرچوانی ئەم خوێندنگایانە لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمدا :**

لەگەڵ ئەو هەموو داوا و پێشنیار و ژمارەی دەرچوانی خوێندنی پیشەییدا بەڵام بەداخەوە رێژەیەکی زۆر زۆر کەم لە خوێندکارانمان وەردەگیرێت لە زانکۆو پەیمانگاکاندا

٤- دانەمەزراندنی زۆربەی دەرچوانی ئەم خوێندنگایانەلە دام و دەزگاکانی حکومەتدائەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی خوێندکاران روونەکەنە ئەم خوێندنگایانە بەشێوەیەکی پێویست.

٥- نەبوونی خولی راهێنان بۆ مامۆستایانی پیشەیی بۆیە بێبەشن لە زانست و زانیاری نوێی وانە ووتنەوە.

٦- نەبوونی بەرێوەبەرێتییەکی تایبەت بەخوێندنی پیشەیی سەر بە بەرێوەبەرێتی گشتی پەروەردەبێت لەپارێزگاکانی کوردستاندا کەبتوانێ چارەسەری زۆرلەکێشەکان بکات وەنەبوونی کەسانی شارەزاو پسپۆر کەلەو بوارەدا کاربکەن.

٧- نەبوونیموادی ئەوەلی پێویست بۆراهێنان و بەرهەم هێنان لەلایەن خوێندکارەکانمانەوە تەنیا بەشێوەیەکی زۆرکەم نەبێت کەساڵانە بەرێوەبەرێتی گشتی پەروەردە بودجەیەکی زۆرکەم ئەداتە خوێندنگاکان بۆکرینی هەندێمواد کەبەمەش ئەوکارە ناکرێ کەخوێندکاران پێویستیان پێیەهەیە.

٨_ زۆری‌مامۆستای‌خاوەن بروانامەی ئامادەیی‌وپیشەیی‌وپەیمانگالەزۆربەی‌خوێندنگاپیشەییەکاندالەچاو ژمارەی‌خوێندکارەکاندابەتایبەتی لەهەرسێ‌پیشەسازی(سلێمانی‌کوران وزانستی‌وبەکرەجۆ)داکەهەندێکیان بەفەرمانبەردامەزراون وگۆراون بۆمامۆستا.

٩- نەبوونی‌کارەبالەهەندێ‌لەخوێندنگاکانماندا‌کەئەم ووزەیە هێزی کارەکانمانە لەبەرئەوەی زۆربەی ئامێرەکانمان بەهۆی‌کارەباوە کاردەکەن.

١٠- نەبوونی مامۆستای پسپۆر بۆوانەی کۆمپیوتەرکەوانەیەکی گرنگەلەئامادەییە بازرگانیەکانماندا.

چارەسەری کێشەکان و بڕیاردان لە سەریان .

١-هەوڵدان بۆ گۆڕینی پرۆگرامی خوێندنی پیشەیی لەگەڵ پێش کەوتنی پرۆسەی خوێندنی سەردەمدا بگونجێت .

٢-چاپ کردنی کتێبی خوێندگە پیشەیی یەکان بەتایبەتی ئەو کتێبانەی کە لیژنەکەمان گۆڕیویەتی بۆ سەر زمانی کوردی .

٣-دانانی بەڕێوەبەرێتی یەکی سەربەخۆ بە پیشەیی لە بەڕێوەبەرێتی یە گشتی یەکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و دانانی کارمەندی پسپۆڕ و شارەزا لە خوێندنی پیشەیی لەو بەڕێوەبەرێتی یەداو بۆ بەڕێوبردن و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی خوێندنگە پیشەیی یەکان ٠

٤- بۆ چارەسەری کێشەی کەمی خوێندکاران لە خوێندنگـە پیشەیی یەکان هەوڵ بدرێت زیاتر بایەخ بە خوێندنگە پیشەیی یەکان و خوێندکاران بە وەرگرتنیـان لـە زانکۆ و پەیمانگاکان بـە ڕێژەیـەکی باشتر و زیاتر ، هەوڵدان بۆ گرنگی خوێندنی پیشەیی لای خوێندکارانی ناوەندی زیاتر برەخسێنێت بە هۆی ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاند ئەوە و وە بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت بە خوێندنی پیشەیی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک تەلەفزیۆن،دروست کردنی لیژنەی تایبەت لە هەموو خوێندنگە پیشەیی یەکاندا بۆ سەردانی خوێندنگە ناوەندی و دا ناوەند یی یەکان بۆ ڕوون کردنەوە و بایەخی خوێندنی پیشەیی هەروەها خەلا ت کردن و ڕێزلێنانی خوێندکارە سەرکەوتوەکانی پۆلی سێیەمی پیشەیی وەک چۆن خەلاتی خوێندکارە سەرکەوتوەکانی ئامادەیی یەکان دەکرێت لەگەڵ خەلات کردنی بەڕێوەبەر و مامۆستا پسپۆڕەکان .

٥- بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا پێشنیاز دەکەین کە ڕێژەی وەرگرتنیان زۆر تر بێت و بەم شێوەیەی خوارەوە :

ا- وەرگرتنی خوێندکاران کە ڕێژەی نمرەکانیان لە ٦٥ ٪ کەم ترنەبێت لە خولی یەکەم و دووەم . نەک تەنها خولی یەکەم .

ب- وەرگرتنی ( ١٠ ) خوێندکاری سەرکەوتووی ئامادەیی یە پیشەیی یەکان لە سەر ئاستی هەرێم لە زانکۆکاندا .

ج- وەرگرتنی ئەو خوێندکارانەی کە کۆی نمرەکانیان یەکسانە بە کۆی نمرەی خوێندکارانی ئامادەیی یەکان ، لە زانکۆکانی هەرێم لەو کۆلێژانەی پسپۆری یەکانیان و پرۆگرامی خوێندنیان وەک ئامادەیی یە پیشەیی کانن .

د- وەرگرتنی (١٠ ) خوێندکاری دەرچووی ئامادەیی یە پیشەیی یەکان ( لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزش ) ئەوانەی ڕێژەی نمرەکانیان ٧٥ ٪ کەمتر نەبێ و خاوەنی بڕوانامە و پلەی وەرزشی بەرز بێت لە سەر ئاستی پارێزگا .

٦-پەلەکردن لە هێنانی ئەو ئامێر و کەل وپەلانەی کە بەلیست پێش کەشی ڕێکخراوی ( یونسکۆ ) کراوە لەلایەن خوێندنگە پیشەیی یەکانەوە .

٧- دانانی بودجەیەکی دیاری کراو کە بگونجێت لەگەڵ دابین کردنی پێداویستی خوێندنگاکان ، لە کەرەسەی سەرەتایی بۆ ڕاهێنانی خوێندکاران واتە ( سلفە مستدیمە ) .

٨- کردنەوەی خولی ڕاهێنانی پیشەیی بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ مامۆستایانی پیشەیی بە گوێرەی پسپۆڕی یەکانیان .

٩- کردنەوەی خولێکی تایبەت بەزمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر بۆ بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانیان _ بە تەنسیق لەگەڵ ڕێکخراوی ( یونسکۆ)

١٠- وانەی ( کۆمپیوتەر ) بکرێت بە وانەیەکی سەرەکی بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە لە خوێندنگا پیشەیی یەکان .

١١- دانەمەزراندنی دەرچووانی ئامادەییە پیشەیی یەکان و پەیمانگاکان بە پیشەی مامۆستا . تەنیا خاوەنی بڕوانامەی بکلوریس دابمەزرێن _ بەتایبەتی لە پسپۆڕی ( الكترۆن _ دارتاش _ رسم هندسی _ کارەبا _ میکانیك)

١٢- دابین کردنی ( کۆمپیوتەر ) بۆ هەموو خوێندنگا پیشەیی یەکان .

١٣- کردنەوەی پیشانگای سالانە لە سەرجەم خوێندگا پیشەییەکان بە یارمەتی دانیان و هاندانیان و خەلات کردن و بەرهەم و کرداری باش .

١٤- لەو خوێندنگا پیشەیی و ناوەند یانەی وەرشە یان تیایە و حانوتیان هەیە بڕێك لەو پارەیە ٤٠ ٪ کە بۆ پەروەردە یە بگەڕێتەوە بۆ ئەو خوێندگا یانە بۆ دابین کردنی پێداویستی یەکانیان .

١٥- بڕیاری ( ١٠٣٤ ) کێشەی بۆ ئێمە دروست کردووە ، داواکارین ئەو بڕیارە مامۆستایانی خوێندنی پیشەیی نەگرێتەوە چونکە خوێندنگای پیشەیی لە قەزا و ناحییە و گوندەکاندا نییە .

پێشنیاز و توصیات :

١- بۆ چارەسەری زۆریی مامۆستایانی پیشەیی لە دەرچووانی ئامادەیی و پیشەیی پەیمانگا پێشنیاز دەکەین بە گواستنەوەیان بۆ سەر میلاکی سەرەتایی پاش کردنەوەی خولێکی سێ مانگی بۆیان وەك پێش تر لە سنوری ڕاپەڕین و کۆیە دا کرا ، یان کردنەوەی وەرشەی زیاتر بۆ ناوەندی و دراناوەندی یەکان .

٢- ناردنی چەند کادرێکی پیشەیی لێهاتوو بۆ سەردانی چەند وولاتێکی دەرەوە ئەگەر نزیکیش بێت بۆ شارەزا بوونی زیاتر دەربارەی خوێندنی پیشەیی لەو وولاتانەدا و ، وەرگرتنی زانیاری بەسوود و گرنگ بۆ ئەوەی هەنگاوێکی بە کەلك و باش بێت بۆ پەرەپێدانی خوێندنی پیشەیی لە کوردستاندا .

٣- دابین کردنی چەند کورسی یەکی خوێندن لە زانکۆ بۆ مامۆستا پیشەیی یەکان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بکلۆریوس و ماجستێر لە پسپۆڕ یەکانیانرا، وەبایەخێکی زیاتر بدرێتە ئەندازیارانی پیشەیی لەم بوارەدا .

٤- لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و ئەنجومەنی ڕاژەی حکومەتی هەرێم دا تەنسیقێکی وا هەبێت لە پێویستی هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەرچووانی خوێندنگە پیشەیی یەکان لە هەموو پسپۆڕی یەکاندا ئەمەش یارمەتی دەرێکی باشە بۆ پلان دانانی ژمارەی گونجاو پێویست بۆ ئەو شوێنانە و بۆ ئابووری کوردستان .

٥- دامەزراندنی مەلبەندێکی چاکردنەوە و صیانەی هەموو ئەو ئامێر و کەرەستانەی کە هەیە لە خوێندنگە پیشەیی یەکاندا ، وە ئەم مەلبەندە سەر بە بەڕێوەبەرێتی خوێندنی پیشەیی بێت .

٦- دامەزراندنی کۆمەلگەیەکی پیشەیی گشتی لە بەکرەجۆ کە هەموو خوێندگە پیشەیی یەکان لە خۆ بگرێت .

٧- کردنەوەی ئامادەیی کشتوکالّ لە ڕانییە و تەق تەق ، بە حوکمی ئەوەی ناوچەیەکی کشتوکالی گرنگن .

# باخچەکان

بەڕێزان ......

**گەر وەك پێویست بایەخ بە باخچەكانمان بدرێت ئەم بەرئەنجامانە دێنە دی :**

- بیرۆكەی كاركردن لە منداڵدا پەروەردە دەكات بە هۆی باری بەسوودو دەستكەوتدارەوە.
- بیرو هزری منداڵ چالاكانە گەشە پێدەدات بە هۆی ئەو هەوڵانەی كە دەیدات بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجێك ئەو ئامانجە بریتی بێت لە هەڵسوڕاندنی یارییەك یان بەجێهێنانی مەتەڵێك یان دۆزینەوەی ڕێگای بەكارهێنانی ئامێرێك.
- پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لە منداڵەكاندا چالاكانە گەشە پێدەدات و فێری دەكات بەرژەوەندی خۆیی و بەرژەوەندی كەسانی تر بپارێزێت لە ئەنجامی چالاكی زۆرەوە شارەزایی پەیدا دەكات.
- گەشەی لەشی و هەستی و ئینفعالی چالاك دەكات.
- چێژی هونەری و وێژەیی و مۆسیقا لە منداڵدا پەروەردە دەكات.
- بەهۆی مامەڵە كردنی لەگەڵ كەسانی گەورەترو كەسانی نامۆدا بیرۆكەی ڕوو بەڕوو لە نێوان خۆو ( الذات ) كەسانی تردا سەر هەڵدەدات.

بە كورتی گەر باخچە وەك پێویست بایەخی پێ بدرێت منداڵ لە گشت لایەنەكانەوە گەشە دەكات وەك گەشە كردنی لەشی و گەشە كردنی جووڵان و گەشە كردنی هەشت و ژیری و زمان و گەشە كردنی كۆمەڵایەتی و ئینفیعالی و ویجدانی و گەشە كردنی جوانكاری و كەسییەتی منداڵ بەهێزو بە توانا دەكەن.

بەڵام باخچەكانمان لە بەر زۆری كێشەو گرفت و كۆسپەكانی بەردەمیان و كەم و كوڕی زۆر لە گشت بوارەكاندا نەیانتوانیوە وەك پێویست ئامانجە پەروەردەییەكان بە ئەنجام بگەیەنن لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو گرفتانە دەكەین :

- كێشەی بینای باخچە

بینای باخچەكان میچیان ئەو مەرجانەیان تیادانییە كە پێویستە لە بینای باخچەی ئەم سەردەمەدا هەبێت لایەنی بیناسازی و پەروەردەیی و تەندروستی و گەلێكی تریش.

- كێشەی نەبوونی ئۆتۆمۆبیلی گواستنەوە

نەبوونی پاص بۆ گواستنەوەی منداڵان كێشەی گەورەی ڕەخساندووەو بۆتە گرفتێكی گەورە لە بەردەم دایك و باوكی منداڵانی باخچەدا.

- مامۆستایانی باخچە

ئەو مامۆستایانەی ئەمڕۆ لە باخچەكاندا كار دەكەن بۆ باخچە ئامادە نەكراون دەبینین باخچەكانمان لە هەموو جۆرە مامۆستایەكی تیادایە.

## ﴿ باخچەکـــــان ﴾

**بەڕێزان......**

بە پێویستی دەزانین سەرتا بە چەند ڕستەیەك باسی باخچەو ڕۆڵی باخچەو ئامانجەکانی بخەینەوە یادتان و پاشان پێشنیارو داخوازیەکانمان ئاشکرا بکەین ٠

باخچە جۆرێك نییە لە قوتابخانە ... بەڵکو باخچە دامەزراوێکە یارمەتی خێزان دەدات لە ئامادەکردن و گەڵاڵە کردنی منداڵان بۆ قوتابخانە .. بواری فێربوون لە ڕێگەی یاری کردنەوە دەڕەخسێنێت بۆ منداڵ لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەستەکانیەوە باخچە منداڵ ڕادەهێنێت بۆ گوێ گرتن لە مۆسیقاو سروودو گۆرانی وە لە ڕشیچگەی وێنەی ڕەنگاو ڕەنگەوە منداڵ فێرە دەربڕین دەکات و بوار دەڕەخسێنێت کە لە ماڵەوە دوور بکەوێتەوە بەمەش بۆی دەلوێت بە ئاسانی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی تردا بکات.

## ﴿ گرنگی باخچە ﴾

ساڵە سەرەتاییەکانی قۆناغی منداڵی بایەخێکـی زۆر گرنگیان هەیـە لە سـەر کەسییەتی تاك ( شخصية الفرد ) ئەم قۆناغە قۆناغی باخچە دەکرێتەوە وە لە گشت قۆناغەکانی تر کاریگەری زیاترە لە سەر ئایندەی مرۆڤ چونکە قۆناغی پێگەیاندن و دروستکردنەو بنچینە بەهێزەکانی کەسییەتی مرۆڤ ڕەگ دادەکوتێت سنور بۆ هەموو سلوکەکانی مرۆڤ دادەڕێژێت هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە منداڵ لەم قۆناغەدا پشت بە خەڵك و کەسانی تری دەورو پشتی دەبەستێت ، پێویستی بە کەسانێك هەیە کە پێویستیەکانی ژیانی بۆ دابین بکات.

لە بەر ئەوە ژینگەو دەورو پشتی زۆر کاریگەریان لە سەری دەبێت.

## فێربوون لە قۆناغی باخچەدا

فێربوون لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە چونکە کەسایەتی مرۆڤ و ئایندەی کۆمەڵگەی پێوە بەندەو دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت کە منداڵ خۆی دەتوانێت فێر بێت ، کاری مامۆستا ئەوەیە ژینگەی منداڵ پڕ بکات لە کاریگەری ( مؤثرات ) تا ژینگەی منداڵ کاریگەری پێویستی تیادابێت منداڵ هەست بە جۆرە سەربەخۆییەك دەکات ... دەتوانێت کارامەیی ( مهارات ) بەرچاو بە دەستبهێنێ بەم پێیە لە ڕێگەی ژینگەی پڕ لە کاریگەرییەوە منداڵ لەم لایەنانەوە تشجیع دەبێت ٠

لەگەڵ ژینگە بە ئاسانی ئالودە دەبێت و خۆتێهەڵقورتێنەر دەبێت و لەشی دەبزوێت و دەجوڵێت و سۆزو ئینفیعالەکانی جێگیر دەکات و بە هێمنانە دەریان دەبڕێت ئاوازەی لە چارەکردنی کێشەدا بەکار دەهێنێت و فێردەبێت ڕێز لە خۆیێ و کەسانی تر بگرێت و ڕاستگۆ دەبێت و ڕاستی دەڵێت ٠

کەواتە ئەوەی لە منداڵیدا ڕێزی لێ دەگیرێت کە گەورە بوو ئەویش ڕێز لە کەسانی ترو یاساو دەستور دەگرێت.

### ٭ پرۆگرام و بەرنامەی باخچەکان

پرۆگرام و بەرنامەی باخچەکان گۆڕانکاری و تازە گەری بەخۆوە نەبینیوە ...دەستتورو بنەماکان هەر ئەوانەن لە پەنجاکانەوە پەیڕەو دەکرێنو سوود لە شێوازی پەروەردەو فێرکردنی باخچەکانی وولاتە پێشکەوتووەکان وەر نەگیراوە٠

### ٭ نەبوونی کەرەسەو پێداویستیەکانی یاری

باخچەکان وەك پێویست ئامێرو کەرەسەو پێداویستیەکانی یاری کردنیان تیادا نیە تا منداڵان بتوانن وەك پێویست بەکاریان بهێنن و لەگشت ڕوویەکەوە گەشەی پێ بکەن٠

### ٭ کەمی هۆکانی فێرکردن

باخچەکان لەم بوارەدا هەر زۆر هەژارن تەنانەت گەر مامۆستا خۆی هەندێ ئامادە نەکات ئەوە هۆکارەکانی فێرکردن هەر نابینرێت٠

### ٭ کەمی خۆراك یان نەبوونی لە هەندێ کاتدا

نەبوونی خۆراك لە باخچەکاندا ڕێگرە لە بەردەم گەشە کردنی منداڵان بە تایبەت جۆری ئەو خواردنانەی کە بە زۆری پرۆتینیان تیادایە٠

### ٭ کەمی باخچـــە

نەبوونی باخچەکان بە ژمارەی پێویست لە گشت پارێزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاردەیەکی زۆر زەقە ٠ لە ڕاستیدا دەبوایە لە هەر گەرەکێك باخچە بۆ منداڵەکانیان ببوایە٠

زیادبوونی باخچەکان زیادبوونێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە ، بۆ نمونە فەرمووی لە ئەژماری سێ سالی ڕابوردوو بگەین٠

| پارێزگا | ١٩٩٨ - ١٩٩٩ | | | ١٩٩٩ - ٢٠٠٠ | | | ٢٠٠٠ - ٢٠٠١ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی منداڵان | ژمارەی بینا | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی منداڵان | ژمارەی بینا | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی منداڵان | ژمارەی بینا |
| سلێمانی | ١٧٠ | ٣٠٤٣ | ١٥ | ٢٠٠ | ٣٨٦٦ | ١٨ | ٢٣٧ | ٤٣٩٩ | ٢٠ |
| کەرکوك | ٢٦ | ١٠٠٦ | ٤ | ٣٨ | ١٧٨٤ | ٦ | ٤٩ | ١٤٧٢ | ٦ |
| هەولێر ( کۆیە ) | ٣٠ | ٤٧٨ | ٣ | ٣٦ | ٥٧٢ | ٣ | ٣٦ | ٤١٩ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٢٢٦ | ٤٥٢٧ | ٢٢ | ٢٧٤ | ٦٢٢٢ | ٢٧ | ٣٢٢ | ٦٢٩٠ | ٢٨ |

ئەم ئامارە بەلگەی حاشا هەڵنەگرە کە وەك پێویست گرنگی بە باخچەکان نەدراون٠

بەڕێزان......

دەبا کۆنگرە لەڕێی بڕیارەکانیەوە چارەی کێشەو گرفتەکان لە باخچەکاندا بکات چاوەڕوانی بڕیارتانین لە سەر پێشنیازو داخوازیەکان٠

- هەوڵ بدرێت مامۆستایانی باخچە لە دەرچوانی زانکۆ – بەشی پەروەردە و دەروونناسی بن بۆ بەدی هێنانی ئەم خواستە با کۆنگرە بڕیار بدات بە داواکردن لە زانکۆکانی هەرێم بۆ کردنەوەی کۆلێژی پەروەردە ، وە تا دابین کردنی مامۆستای خاوەن بڕوانامە پێشنیاز دەکەین کە وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی ﴿ لیژنەیەکی پسپۆڕ ﴾ بنەمای پێویست دیاری بکات بۆ بوون بە مامۆستای باخچەو وە ئەو بنەمایانە جێبەجێ بکرێن بێ لادان و سەرپێچی وە هەر مامۆستایەک بەو مەرجانە کرایە مامۆستای باخچە پێش چوونی بۆ باخچە پێویستە خولی تایبەت بە باخچە ببینێ.
- بەڕێوەبەریکانی باخچەکان دەرچوانی زانکۆ – بەشی پەروەردە بن لە هەردوو ڕەگەز وە بۆ هاندانی دەرچوانی زانکۆ پێویستە یارمەتی ﴿ مادی و مەعنەوی ﴾ بدرێن تا ببنە مامۆستای باخچە.
- بەردەوام خولی سوودبەخش بکرێتەوە بۆ مامۆستایانی باخچە لە ئاستێکدا کە بتوانن تۆژینەوە ( بحث ) ی تیا پێشکەش بکەن.
- مامۆستایان ئاشنا بکرێن بە گشت سەرچاوەو هەر گۆڕانکاریەک لە بواری پەروەردەدا لە ڕێگەی یونسیفەوە کە لە دەرەوەی وڵات دەست دەکەون و کاریان پێ دەکرێت ، وە بەردەوام سوود لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەو فێرکردن وەربگیرێت لە کاتێرە ناوخۆییەکان لە زانکۆکان بە ئەنجام دانی کۆڕو سیمینار.
- ئامادەکردنی کتێبخانەی پر لە سەرچاوەو کتێب و گۆڤاری ڕەنگاو ڕەنگ لە گشت باخچەکاندا.
- کەسانی شارەزاو بەتوانا بنێردرێنە دەرەوەی وڵات بۆ سوود وەرگرتن لە سیستمی باخچەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان.
- مامۆستایانی باخچەو مامۆستایانی پۆلی یەکەم پێویستە لە نێوانیاندا پەیوەندی تەواو هەبێت و دیدەنی یەکتر بکەن .. لە هەمان کات پێویستە منالانی قۆناغی تەمهیدی لەگەڵ مندالانی پۆلی یەکەمدا پەیوەندیان هەبێت و دیدەنی یەکتر بکەن.
- فەرمانبەران و چاودێران و کارگوزاران لە باخچەکاندا ڕێگەیان پێ نەدرێت جگە لەو کارانەی کە بە پێی ناونیشانەکانیان بۆیان دیاری کراوە نەهێڵدرێت هیچ کارێکی تر لەگەڵ مندالاندا ئەنجام بدەن.
- بایەخدان بە ئەنجومەنی باوکان و دایکان و مامۆستایان ، سالانە چەند جارێک کۆڕیان بۆ بگیرێت و کەسانی شارەزاش لە بواری پەروەردەدا میوانداریتی بکرێن.

- ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی سەر بە پەروەردەکردنی منداڵان شارەزا بکرێن لە بایەخ و گرنگی قۆناغی باخچەی ساوایان و سوودیش لە بوون و لە تواناکانیان وەربگیرێت.
- دەوامی باخچەکان کاتژمێری ڕۆژانەی زیاد بکرێت و بەڵام وا بکرێت منداڵان دوو ڕۆژ لە ماڵەوە بمێننەوە تا بتوانن لەگەڵ کەسوکاریاندا بچنە دەرەوە بۆ دیدەنی کردن و سەردان.
- داواکاری پیاچوونەوەی پرۆگرامەکانی باخچەبن و بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە دارشتنەوەیدا سوود لە بەرنامەو پرۆگرامی باخچەی وولاتانی پێشکەوتوو وەربگیرێت ئەم داوایە کاری جدی و بە پەلەی دەوێت.
- ڕێگەکانی وانە ووتنەوە لە باخچەکاندا بەراقەکردن و نمونەوە بکرێنە کوردی.
- بیتاقەی هەڵسەنگاندنی منالآنی باخچە کاری پێ بکرێت و بکرێتە کوردی.
- کارمەندی تەندروستی بە ناونیشانی ( ممرضة ) بۆ هەر باخچەیەك دابنرێ و فایلی پزیشکی تایبەت بۆ هەر منداڵێك دروست بکرێت و پشکنینی تایبەت بە چاو ئەنجام بدرێت پێش تۆمارکردنی هەر منداڵێك لە باخچەدا.
- بینای باخچە ئەو مەرجانەی تیادابێت کە تایبەتمەندە بە بینای باخچە وەك یەك قات بێت و پلیکانەی نەبێت و هۆڵی تێدابێت و ژووری پۆلەکانی گەورەبن و ژووری نووستن و نان خواردنیان تێدابێت و گۆرەپانی گەورەو زەوی کێڵگەیی بۆ دابین کرابێت ، لە پۆلەکاندا حەوزی لم و حەوزی شووشەی ماسی و ئینجانەی گوڵ و قەفەزی باڵندەی جوانی و گیاندار بەخێوکردنیان تێدابێت و بە ئەندازەیەکی زۆر ئاودەستی پاك و خاوێن و شوێنی دەستشۆردن و ئاو خواردنەوەیان بۆ دابین کرابێت.
- لە گۆرەپانی باخچەکاندا شوێنی لێخورین ( ترای ) هەر بەو شێوازەی گۆرەپانی ترای ئۆتۆمۆبیل هێلکاری بکرێت تا منداڵان فێری لێخورین و شێوازی پەرینەوەو هاتووچۆ کردن بکرێن بەو پایسکیلە سێ تایانەی لە باخچەکاندا هەن وە دەشتوانرێت سوود لە شارەزایی پۆلیسی هاتووچۆ وەرگیرێت.
- زۆر پێویستە لە باخچەدا حانووتی ئازاد هەبێت تا منداڵ خۆی بچێت ئەوەی دەیکرێت هەڵیگرێت و پارەکەی دانێت ، ئەم مامەڵە کردنە سەرەتاییە وا لە منداڵ دەکات کە گەورە بوو دەستپاك بێت و دوور بێت لە فێڵکاری.

بەڕێزان .........

**دیارە لە بواری یارییەکانی منداڵانی باخچەدا گەلێک خواستمان هەیە**

لە پێش هەموو شتێکەوە خۆراك و گەرمی و ڕوناکی پاشان کەرەستەو ئەو پێداویستیانەی کە یاری و چالاکیان پێ ئەنجام ئەدرێن ﴿ ڕەچاوی جۆرو ژمارەی پێویست بکرێت ﴾.

وەك پایسکیلی سێ تایەو ئامێری یاری جمناستیك و یاری خلیسکێنەو پەتپەتێن و ئامێری میکانۆو تەسجیل و کاسێتی تۆمار کراوی دەنگە جیاوازەکان و سلایدات و ئامێری ئۆڤەرهید ...ڤیدیو هەروەها تەبل و ئامێری مۆسیقا بۆ فێربوونی ئیقاع.

کەرەستەکانی بازدان و پیاهەڵگەڕان و دروستکردنی چەندین ( مەتامات ) لە حەوشەی قوتابخانەدا بۆ مەشقکردن وە دانانی کاتژمێر لە پۆلەکانداو ئامێری کێشان و پێوان و دانانی تەلەفزیون بۆ منداڵان و ( دوومای متحرکة ) و کۆمپیوتەر بە شێوەی سادەی ، جگە لە دابینکردنی کەرەستەی بۆیە کردن و وێنە کێشان و مکعبات وشەشپاڵوو یارییەتەختەیی و پلاستیکیەکان.

گرنگی دان بە سەفرەی پەروەردەیی.

بەڕێزان ...............

بۆ بە دواداچوون و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی گشت کارە کارگێڕی و هونەرییەکانی باخچەکان پێشنیاز دەکەین لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە ﴿ بەڕێوەبەرێتییەکی گشتی باخچەی ساوایان ﴾ دابمەزرێت لە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە بواری پەروەردەو دەروونناسیدا کادری تایبەت بە باخچەکان دیاری بکەن بۆ کارکردن لەو بەڕێوەبەرایەتیەدا وە پاشان لە هەر بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکانی پارێزگاکاندا ﴿ بەڕێوەبەرێتی باخچەی ساوایان ﴾ دابمەزرێت تا گشت کارەکانی باخچەکان لە ڕێگەیانەوە ئەنجام بدرێت و هەنگاوی پێویست بۆ بەدواداچوون هەڵگرێت.

بەڕێزان.........

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەماندا جارێکی تریش وەبیرتان دەهێنینەوەو دەڵێین :

باخچە جۆرێك نییە لە قوتابخانە ..... قۆناغی باخچە بایەخێکی ئێجگار گرنگی هەیە لە سەر کەسییەتی تاك و لە قۆناغەکانی تر کاریگەری زیاترە لە سەر ئایندەی مرۆڤ.

بەو هیوایەی بتوانین بەرەو گەشە کردن و تازە گەری هەنگاو بنێین.

هەرسەرگەوتووبن

# میلاکی دواناوەندی

# وسەرەتایی

## ( میلاك ) ی دواناوەندی سەرتایی و مامۆستایان

ئاشكرایە لای هەموو رۆشنبیرێك كە ( بەرنامە ) ناوەرۆكی پەروەردەو تاكە هۆیەتی لە جێ بەجێ كردن و هێنانە دی ئامانجەكانیدا وەك گەشە و پێگەیاندنی تەواوی تاك و بنیاتنان و چاككردن و راستكردنەوەی رەفتارەكانی لە پێناو دروستكردنی هاونیشتمانی نوێی ئەوتۆ كە كۆمەڵ دەیەوێت و پێ ی رازی بێت ، بەرنامەیەك لەم جۆرە گشت چالاكی یەكانی پەروەردە و فێركردن دەگرێتەوە كە بنیات نانی ئەم جۆرە هاونیشتمانی یە دێنێتە دی لە پێناو بنیات نان و بەرەو پێش بردنی نیشتماندا . هەرچەندە بەرنامەی پەروەردەیی لە هەر كۆمەلگەو ولاتێك دا بەندە بە فەلسەفەو سیاسەتی پەروەردەیی ئەو دەولەتەوە بەلام بە گشتی ئەو بەرنامەیە لە چەند قۆناغێكدا خۆی دەبینێتەوە :-

یەكەمیان دارشتن و بنیات نانە و دووەمیان ئەنجام دان و جێبەجێ كردنە و سێ یەمیان هەلسەنگاندنە و چوارەمیان پەرە پێدانە ، بەو شێوەیە ئەو بەرمانەیە بەردەوام وە بە پێ ی پێویست و پەرەسەندنی كۆمەڵ لە گۆراندا دەبێت ، لەگەڵ ئەمە دا كە هەر قۆناغێك لەو قۆناغانەی دەست نیشان كراوە بایەخ و گرنگی خۆی هەیە ، بەلام قۆناغی یەكەم و دووەم لە هەموویان بە ترسناكترو گرنگتر دەژمێردرێت .ئەگەر بنەماكانی بنیاتنانی بەرنامە ی پەروەردەیی لە هەر وولاتێك دا بە كاری سەرەكی بنیاتنان و پاراستنی كۆمەڵ دابنرێت ئەوا هێنانە دی ئەو خواست و ئاواتە لە جێبەجێ كردن و ئەنجام دانی ئەو بەرنامەیە خۆی دەبینێتەوە كە دەكەوێتە ئەستۆی مامۆستایان كە پەروە دیارن ( المربی) بە پلەی یەكەم.

كەوابوو ئەگر بەرنامە پەروەردەیی چەند رێك پێك و سەركەوتوو بوو بەلام كەسێك نەبوو لەو ئاستەدا بۆ جێ بەجێ كردن و ئەنجام دانی ، ئەوا هەموو كارەكان بن بەست دەبن هەولەكانیش بە فیرۆ دەچن.

لێرەدا ئەلێین، لە هەموو ئان و زەمانێك دا مامۆستا بنەمای سەركی یە لە تەواو كردنی بازنەی بەرنامەی خوێندن و هێنانەدی ئامانجە پەروەردەیی یەكان كە خواست و ئاواتی كۆمەڵ و گشت لایەنە بەر پرسەكان بە تایبەتی دەولەت كە سوود مەندی یەكەم و دوایی یە ، كوردستانیش وەك هەموو ولاتێكی تری ئەم جیهانە بە رنامەیەكی پەروەردەیی گرتۆتە بەر ئەگەر چی ئەو بەرنامەیە لە دارشتن و بنیاتنانی تەواوی دەستی خۆمان نی یە ، بەلام ئەنجام دانی كە بنەمای سەرەكی بەرنامەكەیە لە ئەستۆی خۆمان و دەسەلاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان دایە ، چونكە بەرنامەكە بێ جێ بەجێ كردن و ئەنجام دان وەك لاشەیەكی بێ گیانە ، كەوابوو داینەمۆی بەرنامەی پەروەردە مامۆستایە كە دەتوانێت چ بە چاك و چ بە خراپ كاریكاتە سەر ئەو بەرنامەیەو ئەنجامەكەی بگۆرێت ، چونكە چەند بەرنامە تەواو بێ كەم كوری بێت كە مامۆستا هەبوو یان نەبوو بەلام لاواز بوو ئەوا ئەو بەرنامەیە فەشەل دێنێت و سەركەوتوو نابێت وە بە پێچەوانە شەوە هەر راستە.

کەوابوو هەر چی یەك باس بکەین لەسەر مامۆستا و کاری لەسەر بەرنامەی پەروەردەیی هێشتا هەر کەمە بۆیە لێرەدا دەمانەوێت تیشکیك بخەینە سەر ئەم لایەنە کە بەگشتی میلاکی خوێندنگاکان پێك دێنێ کە بە پێی ژمارەیان و جۆری پسپۆریان لە خوێندنگاکاندا دەگۆڕێن ، وەك خوێندنگاکانی نا و شار و خوێندنگاکانی دەرەوەی شار .

یەکەم:خوێندنگای ( ناوەندی و دواناوەندی ئامادەیی ) یەکان :-

## ١)خوێندنگاکانی ناو شار :-

کە ئەمانیش دوو جۆرن :

أ-ئەو خوێندنگایانەی کە دەکەونە جەرگەی شارەوە و نزیکە دەست و تارادەیەکی باش مامۆستای پسپۆری جۆراو جۆریان هەیە و کەمو کوریشیان ئەگەر هەبێت کەمەو بە ئاسانی چار ئەکرێت .

ب-ئەو خوێندنگایانەی کە دەکەونە دەوروبەری شار وە دوورن لە ناو شارەوە و دورە دەستن ، ئەم خوێندنگایە هەمیشە ئەنالێنن بە دەست کەمی مامۆستا و میلاکەوە و کەم کەس هەیە خۆیان بدەن لە قەرەیان ، ئەو کەسەی کە بۆیان دەچێت یان نزیکە مالی خۆیەتی کە ئەوانەش زۆر کەمن ، وەیان زۆریان لێدەکرێت و ناچار دەبن دەچنە ئەو خوێندنگایانە کە زۆر جار چوونیان مەرجی لە گەلدایە و لەگەل ئەمانی مەرجەکە ئەویش هاواری لێ هەلدەستێت و سارد دەبێتەوە لە کارەکەی و داوای گواستنەوە دەاکت بۆ جەرگەی شار

## ٢)خوێندنگاکانی دەرەوەی شار :

ئەمانیش هەر دوو جۆرن:

أ-خوێندنگا نزیکەکان کە هاتوو چۆیان بۆ دەکرێت وە هەندێجار پێیان دەوترێت مەیدانی تاقی کردنەوە (حقل التجارب) چونکە بە زۆری ئەو مامۆستایانەیان بۆ دەنێرین کە دەرچووی تازەن و بۆ چەند سالێك لەوێدا دەمێننەوە و پاشان دەگوێزرێنەوە بۆ ناو شار لەسەر داوای خۆیان ، بە هەر حالّ میلاکی ئەم خوێندنگایانە لە رووی ژمارەی مامۆستایانەوە تا رادەیەك باشە بە شێوەیەکی ئەو تۆ کە لە هەندێك خوێندنگایاندا دەبنە هۆی هەلئاوسان کە ناچار بەشە وانەیان لە ناو خوێندنگاکانی ناو شاردا پێ تەواو دەکریت ، لەبەر ئەوە ئەم خوێندنگایانە تا رادەیەکی باش گیرو گرفتیان کەمە تەنها لە هەندێك پسپۆری دا نەبێت کە ئەویش زمانی ئینگلیزی یە کە بۆتە گەورەترین گیرو گرفت لە گشت خوێندنگاکاندا بە ناو شاریشەوە .

ب-خوێندنگا دوورەکان کە رێگای هاتوو چۆیان کەمە و مامۆستا دەبێت شەوانە بمێنێتەوە ، ئەم خوێندنگایانە مامۆستا زۆر کەم بۆ یان ئەچێت وە ئەوانەی کە بۆیان دەچن لە هەندێك پسپۆری تایبەتین وەك زمانی کوردی و عەرەبی کە ژمارەیان زۆرە وە هەندێ جار کۆمەلایەتیش واتە زۆربەی پسپۆری یەکانی تر نی یە.

لەبەر ئەوەی بۆ ووتنەوەی وانە زانستی یەکان متمانە دەکرێتە سەر مامۆستاکانی تر کە پسپۆر تین لەو بوارەدا . یان پشت بە مامۆستایانی سەرتایی دەبەسترێت دوور نی یە ئەوانیش دەرچووی شەشی زانستیان تێدا نەبێت بەڵام ناچاری وا دەکات کە زۆریان لێ بکرێت و هەڵسن بە ووتنەوەی ئەو ماددانەی کە هەمووان دەزانین ئەنجامەکەی چۆن دەبێت وە چ کارێکی خراپ دەکات لەسەر ئاستی زانستی خوێندکاران و هێنانەدی ئامانجە پەروەردەیی یەکان بە گشتی .

ئەگەر (میلاك) باش و تەواوولێ هاتووەو بە توانا بێت هەرگیز خوێندکاری باش و پر لە پەروەردەو زانست زانیاری بە دەست دێنێت وە بە پێچەوانەوە . هەر چەندە میلاکی قوتابخانە سەرتایی یەکان زۆر تەواوە و قوتابخانەکان زۆربەیان زیاد لە پێویست مامۆستای بۆ دابین کراوەو مامۆستا گەیشتۆتە دوورترین گوند لە کوردستاندا بەڵام بە داخەوە تا ئیستا حکومەتی هەرێم و بە تایبەتی وەزارەتی پەروەردە نەیتوانیوە کە میلاکی تەواو و گونجاو بۆ خوێندنگا دواناوەندی یەکان دابین بکات وە مامۆستای پسپۆریان بۆ بنێرێت بۆ پر کردنەوەی ئەو بۆشایی یانە کە هەیە لە خوێندنگاکاندا بە تایبەتی دەرەوەی شار ، تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێت .

ناتەواوی میلاك بە تایبەتی لە هەندێ پسپۆری دا کارێکی زۆر خراپی کردۆتە سەر بەرەوە پیش بردنی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن وە ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە وە چارە سەری بۆ نەدۆزرێتەوە چەند سالێکی تر ئەبێت زۆربەی خوێندنگاکان دەرگایان داخەین و خوێندکارەکان بێ بەش بکرێن لە خوێندن ، لێرەدا هەندێك لەو هۆکارانە دەست نیشان ئەکەین کە بۆ تە کەم و کوری و نەبونی مامۆستای میلاك لە خوێندنگاکاندا بە گشتی وە خوێندنگا دوورەکان بە تایبەتی :-

١)زۆربوونی ژمارەی خوێندکار لە ناوچە جیا جیا کاندا وە بە تایبەتی لەم چەند ساڵانەی دوایی دا کە ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان و گەرانەوەی خەلکی بۆیان زۆربوو .هەروەها دەرنەچوون و مانەوەی خوێندکار و خۆهێشتنەوەی بە شێوەیەکی زۆر بە تایبەتی لە پۆلە کۆتایی یەکان ( شەش و سێ ) کە ئەمە بۆ تە هەلئاوسانێکی زۆر دیار لە خوێندنگا و پۆلەکاندا کە دەبێتە هۆی فراوان کردنی خوێندنگاو زۆربوونی پۆلەکان و ژمارەی وانەکان کە ئەو سا پێویستی بە مامۆستای زیاتر هەیە .

٢)کەمی مامۆستا پسپۆر بە گشتی وە بە تایبەتی لە هەندێ پسپۆری دا وەك زمانی ئینگلیزی ، لای هەمووان ئاشکرایە کە دەگەرێتەوە بۆ رووکردنی زۆربەی زۆری مامۆستای ئەم پسپۆری یە بەرەو رێکخراوە بیانی یەکان ،کە ئەمیش کارێکی خراپی کردۆتە سەر ئاستی زانستی خوێندکاران لەوزمانەدا .

٣)نەبوونی کۆلیجی پەروەردە کە بتوانێت هەموو ساڵێك مامۆستای پسپۆرە جیاجیا کان پێ بگەیەنێت بۆ وەزارەتی پەروەردە وە بە پێی پێویست دایان بمەزرێنێت کە ئەمە بە یەکێك لە هۆ گرنگەکانی کەمی مامۆستایان دائەنرێت لە خوێندنگاکاندا .

٤)دەرچووانی کۆلیجەکانی تر نایانەوێت دابمەزرێن لە وەزارەتی پەروەردە بە شێوەی مامۆستا ئەگەر ناچار نەبن لە شوێنی تر کاریان دەست نەکەوێت ،کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ : -

أ-مامۆستایەتی ئەرکێکی گرانەو ئەوەی ئامادەکراو و گونجاو نەبێت بۆ ئەو ئیشە ناتوانێت زۆر خۆی بدات لە قەرەی .

ب-کەمی دەرماڵەی مامۆستا لەچاو دەرماڵەی فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی تردا ئەگەر بە پێی شێوەی کارەکەو پێویستیان بەراورد بکرێن و وە هەلس و کەوتی مامۆستا لە خوێندنگاکاندا و لە ناو خوێندکاران دا دەبێت کە تەمەنیان ئارادەیەك منداڵی یەو هەموو کەس پێی رازی نابێت و ئەو تاقەتەی نی یە لە گەڵیا.

ج-کاری مامۆستایی راوەستانی زۆر دەخوازێت بە تایبەتی لەکاتی دەوام لە ناو پۆلە کاناندا کە ئەمە لە وەزارەتێکی تردا بە دی ناکرێت .

د-مامۆستایەتی بەردەوام پێویستی بە خۆ ئامادەکردن و نوێ بوونەوە هەیە ،ئەویش پێویستی بە کەسی خۆی هەیە کە بگونجێت لەگەڵ ئەم کارەدا.

ه-مامۆستایەتی پێویستی بە سنگی فراوان و هەناسەی درێژە کە هەموو کەس ئەم سیفەتەی تیا نی یە ، تا بتوانێت ببێتە مامۆستا .

٥)دەرچووانی زانکۆ ئەگەر دابمەزرێن بە مامۆستا لە ناو شار دانانرێن ، بەڵکو دەنێرین بۆ دەرەوەی شار وە بەتایبەتی شوێنە دوورەکان کە ئەمە تایبەتی خۆی هەیە وە هیچ هاندانێکی نی یە لەم رووەوە کە ئەو دەرچووانە وا لێبکات کە بێنە هێلی مامستایەتیەوە چونکە:-

أ-لە رووی موچەکەیانەوە زۆر کەمە هەروەك خۆیان دەڵێن بەشی هاتوو چۆکەیان ناکات .

ب-نەبوونی شوێنێك یان خانوویەك کە تەرخان کرابێت بۆ حەوانەوەی مامۆستا کە ئەمە بۆتە گیرو گرفتێکی ئاشکرا بۆ مامۆستایان کە نەك هەر خانوویان نیە ، بەڵکو لە زۆر ناوچەدا ژووریشیان بەکرێ نادەنێ .

ج- نەگونجاندنی باری دەروونی مامۆستا لەگەڵ باروو گوزەرانی ناوچەکە و تەنانەت خوێندنگاکەش ، جا ئەگەر بارە رامیاری یەکە بێت یان بینای خوێندنگەکەبێتکە لە هەندێ شوێندا بۆ خوێندن حەوانەوەی مامۆستا ناشێت . ئەمانە وا لە مامۆستا ئەکات دووربکەوێتەوە لە مامۆستایەتی و بگەڕێت بە شوێن کارێکی تر ئاسان و لەبار.

٦)یەکێك لە هۆکانی تێکچوونی میلاك جێگیر نەبوونی یەتی بە هۆی زۆری وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە یان دایکایەتی کە کەلێنی جەرگ برو کوتوپڕ دەخەنە خوێندنگاکانەوە وەلە ئاکاردا گورزی گران لە خوێندن دەدەن،کە لە زۆر بارەدا ناتوانێت بە ئاسانی چارەسەر بکرێت بە تایبەتی مۆڵەتی

دایکایەتی کە بەهەموو دابرانێك و گەرانەوەیەك خوێندگاکەی پێ دەشلەقێت تا دێتەوە سەر خۆی ماوەیەکی دەوێت یان هەرنایەتەوە سەر خۆی .
٧)کەم دامەزراندنی دەرچووانی (نێر) بۆ پیشەی مامۆستایەتی و هەلسنانیان بە کارو پیشەی تر کە پارەی زیاتریان لێ دەست دەکەوێت وە ئەم کارێکی خراپی هەیە لەسەر میلاك بە تایبەتی لە خوێندنگا دوورەکان کە مامۆستایانی مێ کەمتر بۆی دەچن .
٨) کردنەوەی بێ سنوری خوێندنگا ، بە بێدانانی نەخشەو پلان و لێکۆلینەوە بە تایبەتی لە هەندێك گوندی دوور ئەمەش لە پێناو رازی کردنی داوای کەسێك یان خەلکی گوندەکە بە بێ گوێ دانە ئەنجامەکەی کە ئێستا بۆتە گیرو گرفت لە رێگای پەروەردەدابە هۆی نەبوونی میلاك تیایاندا .
ئەمانە بە گشتی وایان کردووە کە میلاکی مامۆستایان لە خوێندنگاکاندا کەم وکورو لاواز بێت بە تایبەتی لە خوێندنکاگانی دەرەوەی شار ، لەبەر ئەوە وەزارەتی پەروەردە بە پالپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەر پرسە لە چاك کردن و رێکخستنەوەی ئەو بارە ناهەمووارە کە پەروەردەی لێکەوتووە سەبارەت بە میلاکی مامۆستایان لە خوێندنگەکاندا وە پێوە چوونی گیرو گرفتەکان بۆکەم کردنەوەو نەهێشتنی لە داهاتوودا ،ئەمەش ماوەی چەند سالێکی دەوێت ئەگەر بە جدی کاری بۆ بکرێت وە جارێکی تر خویندنگاکان بخەینەوە سەر ئەو بارو دۆخەی کە بە دلی هەموو لایەك بێت .
بۆ یە ئێمە لێرەدا بەو پەری دلسۆزی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە و رۆلەکانی ئەم کوردستانە ئەم پێشنیازانە ئەخەینە بەردەست بەر پرسانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە بۆ تاو وتێ کردن و هەولدان لە پێناو جێبەجێ کردنیدا :-
١-کردنەوەی کۆلیجی پەروەردە بەگشت بەشەکانیەوە لەگەلّ دابین کردنی پێویستیەکانی بە مامۆستای پسپۆری و تاقیگە بۆ بەهێزکردنی دەرچووانی ئەو کۆلیژەو ئامادەکردنیان لەسەر بنەمایەکی زانستی و پەروەردەیی هاوچەرخ کەلەگەلّ رەوتی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیای ئەم سەردەمەدا بگونجێت .
٢-دانانی لیژنەی تایبەت بۆ دانانی نەخشەو پلان و بە دوا دا چوونی بەردەوامی زۆر بوونی ژمارەی خوێندکاران لە ناوچە جیاجیا کان تا بتوانرێت بە پێی ئەو زۆربوونەوبە پێی پێویست خوێندکاران لەبەشەکانی کۆلیجی پەروەردە وەربگیرین تا هاوسەنگی یەك هەبێت لە نێوان ژمارەی دەرچووان بۆ دامەزراندنیان بە مامۆستا وە پێویستی خوێندنگاکان بەو ژمارەیە .
٣-بونی هاوکاری تەواو لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی بالاّ لە پێناو جی بەجێ کردنی خالی دووەم بە شێوەیەکی رێك و پێك .
٤-هاندانی دەرچووانی کۆلێژەکان بە گشتی وەبەتایبەتی کۆلیژی پەروەردە بۆ دامەزراندنیان لە بواری مامۆتایەتیدا ئەویش بە زیادکردنی مووچەو دەرمالەیان کە گەورەترین گیرو گرفتە لە رێگای

دامەزراندنیاندا هەروەها دابین کردن و تەرخان کردنی شوێنی حەوانەوە بۆیان بە تایبەتی لە شوێنەدوورەکاندا .

٥-تەکردنەوەی خوێندنگا بێ دانانی نەخشەو پلان و لێکۆلینەوەو وە دابین کردنی مامۆستایانی پسپۆر لە مادە جیا جیا کان دا ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە دورە دەستەو هاتو چۆیان کەمە و مامۆستای ناگاتێ بە ئاسانی.

٦-متمانە کردنە سەر کۆمەلگەی پەروەردەیی ( المجمع التربوي) ئەویش بە کۆکردنەوەی ژمارەیەك لە خوێندنگالەناوچەنزیك یەکەکاندا لە خوێندنگایەکی گەورەی فرە پۆل لەو ناوچەیەدا کە مامۆستایانی هەموو خوێندنگاکانی ئەو ناوچەیە لە خۆ بگرێتو هۆی هاتووچۆیان بۆ تەرخان ئاسان بکرێت یان بەشی ناوخۆیی یان بۆ بکرێتەوە بەمەش ئەرکێکی زۆر لەسەر پەروەردە کەم دەکاتەوە وە لە لایەکی تریشەوە ئەو خوێندنگایە نەك هەر لەرووی میلاکەوە بەلکو لە گشت رووەکانی ترو پێداویستیکانیشدا بە هێزو تواناتر دەبێت .

٧-هاندانی دەرچووانی کۆلیژەکان کە بچنە هیلی مامۆستایەتی و رازی بێت لە شوێنە دوورەکان دابنرێت بە پێدانی پارچە زەوی یەك هەر لەسەرتایی دامەزراندنیاندا تا بتوانێت خۆی پێ بنیات ، بنێت و دلخۆشکەریش بێت بۆ کارکردن لە بواری مامۆستایەتیدا .

٨-دەربارەی وانە بێژی ( محاضرات) کە پێویستە :-

أ-پارەکە لە کاتی خۆیدا خەرج بکرێت .

ب-ئەو رێژەیەی کە دیاری کراوە بۆ ووتنەوەی وانە بێژی پشت گوێ بخرێت و کاری پێ نەکرێت .

ج-پارەی وانە بێژی زیاد بکرێت بۆ ( ٥) دینار بۆ قۆناغی ناوەندی و (٨) دینار بۆ قۆناغی ئامادەیی .

٩-دەربارەی دەرمالەی مامۆستایان بە تایبەتی ئەو خوێنگایانەی کەلە گەرەکە دوورەکانی شارن زیادبکرێت و جیاوازی هەبێت لەگەل خوێندنگاکانی ناو جەرگەی شار وە بە شێوەیەك بێت کە هاندەرێك بێت بۆ چونیان بۆ ئەو خوێندنگایانە ی کە مامۆستای بۆ ناچێت .

١٠-هەندێك جار کەم و کوری میلاك لە کەمی ژمارەی مامۆستادا نی یە بەلکو لە لاوازی و بێ هێزی خودی مامۆستا خۆیایەتی کە ئەمەش هۆی زۆرە ، دوورنی یە مامۆستا بەتەواوی پێگەیشتوو و قالی ماددەکە نەبێت واتە کەم و کورە لە جێبەجێکردن و ئەنجام دانی کارە پەروەردەییەکەیدا ، کە بەشێکی ئەگەرێتەوە بۆ بێ توانایی رۆلی زانکۆ ، یان مامۆستا ناتوانێت ویان کاتی ئەوەی نی یە خۆی پێ بگەیەنێت وئاستی پەروەردەیی بەرز بکاتەوە ، چونکە بە زۆری مامۆستایان سەر قالی کارو پیشەی ترن دوور لە پەروەردە ،لە پێناو بژێوی خۆی و خێزانەکەی دا ، کە ئەمە کاردانەوەیەکی خراپی دروست کردووە لەسەر ئاستی زانستی مامۆستا ، بۆ یە ئەبێت ئەم لایەنە بە جدی و خێرایی کاری بۆ بکرێت لەگەل بەردەوام کردنەوەی خولی بە هێز کردن بۆ گشت مامۆستایان بە تایبەتی مامۆستایانی تازە دامەزراو .

١١-دەست نیشان کردنی ژمارەیەکی باش لە مامۆستایانی قوتابخانە سەرتایی یەکان وە ( تەنسیب) کردنیان لە خوێندنگا ناوەندی یەکان بۆ پڕکردنەوەی هەندێوانە کەتوانایان بەسەردا تەشکێت وەك کۆمەڵایەتی و زمانی ئینگلیزی و زانستی پۆلی یەك.

## دووەم/ قوتابخانە سەرتایی كان :

نائاسایی بوونی میلاك لە قوتابخانە سەرتایی یەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ :-

١-گواستنەوەی مامۆستایان بە ( دەوام) بە بیانووی جیا جیا و بێ رەچاو کردنی یاسا بۆ هەندێ شوێن کە پێویستیان پێیان نی یە و بۆ سالی دووایی لە هەمان شوێن جێگیر دەکرێن .

٢-مۆڵەتی بێموچە کە بۆتە باو و بەرژیشتنی مامۆستا بۆشایی جێدێلێت و لە هاتنەرەیدا زیاد دروست ئەکات لە قوتابخانەکەدا.

٣-پەیرەو کردنی مۆڵەتی دایکایەتی کە ئیستا بە پێی یاسا کاری پێ دەکرێ .

٤-دابرانی مامۆستا لە کاری مامۆستایەتی و واز هێنان لەو کارە بە بیانووی دووری شوێنەکانیان و رووکردنە هەندەران.

٥-رازی نەبوونی رەگەزی نێر بۆ دامەزراندن لە پیشەی مامۆستایەتی دا وە بە تایبەتی لە شوێنە دوورەکان بە بیانووی نالەباری ئابووری یەوە .

٦-دەست تێوەردانی کار بە دەستانی میری و لایەنە سیاسی یەکان لە کارەکانی بەشی میلاك بە تایبەتی ، ئەمەش وای کردووە ئەوانەی کە خۆیان بە بێ پشت و هەژار ئەزانن و کەسیان نی یە ، سەر بکەن دەبە هەموو دەرگایەك بۆئاسان کردنی کارەکانیان

٧-کەم بوونەوەی دیاردەی خانە نشینی بە هۆی نالەباری ئابووری و کەمی مووچەی مانگانەی خانەنشینی و نەدانی مووچەکەیان لە کاتی خۆیدا.

٨-بەردەوام گۆڕینی شوێنی مامۆستا کە بۆی دانراوە و ناچێت و بە فەرمانی دووەم و سێیەم شوێنەکەی بە پێ ی خواست و رەزامەندی خۆی بۆئەدەگۆرێت ، ئەگەر چی لەو شوێنە تازەیەدا پێویستیان پێی نەبێت

٩-وەك لە خالەکانی (٢)و (٣) ئاماژەمانپێدا کە مۆڵەتی دایکایەتی و بێ مووچە هۆکارن بۆ ئالۆز بوونی میلاك لە قوتابخانەدا ، بە پێویستی دەزانین ئەم ئامارەی لای خوارەوە بخەینە بەردەستتان بۆ ئەوەی لاتان ئاشکرابێت کاریگەری ئەو دوو دیاردەیە چیە وە چ کاریکی کردۆتە سەر ناناسایی میلاك.

**ئەم ئامارەی خوارەوە هینی(٥) سالی رابووردوو پیشان ئەدات:**

| ژ | سالی خوێندن | ژمارەی مۆلەتی بێ مووچە | ژمارەی مۆلەتی دایکایەتی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٩٦-١٩٩٧ | ٥٨٥ | ٤٣٠ | ١٠١٥ |
| ٢ | ١٩٩٧-١٩٩٨ | ٥٧٨ | ٤٥٠ | ١٠٢٨ |
| ٣ | ١٩٩٨-١٩٩٩ | ٦١٨ | ٢١٠ | ٨٢٨ |
| ٤ | ١٩٩٩-٢٠٠٠ | ٣٠٥ | ٤٣٦ | ٧٤١ |
| ٥ | ٢٠٠٠-٢٠٠١ | ٣٥٢ | ٥٥٥ | ٩٠٧ |

سالی خوێندن ( ٢٠٠١-٢٠٠٢ ) وە تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە (٦٢٠) مۆلەتی بێموچەو دایکایەتیمان هەیە .

گەر بە ووردی سەرنجی کۆی سالآنەی ئەو دوو مۆلەتە بدەین ، بۆمان دەردەکەوێت دەولەت هەرچەندە سالآنە مامۆستا دادەمەزرێنێت هەمووی دەچێتە خانەی پرکردنەوەی ئەو بۆشایی یانە کە دروست دەبێت ، کەوابوو سود لەو دامەزراندنە وەرنەگیاوە وەك پێویست و لێرەوە دیارە دیاردەی وانە بێژی ( محاضرات) دروست دەبێت و سالآنە روو لە زیاد بوونە .

ئێمە ناتوانین بلێین دیاردەی زیادە لە مامۆستا شتێکی تازەیە و لەم سەردەمەدا دروست بووە ، بەلکو هەر هەبووە – بەلام بەم شێوەیە ی ئیستا بەو فراوانی یە هەرگیز نەبینراوە .

لێرەدا لیژنەکەمان بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیرو گرفتانەی کە دێتە رێگای لیژنەی میلاك لە قوتابخانە سەرەتایی یەکاندا ئەم پێشنیازانەی خوارەوە ئەخاتە روو وە بەرای ئێمە تارادەیەکی باش چارەسەری بەشێکلە کێشەکان دەکات :-

١-دامەزراندنی مامۆستا بە پێی پێویست و بۆ ئەو شوێنانە بێت کە پێویستیان پێ یە وە بە پێی پلانێك کە لە رێگەی سەردانی مەیدانی یەوە دابرێژرێت و بە هاوکاری یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لیژنەی میلاك . وەرەچاوی رێژەی ناوچەیی بکرێت.

٢- وەرگرتنی خوێندکاران لە پەیمانگاکاندا بە هوندرە جوانەکانیش وە بە پێی پێویست و ئەو پلانە بێت کە لە خالی یەکەم دا ئاماژەمان پێداوە.

٣-هەر خوێندکارێك لە پەیمانگایەکی پەروەردەیدا وەرگیرا بە پێویستی ئەزانین کە بەلێنێکی دارایی ( تعهد مالی ) بە شێوەیکی رەسمی لێوەربگیرێت کە:-

أ-بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی (٣) سێ سالّ دوای دەرچوونی خزمەتی پەروەردە بکات بە شێوەی مامۆستا وە لەناوچە دوورەکان .

ب-دوای دامەزراندن بۆی نەبێت تاماوەی (٣) ساڵ بەسەر نەبات لەو شوێنەی کە بۆی داتراوە داوای گواستنەوە بکات .

٤- ئەو مامۆستایەی کە (٣) ساڵ خوێندنی بەسەر برد بۆ ی هەبێت داوای گواستنەوە بکات وە مەرج نی یە کە هەر ئەبێت بگوازیتەوە ، بەلکو رەچاوی یاسای پێویست بوونی بکرێت بۆ ئەو شوێنەی کە داوای دەکات ،ئەمەش بە خالێك لە خالەکانی فۆرمی دامەزراندندا ئاماژەی پێ بدرێت.

٥- دڵنیی کاتی دیاری کراو بۆ دامەزراندن و گواستنەوە ی مامۆستایان بەمەرجێ پێش دەست پێکردنی سالی خوێندنی تازە بێت .

٦- لەکاتی دامەزراندن وگواستنەوەی ماۆستایاندا ڕای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ناوچەکە رەچاو بکرێت.

٧- کەم کردنەوەی زیادەی مامۆستایان و زۆری قوتابیان لە پۆلەکاندا بە کردنەوەی قوتابخانەی نوێ لە شارو شارۆچکەکاندا کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و زانستی قوتابیان .

٨-دیاردەی (دەوام )ی مامۆستا هەرگیز لە قوتابخانەکاندا پەیرەو نەکرێت تەنها بۆ وانەکانی ( وەرزش، هونەر ، ئینگلیزی) نەبێت ، ئەویش لە رێگەی سەرپەرشتیاریتی پەروەردەیی و چالاکی قوتابخانەکان و وەرزشی یەوە وە ئەمەش تەنها یەك جار تازە بکرێتەوە ئەگەر پێویست بوو .

٩-مۆلەتی بێ مووچە بۆ ماوەی دوو ساڵ بێت و لە کاتی گەرانەوەدا مامۆستا پەیوەندی بە خۆیی سەرتایی یەوە بکات بۆ ئەوەی بە پێ ی پێویست دابمەزرێتەوە.

١٠-مۆلەتی دایکایەتی کە وەرگیرا بە پێی پێویست بگەرێتەوە بۆ قوتابخانەکەی وەماوەی سالەکەش تەواو بکات و داوای پچراندنی مۆلەتەکە نەکات .

١١-دابران لە کاری مامۆستایی بۆ ماوەی (١-٢) ساڵ بێت وەلەگەرانەوەدا بۆ سەرکار بەبریاری ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پەروەردە بێت ، وە ئەگەر دابرانەکە لە ماوەی دوو ساڵ زیاتر بوو چاکتر وایە بە پیشەی مامۆستایەتی دانەمەزریتەوە .

١٢-بە دەست نیشانکردنی رادەی بەرزی مانگانەی خانە نشینی زیاتر لەوەی کە ئیستا کاری پێ دەکرێت ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر لە مامۆستایان کە خاوەن خزمەتێکی زۆرن خۆیان خانە نشین بکەن ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی زیادە لە مامۆستایان وگیرانەوەی برێکی باش پارەبۆحکومەتی هەرێم بۆ روون کردنەوەی زیاتر وە ئاشنا بوون بە ( میلاك) ی قوتابخانەو خوێندگاکانی هەرێم لە لە ژمارەی مامۆستاو فەرمانبەران کارگوزاران و ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگا و ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران چەند خشتەیەك ئەخەینە روو بۆ لێکۆلینەوە لە لایەن بە رپرسانی پەروەردە و ئەندامانی لیژنەی بالای کۆنگرەی پەروەردەیی تاوەکو بریاری راست و گونجاوی لەسەر بدەن بۆ چاککردن و رێکخستنی (میلاك) ی قوتابخانەو خوێندگاکانی هەرێمی کوردستان.

## ژمارەی مامۆستایان لە خوێندنگاکانی پارێزگاکانی هەرێم دا

( ناوەندی ، دواناوەندی ،ئامادەیی )

| پارێزگای سلیمانی | | پارێزگای کەرکوک | | پارێزگای هەولێر/ کۆیە | | رانیەو قەڵادزێ | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| ١٣٥٣ | ١٥٧٥ | ٣٤٠ | ٤٠٧ | ١٤٥ | ١٦٦ | ٢٣٣ | ٩٣ | ٤٣١٢ |
| ٢٩٢٨ | | ٧٤٧ | | ٣١١ | | ٣٢٦ | | ٤٣١٢ |

## ژمارەی مامۆستایان لە قوتابخانەکانی پارێزگاکانی هەرێم دا

( قوتابخانە سەرتاییەکان )

| پارێزگای سلیمانی | | پارێزگای کەرکوک | | پارێزگای هەولێر/ کۆیە | | رانیەو قەڵادزێ | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| ٣٣٢٨ | ٦٧٧٨ | ١٩٣٣ | ٩٨٨ | ٥٦٣ | ٥٥٢ | ٩٥٤ | ٥٨٠ | ١٠٦٧٦ |
| ١٠١٠٦ | | ٢٩٢١ | | ١١١٥ | | ١٥٣٤ | | ١٠٦٧٦ |

## ژمارەی مامۆستایان لە خوێندنگاکانی پارێزگاکانی هەرێم دا
## بەگوێرەی پسپۆری یان( ئاوەندی ، دواناوەندی ،ئامادەیی )

| پسپۆری | پارێزگای سلیمانی | پارێزگای کەرکوک | پارێزگای هەولێر/ کۆیە | رانیەو قەڵادزێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| زمانی کوردی | ٤٩٢ | ١١٦ | ٤٧ | ٥٤ | ٧٠٩ |
| زمانی عەرەبی | ٦٤٧ | ١٢٤ | ٤٥ | ٥٤ | ٨٧٠ |
| زمانی ئینگلیزی | ١٩٦ | ٦٣ | ١٩ | ٢٣ | ٣٠١ |
| مێژوو | ١٣٢ | ٧٩ | ٢٥ | ١٧ | ٢٥٣ |
| جوگرافیا | ١٢٣ | ٦٩ | ٢٨ | ١٦ | ٢٤٦ |
| ئابووری | ٧٧ | ٣٥ | ٢١ | ١٨ | ١٥١ |
| بیرکاری | ٢٨١ | ٧٧ | ٣٥ | ٢٤ | ٤١٧ |
| فیزیا | ٢٢١ | ٥٧ | ١٧ | ٢٩ | ٣٢٤ |
| کیمیا | ٢٢٧ | ٤٩ | ١٧ | ١٧ | ٣١٠ |
| زیندەوەر زانی | ١٨٨ | ٤٣ | ٢٥ | ٢٣ | ٢٧٩ |
| ئامار | ٨٤ | ٩ | ٨ | ٩ | ١١٠ |
| دەروون زانی | ٢٨ | | ٢ | ٣ | ٣٣ |
| هونەر | ٤٨ | ٨ | ٦ | – | ٦٢ |
| وەرزش | ٣٥ | ١٨ | ١٦ | ٦ | ٧٥ |
| مالداری | ٣ | | – | – | ٣ |
| کۆمەڵ ناسی | ٦٧ | | – | ١٣ | ٨٠ |
| کارگێری | ٢٣ | | – | ١١ | ٣٤ |
| فەلسەفە | ٥ | | – | ١ | ٦ |
| کشتوکاڵ | ٤١ | | – | ٨ | ٤٩ |
| کۆی گشتی | ٢٩٢٨ | ٧٤٧ | ٣١١ | ٣٢٦ | ٤٣١٢ |

میلاکی فەرمانبەران و کارمەندان لە خوێندنگاکانی هەرێم ( ناوەندی ، دواناوەندی ، ئامادەیی )

| پیشە | خوێندنگاکانی سلێمانی | خوێندنگاکانی کەرکوک | خوێندنگاکانی هەولێر / کۆیە | خوێندنگاکانی رانیە | کۆی گشتی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نووسەر | ٩٣٣ | ١٢٤ | ١٢٢ | ٨٧ | ١٢٦٦ | |
| یاریدەدەری تاقیگە | ٢٨ | - | - | ١ | ٣٩ | |
| لێپرسراوی کتێبخانە | ٨ | - | - | - | ٨ | |
| ژمێریاری | ٣٣ | - | - | ٣ | ٣٦ | |
| کارگوزار | ٦٤٠ | ٣٢١ | ١١٢ | ١٤٥ | ١٢١٨ | |
| پاسەوان | ١٧٣ | ١٣٢ | ٦٦ | ١٩ | ٣٩٠ | |
| باخەوان | ٦٩ | - | ١ | ٣ | ٧٣ | |
| کۆی گشتی | ١٨٩٤ | ٥٧٧ | ٣٠١ | ٢٥٨ | ٣٠٣٠ | |

میلاکی فەرمانبەران و کارمەندان لە قوتابخانەکانی هەرێم ( قوتابخانە سەرەتاییەکان )

| پیشە | قوتابخانەکانی سلێمانی | قوتابخانەکانی کەرکوک | قوتابخانەکانی هەولێر / کۆیە | قوتابخانەکانی رانیە | کۆی گشتی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نووسەر | ١١٢٦ | ٣٦ | ١٦٨ | ٨٦ | ١٤١٦ | |
| یاریدەدەری تاقیگە | ٢ | - | - | - | ٢ | |
| لێپرسراوی کتێبخانە | - | - | - | - | - | |
| ژمێریاری | ١١ | - | - | - | ١١ | |
| کارگوزار | ٢٠٨٥ | ٤٣٢ | ٦٥٥ | ٧٣٧ | ٣٩٠٩ | |
| پاسەوان | ٣٨٦ | ١٨٨ | ٣٩٧ | ٤٩ | ١٠٢٠ | |
| باخەوان | ٨٧ | ٢ | ٦ | ٣ | ٩٨ | |
| کۆی گشتی | ٣٦٩٧ | ٦٥٨ | ١٢٢٦ | ٨٧٥ | ٦٤٥٦ | |

ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگا و ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران لە پارێزگاکانی هەرێم دا

| بابەت | پارێزگای سلیمانی | پارێزگای کەرکوک | پارێزگای هەولێر/ کۆیە | رانیەو پشدەر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی قوتابخانە سەرتایی یەکان | ٦٨٣ | ٤١١ | ١٥٤ | ٢٠٨ | ١٤٥٦ |
| ژمارەی قوتابیان | ١٤٤٣٦٦ | ٥٠٦٥٣ | ١٣٧٤٢ | ٦٠٥٧٧ | ٢٦٩٣٣٨ |
| ژمارەی خوێندنگاکان | ١٨١ | ٥٤ | ٢٦ | ٤٥ | ٣٠٦ |
| ژمارەی خوێندکاران | ٨٠٧٤٨ | ٢٤٥٨٨ | ٥٤٧٦ | ١٦٧٣٤ | ١٢٧٥٤٦ |

ژمارەی مامۆستاکانی ( وەرشە ) لە خوێندنگاکانی پارێزگای سلێمانی

| ژمارەی مامۆستا | | ژمارەی فەرمانبەر (چاکەرەوە) | | کۆی گشتی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| ٦٦ | ١٨٤ | ٢٦ | ١٥٠ | ٤٢٦ | |
| ٢٥٠ | | ١٧٦ | | ٤٢٦ | |

لەم خشتەیەدا بۆ مان دەردەکەوێت کە ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی (نێر) لەوەرشەی خوێندنگاکاندا زۆر کەمترە لە ژمارەی (مێ) کە ئەمەیش ئەگەرێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کەلە راپۆرتەکەدا دەست نیشان کراوە .

هەروەها نارێکیەک بەدی ئەکرێت لە ژمارەی مامۆستاو فەرمانبەرانی وەرشە لە دابەشکردنیان بەسەر خوێندنگاکاندا ، هەندێ خوێندنگا زیاتر لە (٣٠) مامۆستا و فەرمانبەری بۆ دانراوە ، بەڵام بە پێچوانەوە هەندێ خوێندنگا کەمتر لە (٢٠) مامۆستا و

فەرمانبەر ی بۆ دانراوە لە کاتێکدا کە ئەبێت دابەشکردنیان بە شێوەیەکی یەکسان بێت لە هەموو خوێندنگاکاندا ، وەئەمەش هۆکارەکەی ئاشکرایە لە لای بەرپرسانی پەروەردە.

لە کۆتایی دا دەڵێین ، هیچ کارێك نی یە هەرچەندە سادەو ساکاریش بێت لەسەرەتاوە یەکەم و کوری بێت بە تایبەتی کارێکی وەك چاککردن و رێکخستنی ( میلاك ) ی خوێندنگاو قوتابخانە کان کە گرنگترین بەشی بەرنامەی پەروەردەیی یە و بنەمای جێبە جێ کردن و ئەنجامدانیەتی بەتایبەتی لە کوردستانی وێراندا ، کە دەبێت چەند کارو خۆ میلاك کردنی بوێت تا بەتەواوی بچەسپێت و جێگای باوەرو متمانەی گشت لایەك بێت لە هەموو روویەکەوە . بەراستی کارێکی ئاسان نی یە ، بەڵام بە هەوڵ و توانای هەمووان وبە کارهێنانی بیرو رای دلسۆزانی ئەم بوارە وە پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسیە کان دەتوانرێت زۆربەی زۆری ئەو کەم و کوریانە ی کەلەبەردەم وەزارەتی پەروەردە دا هەیە لە ماوەیەکی کەم دا نەهێلرێت وە بە تەواوی بەرنامەی پەروەردەیی کە شایستەی نەوەی کورد و دوا رۆژی کوردستان بێت هەموو ناوچەکانی کوردستان دا سەقام گیر بێت .لە پێناو هێنانە دی ئامانجە پەروەردەیی یەکان کە بنەمای دامەزراندنی کۆمەڵ و پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

# تەنسیق لەگەڵ ڕێکخراوەکان وبڕیاری (٩٨٦) خانووبەرە وگەنجینەکان ..

# هاریکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکان و بڕیاری ٩٨٦

بەشی پەیوەندییەکان بۆ یەکەم جار بەفەرمانی وەزاری ژمارە (٤٣٦٦) لە (١٩٩٨/١٠/٢٢) دامەزرا وەك بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشەکێشان ، کە تەنها ئەرکی ئەوە بوو ئیش و کاری پەیوەندیدار بە ڕێکخراوەکانی (UN) جێبەجێ بکات لەچوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦/ و هەروەها هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە خێرخوازەکان واتە (NGO) کان ڕێك بخات.

بەڵام دواتر بەشەکە هەندێ ئیش و کاری دیکەشی خرایە ئەستووە وەك پەیوەندی کردن بەدامودەزگاکانی دیکەی سەر بە پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر (کۆیە). وە هەروەها جێبەجێ کردنی زۆربەی ئەو ئیش و کارانەی کە پەیوەندی هەیە بە وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دواتر بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٣٥) لە (٢٠٠٠/١٢/٠٩) هۆبەی بڕیاری/٩٨٦ دامەزرا و لکێندرا بە بەشی پەیوەندییەکان و بەشەکەش لە (هیكل تنظيمي) وەزارەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشەکێشان بچڕاو ڕاستەوخۆ بە بەڕێزان ((وەزیری پەروەردە و بریکاری وەزارەت))ەوە بەسترایەوە. سەرەڕای ئەرکەکانی پێشتری خۆی ، ئەم ئەرکانەی خوارەوەشی خرایە ئەستۆ:

١. تاوتوێ کردنی بەرنامەی فەیسەکانی بڕیاری/٩٨٦ ی تایبەت بە پەروەردە و پۆلێن کردنیان لە دۆسێ و (CD) و دیسکی تایبەتدا.

٢. بەدواداچوونی پرۆژە پێشنیاز کراوەکان بۆ ئاژانسەکانی (UN) و ڕێکخراوە (NGO) کان.

٣. کۆکردنەوە و یەك خستنی داواکارییەکانی گشت بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سەر بە وەزارەت و پێشکەش کردنیان بە ڕێکخراوی پەیوەندیدار بۆ جێبەجێ کردنیان.

٤. بەشداری کردن لەدانانی پلانی تایبەت بە وەزارەت و شیکردنەوەی ووردەکاری داواکارییەکان بۆ بەرنامەکانی داهاتووی بڕیاری/٩٨٦.

بەردەوام لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە پرۆژەیان بۆ وەزارەتی پەروەردە ئەنجام داوە جا چ ڕێکخراوی سەر بە ئاژانسەکانی (UN) بن یاخود ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستە خێرخوازەکان یان هەر کەسایەتییەکی خێرخواز پرۆژەیەکی بۆ پەروەردە ئەنجام دابێ زۆربەی هەرە زۆری لەڕێگەی بەشی پەیوەندییەکانەوە بووە و هەروەها هەر داواکارییەکی پەروەدەکان بۆ ئەم ڕێکخراوانە کە کرابێت دیسان هەر لە ڕێگەی ئەم بەشەوە بەڕێ کراوە.

لێرەدا پێویستە ئەم ڕوونکردنەوەیەش بخەینە ڕوو: وەزارەتی پەروەردە تەنها لەگەڵ (٣) ڕێکخراوی (UN)دا هەڵسوکەوت دەکات کە ئەوانیش (هابیتات ، یونسکۆ، یونسێف)ن کە بەشێکی ئیشەکانیان پەیوەندیدارە بە پەروەردە و ڕێکخراوی یونۆکی لە سەرووی هەموویانەوەیە بۆ هاریکاری و بەدواچوون و ڕاپەڕاندنی ئیشەکان لەنێوانیاندا بەم جۆرەی خوارەوە:

١. ڕێکخراوی هابیتات (UNCHS):-

هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کاری دروستکردن و چاککردنەوەی هەموو بیناو دام و دەزگای پەروەردەیی وەک: قوتابخانەی (٤) پۆلی و (٦) پۆلی و خانووی مامۆستا و (١٢) پۆلی و باخچەی ساوایان و بەشی ناوخۆیی و هۆڵی خوێندنگە و سەنتەری دابەشکردن و بینای سەرپەرشتیاریتی و گەنجینە و سەنتەری تاقیکردنەوە و هۆڵی داخراوی وەرزش و ... هتد.

ئەم ڕێکخراوە تا فەیسی (٥) کاری تعمیراتی نەدەکرد بەڵام لە فەیسی (٥) و بەدواوە هاوشانی دروست کردن هەموو ئیشێکی تعمیرات کە خرابێتە بەرنامەیەوە جێبەجێی کردووە. هەروەها لەکاری دروست کردندا تا فەیسی (٦) کەل و پەلی ئیدارەی خوێندنگای دابین نەدەکرد بەڵام لەو فەیسەو بەدواوە کەلوپەلی ئیدارەشی خستۆتە بەرنامەی خۆیەوە.

ئەتوانین بڵێین هەتا فەیسی (٥) هەمووی جێبەجێ کراوە و فەیسی (٦ و ٧ و ٨) بەشێکی زۆری جێبەجێ کراوە و کەمێکیشی لەژێر جێبەجێکردندایە.

بەڵام فەیسی (٩ و ١٠) تەنها پلانی بۆ دانراوە و هێشتا ڕەزامەندی بۆ وەرنەگیراوە ، بەم شێوەیەی خوارەوە:(*)

- خشتەی ژمارە (١ / أ)
- ڕێکخراوی هابیتات
- ژمارەی ئەو پرۆژانەی تا ئێستا جێبەجێکراون و بە ڕێژەی ١٠٠٪ تەواوکراون بە پێی فەیسەکان:

| ز | فەیس | سلێمانی | | کەرکوک | | هەولێر ( کۆیە ) | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە |
| ١ | یەك | ٢٠ | - | ١١ | - | - | - | ٣١ | - |
| ٢ | دوو | ١٦ | ١ | ١٤ | - | ٣ | - | ٣٣ | ١ |
| ٣ | سێ | ٢٨ | - | ١ | - | - | - | ٢٩ | - |
| ٤ | چوار | ٢٧ | - | ٦ | - | - | - | ٣٣ | - |
| ٥ | پێنج | ١٤ | ١٨ | ٥ | ٢ | - | - | ١٩ | ٢٠ |
| ٦ | شەش | ١٥ | ١٩ | ٤ | ٦ | ٦ | - | ٢٥ | ٢٥ |
| ٧ | حەوت | - | - | - | - | ١ | - | ١ | - |
| ٨ | هەشت | - | - | - | - | ٢ | - | ٢ | - |
| کۆی گشتی | | ١٢٠ | ٣٨ | ٤١ | ٨ | ١٢ | | ١٧٣ | ٤٦ |

(*) سەبارەت بەم خشتانە زانیاری پێویست بە ناو و جۆر و شوێن و پارەی تەرخانکراو و ناوی کۆمپانیای بەڵێندەر و ڕۆژی دەست بەکاربوون و ڕۆژی کۆتای و بەرواری وەرگرتنی پرۆژەکە لیستی ووردەکاریمان هەیە هەر بەڕێزێک مەبەستی بێت ئەتوانێ زانیاری تەواو وەربگرێت لەلامان.

- خشتەی ژمارە (١ / ب)
- ڕێکخراوی هابیتات
- ژمارەی ئەو پرۆژانەی تا ئێستا جێبەجێ کراون و بەڕێژەی ١٠٠٪ تەواوکراون بە پێی جۆرەکانیان:

| ز | جۆری پرۆژە | سلێمانی | کەرکوک | هەولێر (کۆیە) | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروست کردنی خوێندنگای ( ٤ ) پۆلی + خانووی مامۆستا | ٦٥ | ١٧ | ٥ | ٨٧ |
| ٢ | دروست کردنی خوێندنگای ( ٦ ) پۆلی + خانووی مامۆستا | ١٧ | ٦ | ٥ | ٢٨ |
| ٣ | دروست کردنی خوێندنگای ( ٩ ) پۆلی + خانووی مامۆستا | - | ١ | - | ١ |
| ٤ | دروست کردنی خوێندنگای ( ١٢ ) پۆلی | ٢٦ | ٩ | ٢ | ٣٧ |
| ٥ | دروست کردنی خوێندنگای ( ١٢ ) پۆلی نمونەیی | ٢ | - | - | ٢ |
| ٦ | دروست کردنی باخچەی ساوایان | ٣ | ١ | - | ٤ |
| ٧ | دروست کردنی بەشی ناوخۆیی خوێندکاران | ٢ | ٤ | - | ٦ |
| ٨ | دروست کردنی هۆڵی خوێندنگا | ٤ | ٢ | - | ٦ |
| ٩ | دروست کردنی بینای جۆراوجۆری پەروەردەیی | ١ | ١ | - | ٣ |
| ١٠ | چاککردنەوەی خوێندنگای سەرەتای | ١٠ | ٣ | - | ١٣ |
| ١١ | چاککردنەوەی خوێندنگای ناوەندی و دواناوەندی | ٢٤ | ٥ | - | ٢٩ |
| ١٢ | چاککردنەوەی بینای جۆراوجۆری پەروەردە | ٤ | - | - | ٤ |
| | کۆی گشتی | ١٥٨ | ٤٩ | ١٢ | ٢١٩ |

- خشتەی ژمارە(٢ / أ)
- ڕێکخراوی هابیتات
- ژمارەی ئەو پرۆژانەی لەژێر تەواوبوون دان بە پێی فەیسەکان:

| ز | فەیس | سلێمانی | | کەرکوک | | هەولێر ( کۆیە ) | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە |
| ١ | شەش | ٩ | - | ١ | - | ١ | - | ١١ | - |
| ٢ | حەوت | ٥ | ٣٧ | ١ | ١٢ | ١ | - | ٧ | ٤٩ |
| ٣ | هەشت | - | ٢ | - | - | ٥ | - | ٥ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ١٤ | ٣٩ | ٢ | ١٢ | ٧ | - | ٢٣ | ٥١ |

- **خشتەی ژمارە ( ٢ / ب ) ...... ( ڕێکخراوی هابیتات )**
- **ژمارەی ئەو پرۆژانەی لەژێر ئەنجامداندان بە پێی جۆرەکانیان :**

| ز | جۆری پرۆژە | سلێمانی | کەرکوک | هەولێر(کۆیە) | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروست کردنی خوێندنگای ( ٤ ) پۆلی + خانووی مامۆستا | ٨ | - | - | ٨ |
| ٢ | دروست کردنی خوێندنگای ( ٦ ) پۆلی + خانووی مامۆستا | ٢ | - | ٢ | ٤ |
| ٣ | دروست کردنی خوێندنگای ( ١٢ ) پۆلی | ٣ | ١ | ٢ | ٦ |
| ٤ | دروست کردنی بەشی ناوخۆیی خوێندکاران | - | ١ | ٢ | ٣ |
| ٥ | دروست کردنی بینای جۆراوجۆری پەروەردەیی | ١ | - | ١ | ٢ |
| ٦ | چاککردنەوەی خوێندنگای سەرەتای | ٣٠ | ١١ | - | ٣١ |
| ٧ | چاککردنەوەی خوێندنگای ناوەندی و دواناوەندی | ١٨ | ١ | - | ١٩ |
| ٨ | چاککردنەوەی بینای جۆراوجۆری پەروەردە | ١ | - | - | ١ |
| | کۆی گشتی | ٥٣ | ١٤ | ٧ | ٧٤ |

- **خشتەی ( ٣ / أ ) ...... ( ڕێکخراوی هابیتات )**
- **ژمارەی ئەو پرۆژانەی لەژێر پلان دان :**

| ز | فەیس | سلێمانی | | کەرکوک | | هەولێر ( کۆیە ) | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە |
| ١ | شەش | ٤٤ | ١ | ١٥ | - | - | - | ٥٩ | ١ |
| ٢ | حەوت | ٧٩ | ١٠ | ٣٤ | ٥ | - | - | ١١٣ | ١٥ |
| ٣ | هەشت | ٦٣ | ٤٧ | ٢٢ | ١٥ | - | - | ٨٥ | ٦٢ |
| | کۆی گشتی | ١٨٦ | ٥٨ | ٧١ | ٢٠ | - | - | ٢٥٧ | ٧٨ |

- **خشتەی ژمارە ( ٣ / ب ) ...... ( ڕێکخراوی هابیتات )**
- **ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە لەژێر پلاندان بە پێی جۆرەکانیان :**

| ز | جۆری پرۆژە | سلێمانی | کەرکوک | هەولێر (کۆیە) | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروست کردنی خوێندنگای ( ٤ ) پۆلی + خانووی مامۆستا | ٧٥ | ٣٢ | - | ١٠٧ |
| ٢ | دروست کردنی خوێندنگای ( ٦ ) پۆلی + خانووی مامۆستا | ٣٢ | ٩ | - | ٤١ |
| ٣ | دروست کردنی خوێندنگای ( ١٢ ) پۆلی | ٣٣ | ٧ | - | ٤٠ |
| ٤ | دروست کردنی خوێندنگای ( ١٨ ) پۆلی | ١ | - | - | ١ |
| ٥ | دروست کردنی خانوو بۆ مامۆستا | ٩ | ٤ | - | ١٣ |
| ٦ | دروست کردنی باخچەی ساوایان | ١٣ | ٦ | - | ١٩ |
| ٧ | دروست کردنی بەشی ناوخۆیی خوێندکاران | ٤ | ١ | - | ٥ |
| ٨ | دروست کردنی هۆڵی خوێندنگا | ١ | - | - | ١ |
| ٩ | دروست کردنی بینای جۆراوجۆری پەروەردەیی | ١٨ | ١٢ | - | ٣٠ |
| ١٠ | چاککردنەوەی خوێندنگای سەرەتای | ٣٩ | ١٤ | - | ٥٣ |
| ١١ | چاککردنەوەی خوێندنگای ناوەندی و دواناوەندی | ١٥ | ٦ | - | ٢١ |
| ١٢ | چاککردنەوەی بینای جۆراوجۆری پەروەردە | ٤ | - | - | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٤٤ | ٩١ | - | ٣٣٥ |

## ٢. رێکخراوی یونسکۆ:-

تایبەتە بە قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی و پیشەیی و پەیمانگەکان.

ئەم ڕێکخراوە هەڵساوە بە دابین کردنی زۆربەی پێداویستییەکانی خوێندن بۆ ئەم قۆناغانە وەك: قرطاسیة ، کەل و پەلی ئیدارە ، رەحلە تەختەرەش ، کردنەوەی خول ، کەل و پەلی چاپ ، کەل و پەلی تاقیگە ، کتێب بۆ پەرتوکخانەکان ، ئامێری کۆمپیوتەر ، ئامێری فۆتۆکۆپی ، ئامێری چاپ ، ئۆتۆمۆبیل ، مولیدەی کارەبا ، مبردە ، ئێرکۆندیشن ، کەلوپەلە وەرزشی ، کەلوپەلی هونەری ، کەلوپەلی مۆسیقی ، کەلوپەلی خوێندنگە پیشەییەکان. هەروەها تا فەیسی (٣) ژمارەیەك خوێندنگەی (٦) پۆلی و (١٢) پۆلی نموونەیی دروست کردووە و ژمارەیەکی زۆرتری خوێندنگەشی چاکردۆتەوە وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- خشتەی ژمارە (٤)
- ڕێکخراوی یونسکۆ
- ژمارەی پرۆژەکانی بیناسازی کە تا ئێستا جێبەجێ کراون بە ڕێژەی ١٠٠٪ :

| ز | فەیس | سلێمانی | | کەرکوك | | هەولێر ( کۆیە ) | | کــــۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دروست کردن | چاکردنەوە | دروست کردن | چاکردنەوە | دروست کردن | چاکردنەوە | دروست کردن | چاکردنەوە |
| ١ | یەك | - | ٢٤ | - | ١٢ | - | ٢ | - | ٣٨ |
| ٢ | دوو | ٤ | ٢ | ١ | ٣ | - | ٣ | ٥ | ٩ |
| ٣ | سێ | ٢ | ٦ | ١ | - | - | ٤ | ٣ | ١٠ |
| ٤ | چوار | - | - | - | - | - | ١ | - | ١ |
| کۆی گشتی | | ٦ | ٣٣ | ٢ | ١٥ | - | ١٠ | ٨ | ٥٨ |

- خشتەی ژمارە (٥)
- ڕێکخراوی یونسکۆ
- خولی ڕاهێنان / قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی

| ز. | پارێزگا | ژمارەی خول | ژمارەی بەشدار بووان |
|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ٧ | ١٢٣٦ |
| ٢ | کەرکوك | ١١ | ٧١٣ |
| ٣ | هەولێر (کۆیە) | ١٠ | ٢٤٦ |
| | کۆی گشتی | ٢٨ | ٢١٩٥ |

## ٢. ڕێکخراوی یونسیف:-

سروشتی ئەم ڕێکخراوە تایبەتە بە منالْ ، هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایان و سەرەتایی تا نەوجەوانان. ئەم ڕێکخراوە هەڵساوە بەدابین کردنی زۆربەی پێداویستییەکانی باخچەکانی ساوایان و قوتابخانە سەرەتاییەکان وەك: (قرتاسیە ، کەل و پەلی قوتابخانە ، مێز ، کورسی ، دۆلاب ، کومبار ، صۆپا ، ڕەحلە ، صبورە ... هتد).

هەروەها دابین کردنی زۆربەی کەل و پەل و ئامێر و پێداویستی وەك کۆمپیوتەر ، ڕۆنێو ، فۆتۆکۆپی ، ئامێری چاپ ، چاپخانەی گەورە ، موەلیدەی کارەبا ، ئۆتۆمۆبیل ، پاص ، وە هەروەها چاککردنەوەی ژمارەیەکی زۆری بینای باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتایی و دامودەزگای پەروەردەیی وەك لەم خشتانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- خشتەی ( ٦ )
- ڕێکخراوی یونسیف
- ژمارەی ئەو پرۆژانەی تا ئێستا جێبەجێ کراون و بە ڕێژەی ١٠٠٪ لە بواری بینا سازیدا

| ز | فەیس | سلێمانی | | کەرکوك | | هەولێر ( کۆیە ) | | کــۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە |
| ١ | یەك | - | ١٧ | - | - | - | ٥ | - | ٢٢ |
| ٢ | دوو | - | ٣٢ | - | - | - | - | - | ٣٢ |
| ٣ | سێ | - | ٣٧ | - | ١٨ | - | ١ | - | ٥٦ |
| ٤ | چوار | - | - | - | - | - | ٦ | - | ٦ |
| ٥ | شەش | - | ٢٥ | - | ١٠ | - | - | - | ٣٥ |
| ٦ | حەوت | - | ١٦ | - | ٣ | - | ٢ | - | ٢١ |
| ٧ | هەشت | - | - | - | - | ١ | - | ١ | - |
| کۆی گشتی | | - | ١٢٧ | - | ٣١ | ١ | ١٤ | ١ | ١٧٢ |

- خشتەی ( ٧ )
- ڕێکخراوی یونسیف
- ژمارەی ئەو پرۆژانەی تا ئێستا لەژێر ئەنجامدان دان لە بواری بینا سازیدا :

| ز | فەیس | سلێمانی | | کەرکوك | | هەولێر ( کۆیە ) | | کــۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە |
| ١ | حەوت | ٥ | - | ١ | ٢ | - | - | ٦ | ٢ |
| ٢ | هەشت | - | - | - | - | - | ١ | - | ١ |
| کۆی گشتی | | ٥ | - | ١ | ٢ | - | ١ | ٦ | ٣ |

- خشتەی ژمارە (٨)
- ڕێکخراوی یونسیف
- خولی ڕاهێنان / قۆناغی سەرەتایی:

| ز. | پارێزگا | ژمارەی خول | ژمارەی بەشدار بووان |
|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ٣٥ | ٤٨٦٦ |
| ٢ | کەرکوك | ١٠ | ٩٢٩ |
| ٣ | هەولێر(کۆیە) | ٤ | ١٢١ |
| | کۆی گشتی | ٤٩ | ٥٩١٦ |

- خشتەی ژمارە (٩)
- دروست کردنی ڕەحلە تا ئێستا:

| ز | ناوی ڕێکخراو | ساڵی ١٩٩٥ | ساڵی ١٩٩٨ | ساڵی ١٩٩٩ | ساڵی ٢٠٠٠ | ساڵی ٢٠٠١ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یونسکۆ | ٧٠٠ | ١٣٧٩٠ | ٥٦٩٠ | ٥٥٠٠ | - | ٢٥٦٨٠ |
| ٢ | یونیسیف | - | - | - | ١٢٥٣٥ | ٤٢٦٦٦ | ٥٥٢٠١ |
| ٣ | NGO | ١٥٦٠ | - | - | - | - | ١٥٦٠ |
| | کۆی گشتی | ٢٢٦٠ | ١٣٧٩٠ | ٥٦٩٠ | ١٨٠٣٥ | ٤٢٦٦٦ | ٨٢٤٤١ |

ئەمەو بێجگە لە هاوکاری کردنی بەردەوامی پەروەردە لە بواری چالاکی جۆراوجۆری وەك:

١) مسح تعلیمی.

٢) بەرنامەی التعلیم للجمیع.

٣) خولی جۆراوجۆر بۆ مامۆستا و کارمەندانی وەزارەت وەك: خولی ئیداری ، وانە ووتنەوە ، کۆمپیوتەر، ئامار ... هتد.

٤) چاپ کردنی مستلزماتی امتحانی و سجلاتی إحصاء و کتێبی مافەکانی منالٚ.

- **خشتەی ژمارە (١٠)**
- **لیستی ئۆتۆمبیل و ماتۆڕی هاتوو بۆ وەزارەت تاکو ئێستا:**

| ژ | ناوی ڕێکخراو | جۆری ئۆتۆمبیل و مۆدێل و ئۆتۆی دروستکەر | دیوانی وەزارەت | بۆ سلێمانی | بۆ کەرکوک | رانیە | بۆ هەولێر | ئۆتۆی تر | کۆی گشتی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یونسیف | پاصی نیسان مودیل ٢٠٠٠ ، ٢٢ مقعد | - | ٨ | ٤ | ٢ | - | - | ١٤ | |
| ٢ | یونسیف | لاندکروز (تویوتا هایلوکس) ، 4WD مودیل ٢٠٠٠ | - | ١ | - | ١ | - | ٢ | ٤ | |
| ٣ | یونسیف | پیکاب دبل کابینە/ تویوتا مودیل 1998 4WD | ٢ | ١ | ٢ | - | ١ | ١ | ٧ | |
| ٤ | یونسیف | داینا ٢,٥ طن / مودیل 1999 2WD | ٢ | ٢ | ١ | ١ | - | - | ٦ | |
| ٥ | یونسیف | لاندکروز نیسان بترول | - | - | - | - | - | ١ | ١ | |
| ٦ | یونسیف | لۆری ڤالڤو مودیل ٢٠٠٠ | ١ | ١ | - | - | - | - | ٢ | |
| ٧ | یونسیف | ماتۆڕ (سایکل) / جۆری یاماها مودیل ١٩٩٨ | ١ | ٦ | ٢ | ١ | ١ | - | ١١ | |
| ٨ | یونسکو | لاندکروز نیسان بترول 4WD مودیل ١٩٩٩ | 1 | - | - | - | - | ٢ | ٣ | |
| ٩ | یونسکو | پیکاب دبل کابینە/ نیسان مودیل 1998 4WD | ١ | ١ | - | - | ١ | - | ٢ | |
| ١٠ | یونسکو | پیکاب / مودیل 4WD 1998 | - | ١ | ١ | - | - | - | ٢ | |
| ١١ | یونسکو | لوری سکانیا مودیل ٢٠٠٠ | - | - | ١ | - | - | - | ١ | |
| ١٢ | یونسکو | پاس نیسان بترول مودیل ٢٠٠٠ ( ٢٦ مقعد ) | - | ١ | - | - | - | - | ١ | |
| | | کۆی گشتی | ٨ | ٢٢ | ١١ | ٥ | ٣ | ٦ | ٥٥ | |

## ڕێکخراوە خێرخوازە (NGO) کان:-

پێویستە ڕۆڵی خێرخوازی و مرۆڤ دۆستی ڕێکخراوە (NGO)کان بەشێوەیەکی کورت بخەینە بەرچاو لە بواری پەروەردەدا. بە تایبەت لەدوای ڕاپەڕین ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی خێرخواز ڕوویان کردە ئێرە وەك (SCF , KLA , KRA ، شێڵتەر ، فرانس لیبرتی ، کەنیسەی دانیمارکی ، ئیکۆ ، ئیکولیبەر ، شنەبای یابانی ، D.C هۆڵەندی ، ئۆفدا ، 4Rs , T.D.C. , NPA , KRO , I.C.M.C. ، سۆلیداریتی ، اوکسفام ، قەندیلی سویدی ، KSCی کوردستان ، اغاثەی ئیسلامی ، ریچ ، رابیتەی ئیسلامی کورد ، شبیبەی اسلامی کورد ... هتد).

کە هەموو ئەو شتانەی بۆیان ئەنجامداوین تۆمار کراوە و ڕەنگە کاتێکی زۆری بوێ بۆ خوێندنەوەی یەك بەیەکیان بەڵام ئەتوانین بەم خاڵانە چالاکیەکانیان کورت بکەینەوە:

١) دابین کردنی برێك کەل و پەلی خوێندنگە.

٢) ڕێنمایی تەندروستی و کوتان و چاویلکەی پزیشکی بۆ قوتابیان.

٣) دەست گرتنی قوتابییە هەژارەکان بە جلوبەرگ و خۆراك ... هتد.

٤) کردنەوەی خولی جۆراوجۆری وەك: ڕێنمایی مین ، کۆمپیوتەر ، ڕەسم ، موسیقا بۆ مامۆستایان و خولی هاوینە بۆ قوتابیان.

٥) دروست کردن و چاککردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگە وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

- **خشتەی ژمارە ( ١١ )**
- **ژمارەی ئەو پرۆژانەی تا ئێستا لەلایەن ڕێکخراوە NGO کان ئەنجام دراوە بۆ پەروەردە.**

| | سلێمانی | | کەرکوک | | هەولێر ( کۆیە ) | | کـــۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە | دروست کردن | چاککردنەوە |
| | ٢٠١ | ٢٧ | ١٣٦ | ٢١ | ٢٨ | ١٥ | ٣٦٥ | ٦٣ |
| کـــۆ | ٢٢٨ | | ١٥٧ | | ٤٣ | | ٤٢٨ | |

- **خشتەی ژمارە ( ١٢ )**
- **خولی ڕاهێنان / ( قۆناغی سەرەتایی ، ناوەندی و دواناوەندی یەکان )**
- **ڕێکخراوە ( NGO ) کان**

| ز | پارێزگا | ژمارەی خول | ژمارەی بەشدار بووان |
|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ٤٢ | ٣٧٦٩ |
| ٢ | کەرکوک | ٢٧ | ٢٦٠٧ |
| ٣ | هەولێر(کۆیە) | ٢٨ | ٧٥٠ |
| | کۆی گشتی | ٩٧ | ٧١٢٦ |

ئەم ڕێکخراوانە ئێستا ژمارەیەکی کەمیان ماوەتەوە لێرە بەتایبەتی دوای کارەساتی (٣١ ی ئاب) و هاتنەکایەوەی بەرنامەی نەوت بەرانبەر بە خۆراک زۆربەیان ڕۆشتن و نەهاتنەوە.

ئەمەو بێجگە لە چەند خێرخوازێکی گەلەکەمان و چەند کەسانێکی نیشتمان پەروەر و سەرکردە تا ئێستا چەند پرۆژەیەکیان بۆ ئەنجام داوین و ناوەکانیان بەرێز و سوپاسەوە لە وەزارەت تۆمار کراوە.

بەڕێزان ڕەنگە لای زۆربەی زۆرمان ئەو ژمارانە جێگەی طموح نەبن و هەبێ بڵێ تا ئێستا بەرانبەر ئەو کاولکارییەی کوردستان دوچاری هاتووە ڕێژەی ئاوەدانکردنەوە وەك پێویست نییە.

ڕاستە بەڵام وەزارەتی پەروەردە ناتوانێ زیاتر لەوەی بۆی تەرخان کراوە لەبەرنامەی هەر فەیسێك بەرنامەی زۆرتر و فراوانتر دابنێ ، چونکە بودجەکەمان سنووردارە و لە هەندێ فەیسی بەرنامەکانی/٩٨٦ سەرەڕای کەمی پارەی تەرخانکراو بۆ پەروەردە هێشتا بڕێکیش پارە تەرخانکراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ دڵنیبای تەواومان بۆ ڕەوایی داواکانیان کە لەڕێگەی پەروەردەوە پرۆپۆزەڵەکانیان پێشکەش بە ڕێکخراوەکان کراوە ، بەڵام کاری کردۆتە سەر بودجەکەمان.

# کێشـــەکان

ئەم ڕێکخراوە بەڕێزانـە (بەتایبـەتی ستافی ئێرەیـان) درێغییـان نـەکردووە لـە هاوکـاری لەگـەڵ وەزارەتی پەروەردە بەڵام هێشتا هەندێ کێشە و تەگەرە هەیـە کە بۆتـە هـۆی دواکـەوتن و بەئـەنجام نەگەیشتنی هەندێ پـرۆژە ، کەهـەندێ لـە هۆکارەکـان دەگەڕێتـەوە بـۆ سیسـتمی میکـانیزمی ئیـش و کارەکان و هەندێکی دیکەیان بۆ ئەم ئەڵقە زیادانەی ڕۆتـین و هەندێکیشیان دەگەڕێتـەوە بـۆ خۆمـان. بەکورتی ئەتوانین کێشەکان بەم خاڵانە چڕ بکەینەوە:

١. دەستکاری کردنی بودجەی تەرخانکراو بۆمان کە هەندێ جار سێ تا چوار جار بودجەکەمان گۆڕاوە بەپێی هەڵکشان و داکشانی پارەی نـەوت ناچـارکراوین بەرنامـەکانمان بگۆڕیـن و هـەندێ جـار هـەمان بودجە لە نێوان دەسەڵاتە ناوخۆییەکان و ڕێکخراوەکاندا گۆڕاون ، بۆ نموونە بەرنامـەی فەیسـی (١٠)ی پەروەدە لە وەزارەتی هاوکاری (٩) ملیۆن دۆلار دانراوە کە هابیتـات جێبـەجێی بکـات بـەڵام یونۆکـی ڕای گەیاندووە کە تەنها (١) ملیۆنە.

٢. نەبوونی (دەسەڵات و صلاحیەت)ی پێویست لەلایەن ڕێکخراوەکان کە بۆ بچووکترین کردار پێویستە هەولێر و بەغدا و نایرۆبی و پاریس و نیۆیۆرك ڕەزامەند بن.

٣. گرانی نرخ و خراپی جۆری هەندێ پێداویستی بەرانبەر بە بازاڕی ئێرە ، بـەڵام نـاتوانن لـێرە بیکـڕن چونکە پارەکەی کاش کۆمپۆنێنت نییە و ئەنتەرناشناڵە.

٤. یان ئەم کەل و پەلانەی کە دەیهێنن جۆری دەگمەنە و پارچەی یەدەگی لێرە نییە و زوو پەکی دەکەوێ.

٥) ڕۆتین و تەعقیداتی سیستمی کارەکە و گوێ نەدانە نرخی (کات) وای کردووە کە هـەندێ پـرۆژە لـە فەیسی (١)دا بڕیاری بۆ دراوە بـەڵام تـاکو ئێستا تـەواو نـەبووە وەك کارگـەی طباشیری بازیـان. یـان دواکـەوتنی پرۆژەکـان بـەهۆی دوبارەکردنـەوەی (تصمیـم و دیزایـن) لەلایـەن دەسـتـەی T.B.S.وە و سەرلەنوێ چێك کردنەوەی پرۆپۆزەڵەکان کە ئاشکرا دیارە ئەندازیاری کەم ئەزموون ئەنجامیان داوە و سەرەڕای ئەم دواکەوتنەش ناتەواوی بیناکە و درز و داتەپین و ڕەنگە لە دواڕۆژدا کارەساتی گەورەشی لێ بکەوێتەوە وەك خوێندنگەی ١٢ پۆلی ژاراوە، ١٢ پۆلی هەڵەبجەی تازە، ٦ پۆلی بۆسکێن، ٤ پۆلی قرخ ... هتد.

٦) جۆرە ناتەبابیەکی دیار لەنێوان ڕێکخراوەکـان ، بـۆ نموونـە تـا فەیسـی (٣) یونسـکۆ ئیشـی بینـا و تەعمیراتی دەکرد زۆر بەڕێکوپێکی ، بەڵام دوای ئەوە لێی سـەندرایەوە و درا بـە هابیتـات. هابیتـاتیش سەرەڕای ئیشەکانی خۆی کـە ئاوەدانکردنەوەیـە وەك خـانوو بـۆ ئـاوارە ، ڕێگاوبـان ، ئـاو و ئـاوەڕۆ و مجاری ، نەخۆشخانە ، پرد ، فێتینەری ، کلینك ، قەسابخانە ، حمام شعبی ، سوق عصری ، پـرۆژەی گـەیاندنی ئـاو بـۆ مزروعـات ، حـوض تغطیــس ی ئـاژەڵ ، مجمـع دوائـر ... هتـد. کەواتـە درەنـگ فریادەکەوێ. وە چەندەها جار ووتوویانە کە فریا ناکەوین.

ڕێکخراوی یونسێف داوامان لێ کردووە کەکاری بیناسازیمان بۆ ئەنجام بدات ، بەڵام وەڵامیان ئەوە بووە کە ستافەکەیان (ستافی هندسی) سنووردارە و ناتوانن لە ژمارەیەکی (زۆر محدود) زیاتر هیچ بکەن. کەچی ڕێکخراوی یونسکۆ ئامادەباشی دەربڕیوە بەڵام نایدەنێ ، هەرچەندە تا ئێستاش کاری بیناسازی بۆ خوێندنی باڵا دەکات.

٧) کێشەی زەوی: پرۆژەمان هەیە هەموو شتێکی تەواوە بەڵام زەوی نییە ، ناچار دەیدەینە شوێنێکی دیکە یاخود لەناو گۆڕەپانی خوێندنگەیەك ئەنجامی دەدەین کە ئەوەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی شوێنی یاری و چالاکی خوێندنگەکان. بەهەمان شێوە هەندێ گوند هەیە خەڵکەکەی ئامادە نییە زەوی ببەخشێت بۆ خوێندنگە.

٨) کێشەی مقاول: وەك (٤) قوتابخانەکەی (زێوەر ، ژین ، ئاشتی ، چوارتا) کە لەنێوان مقاول و هابیتاتدا کێشە دروست بووە و وا دوو ساڵە خوێندکارەکانمان زەرەرمەند بوون و هیچ ڕێگا نەما نەیگرینە بەر و چارەمان پێ نەکرا.

٩) کێشەی دابەشکردنی ئیشەکان: بۆ نموونە بۆ دروست کردنی بینای هەر دام و دەزگایەك کە هابیتات جێبەجێی دەکات بەڵام بۆ دابین کردنی کەل و پەل ڕێکخراوێکی دیکە جێبەجێی دەکات ئینجا ئەگەر بیناکە باخچەی ساوایان بێت یان قوتابخانەی سەرەتایی ئەوا ناچارین بیخەینە سەر بەرنامەی یونسێف وە ئەگەر بۆ ناوەندی و پیشەی یان قسم داخلی بێت ئەوا ئەدرێتەوە یونسکۆ و تا ئەنجام دەدرێ کاتێکی زۆری دەوێت.

١٠) کێشەی بینا داگیرکراوەکان لەلایەن خەڵك و ئاوارەکانەوە ، کە زۆر پێویستیمان بەم بینایانە هەیە و زۆربەیان خراونەتە بەرنامەی فەیسەکانەوە بۆ چاککردنەوە و چەندین جار پەیوەندیمان کردووە بەلایەنی بەرپرس بۆ چۆڵ کردنیان ، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

١١) نەبوونی ئامارێکی تەواو بۆ بینای خوێندنگەکان و سەرژمێری گوندەکان و کەموکوڕی لە لیستی داواکراوەکانی پەروەردەکان و جێگۆڕکێی پرۆژەکان وای کردووە پرۆژەکان وەك پێویست لەشوێنی لەشوێنی پێویست ئەنجام نەدرێ و مافی هەندێ گوند و شوێن بە تەواوی نەدرێ.

١٢) گوێ نەدانی ڕێکخراوەکان بەتایبەتی (NGO)کان بە شوینی دروستکردنی پرۆژەکان و ڕەزامەندی ناچاریمان لەسەریان هەرچەندە شوێنی پێویست تر هەیە لەو شویچنانەی کە تیایدا دروست کراوە وەك: کەوانەدۆڵ/شارباژێڕ ، دێلێژە/قەرەداخ ، قرخ/چم چماڵ.

١٣) ئامادەنەبوونی هیچ لایەنێك بە پیشاندانی لێپرسراوێتی بەرامبەر بە پرۆژەکان: وەك لیژنەی باڵا بە ئاشکرا لە نوسراوەکانیاندا دەڵێن لێپرسراوێتی دەگەڕێتەوە بۆ هابیتات چونکە خۆی (اشراف و تصمصم)ی کردووە. هەروەها T.B.S. کە تصمیمی کردووە بەڵام اشرافی نەکردووە. سەبارەت بە

ئەندازیارانی پەروەردەش (تصمیم و اشـرافیان) نـەکردووە ، کەواتـە ئـەوانیش بـەرپرس نـین ، نـازانین ئەگەر دوارۆژ (خوانەکردە) یەکێك لەو بینایانە دارما کێ بەرپرسیارە ! ! !

ئەمەو بێجگە لە چەندەها کێشەی بچووك کە رۆژانە یەکلای ئەکەینەوە وبەسەریاندا زاڵ ئەبین.

## پێشنیارەکان

بۆ بەرەو پێش بردنی پرۆسەی پەروەدە بەپێویستی دەزانین ئەم پێشنیارانە بخەینە روو:

١. پەلـەکردن لـە جێبـەجێکردنی پـرۆژەی کردنـەوەی (Common Roof) دەزگـای هاوبەشـی لـە نێـوان نوێنەری وەزارەتەکانو رێکخراوی هابیتات بۆ زیاتر بەرێوەچوونی پرۆژەکان بەرێك وپێکی.

٢. کورت کردنەوەی بازنە زیادەکان و نەهێشتنی رۆتین و چاککردنەوەی میکانیزمی بەرێوەچوونی ئیشـەکان و جەخت کردن لەسەر (کات) و دابین کردنی کەلوپەلی پێویست لەشوێن و کاتی پێویست دا.

٣. زیادکردنی دەسەڵاتی رێکخراوەکان و بریاردانی خێراو بەپەلە بۆ پرۆژە گرنگەکان و توانـای کرینـی هەندێ کەلوپەلی زۆر پێویست لە بازارەکانی ناوخۆ.

٤. هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ کەناڵـە تایبەتـەکانی پـەیوەندیدار لـە وەزارەت ، نـەك لەگـەڵ ئیـدارەی خوێندنگە و بەشەکان بەبێ ئاگاداری بەشی پەیوەندیدار.

٥. پاراستنی یەك پارچەیی ئیشەکان و دابەش نەکردنیان بەسەر چەند رێکخراوێکدا.

٦. بەئەنجام گەیاندنی بریاری کۆبوونەوەکان و بەدواداچوونی بەردەوامی جێبەجێکردنی پرۆژەکان.

٧. درێژکردنەوەی ماوەی صیانەی پرۆژەکانی دروست کردن بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵی تـەواو لـەجیاتی شەش مانگ کە ئێستا پەیرەو دەکرێت لەبەر گۆرانکـاری دیـاری ئـاو و هـەوای ناوچەکـە لەگـەرمای زۆرەوە بۆ سەرمای زۆر ، وا دەکات کەموکورییەکان لە وەرزە فێنکەکان دەرنەکەون ، وە تـەنها لـە هاوین و زستاندا دەردەکەون.

٨. کردنەوەی (یەکەی ئەندازیاری) لە دیوانی وەزارەت و دانانی ئەندازیاری شارەزاو خـاوەن ئـەزموون بۆ چێك کردنەوەی پرۆپۆزەڵەکان و کەشف کردن وبـەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکـانی پـەروەردە و پشت گرتنـی مـادی و مەعنـەوییان و دابـین کردنـی ئوتۆمبیـل و مووچـەو دەرماڵـەی گونجاو و شایستە تا ببێتە رێگر لە رۆشتنیان بۆ رێکخراوەکان.

ئەم خاڵانە مانای ئەوە نابەخشێ بە هیچ جۆرێك کـە رێکخراوەکـان کـەم تەرخـەم بـن یـان وەك پێویـت کاریان نەکردووە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، سوپاسی دڵسۆزی وکارامەیی و هاوکـاری تـەواویان دەکـەین بەڵام لێرە تەنها داوامان ئەوەیە بۆ بەرەوپێش بردنی ئیشەکان و بـۆ بـەرژەوەندی پرۆسـە پیرۆزەکـەی پەروەردە زیاتر و زۆرتر و باشتر بێت

ئیتر دەست لەناو دەست بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە کە مەبەستی هەموانە.

سوپاس بۆ هەموان ...



# وەرزش و هونەری



## یەکەم : چالاکی وەرزشـــــی

## ئێستای وەرزش و گرفتەکانی لە قوتابخانەو خوێندنگاکانی هەرێمدا

بوونی وەرزش بەندە بە بوونی ئادەمیزادەوە چونکە مرۆڤی ئەو سەردەمە هەمیشە پێویستی بە بازدان و راکردن و رم هاویشتن بووە لە پێناوی پاراستنی ژیانی لەو سەردەمەدا.

پاشان وەرزش و جۆرەکانی پەرەی سەندووە هەتاکو هۆکارێك بووە بۆ بنیات نانی دەسەلاتی ئیمبراتۆریەت وەکو ئیمبراتۆریەتی گریك و رۆمانیەکان هەروەها گریکەکان توانیان خولەکانی ئۆلۆمپیك ساز بکەن لە ناوچەی ئۆلۆمپیا لەو کاتەوە وەرزش و بزوتنەوەی وەرزش لە گەشەکردن و دانوساندا بووە هەتاکو چەرخی هەژدەیەم پیاوە مەزن و لاوازەکەی فەرەنسا ﴿ بیاردی کوبەرتان ﴾ لە سالی (١٩٨٦ ) بۆ یەکەم جار توانی خولەکانیئۆلۆمپیك بە شێوەی تازەو نوێ زیندوو بکاتەوە ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ گەشە کردن و بلاوبوونەوەی وەرزش لە هەموو جیهاندا بە تایبەتی لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا.

ئێستا وەرزش زیاتر لە نیوەی کۆمەلانی سەر ئەم ئەستێرەیەی جەنجال کردو پێشکەوتووترین ئامێری تەکنەلۆژیا لە خزمەتی ئەم بوارە گرنگەی ژیاندایە ، دەیان و سەدان کۆمپانیای جیهانی بالا دەستن بۆ پرۆپاگەندەی کالا وەرزشی‌یەکان ، هەروەها سەرچاوەی ئابووری زۆر لە ولاتانی جیهانە وەك بەرازیل کاردەکاتە سەر باری رامیاری ولاتان سەقامگیر کردنی دەسەلات جگە لەوەی هۆکارێکی پێویستە بۆ باری تەندروستی مرۆڤ کە دوری دەخاتەوە لە نەخۆشیەکانی سەردەم کە ئادەمیزاد بە دەستیەوە دەنالێنێ وەکو پالەپەستۆی خوێن ، دل و شەکرە ........ هتد دور لە بەکار هێنانی دەرمان و پێکهاتە کیمیاوی‌یەکان.

وەرزش ئەمرۆ پێداویستیەکی ژیانە بۆیە پێویستە لە کوردستانی ئازیزدا ئەم لایەنە سودبەخشە فەرامۆش نەکرێت بەلکو بە پێی توانا بایەخی پێبدرێت و هەموو بارێکی بۆ برەخسێ لە پێناوی خزمەت کردنی میللەتەکەمان بە تایبەتی لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا چونکە خوێندکاران بەردی بناغەی کۆمەلن لە هەموو بوارەکاندا بە گشتی و بواری وەرزش بە تایبەتی ، ئەمیش دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چونکە راستەوخۆ سەرپەرشتی چالاکیە وەرزشی‌یەکان دەکات لە هەموو قوتابخانەو خوێندنگاکانی کوران و کچاندا.

راستە هەندێ هۆکاری گەشە کردنی وەرزش لە دەرەوەی دەسەلاتە وەکو نەبوونی گیانێکی سەربەخۆی باری ئابووری و رامیاری ناوچەکە لەگەل ئەوەشدا دەبێ هەولی جدی بدرێت بۆ خزمەت کردنی جگەر گۆشەکانمان لە رێگای بزوتنەوەی وەرزشەوە بە تایبەتی لە قوتابخانەکاندا چونکە

دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆ بەدەست هێنانی نامەی ماجستێر لە سەر قوتابخانەکانی شاری سلێمانی کە بریتی‌یە لە (١٠) قوتابخانە لە کۆی (١٠٠) قوتابخانە لە سەر (٤٠١) قوتابی لە کۆی (٧٨٩٣) قوتابی بە رێژەی (٢ر٥٪) بە دەرکردنی معاملی پەیوەندی و نرخی (T) دەرکەوت کە نرخی (T) خشتە لە (T) دەرکراو گەورەترە ئەویش ئەوە دەردەخات کە ئاستی وەرزش و رامێنانی وەرزشی زۆر لاوازە ، بێگومان ئەوەش هۆکاری زۆرە بۆ بە بایەخ دان بە وەرزش لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا ئەرکێکی هەرە پیرۆزە چونکە سەرچاوەی ژیانن ، هەروەها گەشە کردنی وەرزش و بزوتنەوەی وەرزش لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا نیشانەی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیە چونکە تەواوکەری ئەو پرۆسەیەیە بۆیە پێویستە هاوچەرخانە مامەڵە لەگەڵ پەروەردەو بەشەکانی پەروەردە بکەین.

بواری وەرزش بێگومان وەکو هەموو بوارەکانی تر لە کۆسپ و تەگەرە بەدەر نی‌یە دەست نیشان کردنی ئەو گرفتانە هیوایە کە لەم کۆنگرەیەدا چارەسەر بکرێت :-

١- نەبوونی پرۆگرامێکی یەکگرتوو بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە تایبەتی لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی دوور لە شێوازی جیا جیا.

٢- یاریگاو گۆرەپان وەك سی وایە وەرزش هەناسەی پێ‌دەدات کە زۆر کەم لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا ئەگەر هەبێت چونکە لە ناوەراستی پۆلەکاندایە بێگومان کار دەکاتە سەر پرۆسەی خوێندن.

٣- نەبوونی مامۆستای وەرزش بە پێی پێویست لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا بە شێوەیەکی جێگیر بوون.

٤- کەمی کەرەستەی وەرزش لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا ئەمەش کار دەکاتە سەر رەوتی وانەی وەرزش.

٥- بوونی یەك وانەی وەرزش لە هەفتەیەکدا لە خشتەدا حەزو ئارەزووی قوتابی و خوێندکاران دانارێژێ و کار ناکاتە سەر گەشە کردنی وەرزش وەکو پێویست بە تایبەتی لەو قوتابخانانەدا کە دەوامی سییانی تێدایەو وانەی وەرزش لە پۆلی پێنج و شەشدا دەبێتە قوربانی.

٦- بەداخەوە هەندێ لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەو خوێندنگاکان هەتاکو بەرپرسان بە شێوەیەکی لاوەکی سەیری وەرزش دەکەن وا هەست دەکەن وەرزش شتێکی لاوەکی‌یەو مامۆستای وەرزش کار ئاسانی‌یە بۆ قوتابخانەو خوێندنگاکان بێ گوێدان بە پەیامی پیرۆزی وەرزش.

٧- کەم تەرخەمی هەندێ لە مامۆستایانی وەرزش لە خودی خۆیانەوەیە ئەویش زیاتر دەگەرێتەوە بۆ باری ئابوری و کەمی کەرەسەی وەرزش.

٨- نەبوونی زانیاری تازە لە سەر بواری وەرزش لە رووی داوەری و ڕاهێنانەوە کە بگونجێ لەگەڵ سەردەمدا.

٩- لابردنی نمرەی وانەی وەرزش بۆ سەر کۆی نمرەکانی قوتابی و خوێندکار ئەمەش خۆی لە خۆی دا بایەخ نەدانە بە وانەی وەرزش.

١٠- پێدانی وانەی وەرزش بەو کەسانەی کە دوورن لە بواری وەرزشەوە بە تایبەتی بەڕێوەبەرەکان لە شوێنە دوورەکان تەنها لە پێناوی پڕکردنەوەی خشتەی قوتابخانە یان خوێندنگا بۆ دەستکەوتی مادی.

لە دەر ئەنجامی ئەم زانیارییانە پێشنیاری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین لە پێناوی گەشە کردن و پەرەسەندنی بواری وەرزش:-

١- هەوڵدان بۆ دابین کردنی کەرەستەی وەرزشی لە ڕێگای ڕێکخراوە بیانیەکانەوە بە تایبەتی یۆنسکۆو یونسیف بە مەرجێ ئەو کەل و پەلانە بە ڕێگای لیژنەیەکی وەرزشییەوە دابین بکرێت بۆ ئەوەی چۆنیەتی یەکەی باش بێت.

٢- لە کاتی دروست کردنی یان چاککردنی قوتابخانەو خوێندنگاکاندا پێویستە یاریگاو گۆرەپان بە شێوەیەکی گونجاو بێت لە کاتی وتنەوەی وانەی وەرزش کار نەکاتە سەر پرۆسەی خوێندن لەگەڵ دروست کردنی هەموو پێداویستییەکانی نێو یاریگا وەکو گوڵ - بۆردی باسکەو بالە بە تایبەت لە شارو شارۆچکەکان وەکو ( ڕانیە - کەلار - کۆیە - دەربەندیخان - چەمچەماڵ ) بە تایبەتی یاریگای باسکەو تۆپی دەست چونکە ئەم دوو جۆرە یارییە لەو شوێنانە زۆر لاواز ترە.

٣- دابین کردنی مامۆستای وەرزش و جێگیر کردنیان لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا و سەرف کردنی پارەی هاتوچۆو داوەری لە کاتی ئەنجام دانی یارییەکانداو زیندو کردنەوەی (٤) وانەی دەرەوەی پۆل ( لاصفی).

٤- پەرەسەندنی چالاکی وەرزشی لە نێوان پەروەردەی پارێزگاکانی هەرێمدا بۆ زیاتر گەشەکردن و تێکەڵ بوونی گیانی برایەتی و تەبایی نێوان وەرزشکارانی کوردستان و خبرە وەرگرتن لە یەک تر.

٥- هەوڵ دان بۆ دابین کردنی ئەو زانیارییە تازانە کە دێنە سەر بواری وەرزش بە تایبەتی لە رووی دادوەری و ڕاهێنانەوە.

٦- پێکهێنانی لیژنەیەک لە پسپۆڕانی وەرزش لە پێناوی دانانی پرۆگرامی یەکگرتوو بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە تایبەتی بۆ ناوەندی و دواناوەندییەکان.

٧- وەرزش زیاتر کارێکی مەیدانیە پێویستی بە سەربەخۆییەکی تەواو هەیە بۆیە پێشنیاز دەکەین بە دروست کردنی بەڕێوەبەرێتی گشتی وەرزشی وەکو لە هەموو وڵاتێکدا هەیە بۆ سەرپەرشتی کردنی بزوتنەوەی وەرزشی لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمدا دوور لە تعقیدات و ڕۆتین.

٨- کردنەوەی خولی وەرزشی بەردەوام بە تایبەتی لە شارو شارۆچکەکانی هەرێم لە بەر لاوازی ئاستی زانیارییان.

٩- تەرخان کردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ هەموو بەڕێوەبەریەتیەکانی چالاکی وەرزشی بۆ هەڵسوڕاندنی ئەرکەکانیان لەگەڵ دانانی یەکەیەکی ژمێریاری بۆ سەرف کردنی ئەو بودجەیە.

١٠- لە بەر ئەوەی وولاتی ئێمە وولاتێکی شاخاوییە کەش و ئاوو هەوایەکی ساردە بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا کە کار دەکاتە سەر چالاکی وەرزش داواکارین هەوڵ بدرێت بە دروست کردنی هۆڵی سەرداخراو بۆ ئەنجام دانی خولە وەرزشیەکان بە تایبەت ئەو هۆڵەی کە بڕیارە لە سلێمانی بکرێت چونکە تەنها تەنفیزی ماوە و دروست کردنی بینای تایبەت بە چالاکی وەرزشی.

١١- پێکهێنانی لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزشی لە وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی پەروەردەیی بۆ دابەش کردنی ئەو مامۆستا وەرزشانە کە تازە دادەمەزرێن.

لە کۆتایی دا هیواداریـن ئەم کۆنگرەیە مایەی پەروەردەیەکی نوێ بێت لە کوردستانی ئازیزو خۆشەویستدا و هەموو پێکەوە هەوڵی سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە بدەین بە هەموو بەشەکانیەوە لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیمدا.

## دووەم : ﴿ چالاکی هونەریی ﴾

بزووتنەوەی هونەریی لە کوردستانا بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لە قوتابخانەکانەوە لە سەر دەستی چەند مامۆستایەکی بەڕێز دەستی پێ کرد ، لە بواری چالاکی هونەریدا قوتابخانەی زانستی ڕۆڵی پێشڕەوایەتی هەبووە ، هەر لە ساڵی ( ١٩٢٥ - ١٩٢٦ ) ی خوێندنەوە ساڵانە چالاکی شانۆییان پێشکەش کردووە ، لەو سەردەمانەدا مامۆستای پسپۆڕ لە بواری هونەریدا ئەگەر نەڵێین هەر نەبووە ، زۆر دەگمەن بووە ، یەکەم خولی فێربوونی مۆسیقا لە ساڵی ١٩٤٧ دا لە شاری سلێمانی کراوەتەوە.

لە ساڵی (١٩٥٤) دا بۆ یەکەم جار وانەی سروودو وێنە بە شێوەیەکی زانستی لە چەند قوتابخانەیەکی ناو شاردا وتراوەتەوە بە هەوڵ و کۆششی چەند مامۆستایەکی بەڕێز کە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا خوێندنیان تەواو کردبوو ، هەر دوای ئەو ساڵە چەندین پێشانگەی وێنە کراوەتەوەو جێی سەرنج و بایەخی خەڵکی بووە. بە دەیان تیپی سروود لە قوتابخانەکانی ئەو سەردەمەدا دامەزراوە.

لە ساڵی ( ١٩٦١ - ١٩٦٢ ) ی خوێندن تێبینیاری چالاکی هونەریی ( ملاحظية النشاط الفني ) بە پێی ڕێنماییەکی تایبەت دامەزراوە ، لەو فەرمانگەیەدا چەند مامۆستایەکی دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بوارەکانی مۆسیقا و شێوەکاری و شانۆدا دامەزراوە.

لە ساڵی (١٩٧٢) دا بە شێوەیەکی ڕەسمـــــــی بەڕێوەبەریەتیـــەك بە نـــــــاوی ﴿بەڕێوەبەرێتی چالاکی قوتابخانەکان﴾ دامەزرا کە چەند بەشێکی لە خۆ دەگرت وەك بەشی مۆسیق ، شێوەکاری ، شانۆ ، ڕووناکبیری و میلاکی تایبەتی بۆ هەموو بەشەکان بۆ دانرا.

ئەم بەڕێوەبەریەتیە بە گشتی سەرپەرشتی هەموو چالاکییەکی هونـەریی لـە هـەموو قۆناغـەکانی خوێندندا دەکات لە ڕێی دیدەنـی قوتابخانـەو خوێندنگاکـان و ڕێنمایی مامۆسـتایانی پـەروەردەیی و هونەری و سازدانی چالاکی هاوبەشی هونـەریی لـە هـەموو بوارەکاندا بـە مەبەسـتی ئاراسـتە کردنـی چالاکیە هونەریەکان بۆ خزمـەتی پرۆسـەی پـەروەردەیی و پـەرەپێدانی توانـای هونـەریی قوتابیـان و خوێندکاران بۆ دروست کردن و گەشە پێدانی کەسایەتی خوێندکار لە ڕێی پەروەردە کردنی هەست و فراوان کردنی ئاسۆی بیرکردنەوەو بایەخە هونەریەکانی و هاندانیان بۆ دۆزینەوەی بەها جوانـەکان لـە ژیاندا بە جۆرێك لەنگەرە دەروونیەکانیان پتەوتر بێ.

چالاکی هونەریی قوتابخانەو خوێندنگاکان ڕۆڵێکـی تایبەتمـەندو توانایـەکی بـێ هاوتـای هـەیـە بـۆ لەخۆگرتنی زۆربەی لایەنە مەعرفیەکان بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بـە خوێندنـەوە هەیـە ، جگـە لەوەی توانای ئەوەی هەیە هەسـتی جوانکاری و چێژی هونـەریی لای نـەوەی دوا ڕۆژ بووروژێنـێ و پەرەی پێ بدات.

چالاکی هونـەری بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە دوو ڕووی گرنگـەوە کاردانـەوەی دەبـێ ، لـە ڕووی دەروونیەوە چالاکی هونەریی پاڵنەرەکانی تاك تێر دەکات و هەوڵ دەدات ڕەوشتی کۆمەڵایەتی چاك جێی ڕەوشـتە دزێوەکـان بگرێتـەوە ، هـەروەها یارمـەتی تـاك دەدات ووزە زیادەکـانی خـۆی بـە ئاراستەیەکی پڕ سوودا خەرج کات.

پـەروەردەیی هونـەریی لـە قۆناغـە جیاوازەکـانی خوێندنـدا هـەل بـۆ قوتابیـان و خوێندکـاران دەڕەخسێنێ گوزارشت لە زۆر بابەت بکەن کە ڕەنگدانەوەی ژیان و دەورو بەریانە دوور لە خەفە کردن و ترس و پاڵە پەستۆی دەروونی ، هـەر لـە بـەر ئەوانـە یـەکێ لـە فرمانـەکانی هونـەر لـە قوتابخانـەدا ڕەخساندنی هەلە بۆ خوێندکاران تا بایەکی باڵی خۆیان بدەن و حەزە خەفەکراوەکانیان دەربڕن.

جا لـە هەسـت کردنـی تـەواو بـە گرنگـی ئـەو ڕۆڵـەی هونـەر لـە ڕووی ڕوناکبـیری و هونـەریی و کومەڵایەتیەوە دەیگێڕێ بە تایبەتی کە ڕاستەو خۆ گوشاری خۆی ئاراستەی هەست و نەست و هۆشی نەوەی نوێ دەکات ئەبێ بایەخێکی زۆر بەم لایەنە بدرێت.

## ﴿ گرنگترین کێشە کە ڕێ لە پێشکەوتنی چالاکی هونەریی دەگـــرێ ﴾

١- کەمی مامۆستای پسپۆڕ :

أ – زۆربەی هەرە زۆری خوێندنگاکان مامۆستای پسپۆڕی هونەریان نیە ، ناچار بە مامۆستای سەرەتایی ئەو میلاکانە پڕ دەکەینەوە ، ئەمەش کار دەکاتە سەر میلاکی وانەکانی پەروەردەی هونەریی لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا.

| | | |
|---|---|---|
| لە ٧٩ خوێندنگە | ١١ | میلاك |
| | ١٠ | مداوم |
| | ٢١ | |

واتە (٥٨) مامۆستامان پێویستە.

ب- **قۆناغی سەرەتایی** : ١٩ قوتابخانەی ناوشار مامۆستای هونەرمان نییە.

١٤ قوتابخانەی تری ناوشار پێویستیان بە مامۆستایەکی تر هەیە.

جـ- **مامۆستای مۆسیقا** : لە ساڵی (١٩٧٢) ەوە کە بەڕێوەبەرێتی چالاکی هونەری دامەزرا (٣٢) مامۆستای مۆسیقای هەبووە ، لە ساڵی (٢٠٠١) دا لەگەڵ بوونی پەیمانگای هونەرە جوانەکاندا (٢٢) مامۆستای مۆسیقا هەیە لە هەموو پارێزگادا.

٢- **کەمی کەرەسەو پێداویستی وانەکانی پەروەردەیی هونەریی :**

**بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە :**

أ- دابینکردنی ئەو کەرەسەو پێداویستیانە لە ڕێی هەردوو ڕێکخراوی یونسیف و یۆنسکۆوە.

ب- دابینکردنی بودجەی تایبەت بۆ هونەر بۆ گشت قوتابخانەو خوێندنگاکان.

جـ-جێبەجێ کردنی ڕێنمایی تەرخانکردنی ڕێژەی ١٥٪ لە قازانجی فرۆشگەی قوتابخانە بۆ چالاکـــی هونەریی و وەرزشی.

د – دانانی ڕێژەیەك لە قازانجی فرۆشگەی قوتابخانەکان ( بەشی پەروەردە ) بۆ چالاکیە هونەریـــە هاوبەشەکان بە مەرجێ ٥٪ کەمتر نەبێ.

٣- کەم کردنەوەی وانەکانی پەروەردەی هونەریی لە دەوامی سیانیدا زیان بە چالاکی هونەریی دەگەیەنێت.

٤- کەمی مۆڵ بۆ چالاکی هونەریی.

## پێشنیازو ڕاسپـــــاردە

لە ئەنجامی ئەو زانیاریانە بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ لیژنەی تایبـەت بـە وەرزش و هونـەر پێشـنیازی ئـەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین ، لە پێناوی گەشە کردن و پـەرە پێدانـی بـواری وەرزش ، هیواداریـن لـەم کۆنگرەیەدا چارەسەری گونجاوی بۆ دابنرێت.

١-هەوڵدان بۆ دابـین کردنـی کەرەسـەی وەرزشـی لـە ڕێگـای ڕێکخـراوە بیانیەکانـەوە ، بـە تایبـەتی یونسێف و یونسکۆ ، بە مەرجێك ئەو کەرەستانە بە هۆی لیژنەیـەکی وەرزشـی‌یەوە سەرپەرشـتی بکرێت ، بۆ ئەوەی چۆنییەتیەکەی باشبێت.

٢- لـەکاتی دروسـتکردنی ، یـان چـاککردنی قوتابخانــەو خوێندنگاکـاندا ، پێویسـتە یاریگـاو گۆڕەپانەکان بە شێوەیەکی گونجاو بێت ، لە کاتی ووتنـەوەی وانـەی وەرزشـدا کـار ئەکاتـە سـەر پرۆسەی خوێندن ، لەگەڵ دروسـت کردنـی هـەموو پێداویسـتی‌یەکی نـاو یاریگـا ، وەکـو ( گـۆڵ ، بۆردی باسکە ، ئەستونی بالە ) بە تایبەتی لە شارو شارۆچکەکاندا.

٣- دابینکردنـی مامۆسـتای وەرزش و جێگـیر کردنیـان لـە قوتابخانـەو خوێندنگاکـاندا و لابردنـــی بڕیاری (١٠٣٤) بۆ مامۆستایانی وەرزش.

٤- سـەرف کردنـی پـارەی هـاتو چۆو داوەری بـۆ مامۆسـتایانی وەرزش لـە کـاتی ئـەنجام دانـــی یاریەکاندا و زیندووکردنەوەی (٤) وانەی دەرەوەی پۆل ( لاصفی ).

٥- پێشنیازی ئەوە دەکەین کە حصـەی وانـەی وەرزش بکرێتـە (١٨) وانـە ، لـە دوای ئـەو (١٨) حصەیەوە بە محازەرە بۆی دابنرێت ، بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن هـەروەکو حکومـەتی عـێراق ئێستا ئەم سیستەمە پەیرەو دەکات.

٦- ناردنی کادرە وەرزشیەکان بۆ دەرەوەی هەرێم ، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری نوێ لە سەر یاساو ڕاهێنان و گۆڕانکارییە وەرزشییەکان ، یان لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە.

٧- پەرە پێدانی چـالاکی وەرزش لـە نێـوان پـەروەردەی پارێزگاکـانی هـەرێمداو هـەنگاو نـان بـۆ دروستکردنی پەیوەندی وەرزشی لە نێوان هەردوو دەسـەڵاتەکەی هـەرێمدا ، لـە پێنـاوی تێکـەڵ بوونی گیانی برایەتی و تەبایی لە نێوان وەرزشکارانی کوردستان و خیبرە وەرگرتن لە یەکتری.

٨- پێکهێنانی لیژنەیەك لە پسپۆڕانی وەرزش لە پێنـاوی دانـانی پرۆگرامـی یـەکگرتوو بـۆ هـەموو قۆناغەکانی خوێندن.

٩- وەرزش زیاتر کارێکی مەیدانی‌یە ، پێویستی بە سەربەخۆیی‌یەکی تایبەت هەیە ، لە بەر ئەوە پێشنیاز دەکەین بە دروست کردنی بەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزشی ، وەکو لە هەموو وڵاتێکدا هەیە بۆ سەرپەرشتی کردنی چالاکی وەرزش لە هەرێمی کوردستاندا.

١٠- کردنەوەی خولی وەرزشی بەردەوام ، بە تایبەت لە شارو شارۆچکەکان.

١١- تەرخان کردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ هەموو بەڕێوەبەرێتیەکانی چالاکی وەرزشی ، بۆ هەڵسوڕاندنی ئەرکەکانیان ، لەگەڵ دانانی یەکەیەکی ژمێریاری بۆ سەرفکردنی ئەو بودجەیە.

١٢- لە بەر ئەوەی کوردستان وڵاتێکی شاخاوییە ، کەش و ئاوو هەوایەکی ساردی هەیە بە تایبەت لە وەرزی زستان دا کە کار دەکاتە سەر چالاکی وەرزشی ، داواکارین هەوڵبدرێت بە دروست کردنی هۆڵی داخراو ، بۆ ئەنجام دانی چالاکییە وەرزشیەکان بە تایبەت ئەو هۆڵەی کە بڕیارە لە سلێمانی دروستبکرێت کە تەنها جێبەجێکردنی ماوە ( تنفیذ ) هەروەها دروست کردنی بینای تایبەت بە بەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزش و دیدەوانی.

١٣- دانان و گواستنەوەو دامەزراندنی مامۆستایانی وەرزشی بدرێتە بەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزش و دیدەوانی بە هاوکاری سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی پەروەردە.

١٤- گرنگی دان بە دیدەوانی و زیندوکردنەوەی بە شێوەیەکی سەردەمانەو دیاری کردنی بودجەی تایبەت بۆ پێداویستی دیدەوانی و کردنەوەی چادرگەکان.

١٥- دابین کردنی هۆی هاتووچۆ بۆ بەڕێوەبەرێتی چالاکی‌یە وەرزشی‌یەکان.

١٦- دابین کردنی مامۆستای پسپۆڕی شارەزا بۆ پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان بە تەنسیق کردن لەگەڵ زانکۆی سلێمانی بۆ دابین کردنی مامۆستای پسپۆڕی وەرزش بۆ وانە بێژی.

١٧- پێک هێنانی لیژنەیەک لە بەڕێوەبەری پەیمانگاو بەڕێوەبەری چالاکی وەرزش و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی پەروەردەیی وەرزش بۆ وەرگرتنی خوێندکاران لە بەشی وەرزش لە پەیمانگاکاندا.

١٨- بوونی یەک وانەی وەرزش لە هەفتەیەک دا حەزو ئارەزووی خوێندکار و قوتابی دانامرکێنێتەوەو کار ناکاتە سەر گەشە کردنی وەرزش وەکو پێویست بە تایبەتی لەو قوتابخانانەی کەسێ دەوامی تیادایەلەم کاتانەدا وانەی وەرزش لە پۆلی (٥) و (٦) دەبێتە قوربانی ، داواکارین لەو قوتابخانانەی کەسێ دەوامی تێدایە کەم کردنەوەی وانەکان لە سەر حسابی وانەی وەرزش نەبێ.

# چەند بابەتێکی پەروەردەیی

١- نەهێشتنی نەخوێندەواری

٢- خوێندنی تەوزیمی

٣- نەوجەوانان

٤- پەروەردەی تایبەت

٥- کتێبخانەی قوتابخانەکان

٦- چاپخانە

٧- باخچەی قوتابخانەکان

٨- تاقیگەکان

٩- کارگەی دارتاشی

١٠- فرۆشگای خوێندنگاکان و خولەکانی بەهێزکردن

١١- رابەرایەتی پەروەردەی

١٢- کارگێری و دارایی

١٢- ژمێرەرو تەکنالوجیا پەروەردەیی یەکان

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

## پیشەکی :

زانست و زانیاری و پەروەردە و فیرکردن بەردی بناخەی ئالّ و گورە گرنگ و بنەرەتیەکانی دنیاو . داینە موی پیش کەوتنە رەهاو سەرتاسەریەکەی سەردەمن ، هەر بویە و بو ئەوەی گەلی کوردیشمان لە تەك کاروانی زانیاری و قافلەی فیرکردندا بەرەو ئاسو گەشەکانی پیش کەوتن و شارستانیەت هەنگاو بنێ ، حکومەتی هەریمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە بیری بەستنی کونگرەی سییەمی پەسند کرد ، تاکو ببیتە وەرچەخانیکی میژوویی بەهیزو، هیزو تەوژم و تەکان بە تیکرای رەهەند و بوارە وەستاوەکانی پەروەردە ببەخشی و بیانکیشی بەرەو ئاسوی سەرکەشی گەشە سەندن و کالای نویخوازیو هاوچەرخیان بەبالابریّ ، بە لەبەر چاوگرتنی بیرو باوەرو خوورەوشت و نەریتە رەسنەکانی نەتەوەکەمان .

ئیمەش ( لیژنەی چەند بابەتیکی پەروەردەیی) ئەرکی کوکردنەوەی زانیاریمان لە سەر ئەو بابەتە پەروەردەیی یانە پێ سپیردرا ، هیواداریـن شتیکمان خستبیتە سەر شاروی پیروزی پەروەردە .

بابەتی یەکەم : -  (( نەهێشتنی نەخوێندەواری ))

## گرنگی نەهێشتنی نەخوێندەواری

نەخوێندەواری یەکێکە لە هەرە دوشمنە سەرسەختەکانی پێش کەوتنی مرۆڤ هەژاری و برسێتی و نەخۆشی و دەیان دەردی کوشندەی کۆمەڵایەتی تر لە نەخوێندەواریەوە سەرچاوە دەگرن ، بۆیە گەر بمانەوێ گەلەکەمان لە دەردی داماوی و مەینەتی ڕزگار بکەین و کومەڵگایەکی مەدەنی و پتەوو پێش کەوتوو دابمەزرێنین پێویستە پێش هەموو شتێك گرنگی بە بەرپاکردنی هەڵمەتێکی نەهێشتنی نەخوێندەواری بدەین و هەموو پێداویستی و پرانسیپەکانی سەردەمی بۆ پیادە بکەین بە سوود وەرگرتن لە تێکڕای توانا ناوخۆیی و دەرەکیەکان .

### (( ئاورێك لە مێژووی هەوڵەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ))

هەوڵەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە عێراقدا دەگەێنەوە بۆ ساڵی ((١٩٦٨))ی زاینی کەوا دانرا لە ماوەی ((١٥)) ساڵ دا بتوانرێ بە سەر ئەم نەخۆشیە کوشندەیەدا زاڵ بن ئەوە بوو لە ماددەی ((٢٧))ی دەستوری کاتی کۆماری عێراق دا ساڵی ((١٩٧٠)) دیاری کرا ، پاشان یاسای ژمارە ((١٥٣))ی ساڵی ((١٩٧١)) دەرچوو ، کەتیایدا بڕیاری هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری درا، بەڵام ئەم هەڵمەتە نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکێ و خواستەکانی بێنێتەدی بە بەراوردبەو نەخشەو پلان و برەو بایەخ و توانا مادی و مەعنەویانەی بۆی تەرخان کرابوو .

لە کوردستان و لەم بەشەی خۆماندا بەشێوەیەکی گشتی دوای قوتابخانە ئاینیەکان لە ساڵی (١٨٦٠) زاینی و لەسەر داوای (( کاك احمدی شێخ )) مامۆستای مەزن ((خواجا ئەفەندی )) قوتابخانەیەکی چوار پۆلی کردەوە ، وە یەکەم کەسیش بوو کچەکەی خۆی خستە بەر خوێندن تاکو خەڵکی چاو لەو بکەن .

لەسەرەتاکانی ساڵی ((١٩٢٢)) شدا (( مەلا کاکە حمەی حاجی سیف الله )) بەو پەڕی جوامێری و دڵسۆزیەوە پلەی (( مفتی )) شاری سلێمانی و ((دادوەری)) بەجێهێشت و ڕووی کردە دێهات و گوندەکانی کوردستان و چەند قوتابخانە و فێرگەی کردەوەو سەدان منداڵ و گەورەی لە نەخۆشی نەخوێندەواری ڕزگار کرد تا ساڵی ((١٩٦١)) گیانی بە خاکی پاکی سەیوان سپارد .

قوتابخانەی کەشتی نوح : ئەم قوتابخانەیەش لەماوەی چل ساڵ دا سەدان کەسی فێری خوێندەواری کرد کە لە لایەن مامۆستا ((نجم الدین مەلا )) وە دامەزرا بوو زۆر لە دەرچوانی

ئەم قوتابخانە توانیان قۆناغەکانی تری خوێندن ببڕن و ببنە پیاوانی دیارو خاوەن پلەو پایەی نەتەوەکەمان .

## (( نەهێشتنی نەخوێندەواری دوای ڕاپەڕین ))

دوای ڕاپەڕین بارو دۆخێکی تر هاتە ئاراوە ، حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا ، وێڕای بیرکردنەوە لە چارەسەر کردنی هەموو کێشەو گرفتە کوشندە کۆمەڵایەتیەکان ، بیریش لە کێشەی نەهێشتنی نەخوێندەواری کرایەوە ، بۆ چارەسەرکردنیشی وەزارەتی پەروەردە چەند هەنگاوێکی نا بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکان ، بەم شێوەی خوارەوە :-

١- دەرکردنی (( ڕێنمایی یاسایی نەهێشتنی نەخوێندەواری )) و تەرخان کردنی تێکڕای توانا ماددی و مەعنەوی و هونەریەکان بۆ چەسپاندنی

٢- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە دیوانی وەزارەت سەربە بەڕێوەبەریتی گشتی فێرکردنی گشتی بۆ چاودێری و سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پارێزگاکان و بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری .

٣- کردنەوەی بەشی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پەروەردەکان .

٤- کۆبوونەوەو هاوکاری کردن و هاندانی ڕێکخراوە پەیوەندی دارەکان بە مەبەستی یەکخستنی دیدو بۆچوونەکان و سەرخستنی پرۆسەکە .

٥- دانانی کۆمیتەیەکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و ، وەزارەتی خوێندنی باڵاو ، ڕێکخراوە پەیوەندی دارەکان ، بەمەبەستی دانانی پرۆگرامی زانیستیانە و گونجاو لەگەڵ بارودۆخی هەرێم و بەلەبەر چاوگرتنی پرانسیپە پێشکەوتووەکانی سەردەم لەم بوارەدا .

٦- پێستا لیژنەیەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەت و جێگریەتی بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی گشتی و چەند ئەندامێکی کارامەو شارەزا لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بە هاوکاری ڕێکخراوی (( چرا )) پێک هاتووە بۆ دانان و پیا چوونەوەو پوختەکردنی پرۆگرامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کە قۆناغەکانی یەکەم و دووەم لە تەواو بوونداپە .

٧- هەروەها وەزارەتی پەروەردە لە دەرەوەی شارەکانیش چەند بنکەیەکی نەهێشتنی نەخوێندەواری کردۆتەوە کە دوای دەوام دڵسۆزانە بە شێوەی خۆبەخش وانەی تێدا دەوترێتەوە .

٨- ڕێکخراوەکانیش بە چاودێری وەزارەت چالاکانە چەند بنکەیەکیان کردۆتەوە لە سەر ئەرکی خۆیان وەزارەتیش کتێب و قرطاسیە و پێداویستیان بۆ دابین دەکات .

بۆ زانیاری زیاتریش ژمارەی بنکەو بەشداربوان لەم خشتەی خوارەوەدا ڕوون دەکەینەوە

| ز | پارێزگا | ژمارەی بنکە | ژمارەی بەشداربوان |
|---|---|---|---|
| ٠١ | سلێمانی | ٥٨ | ٢٠٤١ |
| ٠٢ | کەرکوك | ٧٢ | ١٤٢٣ |
| ٠٣ | هەولێر | ١٠ | ١٦٤ |
| کۆی گشتی | | ١٤٠ | ٣٦٢٨ |

(( کۆسپ و تەگەرەکان ))

دیارە لە بارودۆخی پڕ کێشەو ئەندێشەی کوردستانی ئێمەدا ، هەموو پرۆسەکان کۆمەڵێك گرفت و تەگەرەیان لە بەردەم دایە بەڵام دڵسۆزی دڵسۆزان و کارامەیی و لێبرانی کارمەندان کارەکان ئاسان و لەمپەرەکان دەپەڕێنن ، پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواریش چەند کێشە و گرفتێکی لەبەردەم دا ، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانە :-

١- کەمی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری چونکە ئەو بنکانەی ئێستا ناتوانن ئەو هەموو ژمارە زۆرەی نەخوێندەواران بگرنە خۆ .

٢- هەوڵ بدرێت نەهێشتنی نەخوێندەواری بکرێ بە پرۆژەیەکی بەرچاوو زیندوو کاری جدی بۆ بکرێ و هیمەتی زیاتری بۆ بنرێ .

٣- تا ئێستا سەر ژمێرێکی وورد لەبەر دەست دانی یە بۆ دیاری کردنی ژمارەیەکی متمانە پێکراو بۆ نەخوێندەواران .

٤- نەبوونی بوودجەی تایبەت بۆ پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری .

٥- کەم و کورتی پرۆگرامەکان چونکە ئەم پرۆگرامانەی ئێستا بیانین و وەرگێراون بۆ کوردی.

٦- کەمی کتێب و قرطاسیە و باقی تری پێداویستیەکان .

٧- کەمی مامۆستای کارامە و شارەزا لەم بوارەدا .

٨- پیادە نـــەکردنی هەڵمەتێکی چـــالاك و فراوان و گشتگیر بۆ ئـــەم مەبـــەستە .
٩- گرنگی نـــەدانی دەزگاکانی ڕاگەیـــانن وەك پێویست .

((پێشنیارەکان ))

١- هەوڵ بدرێت نەهێشتنی نەخوێندەواری حەقی خۆی پێ بدرێت و بکرێ بە پرۆژەیەك و نەخشە و پلانی دیاری کراوی بۆ دابنرێ .
٢- پرۆسەکە لەم ئاستەوە بگوێزرێتەوە بۆ هەڵمەتێکی فراوان و گشتگیر لە لایەن وەزارەت و بە هاوکاری ڕێکخراوەکان .
٣- دانانی بوودجەیەك بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان .
٤- کردنەوەی خول بۆ مامۆستایان بە شێوازێکی نوێ و هاوچەرخ دوور لە ڕێگا تەقلیدیەکان.
کەناڵەکانی ڕاگەیانن گرنگی تەواو بەو بوارە بدەن .

بابەتی دووەم :- (( خوێندنی تەوزیمی ))

## پێناسە و بۆچوونەکانی خوێندنی تەوزیمی

مەبەست لە خوێندنی تەوزیمی ئەو یاسایانەیە کە پێویستە هەموو منالێك لە تەمەنی ( ٦- ٩ )ساڵدا بچێتە قوتابخانە سەرەتاییەکان وە بەردەوام بێت لە خوێندن هەتا قۆناغی سەرەتایی تەواو ئەکات ، لە هەندێ لە وولاتە پێشکەوتووەکاندا خوێندنی تەوزیمی تا قۆناغی ئامادەییش ئەگرێتەوە .

## بۆچوونەکان

بۆچوونە جیهانیەکان :-

هەموو هاوڵاتیەك مافی خوێندنی هەیە هەروەك چۆن لە جارنامەی مافی مرۆڤدا هاتووە کە وولاتانی ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریان لە سەر داوە . لەم بۆ چونانەش

ا - بۆچوونە سوشیالیستەکان :-

سەلماندنی بەشداری کردنێکی فراوان لە لایەن هاوڵاتیانەوە بۆ کارو بەرهەم بە بیرو دڵ و دەستیان ئەوەش پێویستی بەنەوەی خوێندەوارو هۆشمەند هەیە ، بۆ بەرهەمی باش بەکاتی کەم .

ب - بۆچوونەکانی سەردەم :-

خوێندنی تەوزیمی سەرەتای ڕۆڵیکی گرنگ و بنەڕەتی ئەبینێ بۆ چەسپاندن و مانەوەی ووڵات بە شێوەیەکی سەردەم و مۆدێرن و مەدەنی .

ج - بۆچوونە جەماوەری و گەلیە ڕۆشنبیری و زانستیەکان :-

ئەم بۆ چوونە ئامانجی ڕەخساندنی خوێندن و زانستە بۆ گشت هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی .

### ئاماژەیەك بۆ مێژووی ئەم بابەتە
### یاسای خوێندنی تەوزیمی ژمارە (( ١١٨ ))
### ساڵی (( ١٩٧٦ )) لە عێراق دا

یاسای خوێندنی تەوزیمی دائەنرێت بە دارشتنی یاسای چەسپاندنی دادوەری کۆمەلایەتی و ڕەخساندنی هەل لەبەردەم هاولاتیاندا بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی پەروەردەییان ، ئەو یاسایە سزای دانا بۆ بە خێوکەری منال کە تەمەنی گەیشتە (( ٦ )) ساڵ و نەیان نارد بۆ قوتابخانە

به بڕی ((١٠٠)) دینار زیاتـر نەبێ و لەیەك دینار کەمتر نەبێت ، یان بەند کردنی بەخێوکـەر لە مانگێك زیاتر نەبێ و لەیەك هەفتەش کەمتر نەبێت یان بە هەر دوو کیان.

هەروەها یاسای ژمارە ((١١٨سالی ١٩٧٦))دەرچوو بۆ خوێندنی تەوزیمی لە عیراقـدا کـە تیایـا خوێندنی سەرەتایی بۆگشـت منالآن بە خۆڕایی و بە زۆر بێت، وە هەر منالێك شەش سـالْ تەمەنی تەواو کـرد یان تا بەرواری ((١٢/٣١))ئەم یاسایە دەیگرێتەوە .

ئـەم یاسـایە لە عیراقدا چەسپاو کوردستانیشی گرتەوە تا لـــە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان کـاری ئەم یاسـایە بە تەواوی وەستا ، دوای ڕاپـەڕین و لە سالّی (( ١٩٩٥/١٩٩٦ )) . وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف هەستان بـــە سەر ژمێری کردنی ئەو منالآنەی تەمەنی خوێندنی تەوزیمی ئەیان گرێتەوە بەلأم پرۆسەکـــە تەواو نەکرا تا سالّی (( ٢٠٠١ )) دیسان وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یونسیف دەست بەکار بوون بۆ سەر ژمێرییەکی گشتی ، ئەم پرۆسەیە سـەرکەوتووانە کارەکـــانی بەم شێوەی خوارەوە ئەنجام دا : -

١- دانانی چەند لێژنەیەکی سەرەکی بە گوێرەی پسپۆری .

٢- دابەش کردنی گەڕەکەکان و ناوچەکان بە چەند ناوچەو کەرتێك وە دانانی لێپرسراو و سەر ژمێری کەرو ووردبین بۆیان .

٣- کردنەوەی خولی ڕاهینان بۆ سەر ژمێرەکان بۆ فێرکردنیان لە چۆنیەتی پرکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە سەر ژمێریەکە .

٤- لە ناوچەی طاسلوجە سەر ژمێریەکە بە شێوەی ئەزموونی ئەنجام درا .

٥- ئەم سەر ژمێریە ڕۆژی (( ٢٠٠١/٥/٣ )) ی بۆ دانرا بـــۆ ئەنجام دانـــی کە ماوەی چوار ڕۆژی خایاند لـــە دوایی چوار ڕۆژەکە فۆڕمەکان گەڕێنرایەوە بۆ یەکە کارگێڕیەکان بۆ وەزارەتـــی پەرودردە (( لیژنەی بالآ )) .

٦- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ شارەزا کردنی فەرمانبەرانی وەزارەت بە بەشداری ئـــەم خولـە پێشکەوتووەی یاسایی (( EMIS)) کە لە لایەن شارەزایەکی پسپۆڕی (( اردنی )) یەوە بـــۆ ماوەی (( ٢٠ )) ڕۆژ بەڕێوە چوو .

## ئامانجەکانی یاسای خوێندنی تەوزیمی

١- سەرکەوتن بە سەر نەخوێندەواری دا .

٢- ئامادە کردنی کادری پەروەردەیی و ژیارو زانا .

٣- ئامادە کردنی توێژێکی نوێ لە گەنجان کە بەپرس و دڵسۆزو ڕەوشت بەرز بن بۆ دروست کردن و بونیات نانی کۆمەڵگەی مەدەنی نوێ بۆ گەلەکەمان .

٤- چاندنی هەستی جوان و خاوێن لە قوتابیاندا کەبگرنگیدان بە جوانی ڕووکاری قوتابخانەو گرنگی دان بە وانەکانی مۆسیقاو وێنە و وەرزش لە قوتابخانەکاندا دێتە دی .

٥- چاندنی گیانی هاوکاری و خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە تێکڕای تاکە کانی کۆمەڵ .

٦- بەستنی قوتابخانە بە ژینگەی قوتابی تا قوتابی هەست بە خاوێنی ژینگەکەی وە پاراستنی بکات

٧- هەست کردن بەوەی خوێندن مافی ڕەوای هەموو هاووڵاتیەکە کە ناتوانێ لێی دەست بەرداربێت

## گرفت و کێشەکانی خوێندنی تەوزیمی

١- شەڕو نائارامی : سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنی تەوزیمی بەستراوە بە ئاشتی و ئارامی لە وڵاتدا .

٢- ئاژاوەی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی وەك گەلێك باری تایبەت بە جیابوونەوەی دایك وباوك یان مردنی یەكێك یان هەردووکیان وە هەژاری و نەخۆشی و سەرگەردانی .

٣- باری ئابووری و کەمی ونەبوونی ،کە کار ئەکاتە سەر کەمی بینای قوتابخانە و چاککردنی و نەبوونی پێداویستیەکانی خوێندن .

٤- نەناردنی منالْ بۆ قوتابخانە لە لایەن باوك و دایکەوە کە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك : -

ا – باری ئابووری حێزان کە منالْ ئیشی پێ ئەکرێ بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی خێزان .

ب – نا ئارامی خێزان و ئاوارە بوونیان لە ناوچەیەك دا بە هۆی نا ئارامی ناوچەکەوە .

ج - بیری تەسکی هەندێ بەخێوکەری منالْ کە کچەکانیان بێ بەش ئەکەن لە خوێندن و نایان نێرن بۆ قوتابخانە .

٥- نەبوونی بینای قوتابخانە بە ژمارەی پێویست .

٦ -نەبوونی پێداویستی و کەلو پەل وەك پێویست لە (( رحلە ، تەختەڕەش ، کتێب ، دەفتەرو قەڵەم و هۆی ڕوون کردنەوەو هۆی فێرکردن )) .

٧- نەبوونی خانوو شوێنی مانەوە بۆ مامۆستایان لە گوندەکاندا .

٨- خراپی ڕێگای هاتووچۆ لە بەینی دێهاتەکاندا .

٩- نەبوونی یاسایەکی (( زۆر کردن )) لە کەس و کاری منداڵ بۆ ناردنیان بۆ قوتابخانە و سزادانی ئەوانەی کەمنداڵ لە تەمەنی خۆیدا نانێرن بۆ قوتابخانە .

## پێشنیارەکان

دەرکردنی بڕیارێکی تایبەتی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ چەسپاندنی یاسای خوێندنی تەوزیمی .

١- هەوڵدان و پێش خستنی پرۆژەکانی دروست کردنی قوتابخانە بە تایبەتی لە شوێنە گەلی و گوندە دوورەکان .

٢- ئامادە کردنی ئەو زانیاریانەی کە تایبەتە بە ناوو ژمارەی منداڵان و شوێنی دانیشتنیان پێش ساڵی خوێندنی (( ٢٠٠٢/٢٠٠٣ )) .

٣- ئامادە کردن و دەست بەکاربوون لە یەکە کارگێڕیەکان (( الوحدات الاداریه)) بە تایبەت لە شارو شارۆچکەکاندا بە کردنەوەی خولی تایبەت بۆ قائمقام و بەڕێوبەری ناحیەکان .

٤- کردنەوەی بەشێکی تایبەتی لە بەڕێوبەرێتی پەروەردەکاندا بۆ هەڵسورانی کارەکانی خوێندنی تەوزیمی لە شارەزایان لەم بوارەدا .

٥- چارەسەر کردنی کیشەی دوو دەوامی و سێ دەوامی .

٦- چاککردنی جۆری پێداویستیەکانی قوتابخانە و دابین کردنی بە ژمارەی پێویست .

٧- دابین کردنی بودجەیەکی باش و گونجاو بۆ چەسپاندنی ئەم یاسایە لە ساڵی خوێندنی ﴿٢٠٠٢/٢٠٠٣﴾ .

٨- بەشداری کردنی هەموو هاووڵاتیان و دەزگا حکومی و ڕێکخراوە ناوخۆی و بیانیەکان بۆ سەر خستنی پرۆسەکە .

١٠- بەشداری کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕوون کردنەوەی گرنگی و ئەهیمەتی پرۆسەکە .

١١- چاککردن و قیرتاو کردنی ڕێگاو بانەکانی نێوان شاروشارۆچکە و گوندەکان .

١٢- خواردنی تایبەت بۆ منداڵان دەستەبەر بکرێت بۆ پاراستنی تەندروستیان .

١٣- دابەش کردنی جل و بەرگ و پێداویستی قوتابخانە بەسەر منداڵانی هەژاردا .

١٤- هۆی گواستنەوە دابین بکرێت بۆگواستنەوەی قوتابیان لە شوێنە دوورەکانەوە بۆ قوتابخانە٠

١٥- دابین کردنی هەموو پێداویستیەکانی خوێندن بۆ منالآن و هەرزەکاران .

١٦-چاودێری کردنی خێزانەکان بەرێگای پرۆژەی کاری کۆمەڵایەتیەوە .

١٧-دانانی یاسای(تأمینی کۆمەڵایەتی)بۆچارەسەرکردنیکێشەی خێزان ومناڵەکانیان لە کـاتـــی پێویستدا .

**بابەتی سێهەم :** (( قوتابخانەی نەوجەوانان ))

**نەوجەوانان کێن**

نەوجەوانان بەو منالانە دەوترێت کە نۆ سالیان تەواو کردووەو نەگەیشتونەتە پانزە سالی و خوێندنی سەرەتاییان لە دەست داوە بەهۆی گەلێك هۆکاری تایبەتی و گشتی، بۆ گواستنەوەیان لە قوتابخانە سەرەتایی یەکانەوە بۆ نەوجەوانان پێویستە ماوەی دابڕان یا وازهێنانیان لە قوتابخانە لە دوو سال کەمتر نەبێ ، نەك وەك ئێستا مدیرەکان قوتابیە لاوازەکان نا چار دەکەن بچنە نەوجەوانان چونکە گواستنەوەی قوتابیان لە سەرەتایی یەوە بۆ نەوجەوانان قەدەغەیە .

## قوتابخانەکانی نەوجەوانان

١- ئەم قوتابخانانە دامەزراون بە گوێرەی ماددەی (١١) لە یاسای قوتابخانە سەرەتاییەکان سالی (( ١٩٧٨ )) .

٢- ماوەی خوێندن لەم قوتابخانانەدا چوار سالە .

٣- دەرچوانی ئەم قوتابخانانە یەکسانن لەگەڵ دەرچوانی قوتابخانە سەرەتاییەکان .

## قۆناغەکانی خوێندنی نەوجەوانان

١- **قۆناغی یەکەم :** - قوتابی لە ئەم قۆناغە دا کتێبەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی ئەخوێنێ لە ماوەی سالێکی خوێندن دا .

٢- **قۆناغی دووەم :** - لەم قۆناغە دا کتێبەکانی پۆلی سێ یەم و چوارەمی سەرەتایی ئەخوێنێ لە سالێکی خوێندن دا .

٣- **قۆناغی سێیەم :** - لەم قۆناغە دا کتێبەکانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی ئەخوێنێ لە ماوەی سالێکی خوێندن دا .

٤- **قۆناغی چوارەم :** - لەم قۆناغە دا کتێبەکانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی ئەخوێنێ لە ماوەی سالێکی خوێندن دا .

## کورتەیەك لە میژووی خویندنی نەوجەوانان

لە سەرەتایی حەفتاکانەوە لە عیراق دا بیر لە خویندنی نەوجەوانـــان کرایەوە و لـە سالی (١٩٧٥)دا یاسایەکی بو داریژراو دەست کرا بەکار کردن و لـە سـالی (( ١٩٧٧/١٩٧٨))لـە هەموو پاریزگاکانی عیراق دا قوتابخانەی نەوجەوانان کرایەوە تەنیا لە پاریزگای ( دیالی ) دا نەبێ ، یەکەم قوتابخانە لە سلیمانی دا « قوتابخانەی نەوجـەوانانی سلیمانی تیکەڵ » بوو کە کرایەوە تاکـــو ئیســـتاش بەردەوامـە ، ئیستا لـە سلیمانی دا پینـج قوتابخانـەی نەوجەوانان هەیـە لەگـەڵ هەلەبجەی شـەهیدو پیرە مـەگرون بیجگە لـە قوتابخانــەکانی کەرکوك و کویە.

## هەولەکانی کردنەوەی قوتا بخانەی نەوجەوانان دوای را پەرین

لە دوای راپەرینەوە ریکخراوی یونسیف بە هاوکاری منالپاریزی کوردستان توانییان دەست بکـەن بە کو کردنەوە و سەر ژمیری کردنی منالانی سەرجادە ، کە بـەهوی خراپـی بـاری ژیانەوە کاریــان ئەکرد لە هەموو جوریك گران و سوك ، وە لــە سالی خویندنی (٩٤- ٩٥ ) چوار قوتابخانەیـــان کـردووە لـە سـلیمانی کـە ژمارەیـەکی زور لـە نەوجـەوانانی تیـادا کوبونەوە کە ژمارەیان زیـاد لـــە (( ١٠٠٠ )) منالْ بوو بەلام سالْ بە سالْ ئەم ژمارەیە کەم بو وە هەتا لە سالی((٩٥/٩٦))ژمارەیان بوو بە ((٨٩٩ )) قوتابی ، وە لە سالی ((١٩٩٦/١٩٩٧ )) ژمارەیان بوو بە( ٥٤٧) قوتابی بــەوەش دیسان وازیان لە خویندن هیناو کەوتنـەوە جادە و کولانەکان ئەمەش چەند هویەکی هەیە وەك :

١-نەبوونی پروگرامی خویندن ( منهج ) ی تایبەت بە نەوجـەوانان کـە کـار ئەکاتـە سـەر دابرانـیقوتابیان و دروست کردنەوەی لا ساری و ( تسرب ) .

٢- نـــەبونی بینـای تایبـەت بـە قوتابخانـــە نەوجەوانەکـــان و دەوام کردنیـــان لــــەگەڵ قوتابخانـــە سەرەتاییەکان .

٣- نەبونی وانەی « وینە ، موسیقا ، وەرزش ، سرود » .

٤-نەبونی « نـظام » ی تایبەت بە نەوجەوانان .

٥-کـەمی قوتابخانـەی نەوجەوانـەکان و دووریـان لـە شوینی دانیشتنی قوتابیـان و گرانــی هاتووچو .

٦-نەبونی مەڵبەندی ئیشی دەست .

٧ . تەسەد یشیێ تەمبیاتا مێ اد مەشرو یشیێ ەلا ازراش یونەب-

٨- کەمی ژمارەی وانەکانی وەرشە .

٩- کەم کردنەوەی وانەکان بە هۆی دەوامەکانەوە بووە بە هۆی کەم کردنەوەی چالاکی

١٠- وانەکانی وەرشەکان زۆریان بە ئارەزووی قوتابی نیە و لێ ی بێزارن

١١ - نەبونی بەشی ناوخۆ و سەنتەری چالاکی بۆ قوتابیە هەژارو بێکەسووکارو ئەنفال کراوەکان .

١٢-نەبونی لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەری کێشەی قوتابیان .

١٣- نەبونی کەل وپەل و ئامێری پێویست بۆ چالاکیەکانی نەوجەوانان .

١٤- نەدانی ( نثرية ) بۆ قوتابخانەی نەوجەوانان لەگەڵ ئەوەشا ئەم قوتابخانانــە فرۆشگایان نیە .

١٥- باری نا ئارامی کوردستان و ئاوارە بوون و دەربە دەری قوتابیان و خێزانەکانیــان بە شــارو ناوچەکانی کوردستان دا .

١٦-گرنگی نەدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە نەوجەوانان .

١٧-جیاوازیەکانی دەوامی قوتابخانەی نەوجەوانان لەگــەڵ کــاتی کــارکردنی قوتابیــانی ئیشکەر .

١٨- نەبوونی ئاماری تایبەت بەسەر ژمێری کردنی نەوجەوانان .

١٩- نەبوونی پارەمەتی ( حوافز ) بۆ قوتابیانی نەوجەوانان .

٢٠- نەبوونی ژمارەی پێویست لە کتێب بۆ هەموو قوتابییەك .

٢١- نەبوونی کــۆڕو ســیمینار لــە لایــەن شــارەزایانەوە لــەم بوارەدا بـــۆ قوتابیــان و مامۆستایانــی نەوجەوانان .

٢٢- نەبوونی ڕۆژێکی تایبەت بۆ سەردانی شوێنە گشتیەکان بۆ نەوجەوانان .

٢٣- وەرنەگرتنی دەرچوانی نەوجەوانان لە ناوەندی یەکان بەهۆی تەمەنەوە .

٢٤- نەبوونی تیمی تایبەتی تەندروستی بۆ سەردانی نەوجەوانان .

٢٥- نەبوونی بەشێکی تایبەت لە وەزارە‌‌ ‌ پەروەردەکان بۆ کاروباری نەوجەوانان .

٢٦- نەبوونی هۆی ڕوون کردنەوە وەك وێنەو فلیمی سینەمایی و سەتەلایت .

٢٧- نەبوون و دابین نەکردنی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ قوتابیانی نەوجەوانان .

٢٨- بەشداری نەکردنی قوتابیانی نەوجەوانان لە فیستیڤاڵ و چادرگە وەرزشیەکان .

٢٩- بەشداری نەکردنی قوتابیە زیرەکەکانی نەوجەوانان لە یاسای تێپەڕ بوون ( قانون العبور).

## پێشنیارەکان

١- هەوڵێکی بە پەلەی بەرپرسان بۆ بەچاپ گەیشتنی ئەو پرۆگرامەی کە بۆ خوێندن لە قوتابخانەی نەوجەوانەکان ئامادە و پوختە کراوە .

٢- دروست کردنی بینای تایبەت و سەربەخۆ بۆ گشت قوتابخانە نەوجەوانەکان .

٣- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ گشت مامۆستای نەوجەوانان .

٤- دانانی یاسایەکی تایبەت بە نەوجەوانان .

٥- کردنەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە قوتابخانەکانی نەوجەوانان لە هەموو گەڕەکەکانی شاردا .

٦- دامەزراندنی مەڵبەندێکی تایبەت بۆ کارە دەستیەکان و وەرشەی نەوجەوانان .

٧- دانانی پسپۆڕ لە کاری ئیشی دەست و وەرشەکان دا .

٨- ژمارەی وانەکانی وەرشە ئەبێت زۆر تر بکرێت بۆ فێربوونی نەوجەوانان .

٩- بابەتی وەرشەکان ئەبێت بە حەزو ئارەزووی قوتابی بێت .

١٠- کردنەوەی بەشی ناوخۆیی بۆ بێ کەس و کارەکان و کردنەوەی سەنتەرێك بۆ چالاکی

١١- دانانی توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی لە هەموو قوتابخانەیەك .

١٢- دانانی ( نشرية )یەکی تایبەت ساڵانە بۆ نەوجەوانان وەجیاوازی هەبێت لەگەڵ سەرەتاییەکان چونکە فرۆشگایان نیە .

١٣- بەپێ ی توانا ڕەخساندنی ئارامی و ئاسوودەیی نەوجەوانان لە کاتی شەڕدا .

١٤- گرنگی دانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە نەوجەوانان .

١٥-دەوامی قوتابخانەی نەوجەوانان بگونجێنرێت لەگەڵ کارەکانی نەوجەوانان و منداڵانی ئیشکەر .

١٦- سەر ژمێری و ئاماری ژمارەی نەوجەوانان بکرێت .

١٧- بەپێ ی توانا یارمەتی دارایی قوتابیانی نەوجەوانان بدرێت .

١٨- دابین کردنی ژمارەی پێویست بە ژمارەی قوتابیان لە کتێب .

١٩- بەستنی کۆڕو سیمینار لە لایەن شارەزایانەوە و سەردانی لێپرسراوان بۆ قوتابخانەکان

٢٠- هەلی سەردان و گەشت و گوزاریان بۆ برەخسێنرێت .

٢١- کردنەوەی خوێندنگەی ناوەندی بە ژمارەی پێویست بۆ دەرچوانی پۆلی شەشەمی نەوجەوانان بەدەر لە مەرجی تەمەن .

٢٢- دامەزراندنی تیمێکی تەندروستی تایبەت بۆ نەوجەوانان .

٢٣- دامەزراندنی بەشێکی تایبەت بە نەوجەوانان لە وەزارەت و پەروەردەکان بۆ کاروبـــاری نەوجەوانان .

٢٤- دابین کردنی کەل و پەلی پێویست بۆ چالاکی یەکان .

٢٥- دابین کردنی هۆی فێرکردن و پێشکەش کردنی فلیمی پەروەردەیی و گـــەلێك بابەتی کۆمەلایەتی بۆ قوتابیانی نەوجەوانان .

٢٦- دابین کردنی هۆی گواستنەوە بۆ قوتابخانەکانی نەوجەوانان .

٢٧- دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ وەرزشەکان هەر لە سەرەتای سالی خوێندنەوە .

٢٨- ئـەبێت قوتـابی نەوجـەوانان بەشداری پـێ بکرێـت لـە فیستیڤالی وەرزشـی چادرگەکـــان وەك قوتابی سەرەتایی جیاوازی نەکرێت لەبەر تەمەنیان .

٢٩- گرنگی دان بە قوتابی یە سەرکەوتووە زیرەکەکانی نەوجەوانان وە ( یاسایی تێپەڕ بـــوون ) ( عبور ) پێویستە ئەوانیش بگرێتەوە بەتایبەت لە قۆناغی سێهەم و چوارەم .

بابەتی : چوارەم پەروەردەی تایبەت

## پەروەردەی تایبەت بو کێ یە

١- منالانی سست فیربوو ( بطىء التعليم )

٢- منالانی بەهرەمەند ( الموهوبون )

٣- ئەوانەی بینین و بیستنیان لاوازە هەروەها کەم ئەندام .

٤- بیرکولان ئەمانە هەموویان دەچنە خانەی پەروەردەی تایبەتەوە .

**کێ بەرپرسە لەو جورە قوتابیانە ؟**

**وەزارەتی پەروەردە گرنگی دەدات بە سست فیربوو ، بەهرەمەندەکان .**

**وەزارەتی کاروباری کومەلایەتیش بە کەم ئەندام و کەرو لال و بیر کول .**

**ئیمە لیرەدا تەنها باسی بەشی یەکەم دەکەین .**

**( سست فیربو ) : کێ یە ... ؟**

لیژنەی بالای ( اللجنه الوطنية العلمية للتربية الخاصة) ی سەر بە وەزارەتی ( پەروەردەی عیراق ) پیناسەی منالانی (سست فیربوو ) ی بەم شیوەیە کورت کردوتەوە : منالیکی ئاسایی یە بە شیوەیەکی گشتی بەلام لەبەر هویەك لە هوکان ناتوانێ بگاتە ئاستی فیربوونی قوتابییە ئاساییەکانی تر وە ئەم منالانە بە ﴿ بیرکول ﴾ دانانرین .. ئەم قوتابی یانە لە کویدا هەن لەناو ئەو قوتابیانەدا هەن کە بو یەکەم جار دەخرینە پولی یەکەمی قوتابخانە و ریژەکەیان لە ٣٪ تێ دەپەریت .

**ئەو هەولانەی دراون لە بواری چاودیری کردنی قوتابییانی ﴿ سست فیربوو ﴾ دا : -**

وەزارەتی پەروەردەی عیراق لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتایی هەشتاکاندا چەند هەنگاویکی باشی نا لە بواری چاودیری منالانی ( سست فیربوو ) دا لە وانە :

١- لیژنەیەکی بالا پیکهینرا بەناوی ( اللجنة الوطنية العلمية للتربية الخاصة ) ئەمە وەك هەنگاوی یەکەم . بو جێ بەجێ کردنی پروژەی چاودیری منالانی (سست فیربوو) و (بەهرەمەندان )

٢ - خولیکی راهینان لە ﴿ بغداد ﴾ لە سالی ١٩٧٧ دا کرایەوە بو ماموستایان کە هەموو پاریزگاکان لەو خولە دا بەشداریان کرد بە تیکرای ﴿ چوار ماموستا ﴾ بو هەر پاریزگایەك ئەم خولە بو ئەوە بو کە ماموستا بو پولەکانی پەروەردەی تایبەت دابین بکەن .

٣- لە هەر پاریزگایەکدا چەند قوتابخانەیەك هەلبژیردران بو ئەوەی پولی پەروەردەی تایبەتیان تیدا بکریتەوە .

٤- هەریەك لەو پولانەی کە کرانەوە ﴿ کەل و پەل ﴾ و ﴿ پیداویستی ﴾ و ﴿ هوی فیرکردن ﴾ ی تایبەتیان پێ درا .

٥-کاری سەر پەرشتی کردنی ئەو پولانە بە یەکیك لە سەرپەرشتیارانی پەروەردە سپیردرا .

٦- لە مەلبەندی هەموو پاریزگایەکدا لیژنەیەکی لقی بەناوی ﴿ اللجنة الفرعية الدائمة ﴾ پیکهینرا .

٧- هەر پولیك لە پولەکانی ﴿ پەروەردەی تایبەت ﴾ ئەم ﴿ تومار ﴾ و ﴿ فورم ﴾ انەی پیدرا :

ا – فورمیك بو زانیاری یە سەرەتایی یەکان لە سەر باری کومەلایەتی و تەندروستی تایبەتمەندییە گشتییەکان و ئاستی خویندەواری و ژمارەی روژانی غائب بوون و هەرتیبینیەکی تر .

ب – توماریك بەناوی ﴿ توماری کەسی ﴾ ﴿ السجل الشخصي لتلاميذ صفوف التربية الخاصة ﴾

ج - فورميك تايبەتە بە ئاشنا بوون بە تايبەتمەندييــە بناغەييـەكانی منـالآنی سست ﴿فيربوو﴾ ﴿ استمارة التعرف على الخصائص الا ساسية لتلاميذ بطيىء التعليم ﴾

د - رابەريك سەبارەت بە رينمايی يەكانی پركردنەوەی فورمی تايبەت بە ئاشنا بوون بەتايبەتمەنديەكانی منالانی ﴿ سست فيربوو﴾ .

٨- لە كارەكانی ليژنەی لقی ﴿ الجنـة الفرعيـة الدائمـة ﴾ ئـەنجام دانی كوبوونــەوەی مانگانـە بــو ليكولينـەوە لــــە سەر ئـەو كاروبارانـەی پـەيوەنديان بـە ﴿ پـەروەردەی تايبەت ﴾ ە وە هەيە و پاشان بەرز كردنەوەی پيشنيازەكان بو لايەنە بەرپرسەكان .

## سروشتی پولەكانی پەروەردەی تايبەت لە رووی

**يەكەم / ژمارەی قوتـابيان :**

ژمارەی قوتابيان لە پولی پەروەردەی تايبـەت لـە ( ١٢ ) قوتـابی تينـا پـەريت و لـە ( ٦ ) قوتــــابيش كـەمتر نـابيت . واتـە پـولی پـەروەردەی تايبـەت ناكريتــەوە ئەگــەر ژمـارەی قوتابيەكان لە (٦) قوتابی كەمتر بن و لە ( ١٢ ) قوتابيش زياتر لەو پولانەدا وەرناگيريت

**دووەم / نيصابی ماموستا :**

نيصابی ماموستای پولی پەروەردەی تايبەت لە ( ٢٢ ) وانە لە هەفتەيەكدا تێ ناپەريت .

**سييەم / دەوامی قوتـابيان :**

دەوامی قوتابيان هەر وەك دەوامی قوتابيەكانی پولەكانی تری قوتابخانە دەبيت .

**چوارەم / چون وانە دەخوينن :**

قوتابيانی پولی پـەروەردەی تايبـەت ئـەم وانـە ( زمـان ، بيركـاری ، زانسـت ، پـەروەردەی ئيسلامی ) لە ژووری پولەكەی خويان دەخوينن لەگەڵ ماموستای پەروەردەی تايبـەت . وە وانـەكانی ( وەرزش ، هونـەر ، سروود ، كشتوكاڵ ) لـە ژووری پولـەكانی تـر لەگـەڵ ماموستايانی ئەو وانانە لە و پولە ئاسايی يەدا دەخوينن .

**پينجەم / خشتەی دابەش كردنی وانەكان :**

ماموستای پولی پەروەردەی تايبەت هەمان خشتەی وانەی پولە ئاسايیەكەی پەيرەودەكات

**شەشەم / بەرنامەی خويندن : -**

هەمان بەرنامەی خويندنی پولە ئاسايی يەكانی تر پەيرەو دەكريت .

حەوتەم / بەردەوام بوونی پۆلی پەروەردەی تایبەت .

پۆلەکانی پەروەردەی تایبەت بەردەوام دەبێت تاکو پۆلی چوارەم و لە پۆلی پێنجەم دا کۆتایی دێت ڕێگەش دەدرێت کە قوتابییەك یان قوتابیانی پۆلێکی تایبەت بخرێنەوە پۆلە ئاساییەکە لە چ کاتێك دا یان لە هەر ساڵێك لە ساڵەکاندا بێ ، ئەمەش دوای پێشنیازی مامۆستای پەروەردەی تایبەت و بەڕێوەبەری قوتابخانە و وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری پەروەردەی تایبەت دەبێ .

## کارەکانی مامۆستای پۆلی پەروەردەی تایبەت

### ساڵی یەکەم /

ساڵی یەکەم دادەنرێت بە ساڵی ( تشخیص ) ی کە لەم ساڵە دا مامۆستای پەروەردەی تایبەت سەردانی کۆمەڵێك قوتابخانەی نزیك قوتابخانەکەی خۆی دەکات کە ژمارەی ئەو قەتابخانانە لە نێوان ( ٢ ) تا ( ٤ ) قوتابخانە دەبێت بە گوێرەی ژمارەی ( لق ) و ژمارەی قوتابیانی پۆلی یەکەمی ئەو قوتابخانە .

کاری مامۆستای پەروەردەی تایبەت لەو ساڵە دا و لەو سەردانەدا تەرخانە بۆ بینینی قوتابیانی پۆلی یەکەم و تۆمار کردنی هەر تێبینی یەك کە لە قوتابییە ( سست ) ەکاندا بەدی دەکات مەبەستیش لەو دیدەنیانە دەست نیشان کردنی ئەو قوتابیانە یە کە لە فێربووندا ( سست) ن . مامۆستای پەروەردەی تایبەت دەبێت لە کۆتایی هەموو مانگێکدا ڕاپۆرتی خۆی بنوسێ هەروەك دەبێ مامۆستای پۆلی یەکەم و بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەش ڕاپۆرتی مانگانە بنوسن لە سەر ئەو منداڵانەی کە لە فێربووندا (سست) ن لە کۆتایی ئەو ساڵی خوێندنە دا ئەو قوتابییە (سست) ا نە ڕووبەڕوی لیژنەیەکی تایبەت دەکرێنەوە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر یان بدرێت بەوەی (سست) ن یان نا .

### ساڵی دووەم /

دوای ئەوەی مامۆستای پەروەردەی تایبەت لە ساڵی یەکەم دا کاری ( تشخیص ) ئەنجام دەدات و پاشان ڕەزامەندی لیژنەی تایبەت وەردەگرێت هەڵدەستێت بە کردنەوەی پۆلی یەکەمی پەروەردەی تایبەت و هەموو ئەو قوتابیانەی کە لە ساڵی یەکەم دا (تشخیص) کرا بوون دەگوێزرێنەوە بۆئەو قوتابخانەیەی کە مامۆستای پەروەردەی

تایبەتی تیا دەوام دەکات وە هەروەها لە لاپەرەکانی پیشو تردا ئامـاژەی بو کرا ئـەگەر مـاموستای پـەروەردەی تـایبەت هیچ پیشکەوتنیکی لە قوتابیـەکانیدا بەدی نەکرد ئەوا پیشنیازی بەردەوام بونیان بو دەکات لـە پولەکانی پـەروەردەی تایبەت ، بەلام ئەگەر بوی دەرکـەوت کـە گورانکاریکی وا بـە سـەر قوتابیەکانیدا هاتووە کە بەلگە بن لە سەر ئـەوەی (سست) فیربوونەکـەیان رەوویوتـەوە ئـەوا دەتوانی لە هەر کاتیکی سالدا بێ یان لـە هـەر پولیکدا بـێ پیشنیازی ئـەوە بکـات کـەئـەو قوتابیانە بخرینەوە پولە ئاسایی یەکان .

ئەمەش ناوی ئەو قوتابخانانەیە کە لە کاتی خوی ( پولی پەروەردەی تابیەت )ی تیدا بوو :

| | | |
|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی ئاسوی شەهیدان | لە گەرەکی ماموستایان |
| ٢ | قوتابخانەی کانی | لە گەرەکی ماموستایان |
| ٣ | قوتابخانەی ئەمین زەکی | مجید بگ |
| ٤ | قوتابخانەی هەژار مکریانی | گەرەکی مجید بگ |
| ٥ | قوتابخانەی مژدە | گەرەکی سەرشەقام |
| ٦ | قوتابخانەی بیخود | گەرەکی مەلکەندی |
| ٧ | قوتابخانەی ئاسودە | گەرەکی رزگاری |
| ٨ | قوتابخانەی کریمی عەلەکە | گەرەکی سەرکاریز |
| ٩ | قوتابخانەی کانیسکان | گەرەکی کانیسکان |
| ١٠ | قوتابخانەی سەرچنار | لە سەرچنار |

خویندن لە و پولانە دا بەردەوام بوو تا سالی ١٩٩١ دوای راپـەرین سالّ بـە سالّ ژمـارەی ئەو پولانە کەم دەبوەوە ، ئیستا تەنیا پولیك لە قوتابخانەی بیخود ماوە . کە مـاموستا جلال احمد صالح وانەی تیادا دەلیتەوە .

## بەهرەمەندەکان ﴿ الـموهوبون ﴾

لە ماوەی نیوان ١٩٨٠/٥/٢٥ تا ١٩٨٠/٦/٢٥ خولیکی راهینان بەناوی ( دورة رعاية الموهبين ) لە( بغداد ) کرایەوە ماموستایان لە هەموو پاریزگاکان تیاتیا بەشداربوون کە ( سلیمانی ) ( هەولیر )( دهوك ) ( کەرکوك ) یش لەو پاریزگایانە بوون کە بەشداریان تیا کرد . هەر پاریزگایەك بەتەنها ( دوو ماموستا ) بەشداری تیا کرد جگە لە پاریزگای ( بغداد ) کە بە ( چوار ماموستا )بەشداری تیادا کرد .

**بەشدارانی سلیمانی ئەم ماموستایانە بوون :**

١- انور عبدالرحمن فتاح ئیستا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یە .

٢- عبدالله حمه سور ( کوچی دوایی کردووە )

بریار وا بوو کە کار بە ( پروژەی چاودیری بەهرەمەندان ) بکریت بەوەی کە ماموستایانی بە شداری ئەو خولەی ( بغداد ) خولی راهینان لە پاریزگاکانی خویاندا بو ماموستایانی تر بکەنەوە بەلام هەلگیرسانی شەری عیراق و ئیران و پاشان شەری (کەنداو) بوونە هوی وەستانی کارکردن بە پروژەی چاودیری منالانی ( بەهرەمەند )

### پیشنیاز

**یەکەم : زور بە پیویستی دەزانین کە پروژەی ( پەروەردەی تایبەت ) بخریتەوە گەر و بو ئەمەش دەبیت ئەم پیداویستیانە ئامادە بکریت :**

**١- دابین کردنی کەل و پەل ( الاثاث )**

ا - کورسی تاك بو دانیشتنی قوتابیەکان کەلە (صاج) یان فورمیکا دروست کرا بیت.

ب - میزی تاك بو لە سەر نووسینی قوتابیەکان کەلە ( صاج) یان فورمیکا دروست کرا بیت .

ج - کورسی تاك بو ماموستای پەروەردەی تایبەت .

د - میزی ئاسن یان ( صاج ) بو ماموستای پەروەردەی تایبەت .

ه - سوپای نەوت بو ژووری خویندنی پەروەردەی تایبەت .

و - دولابی ئاسن بو پاراستنی سجل و فورم و راپورتەکان .

ز - ( معرض ) یك كه له تەختە یان ( صاج ) دروست کرابێ و ( ١٢ ) خانەی هەبێ هەرخانەی بو قوتابییەك .

**٢- دابین کردنی ئەم ( هوی فێرکردن ) انه :**

ا - موغناتیس

ب - لەوحەی موغناتیسی بو دروست کردنی وینه و پیت و دانانی له سەر شاشه موغناتیسی یەکه

ج - ئامیری ( عارضة السلایدات )

د - ئامیری ( ئوڤەر هید )

ه - نایلونی شەفاف بو بەکار هینانی له سەر ئامیری ( ئوڤەر هید ) (over head)

و - ماجیکی رەنگاو رەنگ

ز - ژمیرەر ( المعداد )

ح - صندوقی فریاکەوتن ( صندوق الاسعافات الاولیه )

**٣- چاپ کردنی ئەم « فورم » و « سجل » و « راپورتانه » کەلە لایەن ماموستای پەروەردەی تایبەتەوە بەکار دیت .**

ا - دلیل تعلیمات استمارة التعرف على الخصائص الاساسية لتلاميذ بطيىء التعليم

ب - استمارة الخصائص الاساسية لتلاميذ بطيىء التعليم

ح - السجل الشخصى لتلاميذ بطيىء التعليم

د - استمارة بيان الحالات ( الاجتماعية ، الصحية ، الصفات السلوكية والمستوى التحصيلى )

**دووهەم :**

١ - له وەزارەتی پەروەردە / بەریوەبەریتی گشتی فێرکردنی گشتی کەسیك یان بە شیك لیپرسراو بکریت له پەروەردەی تایبەت .

٢ - له بەریوبەریتی یه گشتیەکانی پەروەردە دا بە شیك دابنریت بو بەدوادا چوونی کاری پولی پەروەردەی تایبەت .

٣- لیژنـەی لقـی هەمیشـەیی ( اللجنـة الفرعیـة الدائمـة ) لـە پاریزگاکـانی هـەریمی کوردسـتان دا پیکبهینریتەوە بە گویرەی رینمایەکان .

٤ - بەستنی کورو سیمینار لەم بارەیەوە بە هاوکاری ریکخراوەکان بو گرنگی دان بەم بابەتە .

٥ - لە هەموو گەرەکیکدا قوتابخانەیەك یان دوو قوتابخانە دەست نیشان بکریت بو کردنەوەی پولی پەروەردەی تایبەت .

٦ - کردنەوەی خولی راهینانی تایبەت بو ئامادە کردنی ماموستایان بو ئەو پولانە .

٧ - دەست پیکردنی هەلمەتیکی راگەیاندن بو ناساندنی پولی پەروەردەی تایبەت و گرنگی و سودەکانی .

٨ - دانانی دەرمالەیەکی شیاو بو ماموستایانی پەروەردەی تایبەت و بو بەریوەبەری ئەوقوتابخانانەی کە پولی تایبەتیان تیا دەکریتەوە .

**بابەتی پێنجەم :** **کتێبخانەی قوتابخانە**

## تیشکە مێژوویێک

لە سەردەمی ئاشوورییەکانەوە کتێب و کتێبخانە پەیدا بووە لە کۆنەوە میسری و یونانی و هند و چینیش زۆر بایەخیان پێ داوە و بە لایانەوە پیرۆز بووە ، لە پەرستگا و کۆشکی پاشاکاندا پاراستویانە ، بەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دامەزراندنی کتێبخانە زۆر پێش هاتنی حەزرەتی عیسی بووە ، لە کوردستاندا پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە گەڵ پەرستگا و شوێنە تایبەتیەکاندا دەستنوس و کتێب هەبوون بەڵام سووتان و لە ناوچوون ... مامۆستا ( محمود احمد محمد) لەو بارەیەوە دەڵی بەگوێرەی سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو نوسەد ساڵ لەمەو بەر کتێبخانەی شاری ( دیار بکر ) ژمارەی کتێبەکانی گەیشتوتە ملیونێك و چل هەزار کتێبی دەست نووس ، بەڵام بە هاتنی تاتارو مەغولەکان بو سەر کوردستان ئەم کتێبانە ودەیەهای تریش سوتێنرا و لەناو چوو ، میرانی بابانیش بایەخیکی یەکجار زۆریان داوە بەدامەزراندنی خوێندنگاو کتێبخانە ، بە تایبەتی لە سەر دەمی سلیمان پاشادا ( ١٧٥١ ) ز کە بەدەوری زێرین ناو دەبرێت ، دوای دروست کردنی شاری سلیمانی ( ١٧٨٤ ) ز بابانەکان کتێبخانە وخوێندنگاکەیان گواستەوە لە قەڵاچوالانەوە بو پایتەختی تازە ( سلیمانی) بو( مزگەوتی گەورە )بە ناوی کتێبخانەی ( بابان) دوە . ئەم کتێبخانەیە رۆلیکی زۆر گرنگی هەبوو لە گەشەکردن وپێگەیاندنی دەیەها زانا و شاعیر و رووناك بیری وا کە ناوبانگیان لە ناو وولاتانی ئیسلامیدا -وەك ئەستێرە دەدرەوشیتەوە ، تا ساڵی ١٩١٩ ز ژمارەی کتێبەکانی گەیشتە نزیکەی شەش هەزارکتێبی بە نرخ و دەگمەن . بە بەدیل گرتنی ( شێخ محمودی نەمر ) لە دەربەندی بازیان هەرچی کتێب لە ناو ئەم کتێبخانەیەدا هەبوو لەحەوشی مزگەوتی گەورەدا کویان کردەوەو سوتاندیانن تەنها (٤٠٠ ) کتێب کەلە ژووریکدا بوو پێیان نەزانیبوو ئیستا هەرماوە و پاریزراوە لەکتێبخانەی ئەوقافدا ، لە پاش یەکەم جەنگی جیهانی لە شاری سلیمانی دا گەڵی حوجرەو دوکان وکتێبخانەی گشتی و تایبەتی دامەزراوە وەکو کتێبخانەی( مەلا علی سەحاف، مەلا عزیز، قادر ئاغای عەتار)حوجرەکەی مامۆستا نەجمەدین مەلا ، کتێبخانەی زانستی و کتێبخانەی گەلاویژ ، زیوەر سلیمانی کتێبخانەی گشتی و ئەوقاف و زانکو... کتێبخانەی

قوتابخانه و خویندنگاکـــان و پروژه به نرخەکەی ماموستای شەهید شاکر  فتاح ئەمـه و دەیەها کتیبخانەی تر وەکوماموســـــتا شیخ محمد خال و وەهبی و مەحوی ... هتد .

## رولی کتیبخانەی خویندنگا بو نەوەی نویٚ ی نەتەوەکەمان

ئەگـەر ئیمـه لـه و روانگەیـەوە بروانینـه ﴿ خوینـدنـــگای نـویٚ ﴾ کـه دامـــەزراویکی پەروەردەی نویٚ یە بو ئاراسته کردن و پەروەردە کردنی لایەنـەکانی ژیری و  ویژدانی و ، جەستەیی و ، هونــەری و کومەلایەتی و ، روشنبیری دەگەینـه ئـەو راستیەی کـه ئـەم دامەزراوە لە بارییدا  هەیـە نەوەیەکـی کارامەی بە توانا پەروەردە بکات ، کە  قالٚ بووی ژیانی هاوچەرخ بیت . ئەرکی گەشەکردن و بنیات نانەوەی کومەلگا بخاتـه ئەستوی خوی ئەمەش بەبیٚ خویندن و خویندنەوەو ئـولفەت بـەکتیب وکتیبخانەوە نەبیٚ نایە تەدی . بویـه ئـەمرو کتیبخانــەی خویندنگاکـان  رولیکـی بـەرچاویان هەیـە لــەپیگەیانان و - پەروەردە کردنی نەوەی نویدا پیویستە زیاتر لــەبەر چاو بن و گرنگیان پی بـدری .

سودەکانی کتیبخانە

١- کتیبخانە رەنگ دانەوەی فەلسەفەی پەروەردەیە  لـه بوارەکـانی چالاکی و بەرنامـەی خویندنگا .

٢- خویندکار فـیری وەرگرتـن و نوسـینی راپـورت و گەرانــەوە بـو کتیـب و گوفـار و فەرهەنگ و سەرچاوە دەبیت .

٣- خویندکار فیری تویژینەوە و لیکولینەوەی  زانستی دەبیت ئـارەزووی خویندنـەوەی گەشە دەکات  و زانیاری  پەرەدەسینیت .

٤- گیانی لە خوبووردن و رەوشت بەرزی و هیمنی و هاوکاری لە جەستە جیگیر دەبیت

٥- مەلبەندیکی چاکە بو ماموستاو  خویندکار و ئەنجام دانی چالاکیە زانستیەکان .

٦- فیری خویندنەوەی بیٚ دەنگ دەبیت کە جوریکە لە خویندنەوە بە سوودەکان .

٧- کەسیتی خویندکـار بـەهیز دەبیـت بـروای بـه خـوی دەبیـت بـو وەرگرتنـی زانسـت و زانیاری .

٨- کتیبخانە رولیکی چالاك دەبینیت لە وەرزی روشـنبیری دا بوهـان دان و پیگـەیاندنی خویندکاران .

## گیرو گرفتەکانی کتێبخانەی خوێندنگاکان لە هەرێمی کوردستاندا

١ - نەبوونی شارەزا و پسپور و کادری هونەری لە بـواری ڕیکخستنی کتێبخانـەدا • بـو پـولینی پێویست و ڕیکخستنی کتێبخانە بە شێوازی نوێی جیهانی •

٢ - نـەبوونی ( نشرية )یـەکی گونجـاو بـو پێویسـتیەکانی کتێبخانـە و کرینـی کتێـب و چالاکیسالانە •

٣ - نەبوونی چاپ کراوی نوێ و بەسوود لە کتێبخانە کاندا ئەوەی هەشبیت کتێبەکون و گوڤارەکونەکانی سالانی پیش ڕاپەرینە •

٤ - زوربـەی زوری کتێبخانـەکان کـەل و پەلە پێویستی یـەکانی وەکـو ( دولاب ، میـز ، کورسی ، .... هتد ) تیدا نی یە .

٥ - نـەبونی شـوینی شیاوی کتێبخانـە بـو گرنگـی دان بـەم تەوەرەیــە لــە پروسـەی پەروەردەیی نویدا .

٦ - پشت گوێ خستنی ( هوبەی کتێبخانەکانی خوینگاکان ) لە پەروەردەکاندا .

## پێشنیار بو گەشە کردنی کتێبخانەی خوێندنگاکان

١ - لە کاتی دروست کردن و تازە کردنـەوەی بینـای قوتابخانـە و خوینـدنگاکـان پێویستە شـــوینی گونجاو بو کتێبخانە دیاری بکریت .

٢ - پێویستە هەلمەتی هوشیاری گرنگی کتێبخانـە لـە لایـەن بەریوبــەرو لیژنــەی کتێبخانــەی قوتابخانەوە بایەخی پێ بدریت و پشتگیری بکریت .

٣ - کردنـەوەی خـولی ڕاهینـان دەربـارەی زانستی کتێبخانـە بـو ماموسـتایان و لیپرسـراو کتێبخانە .

٤ - بەمەبەستی بایـەخی زانستی کتێبخانە بو قوناغی دواناوەندی لە خشتەی هەفتەیی دا یـەك وانە بو پولیك وەك چالاکی دابنریت .

٥ - دانانی بودجەیەکی گونجاو لە لایەن وەزارەتی پەروەردە بو ئەم بەشە زور پێویستە

٦ - لیژنـەیـەکی پسـپوری وەزارەتــی پـەروەردە و بـەریوبـەریتی گـەنجینــەکان دابـنـریت بوکریـــن وهـەلبژاردنی ئـەو کتێبانـەی کـە بـو هـەر قونـاغیك لـە قوناغـەکانی خوینـدن پێویستە .

٧ - سەردانی سەرپەرشتیاران چالاکیەکانی کتیبخانەش بگیریتەوە .

٨ - پشتگیری کردنی یاسایی کتیبخانەی گشتگیری ( نظام المکتبة المشاملة )بە پێ ی قوناغ وجوری خویندن زور پیویستە ، لەگەڵ دابینکردنی هوکانی فیرکردنی نوێ لە (مایکروفلیم ،مایکرو ساید ، کومپیوتەر ) ...

٩ - پوختەکردن و بەکار هینانی جێ بەجێ کردنی یاسایی کتیبخانەی قوتابخانەکان ژمارە ٥٤٥ ی سالی ١٩٧٤ ز .

١٠ - دانانی دەرمالەی دیاری کراو ( ٥٠ - ١٠٠ ) بو لیپرسراوی ئەو کتیبخانانەی کە ژمارەی کتیبەکانیان لە هەزارو پینج سەد کتیب زیاترە .

١١ - داوا کردن لە وەزارەتی پەروەردە و روشنبیری هەریمی کوردستان بە یارمەتی دانی کتیبخانەکان بە بەخشینی چەند ژمارەیەکی چاپ کراو لە کتیب و گوڤارو رونامە نویکان

١٢ - وا پیشنیاز دەکەین و ئاواتمانە کە کتیبخانەکان لە( باخچەی ساوایان ) وە دەست پێ بکات تا ئامادەیی و زانکو .

بابەتی شەشەم :                     چاپخانە

(( مێژووی دامەزراندن ))

ڕێکخراوی یونسێف بۆ دەست پێکردنی کارەکانیان و خۆ ئامادە کردن بۆچاپ کردنی کتێب بۆ خوێندنگە سەرەتاییەکان لە ساڵی ( ١٩٩٨ ) دا پرۆژەی فراوان کردنی چاپخانەی زانکۆی دەستە پێ کرد ، دواتر بوو بە پرۆژەی دامەزراندنی چاپخانەیەکی نوێ . زۆر هەوڵ درا بـۆ دابین کردنی شوێنی بینا ، تاکو توا نرا لە تەنیشت چاپخانەی زانکۆوە کە پێشتر ئەو شوێنە ژێـر زەمین بوو، وە دوای ڕەزامەندی سەرۆکی زانکۆ بکرێ بە بینای چاپخانە نوێکە بە مواصفاتی تەواوە وە . لە ئەیلولی هەمان ساڵدا دەست کرا بە کارکردن و لە شوباتی ( ١٩٩٩ ) دا تەواو بوو لە ئازاری هەمان ساڵدا ئامێرەکانی بەشی کۆمپیوتەر گەیشتن کە پێشتر ژوورێکیان لە چاپخانەی زانکۆ بۆ دابین کرا بوو . لە لایەن دوو پسپۆڕی کۆمپانیای ( فـوجی یابانـیە ) وە ئامێردگان دامـەزرا ن، وە ڕاهێنانی فەرمانبەران ئەنجام درا ئەم پسپۆڕانە ماوەی ( ١٠ ) ڕۆژ مانەوە .

ئامێردگان

١ - ئامێری چاپ لە سەر فلیم ﴿ Celi × 4000 ﴾ .

٢ - سکانەر ﴿ Fuji ﴾ ﴿ Anouige 550 ﴾ .

٣ - پرنتەری ڕەنگاو ڕەنگ ﴿ HP 5M ﴾

٤ - پرنتەری ڕەنگاو ڕەنگ ﴿ EPSON 1520 ﴾

٥ - کۆمپیوتەری سیڤەر یەك دانە .

٦ - کۆمپیوتەری ماکنتوش ﴿ G 3 ﴾

٧ - چوار کۆمپیوتەری ﴿ PC ﴾

٨ - کامێرەیەکی ستونی کۆنیکا .

٩ - ﴿ UPS ﴾ ٦٠٠٠ ڤۆڵت ئەمپێر .

١٠ - تۆڕێکی ئیش کردن .

لە ساڵی ﴿١٩٩٩﴾ دا یونسێف بۆ زیاتر ئاسان کردنی کارەکانی و زیاد کردنی شارەزایی لە

بواری چاپ و چاپخانەدا ، هەستان بە مۆرکردنی بەڵێنێك لەگەڵ کۆمپانیای (گرافیۆمی)سویدی بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ مەبەستی دانانی ئەو ئامێرانەی کە دێن بۆ چاپخانە وە ڕاهێنانی کارمەندەکان لە سەریان,لە هاوینی (١٩٩٩) دا کۆمپانیای ناوبراو دەستی کرد بە کارەکانی خۆی بە دامەزراندنی ئەو ئامێرانەی کە لە ڕێگای ڕێکخراوی یونسێفەوە هاتبوون کە بریتین لەم ئامێرانەی خوارەوە.

١- ئامێری ئۆفسێتی هایدلبێرگ ( 727 P ).

٢- چەقۆی پۆلەر (76 EM).

٣- ئامێری شکانەوە (STOHT KC66).

٤- ئامێری کۆکردنەوە بە دەرزی (MULLER 235).

٥- ئامێری کۆکردنەوە بە کەتیرە (MULLERMARTINI).

٦- کەتەری سێ لا (Wohlneberg).

٧- ئامێری تیژ کردنەوەی چەقۆ.

٨- ئامێری کۆپی پلێت.

٩- ئامێری شتنەوەی پلێت.

١٠- ئامێری پێچانەوەی کتێب.

لە ساڵی (٢٠٠٠)دا هەموو ئامێرەکان دامەزرا بوون و ئامادە بوون بۆ تاقیکردنەوە و کارکردن. لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا پسپۆڕێکی تایبەت بە چاپ لە کۆمپانیای گرافیۆمەوە گەیشتە چاپخانەی سلێمانی بەمەبەستی مەشق پێ کردنی کارمەندانی چاپخانە ، بەڵام لەو کاتەدا چاپخانەی سلێمانی هیچ فەرمانبەرێکی دانەمەزراندبوو بۆ بەشی چاپ ، بۆیە بڕیار درا کە کارمەندانی چاپخانەی زانکۆ بچنە ناو خولەکەوە ، وە پاشان فەرمانبەری چاپخانەی سلێمانی لە ڕێگای ئەوانەوە فێر بکرێن ، خولەکەش بۆ ماوەی یەك هەفتە بوو ، زیاتر (نظری) بوو ، لە ئازاری ساڵی (٢٠٠٠) دا پسپۆڕێکی تر لە کۆمپانیای گرافیۆمەوە گەیشتە چاپخانە بۆ فێر کردنی کارمەندانی بەشی چاپ بەشێوەیەکی کرداری بۆ ماوەی دووردرێژ کە زیاتر لە مانگێك بوو . خولەکەش پێك هاتبوو لە هەشت چاپکەر کە چواریان تازە دامەزرابوون و چواریان کارمەندی چاپخانەی زانکۆ بوون. مەشق و ڕاهێنان بەردەوام بوو ، بۆ کارمەندانی بەشی (بڕین، شکاندنەوە،

کۆکردنەوە) تا تەواو بوونی عەقدەکە . لەو ساوە کار بەردەوامە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرهەم زیاترو چاکتر دەبێ .

## بەشەکانی چاپخانە

### یەکەم : بەشی کۆمپیوتەر

ئەم بەشە(٦) شەش کارمەند کاری تێدا دەکات ، سیانیان چاپ دەکەن ، وە سیانیان نیگار دەکێشن . ئەم ئامێرانەی لای خوارەوەشی تێدایە .

١- ئامێری چاپ لە سەر فلیم (4000 CELI )( Fuji).

ئامێرێکی نوێ ی یابانی‌یە ، لە ساڵی (١٩٩٧)دا دروست کراوە . ئامێرێکی پێشکەوتووە بۆ کاری فەرزی ڕەنگەکان بەکار دێت .

٢- ئامێری سکانەر (Fuji 550c) : ئامێرێکی نوێ ی یابانییە کە پێوانەی (٣٥سم - ٤٥سم ) دەتوانێت سکان بکات ، وە بە ووردیەکی زۆر بەرز وێنەی مجسم فلیم نەگەتیف سکان دەکات .

٣- کۆمپیوتەری سێرڤەر : ئامێرێکی سەرەکی بەشی کۆمپیوتەرە کە هەموو کۆمپیوتەرەکان لەڕێگای ئەمەوە پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن . وە هەر لەڕێگای ئەمیشەوە کارەکانیان دەچێت بۆ ئامێری چاپ لە سەر فلیم . خێرایی ئەم کۆمپیوتەرە (400 MHZ)، ڕامیشی ( ١٢٨ میگایە ) و بە ویندۆی 4 5 . NT کار دەکات.

٤- کۆمپیوتەری (G 3): کۆمپیوتەرێکی نوێ ی ماکنتۆشە زیاتر بۆ کاری سکان کردن و مونتاج بە کار دێت .

٥- کۆمپیوتەری ( G 4): کۆمپیوتەرێکی نوێ ی ماکنتۆشە ، لە ئەیلولی (٢٠٠٠ ) دا گەیشتە چاپخانە ، وە کاری چاپکردن و مۆنتاج کردنی پێ دەکرێ .

٦- کۆمپیوتەری ( I M AC ): دوو کۆمپیوتەری بچووکی ماکنتۆش کە بەکار دێت بۆ چاپ کردنی کتێب . لە ئەیلولی ساڵی (٢٠٠٠) دا گەیشتنە چاپخانە .

٧- کۆمپیوتەری (PC) : سێ کۆمپیوتەری (IBM)ەکە نیگار کێشەکان بۆ نیگار کێشان بەکاریان دێنن .

٨- پرنتەر : چوار ئامێری پرنتەرە کە لە ڕێگای تۆڕەوە بەستراون بە کۆمپیوتەرەکانەوە،دوانیان ڕەنگاو ڕەنگ چاپ دەکەن و دوانەکەی تریشیان ڕەش بەتەنیا چاپ دەکەن .

٩- تۆڕی ئیشکردن : هەموو ئامێرەکانی کەلە سەرەوە باس کراون لە ڕێگای ئەم تۆڕەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەن کە پێکهاتووە لە ئامێرێکی هەپی ١٦ کەناڵی .

١٠- UPS : - ئامێرێکی پاراستنی هەموو ئامێرەکانی بەشی کۆمپیوتەرە لە کارەبا بڕین یان زیاد کردنی کارەبا و کەم کردنی ، وە دەتوانێت (٦٠٠٠) ڤۆڵت ئەمپێر بدات .

١١- ئامێری فۆتۆکۆپی .

١٢- ئامێری کامێرای دەستی .

**دووەم : بەشی مونتاج ( تصویر ) : -**

ئەم بەشە چوار کارمەندی چاپخانەی زانکۆ کاری تێدا دەکەن ، وە ئەم بەشە لەم ئامێرانە پێك هاتووە :

١- کامێرەیەکی ئەستونی : - بەکار دێت بۆ وێنە کردنی نووسراوەکان یان کتێب بەلام تاکو ئێستا بەکار نەهاتووە چونکە ئامێری سیلیکس کارەکانی دەکات زۆر بە باشتر .

٢-ئامێری کۆپی پلێت : - ئامێرێکی بەکار هاتووی دەستی دووەمە کە پلێتی ( ٧٠سم × ١٠٠سم ) دەسوتێنێ لە ڕێگەی تیشکی سەرو بنەوشەییەوە .

٣- ئامێری شتنەوەی پلێت : پاش سوتاندنی پلێت لە ڕێگەی ئەم ئامێرەوە دەشوورێتەوە ، پاشان دەچێت بۆ بەشی چاپ . ئەم ئامێرە پلێت دەشواتەوە و صەمغی دەکات و وشکیشی دەکاتەوە .

**سێ یەم : بەشی چاپ : -**

شەش کارمەند وە بە دوو شفتی جیاجیا کاردەکەن لەم بەشەدا . ئەم بەشە پێکهاتووە لە ئامێرێکی ئۆفسێتی دوو ڕەنگ کە دروستکراوی ئەڵمانیای خۆرهەلاتە وە مۆدێلی (72ZP) بەپێوانەی (٥٠سم × ٧٠سم) چاپ دەکات بە دوو ڕەنگ بە جارێ یان دوو دیوی یەك ڕەنگ بە جارێ . ئامێرێکی بە کارهاتووی دەستی دووەمە بەلام لە ڕێگای کۆمپانیاکەی کە لێ ی دروست کراوە تازە کراوەتەوە خێرایی ئامێرەکە (١٢٠٠٠) کتێبە لەکاتژمێرێکدا . کاری ئەم

ئامێرە چاپ کردنە بە یەك ڕەنگ ، بە دوو ڕەنگ و چاپی هەردوو دیوو لە یەك کاتدا :

**چوارەم : بەشی کۆتایی : -**

١- ئامێری بڕین : - دوو کارمەند کار دەکەن لە سەر ئەم ئامێرە کە ئامێرێکی دروستکراوی ئەڵمانییە ، پۆلەرە پانی (٧٦سم) دەبێت ، وە دەستی دووەمە بەکار دێت بۆ بڕینی کاغەز .

٢- ئامێری شکاندنەوە: - سێ کارمەند لە سەر ئامێرە کار دەکەن ، دەتوانێت وەرەقە بنوشتێنێتەوە، بەخێرای نزیکەی (١٥٠٠٠) نسخە لە کاتژمێریکدا ئامێرێکی بە کارهاتووی دەستی دووەمە .

٣- ئامێری کۆکردنەوەی دەرزی : - ئامێرێکی دەستی دووەمە ، کۆمپانیایەکی ئەڵمانی دروستی کردووە کە ناوی (MULLER)ە ، مۆدیلی ٢٣٥ / شەش قۆناغ کۆ دەکاتەوە دەرزی لێدەدات و دەیبڕێ بە خێرایی ١٠٠٠٠ کتێب لە کاتژمێرێکیدا . تا ٨٠ لاپەڕە دەتوانێت کۆ بکاتەوە و دەرزی لێبدات و پاشان ببڕێت .

٤- ئامێری کۆکردنەوە بە کەتیرە : - ئامێرێکی دەستی دووەمە کە لە ئەڵمانیا دروست کراوە ناوی (MULLER ) (MARTTIN )ە (١٢) قۆناغ کۆ دەکاتەوە بە خێرایی (٥٠٠٠) کتێب لە کاتژمێرێکدا .

٥- ئامێری سێ لا : - ئامێرێکی دەستی دووەمی ئەڵمانییە ناوی ( WOHLENBERG)ە بۆ بڕینی سێ لای کتێب بەکار دێت کە بە ئامێری کۆکردنەوەکەوە دەبەسترێت . وە خێراییەکەی ٥٠٠٠ کتێبە لە کاتژمێرێدا .

٦- ئامێری پێچانی کتێب : - ئامێرێکی نوێ یە بۆ بەستی کتێب بە کاردێت بە هۆی شریتی تایبەت پاشان ئەو کتێبە تەواو بوانە ڕەوانەی گەنجینە دەکرێن .

**پێنجەم : گە نجینەکان : -**

١- گەنجینەی یەدەگ : یەدەگی هەموو ئامێرەکانی چاپخانەی تێدایە ، کە هەمووی لە ئامێری کۆمپیوتەردا تۆمار کراون بە ژمارەی گەنجینەی تایبەت بۆ هەر پارچەیەك .

٢- گەنجینەی کاغەزو مەوادی کیمیایی : ئەم گەنجینەیە تایبەتە بەو کەرەستانەی کە ڕۆژانە بە کاردێت وەك کاغەز ، مەرەکەب ، پلێت ، صمغ ٠٠٠٠٠ هتد ٠

## (( ئەو کێشانەی بوونەتە هۆی سستی کارەکان لە چاپخانەدا ))

١- نەبوونی فۆنتی کوردی :- بۆ دابین کردنی فۆنتی کوردی داوامان لە ڕێکخراوی یونسێف کرد ئەوانیش بە سوپاسەوە لە ئەیلولی ساڵی (٢٠٠٠) دا سێ ئامێری کۆمپیوتەری تازەیان بۆ هێنابن لەگەڵ سێ پرۆگرامی نوسین کە تیایدا فۆنتی کوردی بە باشی لەگەڵ ئامێرە تازەکاندا کاری دەکرد بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم کێشەیەمان چارەسەر بوو .

٢- نەبوون و کەمی پێداویستی یەدەگی ئامێرەکان ، کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی بەرهەم هێنان .

٣- ئامادە نەکردنی ئەو کتێبانەی کە پێویستە چاپ بکرێن لە کاتی خۆیدا .

٤- نەبوونی گەنجینەیەکی شیاو و گەورە لەناو چاپخانەدا بۆ خەزن کردنی پێداویستی کارەکان .

٥- نەبوونی دەسەڵات بۆ کارمەندانی کارگێری و هونەری چاپخانە .

٦ -ئەنجامدانی کارەکان بە ڕێگا نائاسایەکانی وەك داوا کردنی ئەنجامدانی کار بەتەلەفۆن یان لە ڕێگای فەرمانبەرێکەوە کە پێویستە بە نوسراوی ڕەسمی بێت .

٧-نەبوونی پاداشتی پێویست بۆ کارمەندان کە ببێتە مایەی دڵخۆشی و هاندانیان .

٨- جیاوازی لە پاداشتی کارمەندان لە نێوان چاپخانەی سلێمانی و هەولێر کە کارمەندانی هەولێر پاداشتی تەواو لە بەرامبەر چاپکردنی کتێبەکان وەردەگرن بەڵام لە سلێمانی دا ئەوە نی یە .

٩- نەبوونی پاسەوان (پۆلیس) بۆ دابین کردنی ئاسایشی چاپخانە و پاراستنی .

١٠- نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ حەوانەوەی کارمەندان .

١١- کێشەی لاوازی تۆڕەکانی ئاو و کارەبا .

١٢- کەم توانایی ئامێرەکانی ئێستا بۆ دابین کردنی چاپکردنی کتێبی پێویست کە ئێستا تەنیا دەتوانرێت بە ڕێژەی (٢٠٪) چاپ بکرێت کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی کتێبی مەنهەجی لای کەم ڕێژەی (٨٠٪) چاپ بکرێت .

## پێشنیارەکان

١-هەوڵدان بۆ دابین کردنی ئامێرێکی ئۆفسێتی چوار ڕەنگ قەوارە ١٠٠ × ٧٠سم لەگەڵ ئامێرێکی شکانەوە کە پانی ٧٦ سم بێت بۆئەوەی بتوانرێ بەرهەم زیاد بکرێ بە ڕێژەی ٨٠٪ تاکو بتوانرێت لە ساڵێکدا نزیکەی ٢/٥ دووملیۆن و نیو کتێب چاپ بکرێت کە ئەو برە پێویستە بۆ خوێندکاران و قوتابیان .

٢- دروست کردنی بینایەکی نوێ و گونجاو شیاو بۆ چاپخانە بە هەموو مواصەفاتیەوە .

٣- دانانی محاویلەیەکی کارەبا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەبوونی کارەبا .

٤- بەخشینی پاداشت بە کارمەندان بەرامبەر بە چاپ کردن و تەواو کردنی هەر کتێبێکی مەنهەجی وەك چاپخانەی هەولێر .

٥- ناردنی تێکڕای ئەو کتێبانەی کە پێویستە چاپ بکرێ بۆ ساڵەکانی خوێندن بە چەند مانگێك پێش تر ، تاکو بتوانرێت لە کاتی خۆیدا چاپ بکرێت . لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێین کە چاپخانەکەمان تاکو ئێستا نزیکەی (٧٥٠٠٠٠) کتێبی بە چاپ گەیاندووە کە زۆربەیان ڕەنگاو ڕەنگن و بە ژمارەی پەڕەی جیاواز ئەمەش لیستی سەرجەم کتێبە چاپکراوەکانە بەم شێوەی خوارەوە .

| ژ | ناوی پەرتۆکەکان | پۆل | ژمارەی لا پەڕە | ژمارەی کتێب | ڕەنگ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | ڕێزمانی کوردی | پێنجەمی سەرەتایی | ٦٤ | ٥٤٠٠٠ | ڕەش |
| ٢- | پەروەردەی نیشتمانی | شەشەمی سەرەتایی | ٤٨ | ٣٦٠٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |
| ٣- | پەروەردەی نیشتمانی | پێنجەمی سەرەتایی | ٤٩ | ٥٤٠٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |
| ٤- | قواعد اللغة العربية | شەشەمی سەرەتایی | ٨٠ | ٣٦٠٠٠ | ڕەش |
| ٥- | كتاب اللغة العربية | پێنجەمی سەرەتایی | ٨٠ | ٥٤٠٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |
| ٦- | مێژووی کۆن | پێنجەمی سەرەتایی | ٦٤ | ٥٤٠٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |
| ٧- | ئەلفبێ کوردی | یەکەم سەرەتایی | ٦٢ | ٧٠٠٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |
| ٨- | مێژووی هاوچەرخ | شەشەمی سەرەتایی | ٧٢ | ٧٠٠٠٠ | ڕەش |
| ٩- | سەرەتای جوگرافیای گشتی | پێنجەمی سەرەتایی | ٥٦ | ٦٤٠٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |
| ١٠- | جوگرافیای عێراق | شەشەمی سەرەتایی | ٦٤ | ٥٠٠٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |
| ١١- | پەروەردەی نیشتمانی | چوارەمی سەرەتایی | ٥٦ | ٦٠٠٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |
| ١٢- | بیرکاری | یەکەمی سەرەتایی | ١٨٠ | ٧٥٠٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |
| ١٣- | ڕێنمایەکانی هاتوچۆ | هاوبەشە | ٣٢ | ٢٥٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |
| ١٤- | بیرکاری | دووەمی سەرەتایی | ١٧٦ | ٦٥٠٠٠ | ڕەنگاو ڕەنگ |

## بابەتی حەوتەم : باخچەی قوتابخانەکان

## پێناسەی باخچە

ئەو هونەرەیە کە دەکۆڵێتەوە لە گۆڕینی پارچە زەوی یەك بۆ شێوەیەکی زیندووی دیار لەو ڕووەکانەی کە تێدایە لە درەخت و نەمام و گوڵ و گوڵزار بەشێوەیەك کە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت .

## مێژووی باخچەکان

ساڵی ۱۹۶۱ /۱۹۶۲ بڕیاری وەزاری دەرچوو دەربارەی بایەخدان بە جوانی قوتابخانە .

ساڵی ۱۹۶۳/۱۹٦٤ چاودێری کشتوکاڵی دانرا بۆ ئەو مەبەستە لە بەڕێوەبەرێتی معارفی ئەو سەردەمە ساڵی ۱۹٦٤/۱۹٦٥ وەجبەی دەرچوانی ئامادەیی کشتوکاڵی کران بە مامۆستا بۆ ووتنەوەی وانەی کشتوکاڵ و سەرپەرشتی کردنی باخچەی قوتابخانە .

ساڵی ۱۹۷٥ /۱۹۷٦ بەشی تایبەت کرایەوە بە ناوی بەشی باخچەی قوتابخانە .

**ئەو قوتابخانە و خوێنگایانەی باخچەی قوتابخانەکان دەیان گرێتەوە .**

۱- سلێمانی ۲۰۱ قوتابخانە و خوێندنگا .

۲- کەرکوك ۳۰ قوتابخانە و خوێندنگا .

۳- هەولێر ۱۸ قوتابخانە و خوێندنگا .

## گرنگی باخچە

لەدێر زەمانەوە مرۆڤ خولیای باخچە و جوانی وسروشت بووە باخچە هەڵواسراوەکانی بابل زیندوترین گۆیای داوای گرنگی باخچە و جوانین . لە کوردستانیشدا بەرپاکردنی هەڵمەتی ناشتنی نەمام و سەوز کردن و ڕازاندنەوەی باخچە و سروشت وجوانی کە بەڕێز مام جلال فەرمانی پێدا لە گرنگی و ئەهمیەتی باخچەو جوانی یەوە سەرچاوەی گرتوە .

## گرنگی باخچەی قوتابخانەکانیش لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ

۱- لە ڕووی تەندروستی یەوە : - پاککردنەوەی کەش و هەوای قوتابخانەو ڕاگرتنی پاك و خاوێنی و پارێزگاری کردنی ژینگە .

۲- ڕاهێنانی قوتابیان بۆ کاری هەرەوەزی و بە تایبەت کارە کشتوکاڵی یەکان .

۳- ئاشنابوونی قوتابیان بە جۆرەکانی ڕووەك .

٤- بەرزکردنەوەی ئاستی جوانی و ڕازاندنەوە بە بەشداری قوتابیان .

٥- دیمەنی جوان و ڕازاوەی قوتابخانە ، کاری دەروونی دەکاتە سەر مامۆستایان و قوتابیان کە بەشێوەیەکی دڵخۆش و کراوە ڕووی تێ بکەن .

٦- خولقاندنی ئارەزووی قوتابیان بۆ کاری کشتوکاڵی و چۆنیەتی ڕێزگرتن لەکار .

٧- جێ ی پشوودان و حەوانەوەی قوتابیان و ڕەوان کردنی وانەکانیان .

## کارو چالاکی باخچەکان

١- بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی فەرمانی بەڕێز مام جلال بۆ چەسپاندنی هەڵمەتی ناشتنی نەمام (١٦٠٠٠) هەزار نەمامی جۆراو جۆر دابەش کراوە بە هاوکاری ڕێکخراوەکان .

١- دابین کردنی شەتڵ

٢- دابین کردنی کەل و پەلی کشتوکاڵی

٣- هەوڵدان بۆ دابین کردنی باخەوان

٤- سەرپەرشتی کردن و بە دواداچونی کاری باخچەی قوتابخانەو خوێندنگاکان

٥- هەڵسەنگاندنی ئاستی باخچەکان ساڵانە

٦- کردنەوەی دوو پێشنگای گوڵ

## کێشەو گرفتەکان

١- کەمی ئاو بە گشتی لە قوتابخانە و خوێندگاکان و بەشەکاندا

٢- نەبوونی باخەوان بۆ نزیکەی (٥٣) قوتابخانە و خوێندنگا

٣- کەمی شارەزایی باخەوانەکان لە کارەکانیاندا

٤- کەمی کەل و پەلی کشتوکاڵی •

٥- نەبونی بەیتی گونجاو بۆ زیاد کردنی ڕووەکی ناو ئینجانە •

٦- نەبوونی ئینجانەی تازە بۆ پەروەردە کردنی ڕووەك و دابەش کردنی •

٧- نەبوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا •

٨- نەبوونی بودجەی ساڵانە بۆ بەشی باخچەی قەتابخانەکان

٩- نەبوونی مامۆستای کشتوکاڵی شارەزاو کارامە •

١٠- ئاگـادارنەكردنەوەی بەشـی باخچـەی قوتابخانـەكان لـە كـاتی دروسـت كـردن و تەعمیركردنی بینا بۆ دانانی نەخشەی گونجاو بۆ باخچەكان •

١١- نەبونی ئامێری هاتووچۆ بۆ ڕاپەراندنی كارەكان•

## پێشنیارەكـان

١- دابین كردنی ئاو بە هەڵكەندنی بیر یان دابین كردنی تەنكەری ئاو .

٢- دابین كردنی باخەوان و خەرج كردنی دەرماڵەی باخەوانی بۆیان .

٣- كردنەوەی خولی كشتوكاڵی و ڕاهێنانی تایبەت بە باخچە بۆ مامۆستایان و كارمـەندان و باخەوان و خەرج كردنی دەرماڵەی باخەوان .

٤- دابین كردنی كەل و پەلی كشتوكاڵی .

٥- دروست كردنی (بەیتی) گونجاو ئینجانەی بە تاڵ و ڕووەكی سەرچاوە بـۆ بـەخێو كـردن وزیاد كردن و دابەش كردنیان بە سەر قوتابخانە و خوێندنگاكان دا وە دابین كردنی تـۆوی گوڵی هەمە جۆرو تازەی تایبەت بە باخچەكان .

٦- دانانی بودجەی ساڵانە .

٧- دامەزراندنی مامۆستایانی پسپۆڕی كشتوكاڵی .

٨- ئاگادار كردنەوەی بەشی باخچەی قوتابخانەكان و خوێندنگاكان لە كاتی دروست كردنـدا یان تعمیر كردنەوەی بینا بۆ ئەوەی نوێنەری باخچـەكان بەشـدار بێـت لـە دروسـت كردنـی باخچەكەدا بە شێوەیەكی گونجاو مۆدێرن لەگەڵ بینای قوتابخانەكەدا .

٩- هـەوڵدان بـۆ پـەیوەندی كردنـی بـەردەوام لەگـەڵ ڕێكخراوەكـان ( یونسـێف و یونسـكۆ و فـاو)بـۆ هاوكـاری كردنیـان لەگـەڵ بەشـی باخچـەی قوتابخانـەكاندا و دابـین كردنـی كـەم و كوریەكان .

١٠- دابین كردنی پێداویستی كردنەوەی پێشانگای گوڵ ساڵانە .

١١- كردنەوەی بەشی باخچەی قوتابخانەو خوێندنگا لە دیوانی وەزارەت و پەروەردەكان .

## بابەتی هەشتەم : -     تاقیگەکان

### مێژووی دامەزراندن

لە ساڵی ١٩٧٢ دا و لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی سادە دامەزرا ، دواتر ساڵ بە ساڵ گەشەی کرد و بەرەو پێش چوو ئێستا لە زۆربەی خوێندنگاکاندا تاقی گەکانی فیزیاو کیمیا وزیندەوەرزانی دەوری بەرزی خۆیان دبینن لە وانە کرداریەکاندا بۆخوێندکاران هەروەها تاقیگەی زمانی ئینگلیزی کە لە هەندێ شوێنا دامەزراوە.

### گرنگی تاقیگەکان

تاقیگە لە سەرتا سەری دنیا و لە بوارە جیاجیاکاندا کاریگەری بنەڕەتی خۆی هەیە و فاکتەرێکی بەهێزە بۆ پێش خستنی ئاستە زانستی و پرۆسە ئەزموونیەکان و کارەستراتیژەیە گرنگەکانی گەلانی دوونیا ، هەروەها گرنگی و ئەهمیەتی خۆی هەیە لە خوێندنگاکانیش دا چونکە خوێندکار لە ڕێگای ئەو تاقیگا یانەوە بە هاوکاری مامۆستاکەی وانەی کرداری دەخوێنێ و بەکردار تاقی کردنەوەکان ئەنجام دەداو دەسەلمێنێ کە ئەمە دەبێتە هۆی .

چاکتر چەسپاندنی تاقی کردنەوەکان لە مێشکی داو پەرەسەندنی تواناکانی لە وەرگرتنی وانەکاندا ، لە ڕێگەی ئەو ئامێرو مادانەی لە تاقیگەدا بەکار دەهێنرێت خوێنکار ڕاستەو خۆ لەگەڵ مامۆستادا گفتوگۆ لە سەر تاقی کردنەوەکان دەکا و بەچاوی خۆی ڕاستیەکان دەبینێ و دەسلمێنێ ، تاقیگە لە زانکۆ دادوەرێکی باڵا ترو بە بەهاو بایەخ تر دەبینێ زۆربەی زانایانی دوونیا بەشی هەرە زۆری کاتیان لە تاقی گەکاندا دەبە نە سەر تا ئەو ڕادەیەی دەوترێ کە زانای بەناوبانگ ( ئەدیسۆن ) لە ناو تاقی گەکەیدا و لە ئەنجامی کار کردن کۆچی دوایی کردووە .

### ﴿ گرفت و کێشەکانی تاقی گەکان ﴾

**١- کێشەی بەشەکان : -**

١- نەبوونی بینای تایبەت کە شیاو گونجاو بێت بۆ تاقیگە لەبەشی تاقیگەکان .

٢- نەبوونی جل و بەرگ و دەست کێش و کەمامەی تایبەت بۆ کاتی دابەش کردنی ماددە کمیاییەکان بە سەر خوێندنگاکاندا .

٣- نەبوونی وەرشەیەکی تایبەت لە بەشەکاندا بۆ چاککردنەوەی ئەو ئامێرانەی لە کار دەکەون .

٤- نەبوونی کارەبا لە بەشەکاندابۆ تاقی کردنەوەیان و چاککردنەوەیان .

ب - کێشەی تاقیگەکان : -

١- نەبوونی ژووری تاقیگە یان هۆڵی تاقیگە لە هەندێ خوێندنگا دا کە دەبێتە هۆی ڕێگا گرتن بۆ کردنەوەی تاقیگە .

٢- نەبوونی یاریدەدەری تاقیگە لە زۆربەی خوێندنگاکاندا ، تەنانەت ئەو شوێنانەی یاریدەدەری تاقیگەیان هەیە بەکارێکی ترەوە ئالودە دەبێ و کاری تاقیگەکان پشت گوێ دەخات .

٣- زۆربەی تاقیگەی خوێندنگاکان پێویستیان بە پێداویستی زۆر هەیە لە ئامێرو ماددەکانی تاقیگە .

٤- کەم و کورپەکی زۆر لە تاقیگەدا هەیە وەك (دۆلاب ، مێز ، ستۆڵ، دەست شۆر ، پەردە ، بتڵی غاز ) .

٥- نەبوونی خولی تایبەت بۆ مامۆستایان .

٦- نەبوونی کارەباو ئامێری پێویست .

## پێشنیارەکان

١- نوێ کردنەوەی بینای بەشی تاقیگەکان بەشێوەیەکی گونجاو شیاو کە بکرێ ماددە جۆراوجۆرەکانی تیا بپارێزرێت .

٢- دابین کردنی دۆلاب و پێداویستی بۆ تاقیگەکان وە شوێنی تایبەت بۆ ماددە کیمیاوی یەکان .

٣- دابین کردنی جل و بەرگی تایبەت وەك ( دەستکێش ، کەمامە ، صدریە ) و پێداویستی تر بۆ پاراستنی فەرمانبەران لە مەترسی سوتان و ژەهراوی بوون .

٤- دامەزراندنی وەرشەیەك بۆ چاك کردنەوەی ئەو ئامێرانەی کەلە کار دەکەون و ئیدامە کردنی ئامێرەکانی تر .

٥- دابین کردنی ئاوو کارەبای پێویست بۆ بەشەکانی تاقی گەکان .

٦- دروست كردنی تاقی گەیەكی نمونەیی لە هەریەك لە شارە گەورەكانی كوردستاندا بۆ كردنەوەی خولی تایبەت بۆ مامۆستایان و ئاشنا بونیان بەو ئامێرو ئالە تەتازەو سەردەمانەی كە لە دنیادا بڵاو بوونەتەوە .

٧- لە كاتی دروست كردنی بینای نوێدا پێویستە رای بەشی تاقی گەكان وەربگیرێت بۆ چۆنیەتی دروست كردنی تاقی گە بەپێ ی مەرجەكان .

٨- كەم نەكردنەوەی ژووری تاقی گەكان لەسێ ژوورە وە بۆ دووژوور یان لە دوو ژوورەوە بۆ ژوورێك كە دەبێتە هۆی كەم كردنەوەی گرنگی تاقی گەكان و بەبێ بەش كردنی خوێندكاران لێیان .

٩- دابین كردنی یاریدەدەری تاقیگە بۆ تێكرای خوێندنگاكان .

١٠- كردنەوەی تاقیگەی تازە لە تێكرای خوێندنگاكان .

بابەتی نۆیەم : -                    کارگەی دارتاشی

ئاوڕێکی مێژوویی

ئەم کارگەیە لە ڕۆژی دامەزراندنی یەوە بەناوی وەرشەی زانیاری یەوە بووە چونکە لە بینای ناوەندی زانیاری دا بووە ، وێڕای ڕاهێنانی خوێندکاران لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٨) دەست بەکاربووە بۆ دروست کردنی ڕەحلە بۆ قوتابخانەو خوێندنگاکانی پارێزگای سلێمانی تاکو دوای ڕاپەڕین لە ساڵی (١٩٩٥) بە فەرمانی کارگێڕی پەروەردەی سلێمانی ژمارە (٤١٧٠٩) ناونراوە بە کارگەی دارتاشی پەروەردە . ئێستا لە ئەرکە گرنگەکانی ئەم کارگەیە دابین کردن و دروست کردنی پێداویستی یە بۆ خوێندنگاکان و قوتابخانەکان لە سەر وویانەوە ڕەحلە .

کورتەی کارەکانی کارگە

١- دروست کردنی (٢٤٠) کورسی خوێندن .

٢- دروست کردنی(٢٠٠) ستولی تاقیگە.

٣- دروست کردنی (٨١٣٠) رحلە.

٤- دروست کردنی(٥٩)مێزی جۆراوجۆر

٥- دروست کردنی(٣٢)منصەی هۆڵی فێرکردن.

٦- دروست کردنی (١١١) تەختە ڕەش .

٧- دروست کردنی (٦٤٥) پێش مێزی مامۆستایان .

٨- دروست کردنی (١٦) کەوانتەری زەوی گەورە .

٩- دروست کردنی (١٨) کەوانتەری هەڵواسراو .

١٠- چاککردنی (٢١٨) تەختە ڕەش .

١١- چاککردنی (١٥٠) رحلەی شکاو .

١٢- چاککردنی چەندەهای مێزو کورسی و دۆڵاب و پێداویستی .

١٣- چاککردنی چەندەها ڕەحلەی خوێندنگەو قوتابخانەکان ، تێکڕای کۆی داهاتەکەی دەکاتە نزیکەی (٧٤٤٥١) دینار .

**کارەکانی کارگە لە چوارچێوەی بڕیاری (٩٨٦)**

| ژمارەی ڕەحلەی دروست کراو | ساڵی دروست کراو | ناوی ڕێکخراو |
|---|---|---|
| ١- ١٣٧٩٠ ڕەحلە | ١٩٩٨ | یونسکۆ |
| ٢- ٥٦٩٠ ڕەحلە | ١٩٩٩ | یونسکۆ |
| ٣- ٥٥٠٠ ڕەحلە | ٢٠٠٠ | یونسکۆ |
| ٤- ١٢٥٣٥ ڕەحلە | ٢٠٠١/٢٠٠٠ | یونسێف |
| ٥- ٢٧٦٦ ڕەحلە | ٢٠٠١ | یونسێف |
| ٦- ٥٠٠٠ ڕەحلە | ٢٠٠١ | کۆمپانیای ئادەمی ئەهلی |
| ٧- ١٥٠٠٠ ڕەحلە | ٢٠٠١ | |

سەرجەمی داهاتی ئەو کارانەی سەرەوە ٩٨٢٥٦١ + ٧٤٤٥١ = ١٠٥٧٠١٢

کۆی گشتی داهاتی کارگە ملیۆنێك و پەنجاو حەوت هەزارو دوانزە دینار .

**شێوەی کارکردنی کارگە**

جۆری کارکردن لەم کارگەیەدا بە شێوەی پرۆژە پیشەسازیەکان یان بەشێوەی بەڵێندەرایەتی ئەنجام دەدرێت .

لەکاتی دروست کردنی ڕەحلەدا لەبەر نەبوونی جێگاو کەمی کارمەند و زۆری کارەکان ناچار دەبن پەنا بەرنە بەر :-

١- هاوکاریی ئامادەیی پیشەسازی بەکرە جۆ بۆ دروست کردنی بەشی ئاسنی ڕەحلەکان .

٢- بەکار هێنانی وەستاو کارمەندی دەرەوە( ئەهلی ) .

٣- بە هەردوو کارگەی دارتاشی و وەرشەی پیشەسازی نزیکەی (٧٥) کارمەند کاری تێدا دەکات کە زۆربەی کارمەندی دەرەوەن .

٤- لە کاتی دروست کردنی ڕەحلەدا کار کردن تا (١٢)ی شەو بەردەوامە .

**ئامێرەکانی کارگە**

ئامێری کارگەکە کۆن و کەمن ناتوانن وەك پێویست کارەکانیان پێ جێبەجێ بکرێت تاوەکو مانگی (٩/٢٠٠٠) چوار ئامێری بۆ هاتووە لە سەر بڕیاری (٩٨٦) لە لایەن یونسکۆ وە سەرەڕای ئەوەش توانراوە تا ڕادەیەك کەمی ڕەحلە کەم بکاتەوە وە ئەم کارگەیە تەنیا

کارگەیە     لە هەرێمی کوردستاندا کە دەتوانێت نزیکەی (٥٠٠٠) رەحلە لە مانگێکدا بەرهەم بهێنێت .

## کێشەو گرفتەکان

١- نەبوونی بینایەکی گەورەو گونجاو بۆ کاری کارگەی دارتاشی .

٢- نەبوونی ئامێرو مەکینەی پێویست .

٣- کەمی ئاوو لە کارگە دا بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا .

٤- نەبوونی کارەبای بەردەوام .

٥- نەبوونی کارمەندی شارەزاو کارامە .

٦- نەبوونی ستافێکی ئیداری و دارایی .

## پێشنیارەکان

١- دروست کردنی بینایەکی گەورەو گونجاو کە جێگای هەردوو بەشی دارتاشی و ئاسنگەری ببێتەوە .

٢- دابین کردنی ئامێرو مەکینەی تەواوی دارتاشی و ئاسنگەری .

٣- دابین کردنی لۆریەك لەگەڵ پیکابێکی دەبڵ یان تاك بۆ راپەڕاندنی کارەکان .

٤- دابین کردنی کەرەستەی خۆ پاراستن لە مەترسی .

٥- دابین کردنی جل و بەرگی تایبەت و پێڵاو بۆ کارمەدان .

٦- دابین کردنی کەوادری هونەری کارامە وەك ( دارتاشی ، ئەمین مخزن ، مشغل موەلیدە ، ئاسنگەر ... هتد )

٧- کردنەوەی خولی تایبەت بۆ شارەزا بوونی کارمەندان .

٨- دابین کردنی نەخشەو کەتەلۆگی تایبەت بە پێداویستی قوتابخانەو خوێندنگاکانی وولاتانی تر لەگەڵ دەست خستنی سەرچاوەکانی زانیاری دارتاشی و ئاسنگەری .

٩- دامەزراندنی یەکەیەکی ئیداری و دارایی .

١٠- دابین کردنی ئامێرو و پێداویستیە مەکتەبیەکان بە تایبەتی (طابعة – استنساخ – رۆنیۆ – کۆمپیوتەر ) .

١١- ئیفاد کردنی کارمەندان بۆ دەردوەی هەرێم بەمەبەستی شارەزایی و بە ئاگابوون لە سەر پێشکەوتنە پیشەسازی یەکانی هاوچەرخ دا .

## بابەتی دەیەم : - فرۆشگای خوێندنگاکان و خولەکانی بەهێزکردن

### گرنگی ئەو بەشە

فرۆشگای خوێندنگاکان گرنگی خۆی هەیە لەپرۆسەی پەروەردەدا چونکە یەکێکە لە و بوارانەی کە دڵی قوتابی و خوێندکاری پێخۆشە و ئەو ماوەیەش قوتابی برسی دەبێت و پێویستی بە جۆرێك لە خواردن هەیە کە فرۆشگا ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆو ئەوجۆرە خواردنانە دابین دەکات. هەر وەك چۆن دەبێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ قوتابخانەو پەروەردەو وەزارەتیش کە دواتر خەرج دەکرێتەوە بۆ تێکڕای بواره پەروەردەییەکان وەك((کتێبخانە - کرینی قرطاسیة - چالاکی وەرزشی و هونەری - بەشی خانووبەرەو.... هتد )) بۆیە پێویستە ئەو بەشە لە وئاستەدا نەمێنێتەوەو گرنگی پێ بدرێت و زیاتر کارا بکرێ و بەرەو پێش ببرێ .

**هەروەها خولەکانی بەهێزکردنیش گرنگی خۆیان هەیە لە کاتی پشووی هاوینەدا وەك:**

١- کاتی خوێندکاران بە فیرۆ ناڕوا .

٢- لە قوتابخانە دانابڕێن و ساردنابنەوە .

٣- دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی زانستیان و دەرچوونیان لەو وانانەی تێدا کەوتوون

٤- خوێندکار بە بەخشینی بڕێك پارە هەستی ئەوەی لا دروست دەبێت کەپێ بزانێت حکومەت بە درێژایی ساڵ پێداویستیەکانی خوێندنی بۆ دابین دەکات بەبێ بەرامبەر پێویستە قەدریان بزانێت .

٥- دروست بوونی گیانی بەشداری و هاوکاری لای قوتابی بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە بەخشینی کەمێك پارە لە بەرامبەر مانگێك خوێندن لەم خولەدا .

### شێوەی ئیش کردن

وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی فرۆشگاو خولەکانی پوختەو چاپ کردو دابەشی کرد بەسەر پەروەردەکاندا کە بەپێی ئەو ڕێنماییانە ساڵانە لیژنەیەکی باڵا لە وەزارەت و لیژنەیەکی فەرعی لە پەروەردەکاندا پێك دێت بۆ سەرپەرشتی و چاودێری کاری فرۆشگاو خولەکان هەروەها بەپێی ئەو ڕێنماییانە فرۆشگاکان بە دوو شێوە بە کرێ دەدرێن شێوەی بەڵێن نامە ، شێوەی هەرەوەزی

یەکەمیان : - لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتەوە ساڵانە لە هەموو خوێندنگاو قوتابخانەکاندا بە بەکرێ دانی ئاشکراو بەشێوەی زیاد کردن دەدرێت بەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت کرێ کەی لێ وەردەگیرێ و لە (٦٠٪) بۆ قوتابخانە و (٢٠٪) بۆ پەروەردەو لە (٢٠٪) کەی تر بۆ وەزارەت

## لایەنە چاکەکانی ئەم شێوە بەکرێ دانە

١- قوتابخانە بەر پرسیار نیە لە خەسارەت .

٢- ماموّستاو کارمەندو قوتابی مەشغوڵ نابن بە فرۆشگاوە .

٣- چاکتر لیژنەی حانووت دەتوانێت محاسبەی بەڵێندەر بکات لە سەر کەم وکوڕی .

٤- لەبەر ئەوەی بەڵێندەر تەرخانە بۆ ئەم کارەو بۆ سوودی خۆی شتی چاك و پاك و خاوێن ئامادە دەکات .

## لایەنە خراپەکان

١- کەسێکی نامۆ دێتە ناو قوتابخانەو زۆر جار کێشەو گرفت دروست دەکات .

٢- زۆرجار لەبەر ئەوەی دوای نیوەی ساڵ کەمتر قازانج دەکات یان هەر نایکات وەجبەی دووەمی کرێ نادات .

٣- چونکە کارمەندی ناو قوتابخانە نیە بۆ بەرژەوەندی خۆی دڵی بە قوتابیەکان ناسووتێ و لە وانەیە گەر نامسؤل بێت شتی خراپ بێنێت و قوتابیان تووشی زیان و نەخۆشی بکات

دووەمیان : - شێوەی هەرەوەزی پێك دێت لە بەشداری کردنی خوێندکارانی ئارەزوو مەند بەکڕینی بەش وە ماموّستایان لەگەڵ خوێندکاران بە هاوکاری فرۆشگا بەڕێوە دەبەن و لە کۆتاییدا قازانج بەش دەکرێت بەسەر خوێندکارانی بەشدار بوو هەر کەس بەپێ ی بەشەکەی خۆی ، بەشەکەشی بۆ دەگەڕێتەوە بە پێ ی ئەو پسوڵەی کە لەکاتی بەخشین دا وەری گرتووە .

## لایەنە خراپەکان

١- قوتابی و قوتابخانە لە کاتی زەرەردا بەشدارن .

٢- کەسێك تایبەت نی یە خەم و مشووری بخوات و زۆر جار تووشی کێشەو وون بوون و نەمان و زەرەر دەبن .

٣- مامۆستا و کارمەندو قوتابی مەشغوڵ دەبن .

٤- ڕەنگە بەمەبەستی قازانجی زیاتر شتی خراپ و بەگران بفرۆشێت .

٥- لیژنەی حانووت وەك پێویست پرسینەوەی نابێت .

٦- زۆرجار دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە لە سەر دابەش کردنی قازانج .

٧- قازانجی وەك پێویست دیاری ناکرێ و پەروەردە و وەزارەت بێ بەش دەبن لە قازانج .

## پێشنیارەکان

١- کردنەوەی خولی مۆسیقا و شێوەکار و شانۆ و بابەتەکانی تر.

٢- کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر و ئامێرە سەردەم و هاوچەرخەکان.

٣- کردنەوەی خولی زمانە بیانیەکان .

٤- دابین کردنی شوێنی پێویست و تایبەت بۆ فرۆشتن بە هەموو مەرجێکەوە .

٥- سەردانی فرۆشگاو پرسینەوە لە کەم و کوریەکان لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە بە تایبەت سەرپەرشتیاری کارگێری .

٦- بەڵێندەرەکان چەند مەرجێکی تایبەتیان بۆ دابنرێت و پابەند بن پێیانەوە.

٧- دابین کردنی شتی چاك بە نرخی کەم .

٨- کەم کردنەوەی فرۆشگا هەرەوەزیەکان لەبەر هەندێ هۆی نەگونجاو .

٩- کارا کردنی لیژنەی حانوت و لێپرسینەوەی .

١٠- جێ بەجێ کردنی تێکڕای ڕێنمایەکان .

بابەتی یانزە : -        ڕابەرایەتی پەروەردەیی

مەبەست لە ڕابەرایەتی پەیوەندی نێوان دوو کەسە یەکەم یارمەتی پێش کەش دەکا و ئەوی تر هەوڵی وەرگرتنی زانیاری و ڕاوێژدەداو داوای یارمەتی دەکات ٠ یەکەم رابەرە ((مرشد)) دووەم خوێندکارە کە داوای یارمەتی و ڕاوێژ دەکات ٠ گرنگی ڕابەرایەتی پەروەردەیی تەنیا دیاری کردنی کێشەکان نیە بەڵکو یارمەتی خوێندکارە بۆ چارەسەری کێشەکان بە باشترین ڕێگا ٠ بۆیە «ئەرثەر جونس» دەڵی ڕابەرایەتی پەروەردەیی کردارێکی فێرکردنە کە ڕابەر هەوڵ دەدات چارسەری کێشەی خوێندکار بکات بە باشترین ڕێگە ٠

## سەرهەڵدانی ڕابەرایەتی پەروەردەیی

سەرهەڵدانی ڕابەرایەتی پەروەردەیی لەچوارچێوە زانستیەکەی ئێستایدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست کاتێك کە کۆمەڵێك لە زانایان لێبران بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاستی توانای خوێندکاران و هۆکانی دواکەوتنیان ٠

## مەبەستە بنەڕەتیەکانی ڕابەرایەتی

مەبەست لە ڕابەرایەتی پەروەردەیی تەنیا پێشکەش کردنی ئامۆژگاری و چارەسەرەکان نیە بەڵکو هاوکاری خوێندکارە وڕێنمایی کردنیەتی بۆ گەیشتن بە چارەسەرەکان بۆ خۆی ، تاکو ڕابێت خۆی بەرەنگاری کێشە و گرفتەکانی خۆی ببێتەوە

## گرنگی ڕابەرایەتی پەروەردەیی

ڕابەرایەتی پەروەردەیی هەوڵی دروست کردنی مرۆڤێکی پێشکەوتوو کارامە و بەتوانا دەدات کە بتوانێ زاڵ بێت بەسەر کێشە و گرفتەکاندا ، چونکە نهێنی پێشکەوتنی شارستانیەتەکان لە ڕووی زانست و تەکنەلۆجیاوە دەگەڕێتەوە بۆ هێزە مرۆییە زانا و ڕۆشنبیرو ژیار و بەتواناو چالاکەکان ، سەروەت و بوونی وولاتان کەڵکی نیە کە هێزە مرۆیە کارامە و بەتواناکان بە کاری نەهێنن بۆ بەرژەوەندی گشتی وولات ٠ بۆیە ئەم بابەتە بۆتە جێگەی سەرنجی دنیا و لە جیهاندا پەیرەو دەکرێ ٠

**بنەماکانی ڕابەرایەتی پەروەردەیی**

**١- بنەما فەلسەفەییەکان** : - ڕابەرایەتی پەروەردەیی ڕوو دەکاتە تاکەکان و هەوڵی جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانیان دەدات لە چوار چێوەی کۆمەڵدا دیارە ئامانجە پەروەردەییە هەمە جۆرەکانیش لە چوار چێوەی ئامانجەکانی کۆمەڵ دەرناچن •

**٢- بنەما دەروونیەکان : - گرنگترینیان** : -

١- پێویستە ڕابەری پەروەردەیی گرنگی بە تایبەتمەندی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ویژدانی خوێندکاران بدا لە تێکڕای قۆناغەکانی تەمەندا •

٢- پێویستە لە سەر ڕابەری پەروەردەیی گرنگی بدات بە جیاوازی تاکەکان لە ڕووی تەمەن و قۆناغی خوێندن و توانا و ئارەزوویانەوە •

٣- پێویستە لەسەر ڕابەری پەروەردەیی دەرك بە یاسای گەشەکردن و کاریگەریەکەی بکات کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریەکانی خوێندکار •

٤- پێویستە ڕابەری پەروەردەی گرنگی بدات بە لایەنە کەسایەتیەکانی خوێندکار بە تێکڕایی نەك لایەك ببێتە جێگەی گرنگی پێدانی و لایەنێکیش پشت گوێ بخات •

٥- پێویستە ڕابەری پەروەردەیی گرنگی تەواو بدات بە هێنانە دی ویست و ئارەزووەکانی‌خوێندکار چونکە جێ بەجێ کردنی ویستی خوێندکاران مەبەستی سەرەکی ڕابەرایەتی پەروەردەییە •

٦- پێویستە ڕابەری پەروەردەیی هەوڵ بدات بە کرداری فێرکردن و ئاراستە کردن و ڕاست کردنەوەی خوێندکار بەرەو هەڵوێستە سەرکەوتوەکانی ژیان ببات •

٧- پێویستە ڕابەری پەروەردەیی زەمینەیەکی دەروونی گونجاو و پەیوەندیەکی پتە و لەسەر بناغەی بڕوا بوون بەیەکتر و ڕێزگرتن بنیات بنێت •

**٣-بنەما پەروەردەیەکان** : -

کردارە پەروەردەییەکان و ڕفتارە ڕابەریەتیەکان دوولایەنی تەواو کەری یەکترن بۆ بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ لەناو خوێندنگە و لەدەرەوەی خوێندنگەدا•

**٤- بنەما کۆمەڵایەتیەکان** : -

لەبەر ئەوەی خوێندکارەکان گەنجی ئەمڕۆ و پیاوی دوا ڕۆژ و فەرماندەی داهاتوون وە لەبەر ئەوەی خوێندنگە کۆمەڵگەیەکی بچوکە پێویستە پەیوەندی نێوان خوێندکاران و

ڕابەری پەروەردەیی لەسەر بناغەی ڕێزگرتن و خۆشەویستی و ڕاهێنانی خوێندکاران بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان بنیات بنرێ .

## جۆرەکانی ڕابەڕایەتی

**١-ڕابەڕیەتی تاکە کەسی :** -ئەم جۆرە تاجی کرداره ڕابەریەکانە وە بەردی بناغەی چالاکیەیەکانە کە لە نێوان ڕابەرو ڕابەرکراودا ڕوو دەدات .

**٢-ڕابەڕایەتی کۆمەڵ :** - ئەم جۆره ڕابەرایەتی و ڕێنمایی کۆمەڵێکە کە کێشەکانیان وەك یەك بێت وەکو ڕابەرایەتی پۆلێك لە پۆلەکان .

### بەراوردێك لە نێوان ڕابەرایەتی فەردی و کۆمەڵ

| ڕابەرایەتی فەردی | ڕابەرایەتی کۆمەڵ |
|---|---|
| ١- دانیشتنەکان کورت دەبن . | ١- دانیشتنەکان درێژدەبن لەبەرزۆری ژمارەکان |
| ٢- چارەسەری کێشە تایبەتیەکان دەکرێ | ٢- چارەسەری کێشە دەرونیە گشتیەکان دەکرێ |
| ٣- گرنکی پەیوەندی لەنێوان ڕابەروڕابەر | ٣- گرنکی هێزی ڕابەڕایەتی لەگەڵ کۆمەڵێکە کراو دایە . |
| ٤- ڕۆڵی ڕابەر ئاسان و سوکە . | ٤ - بەکار هێانی تەوەرەکانی شی کردنەوەو تەوەرە ڕەوشتیەکان قورس و گرانە . |

### ڕەوشتەکانی ڕابەری پەروەردەیی

١- پاراستنی ئەو زانیاریانەی لە سەر خوێندکار کۆی دەکاتەوە .

٢- هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لە کارەکەیدا .

٣- ووردبێت لە نووسینی ڕاپۆرتەکانیدا .

٤- لە سەر ئاستی زانستی و پیشەیی کار بکات .

٥- دەرك بەوە بکات کە ڕابەرایەتی لە بنەڕەتدا کردارێکی فێرکاریی یە .

٦- خوێندکار فێر بکات هەست بە دۆزینەوەی خۆی بکات .

٧- لە کێشەی خوێندکار زۆر بەوردی و سەرتاسەری بکۆلێتەوە .

٨- پەیوەندی لەگەڵ خوێندکارا تەنیا لە چوارچێوەی پیشەکەیدا بێت .

٩- تێکرای توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ چارەسەری کێشەکان .

## ڕۆڵی ڕابەر لە کردارە پەروەردەییەکاندا .

١- ڕابەریەتی تەنیا ئامۆژگاری نی یە بەڵکو ئاراستە کردنە بەرەو چارەسەری کێشەکە بە خوێندکار خۆی .

٢- ڕابەریەتی لە چوار چێوەی کێشەدا نامێنێتەوە بەڵکو خوێندکار ڕابهێنرێ بۆ بڕیاردانی گونجاو لەکاتی پێویستدا .

٣- ڕابەرایەتی کرداری گەشەکردنی تواناکانە بەرەو چارەسەری کێشەکان لای خوێندکار .

### ڕابەرایەتی پەروەردەیی لە قۆناغی سەرەتاییدا

### ڕێنماییە ڕابەرایەتیەکانی قۆناغی سەرەتایی لە پۆلدا بریتین لە

ا/ دابەش کردنی قوتابیەکان لە پۆلدا وە دابەش کردنی کارەکان بە سەریاندا لەگەڵ دابین کردنی هۆیەکانی فێرکردن .

ب/ پێشکەش کردنی زانیاری تایبەت بە قوتابیە زیرەکەکان وە هەروەها لاوازەکان وە ئەوانەی کەم و کورتی یان هەیە لە ڕووی جەستەو کۆمەڵایەتیەوە .

ج/ چارەسەری دواکەوتووەکان بە هاندانی هاوڕێ کانیان بۆ هاوکاریان .

د/ ڕێگەدانی تەواو بە قوتابی تاکو بتوانێ تەعبیر لە خۆی بکات .

هـ/ گوێ گرتنی تەواو لە قوتابی لە کاتی دەربڕینی ویست و ئارەزووەکاندا .

و/ دابین کردنی پێداویستی تەواو بۆ قوتابی تابتوانێ ڕادەی تێ گەیشتنی خۆی دیاری بکات .

ز/ دابین کردنی پێداویستی تەواو بۆ داهێنان و سەرکردایەتی .

ح/ دابین کردنی هەڵبژاردنی کارە دڵخۆشەکان بۆ قوتابیان .

ی/ دابین کردنی پاك و خاوێنی و ڕازاندنەوەی قوتابخانە .

گ/ ڕێك خستنی کارەکان لە پۆلدا تا یارمەتی قوتابی بدات لە هەست کردن بۆ ڕێك خستنی کارەکان .

### ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە ڕابەرایەتی پەروەردەییدا

١- دانانی ڕابەری پەروەردەیی .

٢- هاندانی مامۆستایان بۆ هاوکاری کردنی ڕابەری پەروەردەیی .

٣- هاندانی قوتابیان بۆ سەردانی ڕابەری پەروەردەیی بەمەبەستی چارەسەری کێشەکانیان

٤- هاوكاری ڕابەری پەروەردەیی دەكات بۆ دانانی پلانی ساڵانە .

٥- لەگەڵ ڕابەری پەروەردەیی چاودێری قوتابیە دواكەوتووەكان دەكات بەمەبەستی بەرزكردنەوەی ئاستی زانستیان .

٦- هاندانی قوتابیە سەركەوتووەكان بە بەخشینی پاداشت و هدیە .

٧- چاودێری جێبەجێ كردنی پلانی ساڵانەی پەروەردەیی دەكات .

٨- ڕاپۆرتەكانی ڕابەری پەروەردەیی بەووردی دەخوێنێتەوە .

٩- كار ئاسانی دەكات بۆ ڕابەری پەروەردەیی لەگەڵ قوتابیەكان سەردانی شوێنە گشتیەكان بكات .

١٠- ڕابەری پەروەردەیی بەكاری لاوەكی یەوە نابەستێتەوە .

١١- بەشداری دەكات لەگەڵ ڕابەری پەروەردەیی بۆ دیاری كردنی دیاردەكانی قوتابیان .

١٢- ژوورێكی تایبەت بۆ ڕابەری پەروەردەیی دابین دەكات تاكو بتوانێ كارەكانی بە ڕێك و پێكی ئەنجام بدات .

## ئەركەكانی ڕابەری پەروەردەیی

١- هاوكاری لەگەڵ بەڕێوبەرێتی قوتابخانەدا .

٢- دروست كردنی پەیوەندی لە سەر بناغەی ڕێزی بەرامبەر .

٣- گرنگی دان بە هەست و نەست وویستی قوتابیان .

٤- بەشداری لە ڕێكخستنی كۆبونەوەی باوكان دا .

٥- ڕێكخستنی تۆمارگە تایبەتیەكانی ڕابەرایەتی پەروەردەیی و فۆڕمەكان .

٦- سەردانی خێزانی قوتابیەكان بۆ كۆ كردنەوەی زانیارەیە تایبەتیەكان .

## پێشنیارەکان

١- زیندو کردنەوەی ڕابەرایەتی پەروەردەیی لە تێکڕای قوتابخانەکان و خوێندنگەکاندا .

٢- دانانی ڕابەری پەروەردەی بۆ هەموو پۆلەکان .

٣- دابین کردنی تێکڕای پێداویستی و ئامێرەکان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسەیە .

٤- سازکردنی کۆڕو سیمینارلەم بابەتە وگرنگی پێدانی کەنالەکانی ڕاگەیاندن بەڕابەرایەتی پەروەردەیی .

٥- چاپ کردنی تۆمارگە و فۆرمە پێویستەکان بۆ ئەم پرۆسەیە .

بابەتی دوانزە : کارگێری و دارایی

## پێناسەی کارگێری

بریتیە لە رێکخستنی توانا مرۆیی و ماددییەکان و ئاراستە کردن و رێنمایی یان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان . ئەم زانستە هەر لە کۆنەوە هەبووە بەلام وەك زانستێکی سەربەخۆ ، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم گرنگی پێ نەدرابوو .

## گرنگی کارگێری

گرنگی کارگێری لەوەدایە کەلە هەر شوێنێك کارێکی بە کۆمەڵ هەبێت ئەوا پێویستە کارگێریەکی کارامەو شارەزا هەبێت و بە هۆی ئیداراوە دەتوانرێت وزە و توانا مادی و بەشەرەیەکان باشتر بەکار بهێنرێت و رێنمایی یە دەستووری و یاسادانانیەکان پەیوەندیەکی پتەویان بە ئیدارەوە هەیە چونکە ئیدارە دەیەوێت بەپێ ی یاسا پێداویستیەکانی تاك و کۆمەڵ و دامەزراوەکان دابین بکات و تواناکان بخاتە گەڕ لە پێناو دابین کردنی ژیانێکی هاوچەرخ بۆ هاولاتیان . بە کورتی هیچ چالاکییەك بەبێ ئیدارە سەرکەوتوو نابێت .

## جۆرەکانی کارگێری

### ا/ بیرۆکراسی : -

واتە دەسەلاتی نووسینگەیی « بیرۆ ، نووسینگە ، کراس ، دەسەلات » ئەم جۆرە کارگێرییە بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کاتێك بزووتنەوەی پیشەسازی بە تەواوی پەرەی سەند پەیدابوو لە لایەن « ماکس فیبر » ەوە کاتێ بینی تاکە کە کەسێك ناتوانێ سەرپەرشتی چەندان کار بکات لە یەك کاتدا بۆئەمەش سوودی لە شارەزایی لە بواری سەربازی دا وەرگرت و پێی وابوو کە ئیدارەی سەربازی دەتوانرێت لە هەموو بوارەکانی تریشدا بەکار بهێنرێت .

### ب/ کارگێری زانستی : -

لە لایەن « فردریك تایلور » سالی (١٩٠٠) داهێنرا بەمەبەستی کەم کردنەوەی تێچوونی یەکە بەرهەمهێنەکان و جەختی لە سەر ئەم دوو خالە دەکردەوە : -

١- توانا فیزیاییەکانی مرۆڤ .

٢- سوودە ماددییەکان کە دەبێت لەگەڵ ماندوو بوونەکەدا گونجاو بێت .

**گرنگترین ئەرکەکانی ئیدارە : -**

١- نەخشەکێشان بەمەبەستی ڕەنگرێژی بۆ پاشە ڕۆژو ئاراستە کردنی بەرەو ئامانجەکان .

٢- دابین کردنی سەرچاوە مرۆیی و ماددییەکان و دەست نیشان کردنی لێپرسراوییەتی بەپێی پلانێکی دارێژراو .

٣- ئامادە کردن و هاندانی تاکەکان بەشێوەیەك کە بە ئاسانی بگەنە ئەنجامە خوازراوەکان

٤- دروست کردنی پەیوەندیەکی پتەو تۆکمە لە نێوان سەرجەم کارمەندەکاندا کە وەك تاکە کۆمەڵێك جم و جۆڵەکانیان ئەنجام بدەن .

٥- هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان بەمەبەستی باشتر کردنی کرداری کارگێری .

**کارگێری پەروەردەیی**

دام و دەزگا پەروەردەییەکان کەڵکێکی زۆریان لە زانستی ئیدارە وەرگرتووە چونکە ئیدارەی پەروەردەیی ، تیۆرەکانی ئەم زانستە لە بواری پەروەردەدا جێ بەجێ دەکەن بەڵام جیاوازیەك کە هەبێت لەوەدایە کە پەروەردە خۆی لە بنەڕەتدا دەیەوێت گۆڕانکاری لە هەڵس وکەوتی خێرخوازاندا بهێنێتەدی هەر لەبەر ئەوەش ڕێکخستنی دام ودەزگا پەروەردەییەکان لە دام و دەزگاکانی تر جیاوازە ئەرکی سەرشانی ئیدارەی پەروەردەیی ئەوەیە هەوڵی نوێ کردنەوەی ئامانجەکانی دەزگا پەروەردەییەکان بدات لە پێناو ڕەخساندنی باشترین بارودۆخ بۆ بەدیهێنانیان .

**دیاردە بنەڕەتیەکانی دام و دەزگا پەروەردەیی یەکان**

١- دەزگا پەروەردەیی یەکان پێویستیان بە ئیدارەیەکی دینامیکی وا هەیە بەپێی بارودۆخەکان خۆی بگۆڕێت و نابێت لە یەك چەق دا بوەستێ و نەتوانێ ئامانجەکانی کۆمەڵ بەدی بهێنێت .

٢- دەرەنجامەکانی دەزگا پەروەردەیی یەکان بەوردی نیشان ناکرێن بە هۆی زۆری ئەو هۆکارانەی کە بەرهەم و ئەنجامەکان دەگۆڕن بۆیە لە سەر ئیدارەی پەروەردەیی پێویستە شێوە ئیدارەی یەکان وا بەکار بهێنێت کە بتوانێت سەرجەم گۆرانکارییەکان دیراسە بکات و جێ بەجێ یان بکات .

٣- پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە پشت بە هاوکاری نێوان تاك و کۆمەڵگا دەبەستێت جا لەوەدا تووشی بەربەرەکانێ دەبێت پێویستە لەوە بە ئاگابێت .

٤- ئیدارەی پەروەردەیی کاریگەری دەوروبەرو نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی لە سەرە وەك رۆشنبیری باوکان و دایکان رای کۆمەڵ بەرامبەر بە خوێندنگا و رۆڵی ئەو دامەزراوانە بەوەش ئەرکی ئیدارە زۆر تر دەبێت .

٥- ئیدارەی پەروەردەیی دەبێت هەمیشە ئاگاداری شتە نوێکان بێت لە بواری پەروەردەدا وبزانێت لەو بوارەدا چی تازە داهێنراوە ئەوەتا کۆمپیوتەر بە تەواوی هاتۆتە ناو فێرکردنەوەو بۆتە یەکێك لە پێداویستیەکانی فێرکردن لەم سەردەمەدا .

**بوارەکانی ئیدارەی پەروەردەیی :**

١- **نەخشەکێشان :** - یەکێکە لە گرنگترین کاری ئیدارەی پەروەردەیی واتە دەست نیشان کردنی دوا رۆژ تا بەو پێیە کارو چالاکیەکانی جێ بەجێ بکات ... ئاستەکانی نەخشەکێشانیش ئەمانەن : -

ا/ **ئاستی بالا :** واتا لە سەر ئاستی دەوڵەت کە سەرچاوەکەی بریتیە لە ﴿ سیاسەتی گشتی دەوڵەت ، پێداویستی تاکەکان ، پێداویستی کۆمەڵگا ، بۆ چوونە نوێکان لە بواری پەروەردەدا و ئەنجامی توێژینەوەو دیراسەکان ﴾ .

ب/ **ئاستی ناوەند :** دیارە ئامانجەکانی ئەم ئاستە هەر لە ئامانجەکانی ئاستی بالا هەڵئەقوڵێن و نەخشەکێشان لەم ئاستەدا ئەم بوارانە دەگرێتەوە :

- توێژینەوەی تایبەتمەندییەکانی ژینگەی سروشتی ناوچەیی .
- توێژینەوەی ژینگەی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی ناوچەیی .

٢- **جێ بەجێ کردن :** -

واتە ئەو چالاکیانەی کە لە سەرجەم بوارەکاندا پەیرەو دەکرێن بەمەبەستی هێنانەدی سەرجەم ئامانجە کان .

٣- **هەڵسەنگاندن :** -

ئاشکرایە کە ئیدارەی پەروەردەیی بەبێ هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون ناتوانێت دڵنیا بێت لەوەی ئاخۆ بڕیارەکانی وایان کردووە کە یاسای پەروەردە ئامانجەکانی بێنێتەدی یان نا ، پێویستە لەم بوارەدا چەندان زانیاری پێویست کۆ بکاتەوە .

## جیاوازی نێوان ئیداری و پێشەنگ ( القائد )

### کارگێری پەروەردەیی

١- یاسای پەیرەو دەپارێزێت لەگەڵ گۆڕانکاریەکی کەم .

٢- کارە ڕۆتینیەکان ئەنجام ئەدات .

٣- گرنگی بە ڕێك و پێکی کارەکان لە کاتی خۆیدا ئەدات .

٤- دەیەوێت بەرەنگاری گرفتە هەنووکیەکان ببێتەوەو بەزوویی چارەسەریان بکات .

٥- گرنگی بە نەخشەکێشانی کورت خایەند دەدات .

### پێشەنگی پەروەردەیی

١- هەوڵی گۆڕانکاری دەدات بەنیازی گەشە کردن و باشتر کردنی .

٢- هەمیشە بیر لە نوێکاریەکان و شتە تازە داهێنراوەکان لە بواری پەروەردە دا دەکاتەوە .

٣- گرنگی بە کارامەیی کارمەندەکان دەدات لە نێو دامەزراوەکەیدا .

٤- لە گرفتەکان دەکۆڵێتەوەو چارەسەری بنەبڕیان بۆ دەدۆزێتەوە تا جارێکی تر دووبارە نەبنەوە .

٥- گرنگی بە نەخشەکێشان بۆ ماوەیەکی زۆر خایەن دەدات .

### تایبەتمەندیەکانی پێشەنگی پەروەردەیی

١- توانای تەواوی بەکار هێنانی کاتی هەیە و نرخی کات دەزانێت .

٢- توانای دارشتنی ئامانجە پەروەردەیی یەکانی هەیە و کاتی پێویستیان بۆدادەنێت و خۆی لە ڕۆتین دا نوقوم ناکات .

٣- توانای دەست نیشان کردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی هەیە .

٤- گرنگی بەشتە بە بایەخەکان دەدات و بڕیاری گونجاویان بۆ ئەدات .

٥- توانای گونجانی لەگەڵ خەڵکانی تردا هەیە .

### جۆرەکانی پێشەنگیەتی پەروەردەیی

١- **پێشەنگی ئۆتۆکراتی :-** هەموو دەسەڵاتەکان دەخاتە بەر دەستی خۆی و نایەوێت کەس بەرەنگاری ببێتەوە .

٢- **پێشەنگەی دیموکراتی :** - خۆی بەیەکێك لەتیپەکەی ئەزانێ و گوێ لە ڕاو بۆ چوونی کەسانی تر دەگرێت بەڕێزەوە سەیریان دەکات و سیاسەتی بەخۆدا چوونەوە پەیرەو دەکات .

٣- **پێشەنگی ئینتهازی :** - هەمیشە هەلەکان بۆ سوودی خۆی دەقۆزێتەوە ئەم جۆرە پێشەنگانە توانای بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکانیان نیە و پشت بەوانەی لە سەروی خۆیانەوە دەبەستن .

٤- **پێشەنگی بەرەڵلا :** - زیاد لە پێویست دیموکراتیەت بەکار ئەهێنێت و خۆی دوورە پەرێز دەوەستێتەوە توانای هەلگرتنی لێپرسراویەتی نیە .

**وەرگرتنی بڕیار**

کاکڵەو پوختەی پرۆسەی ئیدارە ، وەرگرتنی بڕیارە وەك هۆکارێکی هاوبەش لە ﴿ نێوان ڕێکخستن ، نەخشەکێشان ، ئاراستە کردن ، بەدواداچوون دا ﴾ وەك لەم هێڵکارییەدا دیارە



## ﴿گەشەکردنی ئیداری﴾

ئەگەر بمانەویت گەشە کـردن لـە دەزگای ئیـداری بهێنینـەدی ئـەوا پێویسـتە گرنگی بـە دابین کردنی ئەم کارامەیی یانەی خوارەوە بدەین : -

١- **کارامەیی هونەری :** واتا باش تێگەیشتنی کارو پوختە کردنی .

٢- **کارامەیی مروڤی :** واتە گیانی هاوکاری لە نیوان تیپەکەدا دروست بکات .

٣- **کارامەیی تێگەیشتن :** هەموو وەزیفەکان پەیوەستن بەیەکەوە جا لەبەر ئەوەی ئەبێت هەماهەنگی تەواو لە نیوان هەموو لایەنەکانی کارەکەدا هەبێت و هـەموان بـەرەو یـەك ئامانج ئاراستە بکرین .

## ﴿ریکخستن و پەیکەرەکان﴾

**مەبەست لە ریکخستن :** ئاراستە کردن ، هاندان ، هەماهەنگ ، بەدواداچوون هەلسەنگاندنە ئەمەی خوارەوە شیوەیەکی هیلکاری پەیکەری ریکخستنە .




**سەرچاوەکانی دەسەلات :**

**سەرچاوەی رەسمی .**

**رازی بوونی کادیرە پلە دووەکان .**

**دەسەلاتی شەخسی .**

## ﴿ داهێنان له بواری ئیدارەدا ﴾

**ئیدا رە :** هونەرە ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی مرۆڤە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکاندا .

**داهێنان :** هێنانەکایەی شتی وا کە لە پێشدا نەبووە و بە تێڕوانینێکی نوێوە سەیری شتەکان بکرێت و پەیوەندی نێوانیان بەدەر بخرێت .

**هەروەك ئەڵێن :** پێویستی دایکی داهێنانە ( الحاجە ام الاختراع ) واتە پێویستی وا لە مرۆڤ دەکات داهێنان لە بوارە جیاجیاکاندا بکات .

## ﴿ ڕەگەزەکانی داهێنان ﴾

ا/ نەخشەکێشانی ستراتیژی و بیر کردنەوە .

ب/ بە دەنگەوە چوونی کارمەندانی دامەزراوە کە و جێ بەجێ کردنی داخوازییەکانیان کەوا بزانن دامەزراوە کە ماڵی خۆیانە .

## ﴿ تایبە تمەندییەکانی داهێنەران ﴾

ا/ سەربەخۆی تاکە کەسی و خۆ نەبەستنەوە .

ب/ توانای بەرگری گرفتەکان .

ج/ ئازایەتی وسڵ نەکردنەوە لە دەربڕینی ڕاو بۆ چوونەکان .

و/ دووربینی و زوو بڕیار دان .

ه/ متمانە بەخۆ بوون .

## ﴿ ڕێگرەکانی بەردەم داهێنانەکانی ئیداری ﴾

بەربەرەکانی لایەنە بالا دەستەکان لە گۆڕانکارییەکان .

پابەند بوون بە پەیڕەوو ڕێنماییەکان بە شێوەیەکی کوێرانە .

نەبوونی متمانە بە خۆ بوون لای هەندێ بەڕێوەبەر .

نەبوونی قیاداتی کارامە و لێهاتوو .

باری ئابووری نەگونجاو .

## ﴿ دیاردەکانی ئیدارەی دواکەوتوو ﴾

١- **هەڵاوسانی ئیداری :** لە ئەنجامی دروستکردنی سەر لە نوێ ی وەزاردت و دامەزراوی تازە کە لە واقیعدا پێویست نین .

٢- شەلاوسانی وەزیفی : لە ئەنجامی دامەزراندنی چەندان فەرمانبەر کە ئیدارە پێویستی بەو ژمارە زۆرە نییە .

٣- ڕۆتین : واتە کۆسپ خستنە ڕێ ی جێبەجێ کردنی کارەکان .

٤- نەبوونی مروونەت و نەرمی نەنواندن و پابەند بوون بە تەعلیمات .

٥- وەستان دژی نوێخوازییەکان .

٦- دابەش کردنی ناعادیلانەی پۆستەکان واتە بە پێچەوانەوەی بنەمای « پیاوی شیاو بۆ شوێنی شیاو » .

٧- ئارەزووی سەرف کردنی خۆرایی و تازەرووری وەك « دیکۆر ، کەلو پەل ، هۆیەکانی گواستنەوەی گران بەها .. »

٨- نەبوونی هەست بە لێپرسینەوە و کەمتەر خەمی .

٩- بوونی گەندلی ئیداری وەك : بەرتیل ، گوتلە بازی ..

**دارایی - ژمێریاری : گرنگی ژمێریاری و پێناسەی تیۆری ژمێریاری**

ئەرکی سەرەکی ژمێریاری ئەوەیە کە زانیارییە دارییەکان بگەیەنێتە ئەوانەی کە پێویستیان پێیەتی بە شێوەیەکی دوور لە لایەنگری و حوکمی شەخسی تا بریاری گونجاو یان لە بارەوە بدرێ . کەواتە ژمێریاری لە یەك کاتدا زانستە و هونەریشە و پرۆگرامێکی زانیاری یەکە لە سەر چەند بنەمایەکی دیاریکراو بونیاتنراوە و لەگەڵ تیۆرەکانی زانستە سروشتی یەکان هەماهەنگە و لەبەر ئەوەش کە پشت بە یاسای تۆمارکردنی دوو لایەنە دەبەستێت دەبێتە هونەر .

مێژووی ژمێریاری زۆر کۆنە و کۆنترین نووسین دەربارەی تۆماری دوو لایەنە ( القید المزدوج ) لە لایەن زانای بیرکاری ( باشلیو ) لە ساڵی (١٤٩٤ز) داهێنراوە ، ئەو یاسایەی ئێستا زۆر لە وەوە نزیکە چەند لایەنێکی پیشەیی هەوڵیان دا کە تیۆرێکی زانستی پشت بە ستوو بە چەند مەرجێکی هەڵبژێردراو دابنێن بەلام بە هۆی گۆرانکارییە هەمەلایەنەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و یاسایی و پێداویستیەکانی کۆمەڵ نەتوانرا لە سەر ئە[illegible]ەمایانە رێك بکەون .

## گەشە کردنی ژمێریاری

ژمێریاری بە شێکە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان کە لە سەر بنەمای تاقیکردنەوەو ئایدۆلۆجی بونیاد نراوە و لەگەڵ زانستیە سروشتیەکان جیاوازە کەلە سەربنەمای تاقیکردنەوەو شی کردنەوەو دەرەنجام وەرگرتن دامەزراون وەك کیمیا ...

ئامانجەکانی ژمێریاری لە ئەنجامی گەشە کردنی باری ئابووری پێشکەوتن و فراوان بوون لە خزمەتی تاکە کەسەوە گوێزرانەوە بۆ خزمەتی لێپرسراوانی بواری کارگێری و پاشان کۆمەڵ بە گشتی . زانیارییە داراییەکان لە چەند بابەتێکی باری دارایی پێك دێن و سەرچاوە داراییە گان دەخەنە رووتا بەو هۆیە وە بتوانرێت بڕی تێچوون و کاتی گونجاو بۆ وەرگرتنی بریارێکی دارایی دەربکرێت .

دیارە جیاوازی نێوان دەوڵەتان و هەمە جۆری یاساکان وای کردووە کە نەتوانرێت یەك بنەما بۆ هەموو ژمێریاریەکان دابنرێت بەڵام ئەم جیاوازییە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت چەند پێوانەیەك بۆ ژمێریاری جیهانی دابنرێت کە واتە دەتوانین بڵێین کە ئامانجی سەرەکی ژمێریاری ئەوەیە کە کۆششەکان لەگەڵ دەستکەوتەکان بەراود بکرێن مەبەست لە ژمێریاری دابینکردنی چەند زانیاریەکی گونجاوە بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە دەبنە هۆی چاکتر کردنی باری کۆمەڵایەتی .

**سروشتی ژمێریاری :**

ژمێریاری شێوازێکە بۆ تۆمارکردنی مێژووی ئابووری یەکەیەکی بەرهەم هێنەر لە ماوەیەکی دیاری کراودا دوایی زانیاریەکان ئەداتە بەرپرسانی ئیدارەی یەکە کەتا بتوانن نەخشەی گونجاو بکێشین و بڕیاری گونجاو دەربکەن .

کەواتە ژمێریاری جۆرێکە لە جۆرەکانی گەیاندن و مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە لەبەر ئەوە پێویستە چاودێریەکی توکمەی بخرێتە سەر لە ڕێی یاساونیزام و تەعلیماتەکان سەرەڕای بوونی چەند ڕێنمایی یەکی یاسایی کە لایەنە پیشەییەکان دەری دەکات.

پرۆسەی دابەش کردنی داهاتەکان پرۆسەیەکی ئابوورییەو پێویستە ڕەچاوی هێنانەدی ئاسۆیی لە و دابەشکردنەدا بکرێت چونکە هەمیشە داهاتەکان لە چالاکییە ئابوورییەکان کەمترن .

**ڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی ژمێریاری**

١- **ڕێگای تێچوونی مێژوویی :** - واتە تێچوونی شتەکە ئەمەش شتێکی بابەتیە چونکە پشت بە شتێکی دیارو بەردەست دەبەستێت کە ئەوەش یان لیستی کڕین یان پسووڵەی کڕینەکەیە هەمیشە دەتوانرێت ئیسپات بکرێت .

٢- **ڕێگای گۆڕانکاری لە هێزی کڕیندا :** - ئەم ڕێگایە پشت بە گۆڕانکاری ژمارەکانی ناو بوودجە و قازانج و زەرەر دەبەستێت کە لە سەر نامەیەکی ئاماری کۆ کرابنەوە لەمەش دا ژمارەی پێوانەیی لە چەند مێژوویەکی دیار کراودا وەردەگیرێت .

٣- **ڕێگای نرخی هەبوو :** - ئیداری داوا لە ژمێریار ئەکات کە چەند زانیارییەکی بەسوودی دەربارەی دارایی پێ بدات بە نیازی ڕێکخستنی قازانجەکان و ئاشکرا کردنی گرفتەکان و ووتو وێژ لە سەریان .

**داهاتەکان و خەرجییەکان**

**داهاتە کان**

**پێنا سەی:** بریتی یە لە هەموو ئەو شتانەی کە دامەزراوەکە دەستی ئەکەوێت چ پارە چ هەر شتێکی تر کە بتوانێت پێوانە بکرێت . سروشتی داهات لە ناووخۆ وەیان لە دەرەوە هەڵدەقووڵێت .

**خەرجیەکان**

بریتین لە وپارانەی کە سەرف دەکرێن بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزاریەکان بە نیازی سوودی پاشە ڕۆژیان .

**تاییە تمەندییەکانی زانیارییە ژمێرياريەکان :**

تیۆرەکانی ژمێریاری کە کەڵکی زۆریان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕاپۆرت و بەیانات بەکار ئەهێنن بەوەی کە چەندان زانیاریيان پێشکەش ئەکات بۆ دەرکردنی بڕیاری دیاریکراو .

١- دەبێت ئەو زانیارییانە بتوانن پاشە ڕۆژ لێك بدەنەوە .

٢- تەواو ڕاست و دروست بن .

٣- بتوانرێت لەگەڵ چەند زانیارییەکی تر بەراورد بکرێن .

لەم ڕوانگەوە یاسا دانەری عێراقی لە بواری ژمێریاری دا گرنگی یاسا دانانی لەم خاڵانەی خوارەوە دا دیاری کردووە :

یەکەم : یەکخستنی زاراوەکان .

دووەم : ڕێك کردنی جۆرەکانی ژمێریاریەکان .

سێهەم : دەستنیشان کردنی نموونەی تۆمارە ژمێریاریەکان کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ژمێریاری لە فەرمانگەکانی دەوڵەت لەم بوارانەدا :

ا/ بواری کارگێری .

ب/ بواری ووردبینی .

ج/ بواری ڕێکخستن .

چوارەم : ڕێك کردنی جۆری پسوولەکان ( المستندات ) .

پێنجەم : دەسەلاتە داراییەکان .

## یاسای بنەماکانی ژمێریاری گشتی

هەر لە ساڵی (١٩٤٠) ەوە دەوڵەتی عێراقی یاسای ژمێریاری ژمارە (٢٨) ی ساڵی (١٩٤٠) پەیڕەو دەکات ، هەر چەند ئەو یاسایە هەوڵێکی زۆری داوە کە سەرجەم تەعلیماتە ژمێریاری و داراییەکانی گشت فەرمانگەکان یەك بخات و ئیتر فەرمانبەری ژمێریاری پێویستی بە هیچ شتێکی تر نەبێت بەلام لە زۆر لایەنەوە ڕەخنەی لێ گیراوە کە چی تا ئێستا هیچ گۆڕانکاریەکی ئەو توێ بەسەر دانەهاتوە ئەو بنەمایانەی کەلە دامەزراوە ناحکومیەکان پەیڕەو دەکرێت زۆر پێشکەوتووترن کە دەبوو ئێستا چەندان تەعدیلاتی دارایی و ژمێریاری بەسەر ئەو یاسایانە بهاتایە . لەگەڵ ئەمانەشدا هەموویان دەتوانرێت بوترێت کە یاسای ژمێریاری گشتی (٢٨) (١٩٤٠) زانیارییەکی باشی بۆ ئەوانەی کەلە بواری ژمێریاریدا کار دەکەن ، **پێشکەش کردوە :**

١- پێناسەیەکی ڕوونی جۆرەکانی ژمێریاری حکومی کردووە و سروشتی هەر کامێکیانی دەستنیشان کردووە .

٢- بنەمایەکی هێناوەتە کایەوە کە دەتوانرێت بەسەر هەموو معامەلاتەکانی ژمێریاری حکومی تەتبیق بکرێت .

٣- بنەمایەکی گشتی بۆ دەسەلاتە داراییەکانی فەرمانبەرانی بواری خەرج کردن داناوە .

٤- نموونەی چەند تۆمارێکی ژمێریاری و فۆرمی تایبەتی دیاری کردووە .

٥- دەستنیشانی شێوەی ئەو فۆڕمانەی کردووە کە لە وەرگرتن و خەرج کردندا بەکاردێن.

**بنەماکانی یاسای بوودجە**

بەپێی لێکدانەوەی بوودجەی گشتی کەلە بڕگەی دووەمی یاسای ژمێریاری گشتی باس کراوە دەگەینە ئەم ئەنجامانە .

١- پێویستە بوودجەی گشتی دەوڵەت بەپێی یاسا دەربکرێت .

٢- یاسای بوودجەی گشتی بۆ ماوەی سالێکی دارایی دەخایەنێت دوای ئەوەی کە ئیداراتی دەوڵەت تەخمینەکان لەڕێی وەزارەتی داراییەوە پێشکەش دەکەن بەداهات و خەرجیەوە هەر یەکێك لەمانەش بە بەش و بڕگەوە دیاریکراوە .

**کاریگەری بوودجەی گشتی لە رێکخستنی ژمێریاری دەوڵەت**

١- داخوا خەزێنەی دەوڵەت چەند سەرف دەکات لەهەر بوارێکدا .

٢- داخوا هەر یەکێك لە ئیدارەکانی دەوڵەت چەند سەرف ئەکات لە بوارە جیاجیاکاندا .

٣- داخوا خزێنە چەندی دەست ئەکەوێت لە داهاتەکان لە سەرچاوە جیاجیاکانەوە .

٤- تا چەند دەکرێت دەسەلاتی دارایی بدرێتە فەرمانبەرانی فەرمانگە جیا جیاکان .

٥- ئاسان کردنی کاری تەخمینی بوودجەی سالانی داهاتوو .

**سەرف کردنی بوودجە پاش بڕیار لە سەردانی لەم خالانەدا ئە نجام دەدرێت :**

**ا/ بوودجەی تە خمینکراو .**

**ب/ بەدواداچوونی جێ بە جێ کردنی بوودجە :**

**١- بنەماکانی جێبەجێ کردن .**

**٢- تەعلیماتەکانی تەنفیزی بوودجە .**

**ج/ پەیکەری دارایی دەزگای ژمێریاری دەوڵەت .**

دوای توێژینەوەی بوودجە دەتوانین خەزێنە بکەینە دوو بەشی سەرەکی :

**بەشی یەکەم : گە نجینە سەرەکییەکان :**

بەڕێوەبەرێتی ژمێریاری گشتی ، بەڕێوەبەرێتی گەنجینەی مەرکەزی ، بەڕێوەبەرێتیەکانی گەنجینەی پارێزگاکان .

**بەشی دووەم : گە نجینە فەرعییەکان :**

بەڕێوەبەری دارایی قەزاکان ، سندووقی ناحیەکان ، سندووقی نوێنەرێتی یەکانی عیراق لەدەرەوە فەرمانگەی خاوەن ژمێریاری تایبەتی .

بوونی گەنجینە دائەنریت بە نیشدانەوەی بنەمای یەك بوودجە چونکە بەهوی ئەوەوە پروسەی جێ بەجێ کردنی ئەو بنەمایە دەکریت .

بەپیی ئەرکەکانی هەریەك لەبەشەکانی گەنجینەو دەست نیشان کردنی تایبەتمەندی هەریەکیکیان دەتوانین گەنجینەکان بەم شیوەیە دابەش بکەین :

١- **مەرکەزیەکان :** گرنگی ئەمەش لەوەدایە :

ا/ سەربەخویی گەنجینەو دوورخستنەوەی دەزگا ووردبینی یەکان لە کاریگەری تەوژمی ئیداری .

ب/ پیویستی بە ژمارەیەکی کەمتر لە فەرمانبەران دەبیت .

ج/ کەمی ژمارەی خەزینەکان یارمەتی ئاسان کردنی ئەنجامدانی ژمیریاری کوتایی حساباتی دەولەت.

د/ ناردنی پارە بو گەنجینەکان ئاسان تر دەکات.

**٢-لامەرکەزیەت** : گرنگی ئەم نیزامە :

ا/ قوناغەکانی ووردبینی خیراتر دەبیت و دوا ئیشەکان زووتر جێ بەجێ دەکرین .

ب/ دام و دەزگاکانی گەنجینە چاکتر ئیشەکانی خویان دەزانن و باشتر کارەکانیان ئەنجام ئەدەن .

ج/ ژمارەی معاملەکان کەمتر دەبن .

## پیشنیارەکان

١- لیژنەیەکی خاوەن دەسەلات و بویر پیك بهینرێ بو ریکخستنەوەی تیرای کاری میلاك

٢- دابەزاندنی دەسەلاتی فعلی لە ئاستە بەرزکانەوە بو ئاستەکانی خوارەوە ، تاکو ئەو ئاستانەش بکەونە گەرو بیانویان نەمینی و تواناکان دەربکەوێ و ، لیپرسراویش دەرفەتی بەدواداچوون هەلسەنگاندن و پرسینەوەی بو برەخسی و بنەمای سزاو پاداشتیش پیادە بکات

٣- لە کاروباری ژمیریاریدا کاربە سیستەمی لامەرکەزی بکرێ و کارەکانیش لەژیر چاودیری ووردی دیوانی چاودیری دابن ، بو کەم کردنەوەی روتین و . کارا کردنی کارەکان .

٤- چاو بخشێنرێتەوە بە دەرماڵەی ژن و منداڵ دا ، لەگەڵ یاسای خانەنشینی مامۆستایان ، هەروەها چاوبخشێنرێتەوە بەو قەیدە و شکانەی یاسای سەفەرو ئیفاد دا .

٥- لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا نەسریەی قوتابخانەکان ڕەزامەندی لە سەر نەکراوە ، ڕێژەی بەشی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردەکان لە داهاتی فرۆشگا بگۆڕێت بۆ لە ١٥٪ بۆ هەریەك لە وەزارەت و پەروەردەکان .

٦- سجلات و کارت و فۆڕمی قوتابخانە و خوێندنگاکان کە زۆر دوا دەکەوێ لە مەودوا لە چاپخانەی سلێمانی و لە کاتی خۆیدا چاپ بکرێ .

٧- کارەکانی گەنجینەکان بەپێ ی ڕێنماییەکانی گەنجینەو ، بەشێوەی مەرکەزی ئەنجام بدرێت .

٨- دانانی دەستەیەکی کارامەو بە توانا بۆ چاودێری و بەدواداچوونی کارە کارگێری یەکان.

٩- ناردنی ئیداریە دیارەکان بۆ دەرەوەی هەرێم بە مەبەستی بەئاگابون و ئاشنابوون بەسەر ئەو ئاڵ و گۆڕە نوێ و سەردەمانەی بە سەر ئیدارەی پەروەردە دا هاتوون .

١٠-کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ کارمەندان بە نیازی شارەزا کردنیان بە سەر بوارە پێشکەوتوەکانی ئیدارەی پەروەردەدا لە دنیای سەردەم و هاوچەرخی ئەمڕۆ .

١١- کۆمپیوتەراسا کردنی کارە ئیداری و دارایی یەکان بەپێ ی سیستەمە تازەکانی سەردەم

١٢- بەردەوام ئاڵ و گۆڕو ڕێنمایی و یاساکان بە سەر بوارە ئیداریەکاندا دابەش بکرێ و ئاگادار بکرێنەوە لە هەر ئاڵ و گۆڕێکی نوێ .

١٣- هەوڵ بدرێت ئیدارەی پەروەردە لە چەق بەستوی دەرباز بکرێ و بەرەو ئاسۆ گەشەکانی تازەگەری و نوێ خوازی بگوێزرێتەوە .

بابەتی سێیەم : ((ژمێرەر و تەکنەلۆجیا پەروەردەییەکان ))

یەکەم ئامێری ژمێرەر کە مرۆڤ بەکاری هێناوە و تا ئێستا سوودی لێ وەردەگرێت (دەستە) وشەی ﴿Digit﴾ بەمانای پەنجەیە ، دوای ئەو یەکەمین ئامێری پیشەسازی لەو بوارانەدا ئیباکسە ﴿Abacus﴾ کە بۆ یەکەم جار لە لایەن چینی و ئیفریقیەکانەوە بەکار هاتووە .

زانایانی ئیسلامیش لەم بوارەدا بەشداریان کردووە سالی (( ٨٢٥ز)) خوارەزمی کتێبێکی زانستی حسابی داناوە تا ماوەیەکی زۆر وەك سەرچاوەیەکی گرنگ یان تاکە سەرچاوە بەکار هاتووە تەنانەت زاراوەی ﴿Algorithm﴾ لە ناوەکەی ئەوەوە وەرگیراوە کە بەمانای بەرنامەی جێبە جێکردنی کارێکی بیرکاری یە لە سالی (١٦٣٢ز) زانای بیرکاری ئینگلیزی ﴿ولیام ئۆترید ﴾ ئامێریکی نوێ ی داهێنا بەناوی ڕاستەی ژمێرەر ﴿SlideRuie﴾ کە بریتی بوو لە دوو ڕاستە لەناویەکدا و پشتی بە زمانی لۆگاریتم دەبەست لەبەر ئاسان بەکار هێنانی ماوەی سێ سەدە ﴿٣٠٠﴾ سالّ بەکار هێنرا تا ئەو کاتەی کە ژمێرەری ئەلکترۆنی نوێ هاتە کایەوە سالی (١٦٤٥ز) زانای فەرەنسی (بلیز باسکال ) پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی بیست سالی ژمێرەرێکی بەناوی خۆیەوە (باسکال ) داهێنا بۆ هەردوو کرداری کۆکردنەوەو لێدەر کردن بەکار ئەهێنرا زانای ئەلّمانی ( لینبیز ) سالی (١٦٧٣ز) گەشەی پێدا تا بتوانرێت لە کردارەکانی لێکدان و دابەشکردنیشدا بەکار بێت .

لە سەدەی نۆزدەهەمدا گۆڕانێکی گەورە بەسەر زانستی ژمێرەرەکاندا هات سالی (١٨٢٣) زانای ئینگلیزی (تشارلز باباج ) ژمێرەرێکی میکانیکی نوێی داهێنا کە بە شۆڕشێك لەم بوارەدا دا ئەنرا ناوی نابوو جولێنەری تیپەکان ( Differemce Emgime) لە کردارەکانی تەئمین دا بەکار ئەهێنرا ، دوای ئەوە ژمێرەرێکی تر بەناوی جولێنەری شیکردنەوە (Anelglical Emine) داهێنرا ، سالی (١٨٩٠) (د . هیرمان هۆلبریت ) ژمێرەرێکی ئالی میکانیکی داهێنا بۆ یارمەتی دانی ئەو سەر ژمێریەی کە لە ئەمریکادا ئەنجام ئەدرا ئەمەی ئەم بووبە سەرەتایەك بۆ کۆمپانیای ( I.B.M) ی ئەمریکی . دیارە هەولەکان هەر بەمەوە نەوەستان دەولەتان کەوتنە خۆیان بۆ داهێنانی ئامێری نوێ و پێشکەوتو ژمێرەرە ئەلکترۆنییەکان لە سەرانسەری جیهان دا بلاوبوونەوە و بوونە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی خەلك

ئێستا ژمێرەر لە زوربەی شوێنەکاندا بەکار دێت : ماڵ - نووسینگە ، دامەزراوە حکومییەکان چ بەرهەمهێنان چ . بانکییەکان . ئەمانەش دەکرێت بەچەند جۆرەوە :

١- ژمێرەرە گەورەکان : (Main frame comp) .

٢- ژمێرەری بچووک : (Maincomp)

٣- ژمێرەری زۆر ورد : (Micro comp) .

دیارە ژمێرەرە گەورەکان توانای خەزن کردنی زیاتریان هەیە و زووتر ئەنجامەکان ئەدەن بەدەستەوە . لێرە پێویستە ئاماژە بە وە بکەین کە پێویستە لە شوێنی تایبەت دا هەڵبگیرێن لە بارەی پلەی گەرماو ڕووپێوەوە . ژمێرەرە بچوکەکانیش هەمان توانایان هەیە بەشێوەیەکی بچوك و کەم ، بەڵام وردەکان هەرزانن و بەکارهێنانیشیان ئاسانە .

**بەکورتی :**

ژمێرەری ئەلکترۆنی بریتییە لە ئامێریکی فرە فەرمان (( متعدد الوظائف)) کە ئەوەی بەکاری ئەهێنێ خۆی بە ئارەزووی خۆی ئەی جوڵێنێ کەڵکەکانی ئەمانەن :

١-زۆر بەخێرایی ئەنجامەکان دەدات بەدەستەوە .

٢-زۆر وورد وبێ هەڵەیە .

٣-توانای خەزن کردنی هەیە .

## پێکهاتەی ژمێرەری ئەلکترۆنی

١-جیهازی داخڵ کردن ( InputUnit )

٢-یەکەی چارەسەری مەرکەزی کە بریتی یە لە (( Processor Unit))

ا/ یەکەی سەنتەر ( Control Unit)

ب/ یەکەی حسابی ( Arittmetie Logie Section)

٣- یەکەی عەقلی ( Memory Unit)

٤- یەکەی دەرکردن ( Ouyput Unit)

Computer Geratic ns

## جیلەکانی ژمێرەر لەڕووی مێژوویانەوە

هەروەك چۆن ﴿ ابن خلدون ﴾ جیلەکانی گەشەکردنی مرۆڤی بەسەر چەند جیلێکدا دابەشکردووە هەروا گەشەکردنی جیلەکانی ژمێرەریش دەکرێن بەچەند بەشێکەوە :

٧٠

١-جیلی یەکەم : لەم ماوەیەدا بیرو بۆ چوونی زانایان خرانە پلەی جێ بەجێ کردنەوە بە بەکارهێنانی ئامێرەکان .

٢- جیلی دووەم : لێرەدا بیرو ڕاو شێوازەکان گەشەیان سەندو بە بەکارهێنانی ئـ امێری ئەلکترۆنی نوێ هاتەکایەوە .

٣- جیلی سێهەم : لێرەدا تەواوی ئامێرەکان بڵاوبوونەوەو جیهازی نوێ تر هاتنەکایەوە .

٤- جیلی چوارەم : لێرە ئامێری ژمێرەر توانی جێگای خۆی لە زۆربەی شوێنەکان بکاتەوە تاوای لێهات کە بەم سەردەمەی ئێستا دەوترێت سەردەمی ژمێرەر و ئێستا گەشە کردنێکی زۆر لە بواری بەکارهێنانی ئەلکترۆنەکان لە ژمێرەردا بەرچاو دەکەوێت .

## چەند نموونەیەك لە جیلەکان

١-جیلی یەکـەم : - هەر دوو زانا ( جون مۆتشلی و بریسیرابکرت )بە بەکار هێنـانی شوشەی بـەتاڵ کـراو لـە هـەوا سـاڵی (١٩٤٦) دایـان هێنـا هـەروەها زانـای ئـەمریکی (هۆڵبریت ) جۆری ( ENIAC ) کە تایبەت بوو بەسەر ژمێری داهێنان ...

٢-جیلی دووەم : - ساڵی (١٩٥٨) پاش سەرکەوتنی بەکار هێنانی ترانزستەر جۆری (P.N.P) پاشان (N.P.N) لە بری شوشە ئـەم جیلە لـەوەی پێش خۆی زۆر خێراترە بـە (٢٠٠) جار زیاتر هەروەها ئامێرێکی تیایە هەڵەکان دەست نیشان دەکات وەك .

١- IBM 1400 Series

٢- Burroughs 200 Series

٣- Honywell 400-800 Series

